خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب
ئەرسەلان حەسەن
بابان ئەنوەر

# کورد لەناو عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجیندا

ئەنوەر حسێن (بازگر)

2017

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

له بڵاوكراوەكانی دەزگای ئایدیا
زنجیره ( 242 )

ناوی كتێب: كورد لەناو عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجیندا
بابەت: سیاسی
نووسەر: ئەنوەر حسێن (بازگر)
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپ و هەڵەچن: نیاز كمال- كەیوان عمر- زریان رەحیم
چاپخانە: حەمدی
ساڵی چاپ: 2017
چاپ: یەكەم
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 5000 دینار
لەبڵاوكراوەكانی: دەزگای ئایدیا بۆ فكرو لێكۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07709556990 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیك كۆمەڵگەی بەهاران

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان
ژمارەی سپاردن ( 1916 )ی ساڵی 2017ی پێدراوە

# کورد لەناو عێراقی
# مۆزایك و ناهۆمۆجیندا

ئەنوەر حسێن (بازگر)

2017

# پێڕست

**خوێندنەوەیەك بۆ پلۆڕالیزەبوونی عێراق.....................................7**

(1) لەبەر ڕۆشنایی ئاڵوگۆڕەكانی كورد، لەتەنیایی ڕابردووەوەو...............................11

(2) خوێندنەوەیەك لەپێكهاتەوە بۆ عێراقی دوای سەدام حسێن.............................27

(3) عێراق: لە ڕێگرییەكانی پلورالیزەبوونیەوە بۆ سیستمێكی سیاسیی مۆدێرنانە.......41

(4) ئەو سێ میحوەرەی واشنتۆن پێویستی پێیەتی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق.......67

**عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجین...................................................87**

فەسڵی یەكەم: ..........................................................................................91

فەسڵی دووەم:..........................................................................................177

فەسڵی سێیەم : ........................................................................................297

# کتێبی یەکەم

## خوێندنەوەیەک
## بۆ پلۆڕالیزەبوونی عێراق

# پێشەکی

ئـەم کۆمەڵە وتـارە لـە مـاوەی یـەک ساڵی ڕابـــردوودا. لە ڕۆژنامەکاندا بە چەند ناوونیشانی جیاواز کە سەردێڕی هەرکام لەم بابەتەنەیە بڵاوکراونەتەوە.

بێگومان هەرکامیان خوێندنەوەیەکی تایبەت و وردن. بۆ بارودۆخی سیاسی و دژواری عێراق, لەژێرسایەی حوکمی تۆتالیتاریی رژێمی بەعسدا و هەرکام لە سیستمەکانی پێشووی عێراقدا کە هەرکام لەگەلانی (کورد و عەرەب) بوونەتە قوربانیی جینۆساید و قەتلوعامە یەک لەدوای یەکەکانی سیستمی حوکم لە عێراقدا.

ئەگەرچی ئەم بارودۆخە دژوارە بەشێکی تایبەتە بە مۆزایک و ناهۆمۆجینی پێکهاتەی دابەشبوونی دانیشتووانی عێراق, لەڕووی ئەتنیکی و مەزهەبیەوە, بەڵام سەرەڕای فاکتەرە دەرەکییەکان, کە کاریگەرییان لەسەر ئەم قەیرانانەی عێراق هەبووە و دۆخەکەیان دژوارتـرکـردووە. خـودی سیستمە میلیتاریستییەکان فاکتەری سەرەکیی ئەم کێشە و قەیرانانەی عێراق بوون و هەمیشە وڵاتیان لە قەیرانێکەوە سپاردووەتـە قەیرانێکی تر و ڕۆژبـەڕۆژ باری سیاسی ئابووری وکۆمەڵایەتیی ئەم وڵاتەیان دووچاری شکست و کێشەی زیاترکردووەتەوە, بەپێچەوانەشەوە هیچ کات بیریان لە ڕێگاچارەکانی عێراقێکی ئازاد و دیموکرات نەکردووەتەوە...

شەڕە ناوخۆییەکان, هەردوو شەڕی ئێران و کوێت. تا ئێستاش و بۆ ئاییندەش کاریگەریی نێگەتڤیان لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی عێراق داناوە, لە سایەی سیستمی بەعس و دەسەڵاتە تۆتالیتارییەکەیدا.

لەگەڵا هاتنەکایەی ئاڵوگۆڕەکانی پاش جەنگی سارد و ڕاپەڕینی گەلانی عێراق و خەڵکی کوردستان, ئەم ئاڵوگۆڕانە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ عێراق و کوردستانیشی گرتەوە. کە تا ئێستا درێژەی هەیە و پشتیوانییەکی گەورەی نێودەوڵەتی لیدەکرێت, کوردیش بۆخۆی بووە خاوەنی ئەزموونێکی نوێ و سەرکەوتووانەش هەنگاوی ناوە لە تەنیایی ابردووە و بۆ داهاتوویەکی سیاسیی سەرکەوتوو.

ڕووداوەکانی (11)ی سێپتەمبەر بۆخۆی کۆمەڵێک کاریگەریی دوالیزمانەی لەجیهاندا خستەوە. کە عێراق و کوردستانیش لەژێرسایەی ئەم ئاڵوگۆڕە نوێیە بەدەر نییە.

بۆیە ئەم نامیلکەیەش هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەیەکی ورد بۆ بارودۆخی سیاسیی عێراق و کوردستان لەژێر سایەی سیستمە تۆتالیتارییەکانی و هەوڵێکیشە بۆ خوێندنەوەی ئەو بارودۆخەی کە لەدوای ساڵی (1991) بۆ گەلانی کورد و عێراق هاتووەتەکایەوە و لەهەمبەر بەپلۆرالیزمە بوونی عێراق و حەسانەوەی گەلانی عێراق لە سایەی سیستمێکی سیاسیی ئازاد و دیموکراسی و پلورالیزمی مۆدێرندا.

ئەگەرچی جەنگێک لەڕێدایە, کە ئاکامەکانی دیار نییە, بەو هیوایەی ئەم جەنگە و ئاکامەکانیشی و هەموو ئاڵوگۆڕەکان لە خزمەت سیستمی پلۆرالیزمبوونی عێراقدا بێن و خوێنەرانیش لێی ڕازیبن.

ئەنوەر حسێن

## (1)
## لەبەر ڕۆشنایی ئاڵوگۆڕەکانی کورد، لەتەنیایی ڕابردووەوە و بۆ داهاتوویەکی سیاسیی سەرکەوتوو

بە درێژایی سەدەی رابردوو, سەرەڕای شۆڕش و قوربانیدانە بەردەوامەکان, هەرگیز گەلی کوردلە هیچ کام لە بەشەکانی کوردستان (مەسەلە) ڕەواکەی وەکو سالآنی دوای ڕاپەڕین پۆزەتیڤانە هەنگاوی نەناوە, ئەم ڕەوشە سیاسییە نوێییە لەدوای کۆتایی دەیەی نەوەدەکان بۆکورد فەراهەمکراوە, پێویستی بەلێوردبوونەوەیەکی هەمەلایەنە هەیە بە دوو ئاڕاستەدا, یەکەم لێکۆڵینەوە لە سلبییاتەکانی و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو لەوبارەیەوە. دووەم خوێندنەوەیەکی نوێ و هەڵگرتنی هەنگاوی تازە بۆ بەرەوپێشچوونی بەردەوام, بەڵام پێشتر پێویستمان بە خوێندنەوەیەکی کورتی مێژوویی, سیاسیی بارودۆخی کوردستان هەیە.

## مێژوویەکی پڕ خەبات و بێدەنیگیەکی گەورەی نێودەوڵەتی

گەر لە سەردەمی شێخ مەحموود و حکومەتەکەیەوە دەست پێبکەین، تا دەگاتە کۆماری کوردستان لە مهاباد بە ڕێبەرایەتیی قازی محەمەد و دواتر (شۆڕشەکانی کوردستانی عێراق و تا شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و دەیەی هەشتاکان. شۆڕش و قوربانیدانی گەلی کورد ئەگەرچی فۆڕمێکی سیاسی-چەکداری، یان زۆرجار توندوتیژی بەخۆیەوە بینیوە، (کە سەپێنراوە بەسەریدا)، بەڵام هەمیشە بەردەوام بووە و نەوەستاوە لە خەبات، لەپێناو بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیدا و لە هەردوو حکومەتەکەشدا ویستوویەتی بە شێوەیەکی لۆژیکییانە و یاسایی مامەڵە بکات، مافەکانی گەلی کورد و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی، لە هەردوو حکومەتەکەشدا ویستوویەتی بە شێوەیەکی لۆژیکییانە و یاسایی مامەڵە بکات، مافەکانی گەلی کورد بەدەست بهێنێت، بەڵام دواجار بەهۆی کاریگەریی فاکتەرە دەرەکییەکان و لایەنگریی نێودەوڵەتی لە دوژمنانی گەلی کورد، شۆڕش و حکومەتەکانی ڕووبەڕووی مەترسی و لەناوچوون بوونەتەوە، سەردەمی زێڕین و حکومیان بەسەر چووە و کراونەتە قوربانیی گەمە نێودەوڵەتییەکان و بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهان.

ئەگەرچی دەبێت ئەو خەسڵەتە ئەتنیکییەی گەلی کورد لەبەرچاوبگرین، کە سەرەڕای شکستی شۆڕش و حکومەتەکانی، بێهیوا نەبووە لە سەرکەوتن و بەردەوامیی شۆڕش و بەدیهێنانی خەونەکانی، ئەگەر ئەم خاڵە لەڕووی ئەنترۆپۆلۆژی و سایکۆلۆژییشەوە لێکدەینەوە کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر زۆر

شۆڕش و گەلانی دنیا داناوەو خەونەکانیشی کردوونەتە سەراب.

لە کاتێکدا کورد بەتەنیا یەک دوژمنی (دەوڵەتی لە سنوری جوگرافیای دەستکرد), یان ناوچەیی و نێودەوڵەتی نەبووە, بەڵکو جگە لە دوژمنە دەرەکییەکان هەمیشە ڕووبەڕووی مەترسیی چواردەوڵەتی ناوچەیی بووەتەوە, لەپاڵ دۆستەکانی هەرکام لەو چواردەوڵەتە و هاوبەرژەوەندییەکانیان.

بە واتایەکی تر گەر شۆڕشی چەکداری گرووپی (فارک)لەکۆڵۆمبیا تەنیا لە کۆڵۆمبیا و لەگەڵا دەوڵەت لە ڕووبەڕووبوونەوەدا بێت و لە هەمان کاتدا لەلایەن چەند دەوڵەتەوە هاوکاریی (فارک)بکرێت. لە کوردستاندا بەپێچەوانەوە شۆڕش هەمیشە ڕووبەڕووی چوار مەترسیی سنووری ئابڵوقەدراوی دوژمن بووەتەوە و دواجاریش بووەتە قوربانیی بلۆکبەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئایدۆلۆژیا تایبەتمەندەکان-گەر ئەوەش بزانین هەموو شۆڕشێکی چەکداری لە دنیادا پێویستی بە پشتی بەرەی شەڕ و هاوکاریی بەردەوام هەیە, بەڵام ئەم خاڵە بۆ شۆڕشی کورد گەر هەشبووبێت, شۆڕش زۆر مەترسیدارانە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە و دواجار لایەنی یارمەتیدەریش هەرگیز ئامادەنەبووە, ئەم کارە بکات بۆ شۆڕشی کورد و نەیشیکردووە.

بۆیە سەیردەکەین قۆناغی شۆڕش و خەباتی چەکداریی کورد دیسان لە شۆڕش و خەباتی چەکداریی جیهان جیاوازتر و دژوارتر بووە, پێویستی بەچ ەند لێکدانەوە و نەخشەی سەربازی هەبووە لە بەرامبەر چەندین دوژمندا.

یان گەر بەتەنیا دیقەت لە خەباتی سیاسی و چەکداریی دەیەی هەشتاکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بدەین, تێدەگەیت چ شۆڕش و چ گەلی کوردستان و تەنانەت خەڵکی سیڤیل لە بەردەم چ هەڕەشەیەکی مەترسیدار و کوشندەدا بووە, چ وەکو بەهێزیی دوژمن و سیستمی تۆتالیتار و میلیتاریستەکەی و سیاسەتی جینۆساید و فاشیزمانەی ئەم دەسەڵاتە و چ وەکو پشتگیرییەکی گەورەی نێودەوڵەتی بە هەردوو بلۆکەکەوە. چ وڵاتانی هاوزمان و هاوبەرژەوەندی, تا کار دەگاتە ئەوەی دوژمن سیاسەتەکانی بێ کاریگەری دەمێنێتەوە, ناچار دەکەوێتە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و خاپوورکردنی گوندەکان, چونکە بەپشتی بەرەی شەڕیان دەزانێت و دواجار ئەنجامدانی ئەنفال. بێگومان دوژمن وەختێک ئەمە ئەنجامدەدات, کە هیچ گومانێکی لە دژەکردەوەی ناوچەیی و نێودەڵەتی نییە, بۆیە پرۆسەیەکی گوماناوی سەرەتایی دەست پێدەکات تا دواجار دەگاتە ترۆپک و قەتڵاوعامی گشتی.

کەچی نە چوار ئێزگە و ڕۆژنامەی نێودەوڵەتی باسیان لەم شۆڕش و قوربانیدانە دەکرد. نە جارێکیش ئەم دوژمنەیان مەحکومکرد و لێیان پێچایەوە, بە پێچەوانەوە وا پێویستی دەکرد, کە پشتگیری و هاوکاریی سیاسی و سەربازی و لۆجستیکی بکرێت لە بەرامبەر دوژمنە وەهمیەکەیدا.

گەر موبالەغە نەبێت ئەو شۆڕشەی گەلی کورد موعجیزە ئاسا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە دژی سەرسەخترین ڕژێمی دنیا بەرێوەچوو.

## دەیەی نەوەدەکان، کورد و ئاڵوگۆڕە نێودەوڵەتییەکان

پاش هەرەسی بلۆکی خۆرهەڵات و یەکلابوونەوەی جیهان بۆ یەک جەمسەری هێز، جیهان چووە قۆناغێکی نوێوە و سەرەتای ئەم ئاڵوگۆڕانە لە خودی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشووەوە سەری هەڵدا، بە جیابوونەوە و سەربەخۆیی (15) کۆماری تازە سەربەخۆ لە یەکێتیی شوورەوی و کە بەزۆری زۆرداری لە سەردەمی ستالین خرابوونە چوارچێوەیەکەوە و دواجار ئەم ڕەوشە چیکۆسلۆفاکیا و یۆگۆسلافیاشی گرتەوە. تا دواجار گەیشتە ئەریتریا و کۆتاییشی بە تەیموری خۆرهەڵات هات.

ناکرێت گلاسنۆست و پیترۆستریکاکەی گۆربارجۆڤ لەم نێوەندەدا بێ کاریگەر بێت، چونکە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئەو ئاڵوگۆڕانە هەبوو بە دیوی پۆزەتیڤدا بووە، دەیەی سەربەخۆیی بەشێک لە گەلانی ژێردەست و چەوساوەی جیهان.

ئەگەرچی جەنگی کوێتیش کۆمەڵێک فاکتەری تایبەتی لەپشتەوەیە، بەڵام ناکرێت دیسان لەو ئاڵوگۆڕانەی سەرەوە بەدەربێت، بۆیە کوردیش وەکو گەلێکی چەوساوە و ژێردەست و داگیرکراو لەم هاوکێشە تازەیەدا جێگەیەکی تایبەتی گرت.

ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە بەهاری (1991) دژی ڕژێمی عێراق، خۆی لەخۆیدا شۆڕشێکی بێوێنەی سەدەی بیست بوو، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە دژی سیستمی بەعس و پایەکانی دەسەڵاتەکەی.

ڕاپەڕین دیسان ناکرێت وەکو هەڵچوونێکی جەماوەری چاوی لێبکرێت، بەڵکو ڕاپەڕین خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەتی تایبەتە، کە دەکرێت بەوردی خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

بۆیە ڕاپەڕین جگە لەوەی لە هەلومەرجێکی تایبەت و بابەتیدا هاتەبوون, بەڵام لەڕووی مێژوویی و سیاسی و جەماوەریی و سایکۆلۆژییشەوە کاتێکی گونجاو ولەبار بوو بۆ ئەنجامدانی. (گەر ئەم هاوکێشەیە وانەبێت پێم وانەبوو سەرەڕای پشتیوانییە نێودەوڵەتییەکەش سەرکەوتوو بووایە..!!), چونکە دواجار گەر ڕاپەڕین لەڕووی جەماوەرییەوە سەرکەوتوو بوو, بەڵام تووشی چەندین کێشەی سیاسی و ئیداری و ئابووری و کۆمەڵایەتی بووەوە, بەڵام چونکە خواستێکی جەماوەریی واقیعی لەپشتەوە بوو, لەبەردەم کۆسپەکاندا پۆزەتیڤانە ڕێی کرد و سەرکەوت.

-ئەگەرچی خودی خۆم و جەماوەریش لە مامەڵە و میکانیزم و چاوەڕوانییەکانی سەدلەسەد خۆشحاڵا نین, بەڵام ئەمە دیسان پێوستی بە پێداچوونەوەی سیستمی سیاسی و حکومی و ئیداری و ئابوورییەکان هەیە, بە شێوەیەکی خاکیی کوردییانە و واقیعییانە. ئەگەرنا ڕاپەڕین نابێتە پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانەی سەردەم و سەرکەوتوو, گەر ئەوەش بزانین, ڕاپەڕین سەرەڕای دەسکەوتەکانی, هەنگاوی زۆر گەورەشی لەپێشدایە, بۆیە گەر چەمکی ڕاپەڕین (جەماوەر)ی لەدەستدا, ناتوانێت ئاکامەکانی بپێکێت و بگاتە مەنزڵا, بۆیە سەرکەوتنی سەدلەسەد. کە ئەمە خاڵێکە دیسان پێویستی بە لێوردبوونەوە هەیە, بەتایبەتی سەلماندنی ئەو ڕاستیەی کە, دەڵێت : (جەماوەر پێکهێنەری گشت ئاڵوگۆڕەکانە).

بەهەرحاڵا لە دەرئەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕانە و خواستی گەلی کورددا, جەماوەری کوردستان ئەزموونێکی گەورەی بەئاکام گەیاندووە, کە خۆی لە(هەرێمی کوردستان)دا دەبینێتەوە, بە هەموو ماناکانیەوە چ سیاسی, حکومی, حزبی,

یاسایی, کۆمەڵایەتی, چونکە پێشتر شتێک نەبوو بە ناوی (هەرێمی کوردستان)کۆمەڵێک بە مانا سیاسییەکەی, بەڵام ئێستا خودی دوو وشـەی (هەرێمی, کوردستان) کۆمەڵێک مانا و دەلالەتی سیاسی لەخۆدەگرێت, کە بریتین لە سەربەخۆیی و جیاکردنەوە و فەراهەمکردنی تا ڕاددەیەکی مافەکان.

واتـە هەرێمی کوردستان بووەتە دیفاکتۆیەک و بە واقعی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت, بۆ نموونە لە سەردانە یەک لەدوای یەکەکانی وەفدی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا و تورکیا و ئێران و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا بۆ کوردستان و مامەڵەکردنیان گەر بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆش بێت, یان هاوکاری و بەردەوامیی ڕێکخراوەکانی سەر بە(UN) و ڕێکخراوە (NGO)کان و پاراستنی ناوچەی دژەفڕینی باکوور لە دژی دەسەڵاتی بەعس.

ئەمانە بۆخۆی سـەرەڕای پشتگیریی گەلی کورد و مەسەلە ڕەواکـەی دیسان جگە لە تێگەیشتنی ئـەو وڵاتانە بۆ کێشـەی سیاسیی گەلی کورد و هەستکردن بە لێپرسراوێتیی مێژوویی و سیاسی لە بەرامبەر ئـەم گـەلـەدا, سـەرەڕای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی وەکو یەکێک لە پەیوەندییە ئاساییەکان و هاوکاری هیچی تر هەڵناگرێت.

بۆ نموونە با(کۆماری چیچان) بە وێنەیەک وەربگرین, ئەو کاتەی ئەم کۆمارە لەسەر دەستی جەوهەر دۆدایڤ سەربەخۆ بـوو, گەرچی دوایـی لەسەر دەستی خەتاب و شامیل باساییف بـووە قوربانیی سیاسەتە چەوتەکانیان, بۆچی وڵاتانی ئەمەریکا و ئەورووپا هێڵێکی دژەفڕینیان بۆ چیچان دانەنا ؟

ئایا هاوکاریی چیچانییەکان بەم شێوەیە کرا؟ ئایا بە خەتاب و باساییف وترا ؛ بچنە داغستان و بانگکران بۆ سەر مێزی گفتوگۆی واشنتۆن و پاریس و درۆگیدا..؟!

–من نالێم چیچان حەقی ئەو پشتگیرییەی نەبووە, بەڵام هەرکام لە ئەمەریکا و ئەورووپا دوو تەفسیری جیاوازیان هەیە بۆ چیچان و کوردستان..

ئەمەیە ئینسانی کورد, دەبێت لەم خاڵە بگات, کە دوو تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ مەسەلەی سیاسی گەلی کورد, نەک تەنیا مەسەلەکە پەیوەست بێت بە ڕەهەندی ئابووری و بەرژەوەندیی نێودەوڵەتییەوە..

بەڵکو من ئەمە بە تێگەیشتنێکی درەنگوەختی ئەمەریکا و ئەورووپای دەزانم, بۆیە مەسەلەی سیاسیی گەلی کورد کە زادەی ئەو مافەیە و پێویستی بە هەنگاوی زووتر بوو, بۆیە پێموایە پشتگیرییە نێودەوڵەتییەکە کاریگەرییەکی گەورەی داناوە لەسەر بەرەوپێشچوونی ڕەوشی سیاسیی گەلی کورد, تەنانەت بۆ داهاتووش کاریگەریی پۆزەتیڤانە و ئەکتیڤ دەبێت, بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا خۆشمان کۆمەڵێک هەنگاوی گەورەمان ناوە, ئەوەش چ وەکو هەستکردن بە لێپرسراوێتیی نیشتمانی و نەتەوەیی, چ وەکو خوێندنەوە بۆ کاریگەرییە سلبییەکانی چەند دەیەی ڕابردوو لەڕووی سایکۆلۆژییەوە لەژێر دەسەڵاتی بەعس.

–بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە, هێشتا سەددەسەد جەماوەر لە حکومەت و حزب ڕازییە, بەڵکو هێشتا خەڵک خەونەکانی نەهاتووەتەدی, هەنگاوەکانمان زۆریان بە خواستی جەماوەر ڕێناکەن, حزب و ڕەفتارەکانی لەناو کۆمەڵگادا زۆرجار جەماوەر

نیگەران دەکات, بەکورتی خەڵک گلەیی هەیە, بەڵام سەرەڕای ئەمانە جەماوەر دوو بەراوردی کردووە لەنێوان بەدیهێنانی مافەکانی خەڵک و فەراهەمکردنی ئازادیی زیاتر و چەسپاندنی دیموکراتی و مافە مەدەنییەکان, لە وڵاتێکی وەکو عێراق سیستمێکی تۆتالیتاریدا و جێهێشتنی ئەو قۆناغە, لە هەمان کاتدا هەنگاوهەڵگرتنی بەرەو سیستمێکی پلۆرالیزمی خۆرئاوایی بێگومان هەرکام لە حکومەت و حزبی کوردی, گەر خاوەنی ئیرادە و جەماوەر نەبێت, نەیدەتوانی ئیدامە بە ڕەوشی سیاسی و ئیستقراری ناوچەکە بدات کەواتە ڕەخنەکان پێویستیان بە گوێگرتن و خوێندنەوە هەیە.

### هەرێمی کوردستان و قۆناغە جیاوازەکان

بێگومان لەپاش ڕاپەڕینەوە, هەرێمی کوردستان بە چەند قۆناغی جیاواز, جیاوازدا گوزەری کرد. تاگەیشتە ئەو تێگەیشتنەی کە سەرەڕای هەموو دژوارییەکانی قەیرانەکان هەنگاو بەرەو سەرکەوتن دەنێت.

گەر لە سەردەمی ڕاپەڕین و بەرەی کوردستانییەوە دیقەت بدەین ، تا دەگاتە دروستکردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان گەمارۆی ئابووری و دواتریش شەڕی ناوخۆ, ئەمانە هەموویان قۆناغی جیاواز جیاواز بوون بە هەردوو دیودا, کە تاڕاددەیەکی زۆریش بە هەردوو دیودا تەجروبەیەکی تازە بوون و پێویستیان بە تێگەیشتنی سیاسی و ئیداری هەبوو بۆ کورد, بەڵام دەکرێت لێرەدا ئیشارە بە یەک خاڵی زۆر نێگەتیڤی ئەو قۆناغە جیاوازنە بدەم, کە ناکرێت لە داهاتووشدا کاریگەرییە سلبییەکانی لەبەرچاو نەگیرێت, کە بێ کاریگەر بێت.

شـەڕی نـاوخـۆ چ لـەڕووی مـێژوویـیـەوە بـۆ کـورد کۆنە، چ لـەڕووی سیاسییەوە هێڵێکی نـاو هاوکێشە سیاسییەکانە لە ڕابـردوودا و کاریگەریی زۆر خراپیشی لەسەر مەسەلە سیاسییەکەی هەبووە.

بەڵام ناکرێت شەڕی ناوخۆ لە شاخ، بە هەمان تێڕوانینی شەڕی ناوخۆش لە شار (لە کاتی حکومەت و لە سەدەی بیستویەکدا) چاوی لێبکرێت و یەک خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

گـەر هەمان تێڕوانینمان هەبێت بۆ شـەڕی ناوخۆ ئـەوا لە هەڵەیەکی زۆر گـەورە کـەوتـوویـن، چونکەمن پێموایەگەر لە سـەردەمـی شـاخـدا شــەڕی نـاوخـۆ کـاریـگـەری لـەسـەر حزب هەبووبێت، بەوەی هێرشێکی بۆ سەر دوژمنی دواخستبێت، یان چەندین پێشمەرگە شەهید بووبن.

ئەوا لە ئێستادا هەنگاوەکانی سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی مافەکانی، ڕۆژبـەڕۆژ دوادەکـەون و لـەو هاوکێشە سیاسییە (نێودەوڵەتییە)دەچینە دەرەوە، کە ماوەی دە ساڵە شوێنێکمان تێداگـرتـووە. سـەدان دۆسـتـی خـاوەن بـڕیـار لەدەستدەین کە مێژوویەکی دێرینە خەریکن، کیانێک لەدەست دەدەیـن کە لە مێژووی کـورددا بێوێنەیە، داهاتوویەک لەدەست دەدەیـن، کە دووبارەبوونەوەی ڕەنگە مەحاڵا و نامومکین بێت، هیوا دەخەینە چاڵەوە بە دەستی خۆمان.

بۆیە پێویستە لەوە بگەین کە شەڕی ناوخۆ لە سەردەمی شاخ و شـاردا هێندە جیاوازە، کە ناکرێت باسبکرێت.

بۆیە شـەڕی نـاوخـۆ لـە سـەردەمـی شـاردا چـەنـدە پـرۆسـە و ئەزموونەکانی دواخستبێت، گەر بیر لە چارەسەرکردنی ئەو شەڕ و

قەیرانەکان نەکەینەوە, بێگومان کاریگەرییەکی خراپ لەسەرمان جێدەهێڵێت کە ڕەنگە بەئاشتییش قەرەبووی نەکەینەوە.

بەکورتی قۆناغی شەڕی ناوخۆ لە سەردەمی شاردا مەترسیدارترین قۆناغی دوای ڕاپەڕینە لەناو سەدان قۆناغی دژواردا. ڕەنگە چ حزبەکان و جەماوەریش قسەیەکیان نەبێت لەسەر ئەم بۆچوونەی من.

## جیهان دوای ڕووداوەکانی (11)ی سێپتمبەر

لەپاش ڕووداوەکانی (11)ی سێپتەمبەرەوە جیهان بەگشتی چووەتە قۆناغێکی نوێوە, سەرەڕای ئاڵوگۆڕەکان دەکرێت کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی تریش لەڕێگەدابن. کە عێراق یەکێک بێت لەوانە.

بێگومان ئاڵوگۆڕەکانی عێراق لە داهاتوویەکی نزیکدا, هێندە گەرم و حاشاهەڵنەگرە, کە پێویستی بەوەیە گەلی کورد لە گشت لایەک زیاتر لێیان بەئاگا بێت.. خوێندنەوەی وردی بۆ بکات.

بەتایبەتی گەلی کورد کە خاوەنی نیمچە کیانێکی سەربەخۆیە, بۆ ماوەی (11)ساڵا, خاوەنی تەجروبەیەکی باش و ئیدارە و حکومەتی جەماوەرییە, کە لە داهاتوودا دەتوانێت بەسوود بێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە ئاڵوگۆڕەکاندا کورد پێویستە بۆ یەکجاری ئەرک و مافەکانی بەهەرچی فۆڕم و شکڵێکە دیاری بکات. گەر سەربەخۆیی بێت, گەر بە پێکەوەژیان بێت, بەڵام وەکو وتمان ؛ پێویستە ماف و ئەرکەکانی بزانێت و فۆڕمەلەیەکی سیاسی واقعی هەبێت لە داهاتوودا, نەک ببێتە قوربانیی گەمەکان و سیستمێکی تری سیاسی.

بۆیە ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە عێراقدا ڕوودەدەن, بەشێکی گەورەی پەیوەستە بە مەسەلەی کوردەوە.

کەواتە پێویستە پێش هەموو شتێک شەڕی ناوخۆ کۆتایی پێ بێت, گوتارێکی کوردیی هاوبەش هەبێت و فۆڕمەلەیەکی سیاسی بۆ داهاتوو دانرێت, کاری دبلۆماسی بۆ بکات و پشتیوانیی نێودەوڵەتیی زیاتر و زۆرتر گردبکاتەوە, مێژووی چەند ساڵەی پڕ چەوسانەوە و تراژیدیای بگۆڕێت و بۆ قۆناغێکی زێڕینی مێژوویی.

بەتایبەتی پێداگری لە یەکلایکردنەوەی مەسەلەی سیاسی و ئیداری و جوگرافی و مافەکان وخستنەڕووی پرۆژەیەکی واقیعیی سەردەمیانە کە تەعبیر لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد بکات, جەماوەریش پشتیوانی لێبکات.

بۆیە لە ئێستاوە قسەکردن لەسەر داهاتووی عێراق بەتایبەتی بۆ کوردکارێکی زۆر گرنگ و پێویستە, چونکە پێویستە گشت لایەک چەند ڕاستییەک هەیە بیزانن, بەتایبەتی ئەوەی کە لەڕووی مێژووییەوە گەلی کورد پێشینەیەکی مێژوویی هەیە, لەڕووی خەبات و قوربانیدانەوە, لە هێزە شۆڕشگێڕ و زۆر زەرەرمەندەکانە لە عێراقدا کە ڕووبەڕووی سیاسەتی جینۆساید و قەتڵاوعام و کیمیاباران بووەتەوە, لەڕووی پێکهاتەی دانیشتووانەوە دووەم گەلی زۆرینەی عێراقە چ بە دیوە نەتەوەییەکەیدا, چ بە دیوە مەزهەبیەکەیدا بێت, خاوەنی هێزی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆنە, خاوەنی چەند ئایدۆلۆژیا و ئایدیای سەردەمییانە و واقیعییە, کە دەکرێت لەگەڵا گشت هێزەکان بگاتە ئەنجام. خاوەنی پێکهاتەیەکی دیفاکتۆیانەی دەوڵەتیشە.

## هەنگاوە تازەکانی ئاشتی و تێگەیشتنێکی واقیعی

شەڕ و قەیرانە ناوخۆییەکان دواجار هەمووانی گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە چ کاریگەرییەکی نێگەتیڤی لەسەر ڕەوشی سیاسیی ئەم چەند ساڵەی ئەزموونی خەڵکی کوردستان داناوە. تا چەند دەوری سلبی هەبووە لەو هەلومەرجە لەبار و تایبەتییەی کە بۆ گەلی کورد هاتووەتەکایەوە. دەتوانرا زیاتر و زۆرتر هەنگاوەکان بەرەو پێش بچن. بەو واتایەی هەرێمێکی ئارامتر و دەسەڵاتێکی تۆکمەتر و کۆمەڵگایەکی سیکیۆلاتر و دیموکراسیتر بەدیبهاتایە و ڕێگری بکرایە لەو کۆچە بەلێشاوەی تاکی کورد. کە بەشێکی زۆری بەهۆی شەڕ و قەیرانەکانی ناوخۆوە بوو.

بەڵام دواجار هەردوولایەنی کوردستان لە (ڕێکەوتنامەی واشنتۆن) گەیشتنە ئەنجامێکی پۆزەتیڤانە و دانانی میکانیزمێک بۆ کۆتاییهاتنی قەیرانەکان و سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی.

ئەگەرچی ئەو هەوڵەی واشنتۆن پێویستە خوێندنەوەیەکی سیاسی بۆ بکرێت، کە هەمیشە و بەبەردەوامی هانی هەردوولای داوە، کە لانیکەم شەڕ نەبێت و پرۆسەکەش بچێتە سەر سکەیەکی تایبەتی و میکانزمی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، هەرچەندە پێشتریش هەوڵەکانی فەڕەنسا و بەریتانیا کاریگەریی تایبەتیان هەبوو.

بۆیە پرۆسەی ئاشتی - ئەگەرچی سست و لەسەرخۆیە - بەڵام دواجار تەنیا و تەنیا چارەسەرە بۆ قەیرانەکانی کورد و هەرێمی کوردستان. سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە و گەیشتنە قەناعەتی تەواو و پێکەوەژیانی سیاسی.

بیرکردنەوە لە ئەزموونی خەڵکی کوردستان و هەنگاونان بۆ داهاتووی باشتر لە ئێستادا هەست دەکرێت دواجار پرۆسەی ئاشتی سەرەڕای هەنگاوی باشتر و گشتگیرتر، هەمەلایەنەتر

بووە و ئەوەش بە هاتنەکایەی سێ حزبی کوردستانی بۆ ناو پرۆسەکە و بەدەنگەوەچوونی دوو حزبی هاوپەیمان بۆ ناو پرۆسەی ئاشتبوونەوەی گشتی.

دەکرێت ئەمە بەهەنگاوێکی سەرکەوتوو و دڵخۆشکەر لێکبدرێتەوە, کە پرۆسەی ئاشتی بووەتە ئاشتبوونەوەی گشتی و ڕێکخستنی ماڵی کورد, چونکە پێویستە ئەوە بزانین لە هەرێمی کوردستاندا ڕێکخراوێک هەرچەندە بچووک بێت, بەڵام دەتوانێت کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر ڕەوشی سیاسیی هەرێمی کوردستان دابنێت و زەرەر لە ئەزموونی خەڵکی کوردستان بدات. بۆیە واباشە پرۆسەکە گشتگیر و مەنتقیتر بێت و هەوڵبدرێت کێشە و قەیرانەکانی لە ڕێگای دیالۆگ و دانوستانەوە چارەسەربکرێت, ئەو پرەنسیپە بکرێتە سوننەتی کارکردن کە شەڕ و قەیرانەکانی لە بەرژەوەندیی هیچ لایەنێکدا نییە بەخودی حزبەکەشەوە, چونکە مێژووی شەڕ و جەنگە ناوخۆییەکان دەریخستووە, کە سەرەڕای درێژەکێشان و ماڵوێرانیی زیاتر و خراپبوونی ڕەوشی سیاسیی ئەو گەل و نەتەوە و حکومەتانە دواجار دەبێت پەنا ببرێتە بەر دیالۆگ.

بۆیە بۆ کورد بەتایبەتی و لەم سەردەمەدا خوێندنەوە بۆ شەڕی ناوخۆ و چارەسەرکردنی ڕەنگە باشترین دەرفەت بێت, چونکە وەکو لەپێشەوە باسمانکرد, کورد قوربانیی شەڕی ناوخۆیە بە درێژایی مێژوو زەرەری گەورەشی لێداوە.

کەواتە ئەو پرۆسە گشتگیرەی ئاشتی تا ئێستا لەڕێدایە, پێویستی بە هەنگاوی گەورە هەیە, چونکە ئاڵوگۆڕەکانی عێراق و ناوچەکە شتێکی چاوەڕوانکراو و پڕبایەخن.

## کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی داهاتووی عێراقدا

گەر پرۆسەی ئاشتی سەرکەوتووبێت و خیتابی سیاسیی کورد خیتابێکی یەکگرتوو بێت, لەپاڵ فاکتەرە نێودەوڵەتییەکان و کێشە ڕەواکەی و ئەزموونی (11) ساڵی ڕابردوودا, جێگە و پێگەی تایبەتی دەبێت. گومان لەوەدا نییە لە ماوەی (80)ساڵی ڕابردوودا گەلی کورد لە کوردستانی عێراق قوربانیی سیاسەت و دەسەڵاتەکانی عێراق بووە, هەمیشە وەکو هاووڵاتیی پلەدوو دوژمنی پلەیەک سەیرکراوە و لە گشت جۆرە ئیمتیازەکانی دوورخراوەتەوە و خراوەتە گۆڕەپانی شەڕێکی نەخوازراوەوە, کە ناچار بووە ئیدامەی پێبدات تا کار گەیشتووەتە ئەوەی هەوڵی قەتڵاوعام و جینۆسایدی دراوە, لە پرۆسەیەکی گوماناوی داڕێژراودا ئەنفالی لە دژ ئەنجامدراوە .

بۆیە پێویستە دەسەڵاتی سیاسیی کورد و حزبە سیاسییەکان, فۆرمەڵەیەکی تایبەت بخەنەڕوو بۆ عێراقی داهاتوو تایبەت بە مافی کورد.

ئەگەرچی پێویستە دواتر لەژێر چاوەدێریی (UN)دا, گەلانی عێراق بەتایبەتی کورد بڕیار لەسەر مافی چارەنووسی خۆیان بدەن, لە ڕێفراندۆمێکی گشتیی ئاشکرادا و مافە زەوتکراوەکانی بدرێتەوە, سنورە جوگرافییە نێودەوڵەتییەکەشی بەڕەسمی بناسرێت. ڕەنگە لەم نێوەندەدا کورد ڕووبەڕووی کۆمەڵێک شەڕ و سستی ببێتەوە, بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی چارەنوسسازی مێژوویی گەورەیە و پێویستە پێداگری لەسەر بکرێت, چونکە ڕەنگە کێشەکانی عێراق بەهۆی پێکهاتە سیاسی و مۆزایەک و ناهۆمۆجینی دانیشتووانەکەیەوە لەپاڵ کۆمەڵێک کێشەی ئەتنیکی و مەزهەبی و تایفەییدا ڕووە و قووڵبوونەوە بچێت.

بەڵام کورد بە حوکمی ئەوەی هەمیشە چەوساوە بووە, تەنانەت مافە سیاسییەکانیشی پێ ڕەوا نەبینراوە و لە کاتێکدا خاوەنی گشت خاسیەتەکانی پێکهاتنی دەوڵەتە, بۆیە ئەم مافە پێویستی بە یەکلاکردنەوە هەیە. دڵنیاشم, یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسییەکانی گەلانی عێراق لە قازانجی سیستمی سیاسیی داهاتووی عێراقدایە, چونکە مێژوو سەلماندوویەتی (دەوڵـەتـی کەمایەتی) هەرگیز قابیلی درێژەپێدان نییە, چونکە زوو لێک هەڵدەوەشێتەوە و نابێتە خواستی گەلانی نێو ئەو کێشە سیاسییە.

نابێ ئەوەشمان لەبیربچێت, کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە تێگەیشتنێکی واقعی پشتگیری لە خەباتی سیاسیی مافە ڕەواکانی گەلی کورد دەکات.

کە ئەمە بۆ خۆی فاکتەرێکی سەرەکیی بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنی پرۆسەی سیستمی سیاسیی کوردە.

ئەوەی دەمێنێتەوە بەدوورگرتنی دەستێوەردانی ناوچەییە لە هاوکێشە سیاسییەکانی داهاتووی عێراق و بەتایبەتی کورددا, چونکە ئەمە فاکتەرێکی سلبییە لەناو ئەو پێکهاتە سیاسییەی دوای سەدام حسێندا, گەر پێشتر قسەی لەسەر نەکرێت, زۆر دوور نییە پرۆسەکە بە ئاقارێکی چاوەڕواننەکراودا ببات.

لەکۆتاییدا پێویستە ئەوە بڵێم ؛ لە خۆئامادەکردنی کورد بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانەی عێراق لە ئێستادا و بەتایبەتی لە داهاتوودا دەردەکەوێت, کە کورد تا چەند خوێندنەوەی بۆ ڕووداوەکـان هەبووە و توانیویەتی پۆزەتیڤانە لێی سوودمەند بێت, کە پێموایە زیاتر قسە هەڵناگرێت.

تەنیا ئەوە نەبێت کورد لە تەنیایی دوێنێوە بۆ داهاتوویەکی سیاسیی سەرکەوتوو هەنگاودەنێت.

## (2)
## خوێندنەوەیەك لەپێكهاتەوە
## بۆ عێراقی دوای سەدام حسێن

بە درێژایی سێ چارەکە سەدە و هەر لە ساڵی (1921)ەوە, کە عێراق دروست بوو, ناواقیعیەتێک بەسەر پێکهاتەی دەوڵەتدا خۆی سەپاند. ئەوەش گرتنەدەستی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی سیستمی سیاسیی عێراق بوو لەلایەن کەمینەی (سوننە)ەوە, دیار لەم پێکهاتە ناواقیعییە, ڕۆڵگێڕانی سوننە وەک کارەکتەری ئەم سیستمە, ئینگلیزەکان ڕۆڵی سەرەکییان گێڕا لە دانانی مەلیک فەیسەڵ و سیستمی پاشایەتی بۆ عێراق.

بۆیە بە درێژایی مێژوویی سیاسیی دروستبوونی عێراق, نابینین کەمینەی تایفی- سوننە جگە لە یەک جار کە سەرۆکوەزیرانی عێراق شیعە بووە (ساڵح جەبر), بەناچاری لە ساڵی (1948) دا دەستی لەکارکێشایەوە, دەستبەرداری دەسەڵات بووبێت لە

سەنتەر دوورکەوتبێتەوە. لە کاتێکدا بەپێی ئامارێکی ساڵی (1947) سوننە تەنیا (5/1) یان (19.7%)ی سەرجەمی دانیشتووانی عێراق پێکدێنێت. کەچی لە هەمان کاتدا لەگەڵا مێژووی ئەو سیستمە سیاسییەدا ناوێکچوو بووە.

لە کاتێکدا شیعە کە لەڕووی تایفی و مەزهەبییەوە, بە ڕکەبەری ئەم تایفە سوننیە دادەنرێت. گەورەترین ڕەگەز و تایەفەی عێراقە,کە لە(53.4%)ی سەرجەمی دانیشتووانی عێراق پێکدەهێنێت, بەڵام هەمیشە خراوەتە پەراوێزەوە لەو کایە و سیستمە سیاسییەی عێراقدا هیچ کات ڕۆڵی نەبووە گەر لە دەسەڵاتیشدا بووبێت, یان کەم بووە یان گەر زیادیش کرابێت ئەوا دەسەڵاتی ناسیۆنالیستیی سوننە, زۆر بیرۆکراتییانە لەگەڵیدا جووڵاوەتەوە و هیچ کات دەرفەتی پێنەداوە لە پۆستە حەساس و گرنگەکاندا بێت و بگاتە ناوەندی دەسەڵات.

هیچ کات ئامادە نەبووە لەگەڵا شیعە و تەنانەت کوردیش نەرمی بنوێنێت, چونکە هەمیشە ئەم کارەیان بەلەدەستدانی ئیمتیازەکانیان زانیوە بۆیە هەمیشە شێوازی بیرۆکراتیانە و تۆتالیتاری و تاکڕەوانەیان لەبەرامبەر هەم شیعە و هەم کورد بەکارهێناوە.

***

شیعە وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی دانیشتووانی عێراق و بەشێک لەو مەزهەبە, یەکێکە لە مەرجەعە ئایینییەکان, زۆرینەی کەوتوونەتە ئێرانی هاوسێوە, لەپاڵ وڵاتانی بەحرێن و کەنداو و تورکیا, بەڵام لەڕووی جوگرافییەوە عێراق بەگەورەترین مەڵبەندی شیعە دادەنرێت و کەونەتە ناوچەکانی ناوەڕاست و

باشووری عێراقەوە, هەرچوارشوێنە پیرۆزەکەی مەزهەبی شیعە کە پێکهاتوون لە(نەجەف, کەربەلا, کازمیە, سامەڕا) کەوتوونەتە عـێراقـەوە, شارێکی وەکـو کـەربـەلا (55)مـیـل لـە بـەغـدادەوە دوورە, بۆیە شیعە ئەوەندەی بە دیوە مەزهەبی و تایفیەکەیدا خۆی دەرخستووە و سەیرکراوە, نیوئەوەندە بە دیوە میللی ناسیۆنالیستەکەیدا کاری نەکردووە, بەپێچەوانەی سوننە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان ئەو دوو ڕوخسارەی نیشانداوە.

بۆیە دەکرێت بڵێین ؛ هەرلەساڵی (1921)ەوە کە پێکهاتەیەکی نـوێ بـە نـاوی حکومەتی عـێراق لـە خـۆرهـەڵاتـی نـاوەڕاسـتـدا دەرکەوت, هیچ کام لەو سێ ڕەگەزە سەرەکییە پێکهاتەی عێراق (کورد, سوننە, شیعە) ڕۆژێک نابینرێت پێکهاتەیەکی سیاسیی وێکچوو, گونجاو لەنێوانیاندا دروست بووبێت, بۆ نموونە لەپاش ڕووخانی رژێمی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری ڕژێمی کۆماری لە(14تەمموزی)ساڵی (1958) بە ڕێبەرایەتیی عەبدولکەریم قاسم, لە بەیانێکیدا ڕایگەیاند ؛ کە سیستمی کۆماری جێگای پاشایەتی دەگرێتەوە. کەچی هەرزوو بە بیانووی یەکپارچەیی خاک و گەلی عێراق ڕایگەیاند ؛ ئەو گەل و نەتەوانەی کە لە عێراقدا دەژین ڕێز لە مافەکانیان دەگیرێت و بە هەمان شێوە ئەرکەکانیشیان, کەچی نابینیت  هیچ کاتێک (کورد و عەرەب)وەکویەک تەماشا کرابن, بە پێکهاتەیەکی دیفاکتۆیانەی کۆمەڵگای عێراقی حسابکرابن, بەڵکو کورد هەمیشە وەکو مەترسی سەیرکراوە.

لە لایەکی ترەوە هەرلەو سەردەمەدا لەبەندی (7)ی دەستووری نوێدا هاتووە (گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە) واتە پێویستە پرانسیپی چەمکی دیموکراسیەت ببێتە میتۆدی سیاسیی کارکردن, کەچی

هیچ کات و سەردەمێک عێراق و پێکهاتە سیاسییەکەی یەک ڕۆژ ڕێگای بە دیموکراسی نەداوە, دیموکراسی بەخۆوە نەبینیوە کەچی خەڵک هیچ کاتێک گوێی لێنەگیراوە و هەمیشە دیموکراسی نامۆبووە بە خەڵکی عێراق, هەمیشە عێراق لە دەستی کەمینەدا بووە و دوولایەنی (کورد و شیعە) چەوسێنراونەتەوە, هەر ئەمەش وایکردووە هەمیشە دوولایەنی تر لەحاڵەتی بەرگری و بەدەستهێنانی مافەکانیان بن, پەنایان بردووەتە بەر خەباتی, چەکداری و شۆڕش, مێژووی عێراقیش ئەو ڕاستەیەی سەلماندووە, هەتا حکومەتێکی میلیتارستی و تۆتالیتاریستی وەک بەعس, سوننی, مەزهەبی کەمینە حوکمی عێراق بکات لەم سەنتەرەدا بمێنێتەوە ڕێ بە کەمینە و تاییفەکانی تر نەدات لە سەنتەر و پێکهاتەی دەوڵەتدا بەشدار بن, هەمیشە ئەو دۆخە پڕقەیران و ململانێیە بەردەوام دەبێت, بێگومان لەگەڵا بەردەوامبوونی ئەم ڕەوشە هەرگیز ناتوانرێت دەوڵەتێکی پتەو و خاوەن ئیرادە و یەکگرتوو بێتەدی تەنانەت پارێزگاری لە سنوورەکانی خۆیشی بکات.

کورد وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکیی گەلانی عێراق و جوگرافیای ئەم وڵاتە, کەوتووەتە ناوچەکانی باکووری عێراق کە بە باشووری کوردستانی گەورە ناسراوە, ژمارەی دانیشتووانی بەپێی ئامارێکی ساڵی (1987) نزیکەی (4.387) ملیۆن کەسە, ڕووبەرەکەشی نزیکەی (87.117) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە کە دەکاتە نزیکەی (18.3%) سەرجەمی دانیشتووانی عێراق و لە(16.2%) سنووری گشتیی عێراقە, لە کاتێکدا بەگوێرەی سەرژمێریی ساڵی (1990) ژمارەی دانیشتووانی عێراق نزیکەی (18.100.000) کەسە بەم

شێوەیە دابەشکراوە : لە(77%) عەرەب (60%-53% شیعە, 17% سوننە), 19%کورد, 1.4% تورکمان, 0.8% ئاشووری, 0.8% ئێرانی), بۆیە سەرەڕای پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراق. کەچی کورد هەمیشە بگرە لە شیعەش زیاتر خراوەتە پەراوێزەوە و لە سەنتەر دوورخراوەتەوە و لە هیچ کام لە پۆستە گرنگ و حەساسەکاندا ئامادەیی نەبووە و هەمیشەش بە تۆمەتی جوداخوازی و لێکهەڵوەشانی عێراق تاوانبارکراوە, گەر مرۆڤ سەرنج بدات تێدەگات کە بەعس چۆن لە دەسەڵاتی ڕوانیوە و چۆن پاوانی مەرکەزی دەسەڵاتی کردووە بۆ کەسانی بنەماڵە و خزمە نزیکەکانی لە کاتێکدا, عودەیی کوڕی سەدام حسێن بە تەنیا (6)پۆستی لەدەستدایە و قوسەی کوڕیشی (6) پۆستی حەساسی لەدەستدایە, لە سەردەمی دەسەڵاتی حسێن کامیل بەتەنیا (3) وەزارەتی لە دەستدا بوو ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتییش بوو.

عەلی حەسەن مەجید (3) پۆستی گرنگی لەدەستدایە, هەریەکە لە(بەرزان-وەتبان-سەبعاوی-عەدنان خەیروڵڵا-عیززەت دووری) بە هەمان شێوە لانیکەم خاوەنی سێ چوار پۆستی گرنگ بوون, لە هەمان کاتدا لەڕووی ژن و ژنخوازییەوە وەکو خێڵ ڕەفتاریان کردووە, هەموویان کوڕ و کچی یەکتریان کردووەتە بووک و زاوای خۆیان, کە ئەمەش لەڕووی سۆسیۆلۆژیاوە خوێندنەوەی تایبەت هەڵدەگرێت و ئەقڵیەتی خێڵەکی تری تێدا دەخوێندرێتەوە.

گەر سەرنج بدەینە زۆرترین سەرژمێرییەکان ساڵ بەساڵ هەوڵدراوە ژمارەی کورد لە سەرژمێرییەکاندا کەم بکەنەوە, لەڕووی جوگرافییشەوە سنوورەکەی بەرتەسک بکەنەوە, ئەمەش بە مەبەستی بچووکردنەوەی کورد وەکو نەتەوە و

دەستبەسەراگرتنی خاکەکەی وەکو جوگرافیا و بەتاڵانبردنی سامانە سروشتییەیەکان و(بەعەرەبکردن)ی ناوچە کوردنشینەکان, پێشموایە ئەمە تەنیا کاری تایفی (سوننە) نەبووە و نابێت , چونکە گەر شیعەش لەسەرکاربووایە هەمان کردار دووبارە دەبوویەوە, چونکە سەرەڕای ئەوەی پێکهاتەی دابەشبوونی دەسەڵات لەنێوان گرووپە ئایینیەکانی عەرەب لەسەر مەسەلەی مەزهەب بووە لە لایەک, لە هەمان کاتدا ئەو گرفتە بەشێکی تر ململانێ و قەیرانەکانی لەسەر ئاستی نەتەوە و ڕەگەزی (کورد و عەرەب) بووە, ئەمە بە واتایەکی تر ئەوکاتەی تایفەی عەرەب (سوننە و شیعە) لەسەر کەمترین خاڵا ڕێککەوتبن لەنێوان خۆیاندا گەورەترین دژایەتیی نەتەوەیی و ڕەگەزییان لەگەڵ کورد بەکاری خۆیان زانیوە مەسەلەی (کورد-عەرەب) یان بەکارهێنا لەجیاتیی ململانێی (سوننە-شیعە).

بۆیە واباشە هیچ کات کورد خۆی بە چارەنووسی عەرەبەوە لە عێراق گرێنەدات, هەمووکات وەکو نەتەوە و ڕەگەزێکی سەرەکی و جیاوازی عێراق قسەبکات, هیچ کات لەگەمە ناوخۆیی و مەزهەبیەکاندا بەشداری نەکات.

ئەگەرچی لەم حاڵەتەدا کێشە و گیروگرفتی هەستی ناسیۆنالیستی نەتەوەگەرایی دەخرێتە پاڵا و بە جیاخواز و دابڕانی کوردستان لە عێراق تۆمەتبار دەکرێت, ئەگەرچی ئەمە خواستێکی خەڵکی کوردستان و حەقێکی مەشرووعی نەتەوەی کوردە و پێویستە بۆلەمەودوا پێی لەسەر دابگرێت, چونکە بە درێژایی مێژووی دروستبوونی عێراق هەمیشە وڵات ڕوخسارێکی عەرەبی توندڕەوی میلیتارستی و تاکڕەوی لەخۆوە

پێچاوە, هیچ کات هەڵوێستێکی وا, کە چانسی بە فیدراسوێنکردن و بەفیدرڕاڵیزەکردنی وڵاتی بەخۆیەوە نەبینیوە ئامانجی گشت کەمینەکان مسۆگەر بکات.

ئەگەر شیعە لە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی ئایینیی سوننە لەگەڵ کورد, کە کورد وەکو دەسەڵات ڕەتی کردووەتەوە, ئەگەرنا کورد هەمیشە کێشەی عەرب سوننە – شیعە نەبووە – وێک نەبووە, بەڵام هەرگیز لە مەسەلەی مافی نەتەوەیی بۆ کورد و ناساندنی وەکو نەتەوەو ئامادەیی نەبووە کورد بناسێنێت.

واتا ویستوویەتی تەها وەکو فاکتەر و گوشار بۆ سەر دەسەڵاتی ئایینی سوننی, کورد لەگەڵیدا بێت, بە هەمان شێوەش تایفی سوننی هەرگیز ئەو هەستەیان لا دروست نەبووە, کە وەکو مەسەلەی ئایینی لە ڕوانگەی مەزهەبیەوە بڕواننە کورد کە پێکهاتەیەکی ئایینیی سوننی کورد, کە پێکهاتەیەکی ئایینی سوننیی لێکچووی هەیە, بەڵکو لەم کاتەدا وەکو مەسەلەی نەتەوەیی میللیەکە سەیریانکردووە, جۆرەها تۆمەتیان بۆ دروستکردووە, بۆیە لە هەردوو حاڵەتەکەدا لە هەردوو ڕەوشی دەسەڵاتی شیعە یان سوننەدا کورد ڕێڕەوێکی تایبەتی خۆی هەبێت خۆی بە چارەنووسی ئەوانەوە نەبەستێتەوە, ئەلتەرناتیڤی گونجاو بخاتە بەردەم, گومانی تێدا نییە پاش کۆنگرەکانی (INC) لە ڤییەنا و سەلاحەدین, هیچ کام لە گرووپە شیعەکان نەک ئامادە نەبوون کورد وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ بناسن, بەڵکو ئامادەنەبوون فیدرڕاڵیزم بەواقعی بۆ کورد بناسن.

ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی, کە باڵێکی سەرەکیی ئایینی شیعەیە لە عێراقدا کۆبوونەوەکانی سەلاحەدینی

جیهێشت و ئەندامێتیی خۆیشی هەڵپەسارد – کە ئەمە زەهنیەتی بیرکردنەوەی باڵێکی سەرەکیی شیعییە بەرامبەر کورد–ئەگەرچی ئەم هەڵوێستە لە کۆنگرەی نیۆیۆرک ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات,بەڵام پێناچێت نییەتێکی ڕاستەقینەی لەپشتەوە بێت ؟ بەڵکو ئاڵوگۆڕێکی تاکتیکییە, بۆیە لە سبەینێی دوای ڕووخانی حکومەتی عێراقی ناسیۆنالیستی بەعسدا, دەکرێت بپرسین ئاڕاستەی ئەو ئاڵوگۆڕانە چۆن ڕێدەکەن ؟ کورد لەکوێی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا دەبێت؟؟ ئایا ئاڵوگۆڕی جیددی لە پێکهاتەی دەوڵەتدا ڕوودەدات ؟ یان مێژوویی تراژیدیانەی خۆی دووبارە دەکاتەوە ؟

وەکو لەپێشەوە وتمان عێراق وڵاتێکە پێکهاتەیەکی مۆزایەکی و ناهۆمۆجینی هەیە, دابەش بووەتە سەر چەندین تایفە و ڕەگەز و ئەتنیکی جیاواز هەر ئەرکام لەوانەش کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان هەبووە و دەبێت.

دەکرێت بڵێین مێژوویی سیاسیی عێراق هەر لە ساڵی (1921) ەوە تا ساڵی (1958) و ڕووخانی پاشایەتی لە ساڵی (1963) دا دەورانێکی تایبەتی بووە, دوابەدوای ئەوەش ڕێک لە ساڵی (1963)دا کودەتا خوێناوییەکەی ناسیۆنالیستەکانی حزبی بەعس ڕوویدا, مێژوویی سیاسیی عێراقی میلتارترین دیکتاتۆرترین ڕژێمی سیاسی بەخۆوە بینیی, کە ئیتر هەردوو ڕەگەزە سەرەکییە کورد و شیعە کەوتنە بەر هەڕەشەی جینۆساید و چەوسانەوەی زیاترەوە.

گومان لەوەدا نییە لە سەرەتای دەیەی نەوەدەکان و شکستی بلۆکی ڕۆژهەڵات ئاڵوگۆڕگشت جیهانی گرتەوە, لەم نێوەندەشدا پاش داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە, لە ساڵی (1990)

ئاڵوگۆڕێکی تایبەتی عێراقی گرتەوە, دواجار بووە هۆی ڕاپەڕینی گەلانی عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی ناوچەیی لە کوردستاندا و دووەم فاکتەر, کە لەپاڵ فاکتەری یەکەمدا کاریگەریی سەرەکی هەیە لەسەر عێراق و جەنگی دژ بە تیرۆریزم کە لە ئەفغانستانەوە دەستپێدەکات, بۆیە پاش هەرەسی بلۆکی خۆرهەڵات ئیتر چەمکی زۆرەملێی یەکگرتنی نەتەوەکان شکستی هێنا, ئەزموونی وڵاتانی یەکێتیی سۆڤیەت و لێک هەڵوەشانەوە بۆ (15) کۆمار, یۆگۆسلافیا و چیکۆسلۆفاکیا دیارترینی ئەم ئاڵوگۆڕانەیە.

بۆیە ئەوکات لە ساڵی (1991)دا کە ئەمەریکا سەرۆکایەتیی هاپەیمانیەتێکی نێودەوڵەتی دەکرد بۆ دەرپەڕاندنی عێراق لە کوێت, ئەگەر چی ڕووخانی حکومەتی عێراق لەب ەرنامەدا بووە, بەڵام نارەزایی وڵاتی عەرەبستانی سعوودی بە بیانووی گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن شیعە و زیاتربوونی نفووزی ئێران لەن اوچەکە و نیگەرانیی تورکیا لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی و کۆمەڵێک فاکتەر, ئەو پرۆسەیەی پەککخست و دواجار چەندین بڕیاری وەک(688, 1284, 986) سەبارەت بە عێراق پیادەکرا, تا ئێستاش ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەی عێراق ئەمەریکا هەر بەردەوامە.

بەڵام پاش دە ساڵ و مانەوەی باردودۆخە, کە بەوجۆرە و ڕێگەگرتنی عێراق لە تیمەکانی (ئەنمۆفیک) پەرەپێدانە بە چەکە کۆکوژەکان و ڕۆکێتە دوورهاوێژەکان و جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و هەڕەشە بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ و گەلانی عێراق و مەترسی دروستکردن بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا, کە لە کەنداوی فارس و خۆرهەڵاتی

ناوەڕاست و لەپاڵ ئاڵوگۆڕە خێراکانی جەنگی دژ بە تیرۆریزم لە ئەفغانستان, لەدوای کارەساتی (11)ی سێپتمبەری نییۆرک و واشنتۆن, کە خودی عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ناوی لە لیستی تیرۆریزمدا هاتووە, جارێکی تر سەحنەی سیاسی ڕوویکردووەتە عێراق و ئەمریکا بەنیازە ئەوەی کە جۆرج بۆشی باوک بۆی نەکرا جۆرج بۆشی کوڕ لە ساڵی (2002) تەواوی بکات, کە خۆی لە ڕووخاندنی ڕژێمی عێراقی و سەدام حسێن دەبینێتەوە, لەم بارەیەوە زۆر لایەن بە دووەم یان سێیەم وڵات دوای ئەفغانستان و سۆماڵا دەزانن.

بەپێی ئەو هەواڵانەش وەفدێکی پایەبەرزی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی (ڕاین کرۆکر) لە 11ی دیسەمبەری 2001 دا سەردانی کوردستانی کردووە, هەندێک مەسەلەی باسکردووە, پێدەچێت داوای هاوکاری لە هێزە کوردەکانیش کردبێت, وا بڕیارە لە سەرەتای بەهاری داهاتوودا ئەم پرۆسە سەربازییە دەستپێبکات بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕژێمی عیراق ئەگەرچی هەڵوێستی تورکیا لەم بارەیەوە ڕوون نییە, بەتایبەت کە نیگەرانە لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لە ناوچەکە, لەلایەن ئەمریکاوە ئاگادارکراوەتەوە, کە نابێت دەستکاریی جوگرافیای عێراق بکرێت, کە دیارە لەم ڕاگەیاندنەش مەبەست ویلایەتی موسڵە, کە تورکیا خۆی لێخۆش کردووە هەرچی عەرەبستانی سعودییشە, ئاڵوگۆڕ بەسەر بیروڕاکانی 1991 یدا هاتووە, ئێرانیش پێکهاتەیەکی سەرەکیی ئەو ئاڵوگۆڕانەیە. دیسان شیعە وەک گارتی گوشار بەکاردەهێنێت, لەم بارەیەوە خۆشحاڵە بەو گۆڕانکارییانەی کە مێژوویەکی خوێناوی لەگەڵ ڕژێمی عیراقدا هەیە. بۆیە وا چاوەڕوان دەکرێت, کە ئەمریکا هەر لە ئێستاوە

نەخشەیەکی بۆ ئەو سیناریۆیە دانابێت. بەپێی هەواڵێکی گۆڤاری NEWS وا بڕیارە ئەمریکا بە 100 هەزار سەرباز بەشداری لەو هێرشە بکات, دژی عیراق کە 50 هەزاری بۆ باکوور و 50 هەزاری بۆ باشوور دەنێرێت . کەواتە وەکو سەرچاوەکان دەڵێن : (لێدانی عیراق بڕاوەتەوە بەڵام چۆن و کەی ئەمە مەسەلەیەکە ....!!.) بێگومان هێرشەکان بە مەبەستی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی گەورە و جیددین لە پێکهاتەی دەوڵەتدا و جگە لە ڕەزامەندیی وڵاتانی ناوچەیی. هەریەک بەهۆی فاکتەرێکەوە. وڵاتانی جیهانیش هەریەکەیان بە دانی ئیمتیازی زیاتر وازیان لە لایەنگری عێراق هێناوە, وەکو وڵاتانی (ڕووسیا, چین, فەڕەنسا) ئەمە لە لایەک, لە لایەکی تریشەوە هەردوو وڵاتانی ناوچەکە ناتوانن پشتگیری لە عێراق بکەن, چونکە عێراق بە پشتگیری لە تیرۆریستان تاوانبار کراوە, هەروڵاتێک خۆی جیابکاتەوە مانای دەچێتە لیستی تیرۆریزمدا. سەبارەت بە کورد ئەگەرچی کورد بۆ ماوەی زیاتر لە 10 ساڵە بەشێکی زۆری لەژێر سایەی دەسەڵاتی بەعسدا نەماوە, پێکهاتەیەکی سەربەخۆی هەیە سەرەڕای دووکەرتیی حکومەت و دەسەڵاتی ئیداری, بۆیە لە هەموو ئاڵوگۆڕێکی نزیکی داهاتووی عێراقدا, سەرەڕای ئەو پایە چەسپاوە سیاسی و ئیدارییەی, کە لە ماوەی ئەو 10 ساڵەدا بۆی دروستکردووە, جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ هەرێمەکانی تری عێراقدا, چ لە ڕووی سەربازی و ڕاگەیاندن و ئیداری و ئابوورییەوە. بۆیە ڕەنگە ئەو پەشێوی و نائارامییە, کە ڕەنگە باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەگرێتەوە کوردستانی لێ بەدوورە. سەرەڕای ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی کوردی هێزێکی ئەساسیی ئاڵوگۆڕەکانە و بە واقیعی لەسەر خاکی عێراق

وجوودی هەیە, بە پێچەوانەی زۆربەی هێزەکانی تر, کە تەنیا لەڕووی ڕاگەیاندنەوە ئامادەییان هەیە, ناوچەی جوگرافی و پێکهاتەی حکومەتەکەی یاریدەدەری سەرکەوتنی ئەو کارەشە, لەپاڵ هاوکاریی هێزە ئەمریکییەکان, بەڵام ئەوەی بۆ کورد لە داهاتووی عێراق و ئاڵوگۆڕەکانیدا پێویستە خیتابێکی یەکگرتوو هێزێکی یەکگرتووە, ئەگەرچی بەپێی چەندین هەواڵ, هەردوو لایەن لەسەر ئەو پرۆژەیە ڕێک نین, کە ئەمریکا دایڕشتووە بۆ ڕووخاندنی عیراق بەڵکو بە دوو ئاڕاستەدا دەڕۆن.

***

دەکرێت سەرەتای سەدەی نویٚ پاش هەشتا ساڵ لە قەوارەیەکی دروستکراوی ئینگلیزی سیاسی بۆ عێراق پاش هەشتا ساڵ لە حوکمی کەمینەی سوننی لە عێراقدا, پاش هەشتا ساڵ لە دەسەڵاتێکی کەمینەی تۆتالیتاری و میلیتاریستی تاکڕەودا لە عێراق و خستنە پەراوێزی کورد و شیعە و بەتایبەتی کورد, ئاڵوگۆڕێکی گشتی لە قەوارەی سیاسیی عیراقدا پێکدێت. بەڵام سەبارەت بە قەوارەی سیاسیی دوای سەدام حسین چەندین گریمانەی تایبەت هەن. لەم بارەیەوە دەکرێت ئاماژە بە پێکهاتنی قەوارەیەکی سیاسی بکەین, کە لەسەر بنەمای دیموکراسی بەڕێوەدەچێت. بە واتایەکی تر پێکهاتەیەکی فیدراڵی بۆ گەلانی عیراق پێکبێت لە عەرەب «شیعە, سوننە», کورد, هتد « کە دەکرێت کانتۆنی فیدراسیۆنی تایبەتیش هەبێت یان دەسەڵاتێکی هەرەمیی دابەشکراوبێت, ئەگەرچی لەم حاڵەتەدا شیعە ڕەنگە زۆرترین ئیمتیازی پێبدرێت, بە پێچەوانەی سوننە کە زۆرترین ئیمتیاز لەدەست دەدات,چانسی حوکمی تاکڕەوانەی 80 ساڵی

بەیەکجاری ئاوا دەبێت و دەبێت بکەوێتە ژێر خواستی «ئوردون, سعوودیە, کۆیت, سوریا». لە هەمان کاتدا هیچ ڕایەڵەیەکی جوگرافیایی لەنێوان پێکهاتەی ئاینی سوننیدا نییە, وەک دەبینین «سوننە» کەوتوونەتە ناوچەی موسڵ و لە باکوور و لە رومادیە لە باشوور و یان لەنێوان ڕومادی لە باشوور و بەعقوبە لە ڕۆژهەڵاتدا, کە ئەمە بۆخۆی فاکتەرێکی لاوازبوونی دەسەڵاتی سوننی دوای سەدامە. بە پێچەوانەی هەرێمەکانی کورد و شیعە کە لەڕووی جوگرافیایەوە پەیوەندیەکی تونودوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە, وەک کورد لە ناوچەکانی باکوور و شیعە لە باشوور, ئەمەش کاریگەری لەسەر بواری ئابووری و سەربازی و کۆمەڵایەتی هەیە. دەکرێت بە فاکتەری هێز دابنرێت. لە هەمان کاتدا لە دەوڵەتێکی ناهۆمۆبینی وەک عیراق سەرەڕای ئەو گرفتانە و چوار فاکتەری سەرەکی, کە ڕۆڵی تایبەتی دەگێڕن لە هێشتنەوەی قەوارەیەکی یەکگرتوو بۆ وڵات ئەوانیش..

«یەکسانی, حکومەتێکی بەهێز, پاراستنی بەرژەوەندی, دیموکراسی « ئەگەر ئەم مەرجانە هەبوون دەکرێت بڵێین دەوڵەتێکی مۆزایکی ناهۆمۆگینی کامڵ هەیە, بەڵام مێژویەکی پڕ قەیران و شەڕوشۆڕی ئەم وڵاتە هێشتا چەندین ئاکامی نێگەتیڤی لێ کەوتووەتەوە. بۆیە گەر ئەم شکڵە بتوانێت چارەسەری پێکهاتەی دەوڵەتی عیراقی دوای سەدام حسین بکات باشە, ئەگەرچی شیمانەی ئەوەش هەیە کە شیعە وا بیربکاتەوە, ئەوەیش 80 ساڵ درێژە بە هەمان سیناریۆی سوننە بدات. لەم بارەیەوە ئەگەرچی ئەمریکا پرۆژەیەکی تایبەتی بۆ داهاتووی عێراق لە هەگبەدایە, بەڵام تا چەند سەرکەوتوو دەبێت و دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی ڕژێمی

سەدام حسین و خواستی گەلانی عیراقی و دەتوانێت عیراقێکی ناهۆمۆجینی پڕ ئەتنیک و تایفەی جیاواز ڕابگرێت ئەوە شتێکی ترە.

**دوایین گریمانەش**

که مێژووی 20 ساڵی ڕابردوو شاهیدەدەیان ڕووداوی وای وەک کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و یوگوسلافیا و تەیموری خۆرهەڵات و ئەریتیریا. سەربەخۆیی نەتەوە جیاوازەکان یان پارچە پارچەبوونی عێراقە بۆ دەوڵەتێکی فرەڕەگەز و مەزهەب, یان بە واتایەکی تر دروستبونی سێ دەوڵەتی جیاواز و دروستکردنی مێژوویەکی نوێ لەپاش 80 ساڵ.

## (3)

## عێراق: لە ڕێگرییەکانی پلورالیزەبوونیەوە بۆ سیستمێکی سیاسیی مۆدێرنانە

پێنج ساڵ پێش ئێستا و لە یەکەم کۆبوونەوەی کابینە نوێیەکەی (جۆرج بوشی کوڕ)بە ئامادەبوونی کۆلێن پاوەڵ ، کۆندالیزارایس و جۆرج تێنت سەرۆکی دەزگای (CIA)ڕاگەیەندرا ؛ کە پێویستە دەسەڵاتی سیاسیی رژێمی عێراق بگۆڕدرێت و لە جێگایدا دەسەڵاتێکی نوێ و سیستمێکی سیاسی دیموکراسی شوێنی بگرێتەوە,ڕایشیانگەیاند ؛ کە کار بۆ ئەو پرۆژەیە دەکەن.

پاش جەنگی دووەمی کەنداو و تێکشکاندنی عێراق لە بەرامبەر هێزەکانی هاوپەیماناندا قەیرانەکانی نێوان ئەمەریکا و عێراق ڕۆژ بەڕۆژ ڕووی لە قووڵبوونەوە کرد. تا دواجار لەژێر چادرەکەی سەفوان ناچارکرا مل بۆ داواکانی هاوپەیمانان بدات. بەتایبەتی

هاوکاریی تیمەکانی پشکنین بۆ لەناوبردنی چەکە کۆکوژەکان، کە تا ئێستاش لەکۆڵ عێراق نەبووەتەوە و نەیتوانیوە هاوکاریی تیمەکان بکات و دەست لە بەرهەمهێنانی چەکە کۆکوژەکان هەڵبگرێت ـ پێدەچێت لە داهاتووشدا سەری دەسەڵاتی عێراق بخوات ...! ـ دان بە سەروەری و سنووری کوێتدا بنێت و ناوچەی دژەفڕین نەبەزێنێت ، واز لە سەرکوتی گەلانی عێراق بهێنێت و ... هتد.

بەڵام لە ماوەی یانزە ساڵی ڕابردوودا عێراق نەک هەر نەیتوانیوە مەرجەکانی هاوپەیمانان و نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێ بکات ، بەڵکو زۆرجار بە دژی بڕیارەکان و خواستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کاری کردووە و هەمیشەش مایەی هەڕەشە بووە بۆ سەر خودی گەلانی عێراق و دراوسێییەکانی و تەنانەت جیهانیش.

رژێمی بەعس هەر لەو کاتەوەی هاتە سەر حوکم تا ئێستاش جگە لە قەیران و ماڵوێرانی, هیچی تری بۆ گەلانی عێراق لە هەگبەدا نەبووە ، بەڵکو هەمیشە کەمینە حوکمی کردووە. زۆرترین ئیمتیازی لەدەستدابووە. بێگومان ئەمەش فاکتەرێکی نێگەتیڤ بووە لە پێکهاتەی سیستمی سیاسیی عێراقدا ، چونکە هەمیشە کەمینە بۆ مانەوەی خۆی و ئیمتیازەکانی، سیاسەتی سەرکوت و توندوتیژی بەکاردەهێنێت.

ئەمە لەلایەن کەمینەی بەعسی ـ سوننی ـ یەوە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا کاری پێکراوە. دڵنیاشم ئەم شێوە حوکمە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەمیشە لەسەر سەرکوت و داپڵۆسین و توندوتیژی بەڕێوەچووە, دەوڵەتی بەعسیش نوێترین و تۆتالیتاریترین مۆدێلی ئەم سیستمەیە.

***پێکهاتەی دابەشبوونی دانیشتووانی عێراق :**

مۆزایکی دانیشتووان و ناهۆمۆجینی گەلانی عێراق, بۆ خۆی لێکۆڵینەوەیەکی وردی دەوێت ، کە ئەم کێشەیە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان و بەتایبەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە سەرچاوەی زۆر لە قەیرانەکان بەم پێیەش عێراق پێکهاتەیەکی ناهۆمۆجینی هەیە. عێراق لەڕووی ئەتنیکییەوە دابەشبووەتە سەر چەندین نەتەوەو ڕەگەزی جیاواز جیاوازی وەک (کورد ، عەرەب ، ئاشوری ، تورکمان ، کلدانی ، ئێرانی ... هتد)لەڕووی مەزهەبیشەوە, دابەشبووەتە سەر (شیعە، سوننە ، کەمینەی مەسیحی و جوولەکە ... هتد).

بە شێوەیەکە کە ئەم ڕێژەیە لەگەڵ سیستمی سیاسیی عێراقدا ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە، بۆ نموونە هەرکام لە سیستمی سیاسیی عێراق هەوڵیداوە ژمارەی دانیشتووانی کورد لە سەرژمێرییەکاندا کەمبکاتەوە.

بۆیە دەکرێت سەبارەت بە ڕێژەی دابەشبوونی دانیشتووانی عێراق پشت بە چەند ئامار ببەستین.

بەگوێرەی ئامارێکی ساڵی (1990)ژمارەی دانیشتووانی عێراق نزیکەی (18.100.000)ملیۆن کەسە بەم شێوەیە :

(77%)عەرەب ـ 53% ـ 60% شیعە)و (17% سوننە)و (19% کورد)و (1.4% تورکمان)و (0.8% ئاشوری)و (0.8% ئێرانی)یە.

ئەمە سەرەڕای چەندین ڕەگەز و تایفەی ئایینی جیاواز جیاوازی تر. پێویستە ئەوەش بڵێین ؛ ئەم دابەشبوونە لەڕووی

جوگرافییەوە شێوەیەکی تا ڕاددەیەک هەڕەمی وەرگرتووە ، کورد لە باکووری عێراق ، شیعە لە باشوور و سوننە لە ناوەڕاستدا ، بەتایبەتی کورد و شیعە دابەشبوونێکی پێکەوە گرێدراوە لەڕووی جوگرافییەوە بە نیسبەت پێکهاتەی دابەشبوونی دانیشتوانەوە، کە ڕەنگە ئەم خاڵە لای سوننە وا نەبێت. بەڵام ناکرێت نکوڵی لەو واقیعە بکرێت, کە لەگەڵ دروستبوونی عێراقی تازە. ئەم گەل و نەتەوە و مەزهەبە جیاوازنە لە  عێراقدا دەژین.

### *پێکهاتەی سیستمە سیاسییەکانی عێراق

لە هەموو دونیادا سیستمی سیاسیی وڵات کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەوشی سیاسی ، ئابووری ، کۆمەڵایەتی و سەربازی و... هتد هەیە و دەبێت و دەتوانێت سیستمێکی پلورالیزمانە و مەدەنیانە بێت و چەمکی ئازادیە مەدەنیەکان بکاتە میتۆد و کۆمەڵگایەکی سکیۆلار و هاوچەرخ بنیادبنێت, گەلانی پێکهاتەکەش لە سایەیدا بحەسێنەوە، دەکرێت بە پێچەوانەشەوە بێت سیستمە سیاسییەکە ، سیستمێکی تۆتالیتار و میلیتاریستی و دیکتاتۆری بێت و ڕێگری بەردەم ئازادییە مەدەنییەکان و مافی گەلان بێت و لە هەموو کێشەکاندا پەنا بۆ زەبروزەنگ و سەرکوتکردن بەرێت.

بەم شێوەیە گەر دیقەت بدەین بە درێژایی سێ چارەکە سەدە واتا هەر لە ساڵی (1921)ەوە, کە دەوڵەتی عێراقی دروستبووە و سیستمی سیاسی ، سیستمێکی زۆرەملێیانە و ناواقیعی بووە, بۆ نموونە لەگەڵ یەکەم پێکهاتەی سیاسیی سیستمی عێراقدا (سوننە)ی کەمینە بە پشتگیریی ئینگلیزەکان (مەلیک فەیسەڵ)یان هێنایە سەر

سیستمی پاشایەتی, بەبێ ئەوەی خواستی گەلانی عێراقی تێدابێت فەرزکرا, گەلانی عێراق بوونە قوربانیی ئەم سیاسەتە ناواقیعییە.

ئەم پێکهاتەیە بە شێوەیەک درێژ دەبێتەوە, کە سەراپای مێژووی سیاسی عێراق بەدەست کەمینەی سوننەوەیە,جگە لە یەک جار نەبێت لە ساڵی (1947)کە سەرۆکوەزیرانی عێراق شیعە بوو (ساڵح جەبر), دواتر بەناچاری لە ساڵی (1948) دەستی لەکار کێشایەوە. بێگومان ئەم سیستمە سیاسییە لەگەڵ مۆزایەکی دانیشتووان نارێکە ، چونکە لەکاتێکدا شیعە زۆرینەیە و کورد پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە عێراقدا ، بەڵام هەمیشە خراونەتە پەراوێزەوە و لە سەنتەری دەسەڵات و بڕیار دوورخراونەتەوە, بە مایەی هەڕەشە و مەترسی زانراون. گەر ئەوەش بزانین دەسەڵاتی کەمینە هەمیشە لەسەر زەبروزەنگ بنیاددەنرێت. بۆ پاراستنی ئیمتیاز و دەستکەوتەکانی و پلەوپایە سیاسییەکان.

ئەگەرنا ناتوانێت درێژە بە حوکمی خۆی بدات ، بۆیە هەرکام لەو سیستمە سیاسییانەی عێراق پەنایان بردووەتە بەر ئەم شکڵە مەترسیدارە لە حوکمدا و توانیویانە درێژە بە حوکمی تاکڕەوانەی خۆیان بدەن, بەردەوامیش قەتڵ وعامی گەلانی عێراقیان کردووە, هەرگیز ئامادەنەبوون لە ڕێگای دیالۆگ و هەڵبژاردن و دیموکراسییەوە قسە لەسەر سیستمی سیاسی بکەن, بەڵکو (شیعە)یان لەڕووی مەزهەبەوە (کورد)یان لەڕووی نەتەوەییەوە بە مەترسی زانیوە و هەمیشە ناکۆکییەکی مێژوویی لەنێوان ئەم دوو پێکهاتەیە هەبووە, (سوننە)لە لایەک و کورد و شیعە لە لایەکی ترەوە ئەگەر چی پێم وایە گەر شیعەش لەسەر حوکم

بووایە, هەمان هەڵوێستی دەبوو بەرامبەر بە کورد ، چونکە گەر دیقەت بدەین بە درێژایی مێژووی عێراق ، شیعە ئامادە نەبووە لەگەڵ کورد دژی ئەو سیستمە سیاسییە کەمینەیەی سوننە بێتە مەیدانەکەوە، بەڵکو (شیعە)وەکو مەسەلەی مەزهەبی ڕوانیویەتییە شتەکان بە پێچەوانەی کورد, کە زۆرجار وەکو مەسەلەی عێراق و ئەنجا وەکو مەسەلەی نەتەوایەتی سەیری شتەکانی کردووە, ویستوویەتی لەگەڵ پێکهاتەی سیستمی سیاسی بێت, (چ شیعە و چ سوننە)بێت ، بەڵام نە شیعە ئامادەبووە لەگەڵ سوننە کاربکات, بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە ، بەڵام (سوننە)بە درێژایی (81) ساڵ حوکمی خۆی کردووە, بەبێ ئەوەی حساب بۆ ڕەئی هیچ کام لە گەلانی عێراق بکات و تەنانەت ئەوکاتەی ڕژێمی پاشایەتی ڕووخا (14تەمموزی 1958)دا ڕژێمی کۆماری عەبدولکەریم قاسم جێگەی گرتەوە و ڕەوشی سیاسیی گەلانی عێراق بەرەو خراپتر چووە, هیچ کام لە مەسەلەکان نەگۆڕا, هەرزوو بە بیانووی یەکپارچەیی عێراق درێژەی بە هەمان سیاسەتی فەیسەڵ دا, هەرگیز نابینیت ڕێز لە مافەکانی کورد یان شیعە گیرابێت ، ئەوەش بە مەبەستی لەدەستنەدانی ئیمتیازەکان.

بەکورتی دەکرێت بڵێین ؛ لە سەرەتای دروستبوونی عێراقەوە تاوەکو ئەمڕۆ نابینرێت پێکهاتەیەکی سیاسیی وێکچوو دەستەجەمعی بەخۆیەوە ببینێت, سیستمی سیاسیی مۆدێرن توانیبێتی جێگەی بگرێتەوە ، بەڵکو کەمینەی سوننە بە پشتگیری دەرەکی و زەبروزەنگ درێژە بە حوکمی تۆتالیتارییانەی خۆی داوە.

## *مەترسییە ناواقیعیەکانی بە پلۆرالیزمەبوونی سیستمی سیاسیی عێراق لە ڕابردوودا

### أ. شیعە

چۆن کە دەوڵەتی عێراق کە ساڵی (1921)دروستبووە, ئینگلیزەکان ڕاستەوخۆ (مەلیک فەیسەڵ)یان کردە مەلیکی عێراق, بە هەمان شێوەش لە ساڵی (1958)و دواتریش (1963)ی بەعسییەکان, ئینگلیز و ئەمریکیەکان دەستیان هەبووە لەو پێکهاتە سیاسییە و بگرە ڕاستەوخۆ پشتیوانییان لێدەکردن ...!

### دەکرێت بپرسین بۆ ؟

سەرەڕای ململانێیەکانی وڵاتانی زلهێز لە ناوچەکەدا, هەر لە ساڵانی (1920)و تا دواتریش جگە لە فاکتەرە ئابوورییەکان, وەکو وتمان پێکهاتەی سیاسیی دانیشتووانی عێراق پێکهاتەیەکی ناهۆمۆجینیە و شیعە زۆرینەی دانیشتووانی عێراق پێکدەهێنێت, ئەوانە پێیان وابوو هاتنە سەرکاری شیعە لەدەستدانی ئیمتیازەکانی ئەوانیشە.

بۆیە بێ سێ و دوو ، شیعە وەکو ڕووە دینی و مەزهەبیەکەی هەمیشە مایەی مەترسی بووە, لە گرتنە دەستی دەسەڵات لە عێراقدا. بەتایبەتی ئەم مەترسی و ڕایە لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران لەدوای ساڵی (1357 هەتاوی ـ 1979 ز) ڕووی لە زیادی کرد, ڕەواجی پەیداکرد بە حوکمی گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن خومەینی و پیادەکردنی سیستمی ئیسلامی ـ شیعە لە وڵاتدا. ئیتر بووە گریمانەیەک کە هیچی دی گومانی

هەڵنەدەگرت, کە مەترسیی ئیمپراتۆریەتێکی ئیسلامی و شیعە مەزهەب لە ناوچەکەدا بێتە مەیدان و کۆنترۆڵی دەسەڵاتی دوو وڵاتی پڕ ئەهمیەت و ستراتیژی کەنداوی فارس بکەن, کە خاوەن وزە و نەوتێکی گەورەی بەرهەمهاتووە و یەدەکی جیهانە. بۆیە هەمیشە هەوڵدراوە شیعە دووربخرێتەوە لە سیستمی دەسەڵات و بەم هۆیەشەوە, وەکو یەکێک لە فاکتەرەکانی پلۆرالیزمەبوونی سیستمی سیاسیی عێراق جێگەی مەترسی و گومان بووە بۆ وڵاتانی دەرەکی.

**ب . کورد**

به هەمان شێوە کوردیش خەتەرێکی تر بووە لەسەر سیستمی پلۆرالیزمەبوونی عێراق بەو تێزەی کورد دوای عەرەب و یان دوای شیعە, بە هەردوو دیوە ناسیۆنالیستی و مەزهەبیەکەدا دووەم و گەورەترین ئەتنیک و مەزهەبی عێراقە, کە ژمارەی زیاتر لە (4)ملیۆنە و ئەمە جگە لەوەی خاوەنی مێژوویەکی دێرینە لە ناوچەکەدا, خاوەنی پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ڕەگەزی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و زمان و سوننەتی تایبەت بە خۆیەتی. هەروەها خاوەنی خەسڵەت و سیفەت و تایبەتمەندی دەوڵەتیشە بەدەر لەوەی لەڕووی جوگرافییەوە, لە لایەکەوە هەڵکەوتەیەکی لەباری هەیە و لە لایەکی تریشەوە لەو پێکهاتە نێو دەوڵەتییەی چوار وڵاتی ناوچەکەی دابەشکردووە, سنووری جوگرافی هەر چوار پارچەی کوردستان هاوسنوورە, کە بە هەمووی نزیکەی (40)ملیۆن کورد لەو سنوورە هاوبەشەوە خڕبووەتەوە.

ئەمە هەمیشە مەترسیەک بووە, کە گوایا کورد لەگەڵ سیستمی پلۆرالیزمەبوونی عێراق ، جیادەبێتەوە یان داوای سەربەخۆیی خۆی دەکات. هەر بۆیەشە ئەو کاتەی کورد کەوتە بەردەم جینۆساید و قەتڵوعامی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق. نەک پشتیوانیان نەکردووە ، بەڵکو هاوکاری ڕژێمی عێراقیان کرد. دیارە ئەم مەترسییانە لەجێی خۆیدا نەبوو. ئەگەرچی ئەمە حەقێکی ڕەوای گەلی کوردیش بووە ، بەڵام پێدەچێت لە داهاتوودا هەم ئەو مەترسییە نەمێنێت, کە کورد لە ڕابردوودا خەتەر نەبووە. هەم لە داهاتووشدا ببێتە خواستێک کە گشت وڵاتان پشتگیری لێبکەن.

**ج . وڵاتانی دراوسێ**

هەرکام لە وڵاتانی هاوسنوری عێراق کەم و زۆر مەترسیان هەبووە لەسەر عێراق, بەتایبەتی (ئێران و سوریا)کە جگە لەوەی دەستیان خستۆتە ناو کاروباری ناوخۆی عێراقەوە. لە هەمان کاتدا پشتیوانیان لە یەکێک لە باڵەکانی ئۆپۆزسیۆن کردووە, یان هەوڵی گۆڕینی رژێمی حوکمیان داوە, لەوڵاتدا تا جێگە و شوێنی خۆیان دیاری بکەن لە عێراقدا و سیستمێکی سیاسی نوێ پێک بێت, کە بە دڵی ئەوان بێت.

دیارە ئەم هەوڵانە بەگشتی و بەتایبەتی سوریا و ئێران هیچ کات جێگەی ڕەزامەندیی وڵاتانی خۆرئاوا و ئەمریکا نەبووە. بۆیە وڵاتانی دراوسێ ، ئەگەر لەلایەکەوە خۆیان زۆرجار لە پێکهاتنی سیستمی نوێ سیاسی و پلۆرالیزمەبوون, بۆ عێراق نیگەران بوون بۆ نموونە ئوردن و سعودیە لە ئێران و هاتنە سەرکاری شیعە

نیگەران بوون ، بەڵام تورکیا لە هاتنەسەرکاری باڵی ڕاستڕەوی نەتەوەیی حزبی بەعس و هاوکاریی سوریا نیگەران بوو ، بەڵام لە هەمان کاتدا هەرکام لەو وڵاتانی دراوسێ خۆشحاڵ بوون بە گۆڕینی ڕژێم ، بەڵام بە مەرجێک خۆیان دەستیان لەو کایە و ئاڵوگۆڕ و پێکهاتنی سیستمی سیاسییە نوێیەی عێراقدا هەبووایە. بۆیە ناهۆمۆجینی دابەشبوونی دانیشتوان و فاکتەرە سیاسییەکان ، خاڵێکی تر بووە لەوەی کە هەمیشە وا چاوی لێکراوە, کە سیستمی پلۆرالیزمەبوونی عێراق مەترسیی زیاترە لە بەرژەوەندییەکانی.

### د. سیستمی دووجەمسەریی جەنگی سارد

سیستمی دووجەمسەری لە جەنگی سارددا, یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە زۆرترین خاڵی نێگەتیڤی لەسەر جیهان بەگشتی و عێراق بەتایبەتی جێهێشتووە, بەو پێیەی ئەو دوو جەمسەرە مەبەستیان بوو, وڵاتان لەسەر بناغەی بلۆکبەندی ڕیزبکەن بیانکەنە پشتیوانی خۆیان لە دژی جەمسەرەکەی تر. نەک لەسەر حسابی پێکهاتە و سیستم و ئایدیۆلۆژیای وڵاتەکان. بۆیە جەنگی سارد وای لە عێراق کرد, کە نەک ئەو سیستمە تۆتالیتاریەی هەیە دژایەتی بکرێت و بەرەو پووکانەوە ببرێت ، بەڵکو بەهۆی پێگەی جوگرافی و جیۆپۆلیتیکییەوە لەلایەن هەردوو جەمسەرەکەوە یارمەتی دەکرا, تا لە لایەکەوە دژایەتی ئێرانی پێبکەن و لە لایەکی تریشەوە وەکو ساخکردنەوەی بازاڕی چەک چاویان لێدەکرد. ئەمە جگە لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و بەتایبەتی نەوت (بۆیە جەنگی سارد گەرمترین سەردەمی گەشەی سیستمە تۆتالیتاری و میلیتاریستەکانی جیهان بووە, بە پێچەوانەشەوە ترسناکترین

سەردەمی چەوساندنەوە و قەتڵوعامی گەلانی ژێر دەست وگەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی ژێر سایەی سیستمە دیکتاتۆریەکان بووە. بێگومان عێراق و گەلەکەی سەددەسەد لەناو ئەو هاوکێشە سیاسیەدا جێدەگرن. بۆیە سەردەمی جەنگی سارد فاکتەرێکی ترە, کە ڕێگری کردووە لەوەی بیر لە پلۆرالیزمەکردنی سیستمی سیاسیی عێراق بکرێتەوە.

**٥ . جەنگی عێراق . ئێران**

لەوکاتەوەی لە ساڵی (1963)کودەتا خوێناویەکەی ناسیۆنالیستەکانی بەعس ڕوویدا, دەسەڵاتیان گرتەدەست. خۆرئاوا ڕاستەوخۆ کەوتە پشتیوانیان ، جەنگی عێراق ـ ئێران ناڕاستەوخۆ دەستی خۆرئاوای تێدا بووە, تا پشتگیری عێراق بکرێت لە ڕێگری تەشەنەسەندن و گەشەکردنی سیستمی ئیسلامی سیاسی. فەندمینتالیزم و (ئوسوڵیەت)ی ئێرانی شیعە کە جێگەی دەسەڵاتی سیاسیەکەی (شا)ی دۆستی ئەمریکا و خۆرئاوای لێژکردبوو, دروشمی مەترسیانەی توندڕەوانەی وەک (لا شرقی لا غربی, جمهوری ئیسلامی)دەخوێند و پەلاماری بردە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا. بۆیە بیر لەوە کرایەوە عێراق تقویە بکرێت و بکرێتە (لەمپەرێک)لەبەردەم هەڕەشە و مەترسییەکانی ئیسلامی ئێراندا. بۆیە هێشتا ئێرانی ئیسلامی ، پێگەی خۆی قاییم نەکردبوو, کە عێراق بە شەڕێکی نەخوازراوی خۆرئاوایی ئێخەی گرت. بەو مەبەستەی ئەو سیستمە سیاسیە ئیسلامیە لەناوبەرێت,داواکاری ئەمریکا و خۆرئاوا جێبەجێ بکات. دیارە عێراق بەڵێنی هەموو جۆرە هاوکارییەکی ئابووری و سەربازی و لۆجیستیکی پێدرابوو بۆ

ئەو شەڕە. سەرەڕای دنەدانی لەلایەن وڵاتانی جیهانی ئیسلامی و عەرەبیەوە و ساویلکانە سەیرکردنی عێراق و سەدام حسێن, بەوەی کە فریادڕەسی نەتەوەی عەرەب و جیهانی ئیسلامە و پێشەوایەتی ئەو شۆڕشە دەکات دژی ئێران, یارمەتیە زۆر و زەوەندەکانی سعودیە و کوێت و وڵاتانی کەنداوی فارس و عەرەبی، عێراقی خستە شەڕێکی (8)ساڵەی بێئاکامەوە. کە ئەوەندەی تر بارودۆخی سیاسی عێراقی دژوارتر کرد, بە بیانووی شەڕ و حاڵەتی نائاسایی و مەترسی ئێرانی ئیسلامی و گەلانی عێراق بوونە یەکەم قوربانیی جەنگی عێراق ـ ئێران، خۆرئاوا و بەمەش خەونی پلۆرالیزمەبوونی عێراق ئەوەندەی تر بووە سەراب, وڵات ڕۆژبەڕۆژ توشی شکست و مەترسی گەورە دەبووەوە. تا ناچار پاش (8)ساڵ شەڕێکیماڵوێرانکەر, عێراق بەشکستخواردوویی هاتەدەر و ملکەچی گشت داواکارییەکانی ئێران بوو.

## جەنگی کەنداو و عێراقێکی بێهێز

بە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد ئیتر مانەوەی ڕژێمی عێراق بەو شێوەیە جێگەی مەترسی بووە, بۆیە لە سیناریۆیەکدا وڵاتی کوێتیشی داگیرکرد,دواجاریش بۆ تێکشکاندنی یەکجارەکی توانا سەربازی و ئابوورییەکانی و تێکشکاندنی هەستی ناسیۆنالیستی عەرەبی و ئیسلامی, لە هاوپەیمانیەتیی نێودەوڵەتیدا و لەسەر دەستی ئەمریکا ، عێراق ڕووبەڕووی گەورەترین شکستی مێژوویی بووەوە و گشت توانا سەربازییەکانی کرانە سفر و هەستە ناسیۆنالیستیەکەشی بۆ ژێر سفر دابەزێنرا, تەنانەت وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیش لە دژی ئەو هاوپەیمانیەتەدا جێیان گرت.

بەم شێوەیە عێراق لەو ئیمپراتۆریەتە ترسناکەوە لە ناوچەکەدا, بووە دەسەڵاتێکی زەلیل و گشت مەرجەکانی هاوپەیماننانی جێبەجێکرد و لە کوێت پاشەکشەی کرد, دواتریش لە ڕێگای تیمەکانی ئەنسکۆم و دواتریش ئەنمۆڤیک زۆربەی توانا ئەتۆمیەکانی لەناوبران و لە پەلوپۆ خران. ئەوە کە بۆچی پاش جەنگی کەنداو ڕژێمی عێراق نەڕووخێندرا ؟

ئەمریکا و وڵاتانی خۆرئاوا هەستیان بە تارمایی مەترسی شیعەگەرایی و دەرەکی کورد دەکرد لە عێراقدا، بۆیە لەم کارە پەشیمان بوونەوە پێیانوابوو, سەدامێکی بێهێز باشترە لە سیستمێکی سیاسی شیعە یان کورد, کە وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی ئێران پشتیوانی لەو سیستمە شیعەیە بکات.

بەڵام دواجار تێگەیشتن کە چەند کارێکی هەڵەیان کردووە, لە دواخستنی ڕووخانی سەدام حسێن و ئێستاش دەبێت خەریکی جێبەجێکردنی ئەو پرۆسەیە بن. کە پێناچێت شیمانەکانی بەردەمی ڕوون و ئاشکرا بن.

ئەگەرچی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان چەند ڕێوشوێنێکی تایبەتیان گرتەبەر, لەبارەی دانانی ناوچەی دژە فڕینی باکوور و باشوور، بەڵام لە (31ی ئابی 1996)ئەمریکا هیچ کاردانەوەیەکی نیشان نەدا سەبارەت بەو پێشێلکارییانەی عێراق. دەکرێت بڵێین (31ی ئاب)هەڵکردنی چرای سەوزی واشنتۆن بوو بۆ ڕژێمی عێراق تا تێبگات ئێستاش هەر هەیە, گەر واشنتۆن دەست لە دژایەتی هەڵگرێت و بۆ جارێکی تر پشتیوانی لێبکات یان بە واتایەکی تر خۆگێلکردنی واشنتۆن بوو, لە خۆپڕکردنەوەی عێراق و توانا سەربازییەکانی.

بەکورتی جەنگی دووەمی کەنداو سیناریۆیەک بوو بۆ بێهێزکردنی عێراق و مانەوەی بەو شێوەیە, تا نەخشە سەربازیەکانی ئەمریکای لە ناوچەکەدا خوێندەوە, ئایندەگەرایەکانی لەسەر بنیادبنرێت و هەرچی کات مایەی هەڕەشە بوو بەئاسانی بفەوتێنرێت.

بۆیە ئەم سیناریۆیە درێژ کرایەوە تا ئێستا کە بە واقیعی زانرا, عێراق مایەی هەڕەشەیە بۆ سەر گشت جیهان و بەتایبەتی بەرژەوەندیەکانی واشنتۆن لە ناوچەکەدا. ئەگەرچی هێشتا بەشێکی زۆر لەو سیناریۆیە لەژێر لێکۆڵینەوەدایە. سەبارەت بە ئەگەرە مەترسیدارەکانی داهاتوو.

## *ئۆپۆزسیۆنی عێراق و دەسەڵاتی کوردی

بەدوای ئەو ڕەوشە سیاسییەی کە عێراقی تێکەوت, ئۆپۆزسیۆن کاردانەوەی خێرای نواند و زۆربەی عێراق کەوتە دەست ئۆپۆزسیۆن. ئەگەرچی ئۆپۆزسیۆنی باشوور بەتایبەتی (شیعە) نەیتوانی ئیدارەیەکی وەکو کوردستان بۆخۆی دروست بکات.

بەڵام لە باکوور (کوردستان)ئۆپۆزسیۆنی کوردی, کە بەهێزترین باڵی ئۆپۆزسیۆنی عێراقییە, بە گشت پارتە سیاسییەکانەوە, توانی حکومەتێکی ناوچەیی دروستبکات و بەم شێوەیە بەشێکی زۆری لەژێر دەسەڵاتی بەعس دەربهێندرێت, ببێتە ناوچەیەکی ئارام و سەربەخۆ, دواتریش دوورگەیەک لە ئارامی و دیموکراسی و پڕدەستکەوت دروست بکات, هەر بەو پێودانگەشە ئێستا واشنتۆن مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی کوردی بەواقیعی دەکات, لە ئەجێندەی پێشەوەی کارەکانیدایە. ئەگەرچی جگە لە کورد کە دۆستایەتی ناوچەیی ستراتیژیانەی نییە، بەڵکو دەرئەنجامی

هەڵكەوتەی پێگە جوگرافی و جیۆپۆلێتیكەكەی كوردستانە.. هەموو ئۆپۆزسیۆنەكانی تر وابەستەن بە یەكێك لەوڵاتانی ناوچەكە و بەشێكیش لە ئۆپۆزسیۆن وابەستەییان مایەی نیگەرانی واشنتۆنە, ئەگەرچی زۆرجار بەناچاریش هەوڵی ئەوەی داوە, بیانخاتە ناو ئەجێندەی كارەكانی خۆیەوە دیالۆگیان لەگەڵدا بكات ، بەڵام هەمیشە بەگومانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەكات، چونكە جگە لەوەی خاوەن قەراری سیاسی نین ، لە هەمان كاتدا مەترسی بەردەم بەرقەراربوونی پڕۆژەكانی ئەمریكاشن. بەهەرحاڵ ئێستا پێكهاتەی ئۆپۆزسیۆن ئەگەرچی پێكهاتەیەكی پتەو و تۆكمەیە, بەڵام لەژێر كاریگەری دەرەكیدایە و كە لەدواییدا باسی دەكەین چۆن چۆنی..!

ئەگەرچی ئۆپۆزسیۆنێكی بەهێز و خاوەن ئیرادە و توانای سەربازی و جەماوەری, پێویستییەكی حەتمی ئەم قۆناغەی عێراقە، وەكو نوێنەرایەتی گەلانی عێراق و دەور و نەخشی لە ئاڵوگۆڕەكانی داهاتووی عێراقدا و پێكهاتنی سیستمێكی هاوبەشی یەككگرتووە,بەڵام تا ئێستا پێناچێت خاوەنی پرۆژەیەكی یەككگرتوو و هاوبەش بێت بۆ عێراقێكی داهاتووە, ئەمەش خاڵێكی مەترسیدارە چ بۆ تاوتوێكردنی كێشەكان لەلایەن واشنتۆنەوە چ بۆ عێراقێكی داهاتووی پڕ گرەنتی, كە قەیرانەكان دووبارە نابنەوە.

## *ئاڵوگۆڕەكانی عێراق و دوالیزمێكی سیاسی

پاش ڕووداو و ئاڵوگۆڕ و ڕووداوەكانی (11)ی سێپتەمبەری ئەمریكا لە ساڵی پاردا، جیهان بەگشتی چووە قۆناغێكی نوێوە و یەكەمین قۆناغی ئەم جەنگە نوێیە, لەژێر ناوی (جەنگ دژی تیرۆریزم) ئەفغانستانی گرتەوە و بە شێوەیەك شكستی بە

تیرۆریزم و بزووتنەوە ئیسلامیە سیاسییەکان هێنا, لە ناوچەی نیمچە کیشوەری هندستان کە چاوەڕواننەکراو بوو. دوابەدوای ئـەوەش ئەم جەنگە تا ئێستا درێـژەی هەیە کە لایەنی دووەم پێدەچێت عێراق بێت.

گومان لەوەدا نییە لەدوای جەنگی دووەمی کەنداوەوە, عێراق کەوتۆتە بەر پەلامار و هەمیشەش جڵەوگیری کراوە و گەمارۆی ئابووری خراوەتە سەر ، بەڵام کێشە و ململانێیەکان عێراق و واشنتۆن بە شێوەیەکە, کە ناکرێت چاوپۆشی لێبکرێت بەتایبەتی, کە عێراق هیچ کام لە مەرجەکانی (UN)ی جێبەجێ نەکردووە, ڕێگا بە (ئەنمۆڤیک)نادات بگەڕێتەوە. لە هەمان کاتدا بەردەوامە لەسەر بەرهەم هێنانی چەکە کۆکوژەکان و لە هەمووشی گرنگتر یارمەتیدانی گروپە تیرۆریستیەکانە بەتایبەتی ئەلقاعیدە. بۆیە پاش ڕووداوەکانی (11)ی سێپتەمبەر هێرشەکانی واشنتۆن لە دژی عێراق پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە, کە پێدەچێت پەلامارێکی سەربازی گەورەی بە شوێندابێت و کۆتایی بە حوکمی چل ساڵەی بەعس بێنێت.

گومانی تێدا نییە گەلانی عێراق خۆشحاڵن بەو گۆڕانکارییە ، بەڵام ئاکامەکانیشی جێگەی مەترسیە و پێویستی بە خوێندنەوە هەیە، بۆیە دەکرێت بڵێین ؛ رووخانی رژێمی عێراق گەر بە دیوێکیدا پۆزەتیڤانەیە ، بەڵام بە دیوێکی تردا نێگەتیڤە و مەترسیدارە بۆ گەلانی عێراق، بەتایبەتی کە نازانن ستراتیژی واشنتۆن چییە لە عێراق و ناوچەکەدا و ئاکامەکانیش بەچی دەگات..؟!

ئایا سیستمی تۆتالیتاری لەکۆڵ گەلانی عێراق دەبێتەوە, لەگەڵ سیستمێکی مۆدێرنانەی پلورالیزم ئاوێزان دەبن و بە واقیعی پراکتیزەی دەکەن..؟

ئایا عێراق لەپاش (80)ساڵ حوکمی کەمینەی سوننە، دەبێتە عێراقی هەموو عێراقییەکان و سیستمی فیدڕاڵی دەبێتە ئەلتەرناتیڤی حوکمی تاکڕەوانەی بەعس..؟

ئایا سندوقەکانی دەنگدان و پرۆسەی هەڵبژاردن, دەچێتە بواری پراکتیزەوە و بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی و دیسان پەنا نابرێتە بەر شەڕ و توندوتیژی..؟

ئایا دیموکراسی دەبێتە ستراکچەری ئاڵوگۆڕەکان و هەموو لایەک ئیمانی پێ دەهێنن..؟

ئایا عێراق ئەو تێڕوانینە خراپەی لەسەر لادەچێت, که دۆسیەکەی ناشیرین و قێزەونی لە جیهاندا بەجێ هێشتووە و داهاتی عێراق بۆ گەلانی عێراق دەبێت..؟

ئایا جەنگی ناوخۆ وا لە گەلانی عێراق ناکات, پەشیمان ببن لەو ئاڵوگۆڕانە کە خۆیان بەشداری تێدا دەکەن ؟ یان بە واقیعی عێراق دەبێتە ئەو وڵاتەی, کە هەموو گەلانی عێراق چەند ساڵە خەوی پێوەدەبینن. ئەمانە و دەیان پرسیاری تر لەبەردەم عێراقیەکاندایە, کە نازانن ئاکامەکەی چۆن دەبێت. بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەم دوو لایەنە دوالیزمیە دەخەینە بەر باس, بەو هیوایەی لایەنی پۆزەتیڤی و ئاکامەکانی بە خواستی گەلانی عێراق بێت.

### 1. لایەنە پۆزەتیڤەکانی

بێگومان لە مێژووی سیاسی جیهاندا, چەندین ئەزموونمان لە بەردەستدایە کە پاش لەناوچوونی سیستمی دیکتاتۆری و میلیتاریستی وڵات، سیستمێکی پلۆرالیزم و دیموکراسی جێگەی گرتۆتەوە, گەلانی ئەو وڵاتە ڕزگاریان بووە لەدەست چەوساندنەوە و ناعەدالەتی و جینۆساید و ماڵوێرانی.

گەر دیقەت بدەین لەپاش تێکشکانی سیستمی (ئاپارتاید)لە باشووری ئەفریقا, بە ڕێبەرایەتیی (ماندێلا)نەک تەنها ڕەشپێستەکان لە چەوسانەوە ڕزگاریان بوو ، بەڵکو سپیپێستەکانیش قەناعەتیان بەو سیستمە نوێیە هێنا و پاش (4)ساڵیش ماندێلا وازی لەدەسەڵات هێنا. دەکرێت ئەم خوێندنەوەیە بۆ (چیللی)یش هەر ڕاست بێت.

بەڵام پێچەوانەی ئەمەش دەبینین ، ئەو کاتەی شۆڕشی (کوبا) سەرکەوت, کاسترۆ حوکی گرتە دەست ڕژێمی تۆتالیتاری (پاتێستا) ڕووخا. نەک گەلانی کوبا ڕزگاریان نەبوو ، بەڵکو دیکتاتۆرێک گۆڕا بە دیکتاتۆرێکی نوێتر و کاسترۆ لە شۆڕشگێڕێکی مارکسییەوە بووە, دیکتاتۆرێکی کۆنەپارێز و چەوسێنەر، تەنانەت لە قسەیەکی دەڵێت ؛ کەی بینیتان دار سپیدار هەڵووژەی گرت, ئەوکات باسی دیموکراسی بکەن..!!

بەم ڕوونکردنەوەیەوە دەکرێت بڵێن ؛ مێژووی سیاسی عێراقش لەبەردەم ئەم دوو ئەزموونەی سەرەوەدایە (ئەگەرچی شکڵی ئاڵوگۆڕەکان جیاوازە ، بەڵام ئەوەش واقیعە, کە سیستمێکی نوێ جێگەی بەعس و سەدام دەگرێتەوە لە داهاتوودا..!)

بۆیە دەکرێت بڵێین ؛ گەر پرۆسەی گۆڕین فۆڕمەڵەیەکی یاسایی و دیموکراسی وەربگرێت, سیستمی وڵات ببێتە فیدڕاڵی و گەلانی عێراق پێکەوە بژین و بەغداد پایتەختی هەمووان بێت ، داهاتی ئابووری و نەوت بۆ گەلانی عێراق بێت ، گوند و شار و شارۆچکەکان پێ ئاوەدان بکرێتەوە ، سندوقی دەنگدان کێشەکان بەلادابخات ، سیستمی دیموکراسی مۆدێرنانە بە بەر عێراقدا ببڕێت، کەمینە مافەکانی پارێزراوبێت و زۆرینە خۆی نەکاتە حاکمی موتڵەق و ڕەها و گوێ لە خواروو نەگرێت، ئازادی

مەدەنی و کلتوری ببێتە میتۆدی کارکردن، زمانە جیاوازەکان بەڕەسمی بناسرێن, بخوێندرێن و سروودی نیشتمانی خواستی ئامانجەکانی گەلانی عێراق بێت ، پەرلەمان هەڵبژێردراوی عێراقیەکان بێت و دەستور و سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە, بە شێوەیەک ڕەچاوی مافەکانی هەمووان بکرێت ، سەردەمی نوێ لەو دەستوورە ڕەچاوبکرێت ، ئازادیی ڕاگەیاندن بدرێت بە گشت لایەک ، عێراقیەکان لە ماف و ئەرکەکانیاندا یەکسان بن، دەزگا ئەمنی و سەرکوتکەرەکان لاببرێن دۆخی یاسایی وەرگرێت ، ماوەی سەربازی یاسایی و کاتی بێت و بە ئیجباری و ئامانجیشی پاراستنی سنووری عێراق بێت. موچە و یارمەتیی کارمەندانی دەوڵەت زیادبکرێت, خزمەتگوزاری جۆراوجۆرین پێشکەش بکرێت، زانکۆکان گرنگییان پێبدرێت و دەزگا سەربازییەکانی ئەتۆمی و کۆکوژ لەناوببرێن, هیچ کات بیر لەخۆ پڕچەککردن نەکرێتەوە و نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ناوچەکە و جیهان ، پەیوەندییە ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی دەستوری ڕێکبخرێت, بازرگانی و ئابووری لەسەر بنەمای خێر و قازانجی وڵات بێت، حوکمی پەرلەمان و سەرۆکی وڵات کاتی بێت بەپێی هەڵبژاردن بەڕێوەبچێت, هیچ چەوساندنەوەیەکی دینی و نەتەوەیی و ئەتنیکی و سیاسی لەسەر کەس نەبێت ، مافە مەدەنی و شەخصییەکان پارێزراو بێت ، دەوڵەت دەست نەخاتە کاروباری تایبەتی هاووڵاتییانەوە.

بەکورتی گەر سیستمی حوکم سیستمێکی دیموکراسی و فرەیی فیدڕاڵی بێت ، ئەوا بە دیوی پۆزەتیڤانەدا ئاڕاستە دەکات و گەلانی عێراق ئەو ئاڵوگۆڕانە لەقازانجیانە.

## 2. لایەنە نێگەتیڤەکانی

ڕێک بە پێچەوانەی ئەو چەمکە گشتیانەی لەسەرەوە باسمانکردن گەر وانەبوو ڕاستە.

واتەی هەرچی کام لەو چەمکانە بەدیوەکەی تریدا ڕێیکرد, ئەوا نێگەتیڤانە دەبێت و لە قازانجی گەلانی عێراق نابێت. سەرەڕای ئەم کێشە ناوخۆیی و دەرەکییانە, کە پێویستیان بە لێوردبوونەوە هەیە.

**-شیعە :**

شیعە یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکیەکانی گەلانی عێراق, چ بە دیوی نەتەوەیدا بێت وەکو (عەرەب)چ بەدیوە مەزهەبیەکەیدا بێت وەک (شیعە). بۆیە گەر ئەو ئاڵوگۆڕانە لەلایەن شیعەوە دیموکراسیانە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت - واتا ڕاستە زۆرینەیە -, بەڵام قبووڵی سیستمی سیاسی هەڵبژاردن و مافی ئەوانی دی بکات. نەک وابزانێت زۆرینەیە ، واتا سەپاندنی حوکمی تاکرەوانە. بەپێچەوانەوە پێویستە گشت گەلان و کەمینەکانی تری عێراق قبووڵی ئەوە بکەن, کە شیعە زۆرینەیە و زۆرتری لە کورسیی پەرلەمان و پێکهاتەی سیاسیی وڵاتی بەدەستەوە بێت, ئاسایی سەیر بکرێت و تەنها لە حاڵەتی لادان نەبێت لەو پێکهاتە دیموکراتیە. واتا هەم شیعە و هەم گەلانی عێراق مامەڵەیەکی مەنتیقی لەسەر زۆرینە و دەسەڵاتی شیعە و ئاییندەبینیی شیعە بکەن. واتا شیعە مافی زۆرینەی هەیە ، بەڵام کەمینەش مافێکی شیعەی دەبێت, گەر لەم حاڵەتەدا شیعە وا بۆ هاوکێشە سیاسییەکان نەچوو، دڵنیام ئەو ئاڵوگۆڕانە نێگەتیڤانە بێت.

خاڵێکیش کە زۆر گرنگە شیعە لەبەرچاوی بگرێت ، پشتبەستن بە ئیرادەی گەلانی عێراق و پشتیوانی ئەوان. نەک (ئێران)بکرێتە مەرجەع ، بۆیە پێویستە شیعە لە حاڵەتی قبووڵکردنی سیستمی دیموکراسی و پلۆرالیزمە بوونی عێراق لە ئێران دوورکەوێتەوە وەکو بلۆکی شیعە سەیری ئێران نەکات، بەڵکو مامەڵەی دراوسێ و دۆست بکات. نەک وەکو ستراتیژێکی مەزهەبی لەو پەیوەندیانەی بڕوانێت. گەر ئەم خاڵە وا خوێندنەوەی بۆ نەکرێت ، ئەوا هەرگیز نە واشنتۆن و نە گەلانی عێراق بە قبووڵکردنی زۆرینەی شیعە لە سیستمی سیاسی نوێدا قاییل نابن ، چونکە ئەوە بەشێکە لە دەستێوەردانی ناوچەیی. بەدڵنیایەوە هیچ دەستێوەردانێکی دەرەکی لە قازانجی نەک شیعە ، بەڵکو هیچ کام لە گەلانی عێراق و داهاتووی ئاڵوگۆڕەکانی سیستمی سیاسی نوێی عێراقدا نییە. بۆیە وا باشە شیعە ئەم خاڵە بەهەند بگرێت, تا ئەوەی کە هەیە (شیعە مایەی مەترسیە بڕەوێتەوە).

**-سوننە :**

ناهۆمۆجینی دابەشبوونی دانیشتوانی عێراق تەنها بە دیوە نەتەوەیی و ئەتنیکیەکەیدا نییە ، بەڵکو دیوە مەزهەبییەکەی بەتایبەتی نێوان شیعە و سوننە بۆ خۆی گەورەترین مەترسییە لەسەر گەلانی عێراق و سیستمە سیاسییەکەی.

هەر لەو کاتەوە عێراق لە ساڵی (1921)دروست بووە, سوننە حوکی تاکڕەوانە دەکات و هیچ کام لە گەلانی عێراق لە سەنتەردا نین, هەمیشە وەکو دوژمنی پلەیەک چاویان لێکراوە و خراونەتە پەراوێزەوە. ئەم کێشەیە لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعس چووەتە

گەورەترین قۆناغ و پڕمەترسیترین. جینۆساید و قەتڵوعام و تراژیدیای خوڵقاندووە, کە سڕینەوەی ئاسەوارەکانی کارێکی وا ئاسان نییە.

جگە لەوەی وەکو لۆژیک حوکمی کەمینە قابیلی قبووڵ نییە ، چونکە هەمیشە پەنا دەباتە بەر زەبروزەنگ و چەوساندنەوە, لە هەمان کاتدا سوننە نابێت وەکو خوڵقێنەری جینایەتەکانی ڕابردوو چاوی لێبکرێت و بە هەمان شێوەی کورد و شیعە بخرێتە پەراوێزەوە و تۆڵەی ڕابردووی لێبکرێتەوە.

بەڵکو سوننە دەبێت قبووڵی ئەوە بکات, کە دوای شیعە و کورد کەمینەیە و ماف و ئەرکی هەیە وەکو هەموو عێراقییەک.

ئەگەرنا سوننە وا بیر بکاتەوە کە مێژووی حوکمی سوننەی عێراق ڕابردووە، خاوەنی دەسەڵاتی یەکەم بێت ئەوا قابیلی قبوڵ نییە، بۆیشی ناچێتە سەر ، بەڵکو دەبێت دان بە واقیعی تازەدا بنێت, ئەنجامەکانیشی قبووڵ بکات و خۆشی لە ململانێی ناوچەیی دووربخاتەوە.

**-کورد** :

کورد هەرگیز لە عێراقدا مشکیلە نەبووە ، بەڵام هەمیشە بە مەترسیی گەورە زانراوە, لەلایەن حوکمی کەمینەوە وا تەماشاکراوە, کە داوای جیابوونەوە دەکات. ڕەنگە ئەمە حەقی ڕەوای خۆشی بێت، بۆیە هەمیشە خراوەتە پەراوێزەوە و بە دوژمنی پلەیەک ژمێردراوە و لە سەنتەر دوور خراوەتەوە ، چونکە داوای مافەکانی خۆی کردووە, ناچارکراوە پەنا بۆ خەباتی چەکداری ببات. ئەمەش بە شەرو جەنگ و کێشە لێکدراوەتەوە

و کورد بووەتە  دوژمـن. بۆیە کـورد لە ئێستادا پێویستە ئەو ئاڵوگۆڕانە قبووڵ بکات و دۆستایەتی خۆیشی لەگەڵ شیعە و تورکمان و ئاشوری بەجیددی بگرێت ئەگەرچی هەمیشە دانی بەم حەقەدا ناوە.

پێشموایە ، کورد قبولّی ئەوە دەکات کە شیعە زۆرینەیە ، بەڵام لە سیستمێکی سیاسیی دیموکراسیدا و کوردیش دووەم زۆرینەی عێراقە, وەکو شیعە ماف و ئەرکی هەیە. لە کاتێکدا نە شیعە و نە سوننە و تورکمان و ئاشوری بەقەدەر کورد تووشی زەرەر و زیان و قەتڵوعام و جینۆساید نەبووەتەوە, نەکەوتوونەتە بەر هەڕەشە.

کورد لە ئێستادا خاوەنی حوکمێکی ناوچەیی و دوورگەیی ئازاد و دیموکراتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە, یانزەساڵیشە ئەم ئەرکە بەڕێوەدەبات, زۆربـەی دونیاش پشتگیری لە مافەکانی دەکەن. بۆیە کورد دەیەوێت ئەم سیستمە سیاسیەی کوردستان وەکو بەشێک لە عێراقی داهاتووی بگوێزرێتەوە پایتەخت و تا گشت لایەک مافەکانیان پارێزراوبێت.

کورد قبووڵیەتی هەڵبژاردن و دەنگدان بکرێتە میتۆدی کارکردن ، قبووڵیەتی ماف و ئەرک دابەشبکرێن و دەستێوەردانی دەرەکی نەبێت, عێراق هی عێراقییەکان بێت و بەغداد پایتەختی هەموان بێت. سیستمی فیدڕاڵی بکرێتە پێکهاتەی داهاتووی عێراق.

کورد تاکە گەلێکی عێراقە, کە لایەنە ناوچەییەکان پشتگیری لێناکەن، بگرە دوژمنایەتیشی دەکەن و بە مەترسیی جوداخوازی لە قەڵەم دەدەن بۆ داهاتووی عێراق.

کورد دۆستایەتی ئەو وڵاتانەی قبووڵە وەکو دراوسێ و ئەرکی هاوسێیەتی نەک وەکو دەستێوەردان. گەر سیستمێکی سیاسی پلۆرالیزم لە عێراق پێک بێت. کورد نەک گەورترین مەترسی نییە لەسەر عێراق ، بەڵکو یەکەم و باشترین پێکهاتەی ئەو حکومەتە نوێیە دەبێت. گەر مافەکانی پارێزراو بێت ، ئەگەرنا دوور نییە پەنا بۆ هاوکێشەی تر بەرێت.

**-تورکمان و ئاشوری :**

دوو کەمینەی عێراقن بەرێژەی (1%)، بەڵام ماف و ئەرکەکانیان وەکو عێراقی قابیلی قسە لەسەرکردن نییە. بەڵام وەکو تورکمانەکان داوای فیدراڵی بۆ تورکمان و ئاشووریەکان بۆ خۆیان دەکەن.

یان ناکرێت تورکمانەکان باس لە کەرکوک و موسڵ دەکەن, ئەمانە یۆتۆپیایە لە عێراقدا و داوای چەند ئیمتیازێکی زۆر گەورە دەکەن.

تورکمان گەر دەیانەوێت لە عێراقدا بژین پێویستە حوکمی داهاتووی عێراق, وەکو سیستمێکی دیموکراسی قبوڵ بکەن و داوای مافەکانیان بکەن, وەکو عێراقی نەک لەژێر کاریگەری دەرەکی پێداگری لەسەر کۆمەڵێک مەسەلە بکەن کە قابیلی قبوڵ نییە. گەر هاتوو قبوڵی ئەو کایە نوێیەیان نەکرد. بێگومان دەکرێنە دەرەوەی ئەو سیستمە. واتا تورکمان عێراقین و مافیان هەیە، بە هەمان شێوە ئاشوریەکانیش.

**-وڵاتانی ناوچەیی :**

لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و لەوڵاتانی جیهانی سێدا وڵاتانی دراوسێی, کەم و زۆر بەشداری لە کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتانی خاوەنی کێشەدا دەکەن.

بۆ نموونە لە کێشەی سودان وڵاتانی میسر ، لیبیا ، ئۆگەندا و کینیا بەپێی بەرژەوەندییەکانیان لەو کێشەیە بەشدارن.

لە ئەفغانستان ، پاکستان، ئێران ، ولە چیچان و.. هتد)بە هەمان شێوە بۆیە لە عێراقیشدا وڵاتانی دراوسێ (تورکیا، سوریا ، ئێران، سعودیە و کویێت و ئوردون) بە درێژایی مێژوو کەم و زۆر نێگەتیڤانە و پۆزەتیڤانە ڕۆڵیان هەبووە لە کێشەکای عێراقدا بەتایبەتی پشتیوانییەکانیان, بۆ ئۆپۆزسیۆن بەرژەوەندیخوازانە بووە.

بۆیە لە ئێستادا پێموایە خاڵێک کە زۆر مەترسیدارە ڕەنگە ئاقاری ئاڵوگۆڕەکان بە دیوێکی نێگەتیڤدا بەرێت دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ لە عێراقدا ڕەنگە هەرکام لەو وڵاتانە بە بیانووی پشتگیری لە لایەنێ, وەکو ئێران لە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی  و تورکیا لە بەرەی تورکمانی سەیری مەسەلەکان بکەن, ئەگەرچی ئەمە بۆخۆی مەترسیدارە.

بەڵام خاڵی سەرەکیی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیانە, کە ڕەنگە سیستمی پلورالیزمەبوونی عێراق داهاتوویان بەدڵ نەبێت, پەنا بۆ پەشێویی و نائارامی بەرن. بۆیە یەکەم ئەرک کە دەکەوێتە سەر واشنتۆن نەهێشتنی وڵاتانی ناوچەکەیە لە دەستێوەردانی عێراق.

ڕەنگە هەر ئەوەش بێت زۆرجار پلانەکانی واشنتۆنی دواخستبێت و مەترسی بۆ دروست کردبێت. ئەمانە هەمووی

مەترسی دیوی نێگەتیڤی ئاڵوگۆڕەکانە, گەر ژیرانە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت ڕەهەنگە ئەو ئاڵوگۆڕانە بە قازانجی خودی گەلانی عێراق نەبێت. بۆیە باشترین فۆرمەڵە بۆ عێراقی داهاتوو باوەڕهێنانە بە سیستمی دیموکراسی و پلورالیزم و فیدڕاڵی و مافی وەک یەک و ئاشتی و ئارامی.

**ئەنجام**

پێویستە واشنتۆن بەرنامەیەکی ڕوونی بۆ عێراق و ئاڵوگۆڕەکانی هەبێت، نەک وەکو ئەفغانستان کاردایەک زیندوو بکرێتەوە, کە لە دۆسیەی عێراقدا ئەجێندەیەکی نییە بە هەمان شێوە واشنتۆن پێداگری لەسەر سیستمی فیدڕاڵی و دیموکراسی و ئازادی و مافە مەدەنیەکان بکاتەوە, پشتیوانی لە گەلانی عێراق بکات بۆ بەدیهێنانی سیستمێکی نوێ.

ئەوی تریش دەکەوێتە سەر عێراقیەکان, کە پێشتر باسمانکرد چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕەوشە نوێیەدا بکەن.

دەکرێت ئەمە بە گەورەترین چانسی عێراقیەکان بژمێردرێت, لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا گەر لۆژیکیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن ، چونکە سەرەڕای چەندین فاکتەری ناوخۆیی و چەندان فاکتەری دەرەکی و نێودەوڵەتی لەپشت ئەم ئاڵوگۆڕەوەن.

داهاتووی ئاڵوگۆڕەکان دەتوانێت وەڵامی عێراقێکی ئارام بداتەوە. بەم شێوەیەی کە باسمانکرد.

## (4)

## ئەو سێ میحوەرەی واشنتۆن پێویستی پێیەتی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق

ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی عێراق بەرەو نزیکبوونەوە دەچن, پێدەچێت زۆربەی نەخشە و پلانە سیاسی و سەربازییەکان بەتەواوی تاووتوێی کرابن لەلایەن واشنتۆنەوە. ئەمە جگە لە لایەنی دیبلۆماسی, کە فاکتەرێکی کاریگەرە لەو ئاڵوگۆڕانە. ڕەنگە زۆر لەوڵاتان, بەڕەسمی ڕاینەگەیەنن کە لایەنگری ڕووخانی ڕژێمی عێراقن, بەڵام هەرگیز بەبێ هیچ فۆرمەڵە و پرۆتۆکۆڵێک واشنتۆن ئامادە نییە قسە لەسەر هەماهەنگیی ئەو وڵاتانە بکات. واشنتۆن بۆ لێدانی عێراق.. واباشە, ئەگەر نائەو پرۆسەیە هەر ئەنجامدەدات.

پێویستی بە سێ میحوەر و هاوپەیمانی هەیە ئەوانیش بەم شێوەیە :

**1)میحوەری یەکەم :**

**(میحوەری یاسایی) کەخۆی لە چین و ڕووسیاو فەڕەنسادا دەبینێتەوە :**

بۆیە ناومان ناوە (میحوەری یاسایی), چونکە واشنتۆن باش دەزانێت, کە هیچ کام لە چین و ڕووسیا بەشداری سەربازی ناکەن, لەو جەنگەدا-شیمانەی ئەوە هەیە فەڕەنسا بەشداری بکات, بەپێی ئەوەی فەڕەنسا جگە لەوەی ئەندامی ئەنجومەنی ئاساییشە, ئەندامی پەیمانی ناتۆ و پەرلەمانی ئەورووپایە-لە میحوەری دووەمدا باسی دەکەین.

بەڵام واشنتۆن لانی کەم لە ڕوویەکەوە پێویستی, بە بەدەستهێنانی دەنگی یاسایی, یان بێ دەنگی ئەوان و دژایەتی ڤیتۆی ئەوان هەیە, وەکو لایەنە یاساییەکەی ئەنجومەنی ئاساییش, جگە لە لایەنە سیاسی و خاوەن نفوزەکانی ئەو دوو وڵاتە.

بەتایبەتی کە هەردوولایان دۆستی دێرینی عێراقن و چەند بەرژەوەندی تایبەتیش پێکەوە دەیان بەستێتەوە, سەرەڕای بوونی چەندین ملیار قەرزی هەردووکیان, لەسەر عێراق و سوودی بەشی شێری بڕیاری (986) لە قازانجی ئەواندا و دۆستایەتیە مێژووییەکانیان, ئەمە لایەنە پۆزەتیڤەکەی عێراق.

بەڵام بە دیویێکی تردا, دژایەتی عێراق و لایەنگری واشنتۆن لایەکی تری کارتە فشارەکانی ئەو دوو وڵاتەیە بە ڕووی پۆزەتیڤدا, لەسەر حسابی عێراق. سوودی لێوەردەگرن, بە واتایەکی تر ڕەنگە تا ئێستا نەگەیشتبێتە بڕیارێکی گونجاو.

بەڵام پێموایە, ئاوا خوێندنەوەیان بۆ ڕووداوەکان کردووە :
لەنێوان دۆستایەتی عێراق ودژایەتی ئەمەریکا و پاڵپشتی واشنتۆن-بێدەنگبوون لە عێراق-جا بە هەر شێوەیەک بێت !؟

-ئایا کامیان باشترە و پڕ سوود و قازانجترە..؟!

-حەزدەکەم پێشتر ئەوە بڵێم, دۆستایەتی چین و ڕووسیا تەنانەت فەڕەنساش لەگەڵا عێراق نە مەسەلەیەکی ئینسانییە, نە ئایینییە, نە نەتەوەییە, نە نەهاوپەیمانییە, نە سنوورییە و نە ئایدۆلۆژی و نە بلۆکبەندییە, بەڵکو تەنیا و تەنیا بەرژەوەندیی ئابوورییە و بەس..{ بۆیە ئەم جۆرە دۆستایەتی و هاریکاریانە, کاتی و کورتن, (لە سیاسەتیشدا دۆستایەتی و دوژمنایەتی تاسەر نییە, بەڵکو بەرژەوەندی تا سەر هەیە).

بۆیە پێموایە دۆستایەتیی داهاتووش لە سیاسەتدا, گرنگترە لە بەرژەوەندی ڕابردوو.

بەم شێوەبە بۆ هەرکام لەو سێ وڵاتە, دۆستایەتی واشنتۆن لە دژایەتی و بێدەنگبوون لە هاوکاریی عێراق باشترە بۆیان لەم قەیرانەدا ئـەوەش بە حوکمی ئـەوەی, دۆستایەتی ئەوان لەگەل عێراق بەستراوە بە ڕژێمی (سەدام حسێن)ەوە, کە تیایدا چانسی مانەوەی نەماوە و بەرەو کۆتایی دەڕوات, ئەمە جگە لەوەی واشنتۆن پشکی شێری هەیە لە ئەنجوومەنی ئاساییش و سەرکردایەتی جیهانی نوێی, پاش جەنگی سارد دەکات و لە زۆربەی جیهاندا بە ڕێبەری جیهان ناسراوە, دەتوانێت کەم و زۆر کاریگەری لەسەر هەرکام لەم دوو وڵاتە هەبێت ئەمە

سەرەڕای ئەوەی چەندین کێشەی ئەو دوو وڵاتەی هەمیشە وەکو کارتی گوشار بەکارهێناوە, لە دژی چین و ڕووسیا.

بۆیە پێدەچێت لەم کێشەیەدا, ئەم کارتانە لەلایەن واشنتۆنەوە بهێنرێتە پێشەوە و مساوەمەیان لەسەربکرێت بە قازانجی واشنتۆن, ئەوانیش ؛

*سەبارە بە ڕووسیا ! کێشەی چیچان وکۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست و نەوتی قەزوین و فراوانبوونی پەیمانی ناتۆ, بەرەو وڵاتانی تازەسەربەخۆ لە ڕووسیا و قەرزەکان و پاڵپشتی دارایی ... هتد. وەکو کاتی فشار بەکاردەهێنرێت.

*سەبارەت بە چینیش ؛ کێشەی تایوان و بوونی هێزەکانی واشنتۆن لە کەنارەکانی تایوان و مەسەلەی سەربەخۆیی (تبت) و مافی مرۆڤ و کورەی ئەتۆمی ... هتد.

لەوکارتانەن کە هەمیشە واشنتۆن, مامەڵەی پێ کردوون زۆر کێشەی پێ چارەسەرکردون. بۆیە ئەم دووکارتە لە هەموو پێویستبوونی واشنتۆن و چین و ڕووسیا دێنەپێشەوە وکاریان پێدەکرێت .

بۆیە پێدەچێت چین و ڕووسیا, گەر بێدەنگییش, هەڵبژێرن لەقازانجیانە تا پاڵپشتی عێراق و بەم شێوەش واشنتۆن یەکێک لە میحوەرە گرنگەکانی ئەو شەڕەی بەدەستهێناوە. کە پێویستی هەیە و سەرکەوتووشی دەکات بەتایبەتی وەکو لایەنی یاسایی بڕیاری نێودەوڵەتی و پشتیوانی دوو زلهێزی جیهان و دوو دۆستی عێراق.

## 2)میحوەری دووەم:
## (میحوەری گەلەکۆمەکی)

ئەم میحوەرەش زۆر گرنگە, پێکدێت لە گشت وڵاتان و ئەندامانی ئەورووپا و پەیمانی ناتۆ, وڵاتانی ئوستوڕاڵیا و کەنەدا و یابان و ئەندۆنیزیا و فلپین و وڵاتانی کەندا و (زۆر گرنگە), وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل و وڵاتانی باشووری ئاسیا و وڵاتانی نیمچە کیشوەری هندستان (هندستان, پاکستان, سریلانکا, بەنگلادیش ) وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و کافکاس, تەنانەت تورکیاش, ئەم میحوەرە ئەگەرچی زۆر گرنگە, بەڵام پێ دەچێت دابەش بێت بەسەر دوو بلۆکدا).

### *بلۆکی یەکەم (بلۆکی هێزاە :

ئەم بلۆکە پێکدێت لەو وڵاتانەی کە لە هێزی سەربازی و هاوکاری جەنگی و لۆجستیکی بەشداری جەنگەکە دەکەن, دژی عێراق-پێکدێت لە(وڵاتانی پەرلەمانی ئەورووپا و بەتایبەت بەریتانیا - وڵاتانی کەندا - ئوستوڕاڵیا - تورکیا - مەکسیک) ئیسرائیل زیاتر لایەنی هەواڵگری و لۆجستیکی , تا هەستی نەتەوەیی عەرەب نەجووڵێت, کێشەکە ئاراستەیەکی تر وەرنەگرێت. وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و فیلپینیش هەندێک لە وڵاتانی کەنداو... هتد).

واتا ئەم وڵاتانە بەهەر فۆڕمێک بێت بەشداری ئەم شەڕەدەکەن و دەچنە پاڵ هێزەکانی واشنتۆن جا بە بەشداری هێزی پیادە, دەریایی, ئاسمانی, هەواڵگری لۆجستیکی ... هتد بێت.

ئەگەرچی واشنتۆن پێناچێت پێویستی بە پاڵپشتی هێزی دەرەکی هەبێت, بۆ وەشاندنی گورزی سەربازی و ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق, بەڵام, یەکەم : دەیەوێت گەلەکۆمەکی پێک بهێنێت لە دژی عێراق و ورەی هێزەکانی عێراق و دۆستەکانی بڕووخێنێت, لە

لایەکی تریشەوە مەعنەویاتی هێزەکانی ئەمەریکاش بەرزبکاتەوە-بیخاتە قاڵبی جەنگێکی نێودەوڵەتی و دروستکردنی هاوپەیمانیەوە.. تا پڕۆسەکە بەتەواوی سەرکەوتوو بێت, بەتایبەتی کە واشنتۆن لەدوای جەنگی سارددا هەمیشە پرەنسیپی (هاوپەیمانی) لە کێشەکاندا بەکاردەهێنێت. ئەنجا هێز. واتا ئەمە لایەنێکی میحوەری دووەم, کە دەکرێت بڵێین واشنتۆن (60%)ی بەدیهێناوە, پێناچێت لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەو بەشداربوونەوە کێرڤی هەڵکشاوی ڕابوەستێت.

ئەگەرچی کێرڤی هەڵکشاوی ئەم بەشداربوونە لە هەردوو حاڵەت (هێز و هاوکار)دا بەستراوە. بە ڕوونکردنەوەی زیاتری نیەت و ئامانج و ستراتیژ و بەرنامەی واشنتۆن, لە ڕووخانی ڕژێمی عێراق و داهاتووی ئەو ئاڵوگۆڕانە, چونکە هێشتا, زۆر لەو وڵاتانەش, کە بەشداری بلۆکی هێزن. ڕەنگە (ستراتیژی) ئەم شەڕە باش نەزانن, بۆیە چەندە واشنتۆن بەرنامەکانی ڕوونتر بێت لەم جەنگەدا. بلۆکبەندیەکەی بەهێزتر و فراونتر دەبێت.

بەپێچەوانەوەشەوە, هەر ڕاستە, واتا چەندە ستراتیژ و کارکردنی لێڵا و تەمومژاوی بێت. ئەو بلۆکبەندییە بێ هێز و بچووکتر دەبێتەوە.

کەواتە پێویستە لەسەر واشنتۆن لەئ یستادا, لانیکەم بۆ هاوکار و هاوپەیمانەکانی, نەخشە و پلانەکانی ڕوونتر بکاتەوە و ستراتیژی خۆی لەو جەنگە و لەو ئاڵوگۆڕانە و لە داهاتووی عێراق بخاتە بەرچاو. تا پرۆسەکە (100%)سەرکەوتوو بێت ئەمە خاڵێکە, کەم و زۆر پەیوەستە بەم جەنگەوە و وڵاتانی بلۆکبەند چاوەڕێی دەکەن. بەتایبەتی بلۆکی هێز لە میحوەری (گەلەکۆمەکێ) کە ڕاستەوخۆدەبێت بەشداری ئەو شەڕە بکەن.

کە ڕەنگە قوربانیی سەربازی بدەن و لەسەر ئاستی ناوخۆ کاردانەوەی هەبێت.

***بلۆکی دووەم (بلۆکی هاوکار)ە :**

ئەم بلۆکەش بە هەمان شێوە, کە ڕەنگە لەسەر ئاستی دیبلۆماسی شوێن بگرێت, پێویستییەکی حەتمیە و بۆ جەنگێکی نێودەوڵەتی دژی وڵاتێکی (نەتەوەیی-عەرەب) (ئیسلامی-جیهانی ئیسلام) (خاوەن بەرژەوەندی لەگەڵ زۆر وڵاتانی تردا).

کە هەرکام لەم سێ چەمکە, ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ کاریگەرییان دەبێت لەسەر جەنگ دژی عێراقی (عەرەبی, ئیسلامی, بەرژەوەندیخواز..).

بۆیە ئەم بلۆکە دەکرێت بەشێک لەو وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵاتی وەک (چیک, سلۆڤینیا) وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا, بەشێک لەوڵاتانی ئەفریقای عەرەب و موسڵمان و بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی وەک (میسر) و وڵاتانی ئەمەریکای لاتین, بەشێکی کەنداو و مالیزیا و سنگاپوورە..پێکبهێنێت.

کە ڕەنگە بە شێوەیەک لە شێوەکان, ببنە هاوکار.. واتا لایەنی دبلۆماسی, یان ماددی, یان وەکوپشتگیری لە هێرشی جەنگ دژی دیکتاتۆریەت و وڵاتێکی مەترسیدار بۆ سەر ئاسایشی جیهان و ناوچەکە. واتا هەرکام لەو وڵاتانە, گەر بێدەنگیش هەڵبژێرن بەدەستهێنانی پاڵپشتییە, بۆ واشنتۆن و دەبێتە دۆست.

پێم وانییە ئەو وڵاتانەی کە دوژمنی ئەم پرۆسە سەربازییەن, لە پەنجەکانی دەست تێپەڕن ئەوەش بە حوکمی ناڕوونیی ستراتیژی ئەمەریکا لەم پرۆسەیەدا و دووەم بەهۆی کێشە و ململانێی ئاینی و توندڕەوی سنووری لەگەڵ واشنتۆن, یان دڕندەیی ڕژێمی عێراق لەم بارەیەوە.

بۆ نموونە : کە(لیبیا و سوریا) بەشداری ئەم جەنگە ناکەن, کە نابنە ئەندامی بلۆکی هێز و بلۆکی هاوکار, ئەوە لەبەرئەوە نییە, کە دۆستی عێراقی (عەرەبی-موسڵمانن). نەخێر, بەڵکو ئەوە کێشەی لۆکەربی و کێشەی ئیسرائیل و سوریا و بەرزاییەکانی جۆلان و لوبنانە, دەبنە دۆستی بەناو عێراق.

ئەگەرنا هیچ کام لەو دوو وڵاتە لەسەر حسابی نەتەوەیی و ئایینی و ئایدۆلۆژی, ئامادەنین, بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بکەنە قوربانی ڕژێمی عێراق و سەدام حسێن.

یان نموونەیەکی تر : (ئێران)ە : ئێران بۆیە لەم سیناریۆیەدا جێگە ناگرێت, چونکە بە هەر شێوەیەک بێت بەشداری بکات. دۆستایەتی واشنتۆن دەکات. کە لە ساڵی (1979)ەوە. پەیوەندییان نییە, ئەمە جگە لەوەی ئێران و واشنتۆن. خاوەنی ئەجندایەکی شڵۆقن لەسەر ئاستی پەیوەندی تایبەتی لەڕووی سیاسییەوە, بەڵام ئێران هەمیشە خۆشحاڵە بە ڕووخاندنی ڕژێمێک, کە ماوەی (23) ساڵە دژایەتی ئێران دەکات و شەڕێکی (8) ساڵەشی پێ فرۆشتووە, ئەگەرچی من پێموایە باڵی ریفۆرمیست ڕەنگە خۆشحاڵا بن بە هاوکاریی واشنتۆن.

ئەمە جگەلەوەی, هەمیشە دۆستە دینیەکەی (شیعە)ی چەوساندۆتەوە.

بۆیە ئەو دژایەتیە, مەنتقی نییە, بەڵکو پەیوەستە بە داکشاوی کێرڤی پەیوەندی نێوان (وڵاتەکە و واشنتۆن) و ناروونیی ستراتیژی واشنتۆن و ساردیی ئەو پەیوەندیانە.

ئەگەرنا, دۆستایەتی واشنتۆن لەو پرۆسەیەدا ! لانیکەم کاریگەری لەسەر هاوپەیمانی و بەرژەوەندی سیاسی و ئابوورییەکان دەبێت لە داهاتوودا.

بەهەرحاڵا بەرەو میحوەری (هاوکاری) لە بەرامبەر (دژ)دا گەلێک گەورەترە لەم بارەیەوە, واشنتۆن تا ڕاددەیەکی باش, ئەم بلۆکبەندیشەوە بەدەستهێناوە.

## 3) میحوەری سێیەم (میحوەری خاک)
## یان (میحوەری ناوچەیی)یە :

سێیەمین و دواترین و گرنگترین میحوەری پێویست. (میحوەری خاک)ە ئەو میحوەرەیە, کە واشنتۆن ڕاستەوخۆ سوود لە(خاک) ی ئەو وڵاتانە وەردەگرێت, جا(وشکانی, ئاسمانی, دەریایی) بە هەر شێوەیەک (هێزی پیادە, فڕۆکەوانی, هەواڵگری, چاودێری, بەرەی پشتی شەڕە, بنکەی ساروخی, کەشتی دەریایی و جەنگی و لۆجتسکی.. هتد).

(خاک) بۆ وڵاتێکی وەکو واشنتۆن کە لە دووریی هەزاران میلەوە دێت پێویستییەکی گرنگە. تا هێرش بکاتە سەر عێراق و پرۆسەکە بەسەرکەوتوویی ئەنجامبدات. بۆ نموونە واشنتۆن, پێویستی بە خاکی (پاکستان و هندستان) بوو بۆ هێرشکردنە سەر ئەفغانستان و سەرکەوتنی هەڵمەتەکەشی بەسترابوو بەپلەی یەکەم بە بەشداریی پاکستانەوە.

ڕەنگە خاڵێکی زۆر گەورەی سەرکەوتنی سیناریۆکە بێت, کە وڵاتانی دراوسێ دژایەتیش بکەن و هاوکاری دوژمنەکەت بکەن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەیەکی سەربازیی وەها هەرگیز لە ئیمکان نایەت گەر وڵاتانی سنووری و هاوسێ لەو سیناریۆیەدا بەشدار نەبن.

مێژووی شەڕە نوێیەکانی واشنتۆن لەبەر ڕۆشنایی ئەم هاوکێشەیە کاری کردووە و سەرکەوتووش بووە. شەڕەکانی (یۆگۆسلافیا و جەنگی دووەمی کەنداو ئەفغانستانیش) باشترین نموونەن و سەرکەوتنی هەرسێکیان شایەتی ئەو ڕاستیەیە.

چونکە دەکرێت بۆ جەنگێکی جاسوسی. (خاک) ئەوەندە گرنگ نەبێت، چونکە لانیکەم شکڵێکی نهێنی هەیە، بەڵام لە جەنگی سەربازیدا. (خاک) بارتەقای (هێز) سەنگی هەیە و هاوکێشەکە بەلای سەرکەوتندا دەبات. گرنگی خاکی تورکیا لە جەنگی دووەمی کەنداودا سەبارەت بە هێرش بۆ سەر عێراق، بۆ واشنتۆن ڕەنگە نەپێورێت. هەربۆیەش تورکیا بووەتە یەکێک لە هاوپەیمانە پلە یەکەکانی واشنتۆن لە ناوچەکەدا و هەمیشە حسابی تایبەتی لەسەر دەکرێت.

بۆیە لەم جەنگە چاوەڕوانکراوەی واشنتۆن لە دژی عێراق و ڕووخانی سەدام حسێن. میحوەری سێیەم پێویستی بە ڕیزکردن هەیە لەسەر ئاستی (دۆستایەتی، ناوچەیی، هێز، بەرژەوەندی) واتا تورکیا لەڕووی هێز و دۆستایەتیەوە لەپێشترە تا ئوردون، قوبروس بەرژەوەندیخوازترە تا تاجیکستان، بەتایبەتی بۆیە میحوەری سێیەم زۆر گرنگە، چونکە وەکو پێشتر باسمانکرد پێدەچێت هەردوو میحوەرەکەی تر سازکرابن، پێویستیشی بەم میحوەرە سەرەکییە هەبێت بۆ دەستپێکردنی ئەو سیناریۆیە.

دەکرێت بڵێین ئەم میحوەرەش دابەشدەکرێت بۆ دوو ناوچە.

**یەکەم : (خاک)ی ناوچەیی و سنووری :**

مەبەست لە خاکی ناوچەیی و سنووری بەکەڵک کۆمەڵێک وڵات دەگرێتەوە، کە خاکەکانیان ئاسمان و سنووری ئاوییان دەخەنە خزمەت هێزەکانی واشنتۆنەوە هاوکارییان دەکەن. ڕەنگە لەو وڵاتە سنوورییانەش هەبن، کە خاکەکانیان زۆر بەکەڵکە، بەڵام هاوکاریی سەربازیی واشنتۆن ناکەن... بەڵام هەر بەکەڵکن.

بۆیە دەبێت بەم شێوەیە ڕیزبەند بکرێن و جیابکرێنەوە :

أ)**تورکیا** :

گرنگترین (خـاک) و وڵاتـی ناوچەییە, وەکـو پشتیوان بۆ واشنتۆن و ڕێگادان بە هێزەکانی واشنتۆن بۆ کەڵکوەرگرتن لە سنووری (وشکانی ئاوی ئاسمانی) بۆ هێز, (پیادە, کەشتی جەنگی, فڕۆکەوانی, هەواڵگری, چاودێری, بەرەی پشتی شەڕ) دەکرێت بڵێین بەشێکی گەورەی سەرکەوتنەکە بەستراوە بە تورکیاوە.

ئەمەش جگە لە هەڵکەوتنی جوگرافیای جیۆپۆلیتیکی تورکیا, پابەندە بە جیددییەتی تورکیا لە پرۆسەکە و هاوپەیمانێتی پلە یەکی تورکیا, واشنتۆن لەکۆنەوە و بەتایبەتی لە جەنگی ساردەوە و دژایەتیی (p k k ) لەلایەن واشنتۆنەوە تا دەستگیرکردنی ئۆج ئالان, کە هاوکاری هەمیشەیی تورکیا بووە ناوبژیوانی تورکیا و یۆنان لەسەر کێشەی قوبرس و ئیجە و هاوکارییەکانی تورکیا لەشەڕی ئەفغانستان و یارمەتی ساڵانەی (2) ملیار دۆلاری واشنتۆن بۆ تورکیا و دۆستایەتی ئیسرائیل و تورکیا, دژایەتی عێراق و ئێران و سوریا لە ناوچەکەدا. کە سێ ڕەقیبی واشنتۆنن, ئەمە سـەرەڕای قەرز و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان, پێدەچێت سیناریۆی عێراقیش, چانسی بەئەندامبوونی لـە پەرلەمانی ئەورووپا بکاتە واقیع و خۆشحاڵی بکات.

ئەمە جگە لە چەندین فاکتەری تر وایکردووە. (خـاک)ی تورکیا بکرێتە مەیدانی کۆکردنەوەی هێز بەتایبەتی هێزی ئاسمانی و تورکیاش ڕاستەوخۆ خەریکی داگرتنەوە و بارکردنی موشەکە جەرگبڕەکان بێت, بۆیە دەکرێت ئەو دۆستە پلەیەکە و خاکەکەی, ببێتەهۆی سەرکەوتنی چل دەرسەدی سیناریۆکەی واشنتۆن بە هەمان شێوەش چل دەسەدی خێرەکەش (بەشی شێر)ی بۆ تورکیا بێت (لەڕووی ئابوورییەوە.. !).

ئەگەرچی واشنتۆن ڕەنگە مەترسییەکی لەو هاوکارییە هەبێت, سەبارەت بە داواکردنی ولایەتی موسڵا لەسەر حسابی ئەو هاوکارییە, بەڵام بەپێی چەندین سەرچاوە, بە تورکیای ڕاگەیاندووە, کە بۆی نییە بەشداری هێزی سەربازی بکات, بچێتە خاکی عێراقەوە لەگەڵا کۆمەڵێک هۆکاری ناوچەیی و تایبەت.

بەهەرحاڵا تورکیای دۆست جارێکی تر دەورێکی مێژوویی دەبینێت بۆ واشنتۆن, دواجاریش عێراق لەسەر دەستی سیاسەتەکانی تورکیا خاکی دووچاری تێکشکان دەبێت, یەکەم مووشەکی ئاڕاستەکراویش پێدەچێت لە بنکەی ئەرنچەرلیکەوە باربکرێت, بە زاخۆدا بڕوات و لە کۆشکی کۆماری بدرێت, ببێتە مووشەکی زێڕین بۆ ڕووخانی سەدام حسێن.

ب)ئوردون :- یەکێکی تر لە دۆستەکانی واشنتۆن بۆ هێرشەکان خاکەکەی کەڵکی لێوەردەگیرێت, وڵاتی ئوردونە. ئوردون جگە لەوەی بەرژەوندیی گەورەی ئابووری لەگەڵا عێراقدا هەیە, بەڵام چەندین ملیار یارمەتی ساڵانەی واشنتۆن و هاوکاری لە چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵا ئیسرائیل و دووخستنەوەی لە قەیرانەکانی عەرەب -ئیسرائیل و چاوپۆشی لە سوودی فرۆشتنی نەوتی قاچاخی عێراقی و دۆستایەتی دێرینی مەلیک حسێن و واشنتۆن بەشداری بزووتنەوەی مەلیکی دەستووری ئۆپۆزسیۆن و ئەژماردەکردنی وەکو یەکێک لە شەش لایەنی بەرهەڵستکاری عێراقی و پشکی داهاتووی لە عێراق و بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی وای لە(عەممان) کردووە, هەر لە ئێستاوە خاکەکەی ببێتە پێگەی دابەزینی هێزەکانی مارنیز و کۆماندۆکانی واشنتۆن .

خاکی ئۆردنیش بە حوکمی پێگەی و جوگرافیی سنوورەکەی, باشترین خاکە بۆدەست گەیشتنی خێرای هێزەکانی واشنتۆن بۆ کۆنترۆڵکردنی باشوور, بەتایبەتی ناوچەگرنگەکان ئەمە سەرەڕای لەبارەی ناوچە سنوورییەکان و فرۆکەخانە نزیکەکان, کە کەمترین خەرجییان دەوێت, کەمترین کاتیان پێدەچێت و سەرکەوتووتریش دەبێت. ئوردون دەورێکی کاریگەری دەبێت لەم ئاڵوگۆڕانەدا بەتایبەتی, کە سیاسەتی (شاعەبدوڵلای دووەم) لایەنگری زیاتری واشنتۆنە و پێویستی بە چەسپاندنی پایەکانی دەسەڵات هەیە بە پشتگیریی واشنتۆن.

**ج)بەحرێن, قەتەر, عومان :**

سێ دۆستی واشنتۆن و سێ هاوکاری هەمیشەیی لە ناوچەکەدا, کە(خاک)ە کانیان زۆر لەبارە بۆ هێرشکردنە سەر عێراق جگە لەوەی ماوەیەکی نزیکە, دەکرێت بە بەشێکی خەرجیی شەڕەکەش پێکبهێنن, ئەمە جگەلەوەی خاوەنی سامانێکی سروشتیی زۆرن, بەتایبەتی نەوت و پێویستیان بە پاراستنی ئاساییشی وڵاتەکانیان هەیە, لە دەستدرێژیی دەرەکی و باربووی سەربازی و چەکی مۆدێرن, بۆیە هەرکام لەم سێ وڵاتە, خاکەکانیان خستووەتە خزمەت هێزەکانی واشنتۆنەوە.

**د)کوێت :**

دوژمنترین وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی و ناوچەیی و سنووری دژی عێراق کوێتە, کە واشنتۆن دەتوانێت بە هەموو شێوەیەک خاکەکەی کەڵک لێوەربگرێت.

جەنگی دووەمی کەنداو, پێگە و جێگەی خستەبەرچاو و ئەهمیەتی تایبەتی پێدرا, سەرکەوتنی هێرشەکانی هاوپەیمانیش بەشێک بوو لە سنووری گرنگی کوێت لە ئێستاشدا کوێت کێشە و قەیرانەکانی لەگەڵا عێراق چاکنەبووەتەوە. باشترین دەرفەتە بۆ قوولْکرنەوە لەو داگیرکارییەی, کە لە ساڵی (1991)دا عێراق دژی ئەنجامیدا و داگیریکرد, ڕاگەیاندنە تایبەتییەکانی ئەمجارەی حکومەتی کوێتیش پەیوەستە بە مەترسییەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن عێراقەوە. سەرەڕای ناڕۆشنیی ستراتیژی واشنتۆن لە عێراق و حکومەتی ئایندە و مەترسییەکانی سنووری.

**ە)ئیسرائیل و قوبروس و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست :**

بەپێی چەندین هەواڵا, واشنتۆن هەوڵیداوە کەم و زۆر سوود لەئاسمانی لە هەرکام لەو وڵاتانە چەندین بنکەیی تایبەتی دامەزراوە, دەتوانێت سوودیان لێوەربگیرێت بۆ هێرشکردنە سەر عێراق.

ئەگەرچی ڕەنگە واشنتۆن ڕاستەوخۆ و بەئاشکرا خۆی لە هاوکاریی تەلئەبیب لادات. بەهۆی مەترسیی نەتەوەیی و ئایینیی عەرەبەوە, بەڵام یەکێکە لە دۆستە پلەیەکەکانی واشنتۆن, کە ڕەنگە لە کاتی پێویستیدا هاوکاریی گەورەی هێزەکانی واشنتۆن بکات.

**و)ئێران, سوریا, سعودیە :**

هەرچی ئێران و سوریایە ئەگەرچی باشترین خاکن, بەڵام پێدەچێت بەهۆی کێشە مێژووییەکانەوە هاوکاریی واشنتۆن نەکەن, بەڵام پێدەچێت ناڕاستەوخۆ بە پشتگیری لە(شیعە و

ناسری و ناسیۆنالیست)و حزبه بەعسییەکان و قەومییەکان و شیوعییەکان)ەوە بەشداری ئەو سیناریۆیه بکەن, کە ئەمەش فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ لانیکەم دژایەتینەکردنی واشنتۆن, ڕەنگە هەردوو وڵاتیش خۆشحاڵا بن بە ڕووخانی ڕژێمی عێراق, بەڵام ناڕوونیی ئاڵوگۆڕییەکان و کێشە مێژووییەکانیان لەگەڵا واشنتۆن ڕێگرن لە بەردەم دەربڕینی ئەم ڕایەدا.

هەرچی سعودیە لەپاش (11)ی سێپتەمبەر, پەیوەندییەکانی لەگەڵا واشنتۆن چووەتە دۆخێکی ئاڵۆزەوە, بۆیە پێناچێت واشنتۆنیش حسابی زۆری لەسەر کردبێت, بەتایبەتی پاش ئەوەی تاوانباری کرد بە هاوکاریی تیرۆریستان, ئەگەرچی بەرژەوەندییە ئابووری و نەوتییەکان پێدەچێت ئەم هاوکێشە سیاسییە ناهاوسەنگە ڕاست بکاتەوە, لەم سیناریۆیەدا سوود لە خاکی سعودیەش وەربگرێت یان لانیکەم (ڕیاز)هیچ دژایەتییەک نیشان نەدات و قەرەبووی ئەو هەناردەیەی نەوت بکاتەوە, کە لە کاتی لێدانی عێراقدا بێتەکایەوە, ڕۆژانە (2) ملیۆن بەرمیل نەوتی زیادەی بەرهەمهاتوو بە هەماهەنگیی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت, بخاتە سەر (7.5) ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمهاتوو, ڕەنگە لێدانی عێراق حاڵەتێکی باش بێت بۆ ئاساییکردنی پەیوەندیی (ڕیاز و واشنتۆن) گەر ڕیاز بەشداریی ئەو هەڵمەتە بکات.

گەر ئەوەش بزانین سعودیە هیچ بەرژەوەندییەکی لە مانەوەی ڕژێمی عێراقدا نییە, لە ئێستادا بەپێچەوانەی جەنگی دووەمی کەنداوەوە, یەکێکە لەو وڵاتانەی کە پشتگیری لە لابردنی ڕژێمی سەدام حسێن دەکات.

خاڵێکش کە ڕیاز نابێت لە یادی بکات, ئەو سەروەرییە نیشتمانییە نەتەوەییە بوو, کە لە جەنگی دووەمی کەنداودا واشنتۆن بۆی گێڕایەوە, ئەگەرنا وەکو کوێت داگیرکرابوو, کە باجەکەشی نەدەخەملێندرا.

## دووەم : (خاك) و (هێزای خۆیی (ناو عێراق) :

چۆن وتمان, میحوەری سێیەم گرنگترین میحوەری ئەم سیناریۆیەیە, خاڵی دووەمی ئەم میحوەرەش, کە ناوچە و هێزی خۆییە (ناو عێراق)ە گرنگترین ناوچەی سیناریۆکەیە, گرنگترین خاڵی سەرکەوتنی پرۆسەکەیە شک لەوەدا نییە هێزی ناوخۆ چالاک و کارایە.

چ کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لەسەر سەرکەوتنی ئەو پرۆسە سەربازییە, گەر (ئەفغانستان) بە نموونە وەربگرین لە جەنگی دژی تیرۆریزمدا (USA) یەکەم لایەن, کە پشتی پێبەست ئۆپۆزسیۆنی ناتەبای ئیسلامی پەیمانی باکور بوو, ئەگەر چی لە ماوەیەکی کورتدا ڕێکیخستنەوە و پڕچەکی کردن هەماهەنگیکردن بۆ سیناریۆکە, چونکە ئەوە هێزی ئۆپۆزسیۆنی خاوەن بنکەی جەماوەرییە, دەتوانێ خەڵکی لە دژی ڕژێمی سەرکوتکەر بێنێتە سەرشەقام و کۆشکی کۆماری بڕووخێنێت, بە پلەی یەکەم لەناو ئەم سیناریۆیەدا, بۆیە مەبەستمان لە هێز و خاکی خۆیی و ناوچەی عێراق هەریەکە, لە(کوردستان, باشوور و ناوەڕاست)ە.

### أ)**کوردستان** :

کوردستان ئەو فاکتەرە سەرەکییە, کە واشنتۆن دەتوانێت بە پلەی یەکەم هاوکاری بکات لە سەرکەوتنی سیناریۆکەدا.

چونکە لەڕووی (خاک)ەوە کوردستان, خاوەنی خاکێکی سەربەخۆ و تایبەتە, وەکو خاکی هەریەکێک لە تورکیا و ئوردن و قوبرس و بگرە زۆر باشتر دەتوانێت, لەڕووی وشکانی و ئاسمانییەوە) کەڵکی لێوەربگرێت, چونکە زۆر نزیکە و دواجاریش

کەمترین خەرجی دەویت، هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی (کورد)یش سەرەڕای ئەوەی لە هێزە واقعی و بەهێزەکانی گۆڕەپانەکان بە پلەی یەکەم و خاوەنی هەزاران ئەندام و لایەنگرن بۆ ڕووخانی ڕژێمی عێراق و هاتنەکایەی سیستمێکی دیموکراسی لە عێراقدا لە هەمان کاتدا، خاوەنی (11) ساڵی حکومی و خاوەنی دەیان حزبی سیاسیی جەماوەری شۆڕشگێڕن، کە لانیکەم دەتوانن گشت شارە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم لە ماوەیەکی کورتدا ئازادبکەن، ئەمە جگەلەوەی یەکەم هێزی بەرهەڵستکاری عێراقین کە خاوەنی هێزێکی واگەورە بن، خاوەنی ئێزگە و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەی تایبەتییە، کە پرۆسەیەکی خێرایە بۆ گواستنەوەی بۆ پایتەخت و خاوەن ئەزموونێکی سەرکەوتووە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا.

واتە (خاکی کوردستان و هێزی کوردستان) ئەو دوو فاکتەرەن، کە ڕاستەوخۆ بە شێوەیەکی کاریگەر دەوریان دەبێت لە سەرکەوتنی پرۆسەکە.

بە مەرجێک واشنتۆن هاوکاریی گشت لایەکیان بکات، بە هەمان شێوە ستراتیژی سیناریۆکە بخاتە بەردەست و پشکی کورد لەڕووی جوگرافی و ئابووری و بەرژەوەندیی تایبەتەوە، دیاربکرێت لەپاڵ جێگیرکردنی سیستمێکی سیاسی وەکو (فیدراڵی) بۆ عێراق و مافەکانی گەلی کوردیش بەرجەستەبێت.

بێگومان هەماهەنگیی هێزە کوردییەکان بە کەڵکوەرگرتن لە خاکەکەی فاکتەرێکی بنچینەییە، بۆ پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە عێراقدا ئەگەر هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکان لەسەری ڕێکبن.

ئەگەرچی داهاتووی عێراق بۆ هەموو هێزە کوردی و عێراقییە شۆڕشگێڕەکان, کەم و زۆر بەشداربوونیان پێویستە ئەگەر واشنتۆن ئەم خاڵە بەهەند نەگرێت, سەرکەوتوو نابێت.

ڕەنگە کورد قوربانیی زۆر بدات, بەڵام ئامادەیی بەدیهێنانی عێراقێکی تازەیە لەو ئاڵوگۆڕانە.

**ب)باشوور و ناوەڕاست :**

ئەم دوو ناوچەیە تەنیا خاوەنی (هێزن) نەک (خاک) وەکو کوردستان. بەڵام خاوەنی خاکی داگیرکراون کە جەماوەرێکی زۆریان لەناو شارەکاندا هەیە, (خاکی داگیرکراو) جیاوازە, هێزەکانی (شیعە لە باشوور, مەلەکی دەستووری, حەرەکەی وەفاقی نیشتمانی, ناسرییەکان و قەومییەکان و شیوعییەکان... هتد) خاوەنی بنکەی فراوانی هێز و جەماوەرن.

کە دەکرێت هێزی سەرەکیی بەرهەڵستکاری عێراق بن. بۆ پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ ئەگەرچی هەرکام لەم هێزانە (جگە لە هێزەکانی کوردستان) ڕاستەوخۆ, یان ناڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی یەکێک لە وڵاتانی ناوچەکەدا, بەڵام لەسەر ئەوە کۆکن کە ڕووخانی ڕژێمی عێراقی لە قازانجی عێراق و گەلی عێراقدایە.

بۆیە پێویستە هاوکاریی هێزە بەرهەڵستکارەکانی باشووریش و ناوەڕاستیش بکرێت لەم سیناریۆیەدا.

وەکو هێزی خۆیی :

بەکورتی (هێز) و (خاک) ی خۆیی, دوو فاکتەرن کە کاریگەریی گەورەیان دەبێت لەسەر سەرکەوتنی ئەو سیناریۆیە.

### *کاریگەریی (11)ی سێپتەمبەر

جەنگی عێراق لە ئێستادا, بە سازدانی ئەو سێ میحوەر و فاکتەرێکی ترە, کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر هێرشەکانی و سەرکەوتنی (جەنگی دژی تیرۆریزم) واتە جەنگی دژی عێراق بەشێکی پەیوەستە بەم مەسەلەیەوە, کە هاوکاریی گرووپی ئەلقاعیدە و تیرۆریستانی کردووە و دەکات.

بۆیە ڕەنگە زۆر لایەن نەتوانن خۆ لە بەشداریکردنی ئەو جەنگە بدزنەوە و بەهۆی چوونە قاڵبی لایەنێکی جەنگەکە وەکو جەنگە دژی تیرۆریزم.

واتا ئەم جەنگە بە پاڵپشتی جەنگی دژی تیرۆریزم کاراتر و سەرکەوتووترە, واتا ئەو قسەیە ڕاست دەرچوو, کە جەنگی دووەمی تیرۆر لە ئەفغانستانەوە بۆ عێراقە.

### ئەنجام

سەرەڕای فاکتەری جەنگ دژی تیرۆریزم و سیستمی دیکتاتۆریی سەدام حسێن, بەردەوامبوونی لەسەر تۆتالیتاریزم و تاکڕەوی و سازدانی هاوپەیمانیتیەکی نێودەوڵەتی, دژی عێراق و سازدانی پێویستە :-

-ستراتیژێکی ڕوون و ئاشکرای هەبێت لەو ئاڵوگۆڕانە بۆ گشت لایەکی ڕوونبکاتەوە.

-نابێت هیچ لایەنێکی دەرەکی دەست بخاتە ناو ئەو پرۆسەیەوە.

-مافی گەلانی عێراق پارێزراوبێت, بەتایبەتی کورد و سیستمی فیدراڵی قبووڵا بکرێت.

-سیستمێکی پلورالیزم شوێنی سیستمی تۆلیتاری بەعس بگرێتەوە.

-پەشێوی و نائارامی نەهێڵدرێت.

-ئۆپۆزسیۆن داینەمۆی ئاڵوگۆڕەکان بێت..

بەم شێوەیە دەکرێت ئەم نەخشەیە سەرکەوتووبێت و عێراق بەرەو وەرچەرخانێکی مێژووی بڕوات.

* لە ژ 62-63ی ڕۆژنامەی پارێزگاران 2002بڵاوکراوەتەوە.

**ئەو سەرچاوانەی کە بۆئەم بابەتانە سوودی لێوەرگیراوە :**


1- سەعد البزاز, الاکراد فی المساله العراقیه «احادیپ وحوارات». الاردن,1996.

2- فەرید ئەسەسەرد, کوردستان و مەسەلەکانی ئەمنی قەومی, لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیچی کوردستان, 1998.

3- وزاره الداخلیه, الموسوعه الاحصائیه عن التقسیمات الاداریه فی جمهوریه العراق, بغداد 1962.

4- گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی, ژ 26 ساڵی 1998 ل 20.

5- بنک المعلومات العراقی, الاثارات الطائفیه فی العراق, 1999.

6- تقریر عن التحول الدیمقراطیه فی العراق-مسوده من وثیقه العمل لمؤتمر المعارضه العراقیه اعد أعضاء مجموعه عمل المبادی الدیمقراطیه-نوفمبر- 2002.

7- الفیدرالیه والحکم الذاتی, اللامرکزیه الاداریه الاقلیمیه د. محمد هماوند-مؤسسه موکریان للطباعه ونشر2001-.

# کتێبی دووەم
# عێراقی مۆزایک و ناهۆمۆجین

## پێشەکی:
## (پانۆرامای مێژووی سیاسیی نوێی عێراق) 2003 ـ 2010

ئەم کتێبە لەسێ فەسڵی سەرەکی پێکهاتووە. مێژووی سیاسیی ساڵانی ڕابردووی عێراق دەگێڕێتەوە. کە تێیدا سەرەڕای چەندین بەڵگە و سەرچاوەی گرنگ خوێندنەوەی ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق لە کات و ساتی خۆیدا. کە زۆربەیان لە کات و شوێنی خۆیدا بڵاوکراونەتەوە.

بەڵام ئەوی گرنگە، ئەم کتێبە قسەکردنە لەسەر عێراقێکی ناهۆمۆجین, کە لە ماوەی نەوەد ساڵی ڕابردوودا, هەمیشە دۆخێکی ناجێگیر و پڕ ئاشوبی هەبووە. بەهۆی سیستمە سیاسییە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق. کە هەمیشە هەوڵیانداوە عێراق وەکو ئوردویەکی سەربازی نەخشە بکەن, کردوویانەتە تاقیگەی قەتڵوعامی گەلانی عێراق تا ڕووخانی بەعس لە ساڵی (2003)دا.

جیالەوەی گرفتی پێکهاتەی موزایکی ئیتنی و مەزهەبی و تائیفی عێراق, گەورەترین گرفتی ئەم سنوورە جوگرافییە دیاریکراوەیە کە پێیدەڵێن عێراق.

پانۆرامای مێژووی دوو دەیەی ڕابردووی کورد و عێراق، قسەکردنە لەسەر مێژووی پڕ قەیران و گرفتی عێراق. کە سەرەڕای مێژووی پڕ جینایەت و تۆتالیتاری بەعسە، لە مێژووی جەنگی کەنداو و دەرپەڕاندنی سوپای عێراقە لە کوێت.

لە فەسڵی یەکەمدا (2003–2007) قسەکردن و پێشبینییە لەسەر پەلاماردان و ڕووخانی بەعس لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی, کە دواجار بە ڕووخانی بەعس بەشێکی تر

له هاوکێشه سیاسییەکانی عێراق و کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست, ئاڵوگۆڕیان بەسەرداهات. هەر لەو فەسڵەدا باس له بەبەڵقانەکردنی عێراق کراوە، باس له ڕۆڵی نێگەتیڤی مەزهەب و فیتراتیڤەکردنی عێراق و ڕیفراندۆم دەکرێت.

له فەسڵی دووەمدا (2007-2009) قسەکردنه لەسەر کۆتایی بەعس و کاریگەریی جەنگی سارد لەسەر ناوچەکە و عێراق و ئاڵوگۆڕە تازەکانی دنیا و دەستپێکردنی ململانێی نوێ لەنێوان ئەمەریکا و ئێران له عێراق. قسەکردن لەسەر ڕۆڵی شیعە و مەترسییەکانی قووڵبونەوەی قەیرانەکان.

جیالەوەی لەم فەسڵەدا مەترسیی پەراوێزخستنی سوننە دەکرێت لەعێراقدا.

سەرەڕای لەم فەسڵەدا. باس لەستراتیژی نوێی ئەمەریکا له عێراق دەکرێت, باس له ململانێی و بەرژەوەندییەکان و ئاماژەکانی چارچە پارچەبوونی عێراق دەکرێت.

له فەسڵی سێیەمدا (2009–2010) باس له کێشە و گرفتەکانی عێراقی نوێ دەکرێت, لەپاش هەڵبژاردنەکانی ئازاری (2010) و گرفتی لیستە سەرەکییە براوەکان و ڕۆڵی وڵاتانی ناوچەکە دەکات.

لەم فەسڵەدا. بەوردی ڕۆڵی دەستێوەردانی دەرەکی کراوە, کە چۆن دەستیان هەیە له کێشە و گرفتەکانی ناوخۆی عێراق و بەتایبەتی لەنێوان شیعە و سوننەدا.

# فەسڵی یەکەم
# (1)

سەرەتا با بە باسێک لە دروستبو,نی عێراقەوە دەست پێبکەین, دواتـر دەچینە سـەر پێکهاتەی سیاسیی عێراق و هۆمۆجینی مۆزایکی دانیشتووانی عێراق و پاشان باس لە دەسەڵاتی بەعس دەکەین. هەموو باش دەزانین بەعس یەکێک بوو لەو سیستمە تۆتالیتارییانەی, کە بە درێژایی نزیکەی (40)ساڵ حوکمی عێراقی کردووە, سیاسەتێکی چەوتی بەرامبەر بە گەلانی عێراق بەتایبەتی کورد پیادەکردووە، لیرەدا باسی کۆمەڵە کێشەیەک دەکەین, کە پێشوەخت بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی, کە ڕوویانداوە لە عێراق و کاریگەریی خراپیان لەسەر خەڵکی عێراق بەتایبەتی کورد هەبووە, دواتـریـش باسی ئـەو ئاڵوگۆڕانە دەکـەیـن, کە لـەدوای ڕژێمی بەعس ڕوویانداوە ، ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە هەموو ئەو شیمانانەی بەتاڵکردەوە, کە پێمانوابوو دوای ڕووخانی رژێمی تۆتالیتاری

بەعس عێراقێکی بێ کێشە و گرفت دروست دەبێت, کورد دەتوانێت بە مافەکانی خۆی بگات, بەڵام بینیمان ئەو گریمانانە وا دەرنەچوو، ئێستا کورد لە بەردەم کۆمەڵێک گریمانەی مەترسیداردایە, کە بەڕاستی پێویستی بە کارکردنی سیاسی و سەرکردایەتییەکی سیاسیی بەتوانا هەیە، بۆئەوەی کورد لانیکەم لەم دەرفەتەدا, بتوانێت بە مافەکانی خۆی بگات, پێموایە ئەمە دوادەرفەت بێت بۆ گەلی کورد, کە بتوانێت سوودی لێوەربگرێت, تا بە مافە سیاسییەکانی خۆی بگات. ئەو مەترسییانەش وای دەبینمەوە, کە چۆن لە ماوەی (83)ساڵی ڕابردوودا کەمینە حوکمی کردووە, لە عێراقدا و شیعەش ڕەنگە بۆ خۆی لە ئێستادا هەمان مەترسی هەبێت لەسەر عێراق.

دواتر باسی ستراتیژی ئەمریکا دەکەین, لە ناوچەکەدا کە سیاسەتێکی ڕوونی نییە هەروەها سیاسەتی وڵاتانی ناوچەکەش لە عێراق, بەتایبەتی لەسەر کورد, وەک ئاشکرایە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە و نەمان و ڕووخانی و پێشتر دەسەڵاتی عوسمانییەکان, بۆ ماوەی (400)ساڵ حوکمی عێراقیان کرد, لە 12ی ئازاری (1920)دا لە قاهیرە کۆنگرەیەک بەسترا, (تیایدا مەلیک فەیسەڵ بە مەلیکی عێراق دانرا. ئەوەش بە ڕاپرسییەک بوو لە عێراقدا کە تیادا ناوبراو کرا بە شای عێراق, هەرچەندە خەڵکی سلێمانی بەشدارییان لەو ڕاپرسییەدا نەکرد و خەڵکی موسڵیش بە مەرجەوە بەشدارییان کرد. بەڵام شا فەیسەڵ لەو ساڵەدا بووە شای عێراق, لە ناوچەکەدا وڵاتێکی نوێ دروست بوو,ویلایەتی موسڵیش خرایە سەر ئەو وڵاتە, کەپێشتر لەژێر ڕکێفی عوسمانییەکاندا بوو, لێرەوە ئەو پێکهاتە سیاسییە بە

ناوی عێراقەوە دروست دەبێت و مەلیک فەیسەڵیش بە پشتیوانیی ئینگلیزەکان کرایە حاکمی عێراق. دوای ئەو عەبدولکەریم قاسم و دواتر عەبدولسەلام و پاشانیش عەبدولڕەحمانی برای حوکم دەگرنەدەست. دواتر و لە ساڵی( 1968 )کە بەعس هاتە سەرتەخت و لەو ساڵەوە تا ئێستا حوکمی عێراق دەگرنە دەست, گەورەترین تەنگ و چەڵەمە لەم کاتەوە دەستپێدەکات. لە ساڵی (1921 )ەوە تاوەکو (1968) لە ( 2003/4/9 ) کە بەعس کۆتاییهات, تەنیا یەکجار شیعەکان و ئەویش لە ساڵی 1947دا حوکمیان دەگرنە گرتەدەست, ئەمیش لە ماوەیەکی کەمدا ناچاردەبێت دەست لەکار بکێشێتەوە. واتە لە ساڵی 1921ەوە و بەدرێژایی 83 ساڵ کەمینەی سوننی حوکمی کردووە, مافەکانی کورد و شیعەی پێشێلکردووە, لەو کاتەدا کەمینەی سوننە هەموو ئیمتیازێک دەدات بەخۆی و بەپێچەوانەی هەموو ئیمتیازەکانی تر, لەو پێکهاتانەی کە لە شیعە و کوردەکان پێکهاتووە دەسێنێتەوە. گەر ئەوەش بزانین یەکێک لە سیاسەتەکانی حوکمی کەمینە ئەوەیە, کە پشت بە هێز دەبەستێت, بۆ مانەوەی ئیمتیازەکانی خۆی, هەمیشە ئەو سیستمە دەسەڵاتدارانەی لە عێراقدا هاتوونەتە سەرکار, بەم میتۆدە کاریان کردووە, واتە چەوسانەوە, هێز, ئەوانە فاکتەری سەرەکیی دەسەڵاتەکانیان بووە, تاوەکو دەسەڵاتیان لەدەست نەدەن, هیچ کام لەوانە مافیان بەکورد نەبەخشیوە و هەمیشە کوردیان بە دوژمن و هاووڵاتیی پلەدوو حساب کردووە. هەروەها شیعەش بە هەمان شێوە چەوسانەوەی مەزهەبی لەسەر بووە, بەڵام هیچیان لەو پێکهاتانەی عێراق بە هێندەی کورد غەدری لێنەکراوە, وەکو کورد نەبوونەتە قوربانیی سیاسەتی کەمینە لە عێراقدا,

ئەنفال و جینۆساید و کیمیابارانی هەڵەبجە و کوشت و کوشتاری خەڵکی کوردستان, هەموو ئەو ڕەفتارانە بووە, کە لە دژی کەمینەی نەتەوەیی کورد پیادە کراوە لە عێراقدا, کوردیش بووەتە قوربانیی ئەو سیاسەتانە.

مەترسیدارترین سیاسەت کە دژی کەمینەی کورد کراوە, لەناو سیستمی سیاسیی بەعسدا بووە, بەعس لە ساڵی 1968 دا, کە دەسەڵات دەگرێتە دەست, دەست دەکات بە پاکتاوکردنی نەیارانی خۆی, ئەگەر لە سەرەتاوە سیاسەتێکی نەرمونیانی بەرامبەر بە کورد هەبووبێت, ئەوە تاکتیکانە ڕەفتاری کردووە, دواتر بینیمان, کە چۆن دەکەوێتە وێزەی کورد و سیاسەتی بەرامبەر بە کورد چۆن بووە, بەعس کارێزمایەک پێکدەهێنێت, کە دواتر هەموو شتەکان لەوەدا کۆدەکاتەوە, مرۆڤێکی وا دەخولقێنێت, کە تا سەر شەڕانی, سەربازی وا دەخولقێنێت کە پێویستە ئەو سادییانە بژی و ماسۆشییانە بمرێت. بە شەڕەکانی تر ناوەستێت, بەڵکو پرۆسەی ڕاگواستنی دێهات و کۆکردنەوەیان لە ئۆردوگا و دواتریش ئەنفال دەستپێدەکات. سیاسەتی وەها پیادە دەکات, کە هەوڵی ئەوەی داوە کورد لەسەر نەخشە بسڕێتەوە.

بەعس وەک کەمینەیەک ویستویەتی مەسەلە سیاسییەکە, بقۆزێتەوە و کەڵکی لێوەربگرێت بەو بیانووەی یەکێتیی خاکی عێراق دەپارێزێت, کوردی وەک ناسیۆنالیزم یان شۆڤێنی ناسیوە کە مەترسی لەسەر خاکی عێراق هەیە, هەروەها شیعەشی بەوە ناسیوە کە دروستکراوی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

بەڵام پاش ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە بەهاری 1991دا کورد, لە بەشێکی ئەو سیاسەتانەی بەعس دێتەدەرەوە, ناوچەیەکی

ئازاد لەژێر سایەی ئەمریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا پێکدێنێت و دەتوانێت, ئاڵوگۆڕێکی نوێ لە ماوەی 83 ساڵی ڕابردوودا لە عێراقدا پێکبهێنێت. ئەمە خاڵێکە پێویستە لەسەری بوەستین کورد, لە83 ساڵی ڕابردوودا ئەمەی دەستکەوتووە, کە ناتوانێت جارێکی تر هەلی وای دەستکەوێت, کە بۆ ماوەی 13 ساڵ حوکمڕانیی خۆی بکات. هەردووحوکمی شێخ مەحمود و کۆمارەکەی قازی نەیانتوانیوە ماوەیەکی کورت تێپەڕ بکەن, کە حکومەتی کوردستان لە ئێستادا بۆ ماوەی 13ساڵ لە چوارچێوەی ناوچەیەکی ئارامدا, حوکمی خۆی کردووە, لەگەڵ هەموو ئەو ئیمتیاز و دەستکەوتانەی لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا بەدەستمان هێناوە, بەڵام کۆمەڵێک فاکتەری سلبی و نێگەتیڤ کاریگەرییان لەسەرمەسەلەی کورد داناوە، کە دوایی باسیان دەکەین.

دوابــەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و تێکشکانی بلۆکی ڕۆژهــەڵات, کە یەکێتیی سۆڤیەت ڕابەرایەتی دەکرد, کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی جیددی لە ناوچەکەدا ڕوویدا. پاش ئـەوەی یەکێتیی سۆڤیەت هەڵوەشایەوە و دوابــەدوای ئەمە, سیستمێکی تازە ڕێبەرایەتیی جیهانی دەکرد، کە ئەو سیستمە فرانسیس فۆکۆیاما ناوی نا (لیبراڵیزمی نوێ). ئەو پێی وایە پاش نەمانی سیستمی فیوداڵی (دەرەبەگایەتی) و جەنگی سارد و دوای ئەمانە سیستمی لیبراڵیزمی خۆرئاوا دەتوانێت هەموو مافەکانی مرۆڤ بەجێبهێنێت, لەژێر سایەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا (uSA), کۆتایهاتنی جەنگی سارد یەکێک بوو لەو خاڵانەی, کە توانیی مافێکی زۆر بۆ گەلان بگێڕێتەوە, ئاشکرایە لەدوای ڕووخانی سۆڤیەت نزیکەی (15) کۆماری سەربەخۆ دروست بوو, دوابەدوای ئەمە چیکۆسلوڤاکیا و

کۆمارەکانی بەڵقان هەڵدەوەشێتەوە و کۆمەڵێک کۆماری تازە لە (یوگسلاڤیا دروست دەبێت, پاش ئەو کێشە و ململانێیانە کۆمەڵێک وڵاتی تازە دروست دەبێت, هەریەک لەوانە قەوارەیەک بۆ خۆی پێکدێنێت, لەدوای ئەوانەش (تیموری خۆرهەڵات) سەربەخۆیی وەردەگرێت, ئەریتریاش لە ئەسیوبیا جیا دەبێتەوە, ئەمانە هەموو ئەو دەستکەوتانەن کە بۆ نەتەوەکان گەڕانەوە, کە پێشتر مافەکانیان لەژێر سایەی سیستمێکی تۆتالیتاریدا پێشێل کرابوون, خرابوونە ژێر ئەو سیستمەوە.

هەر لەم نێوانەدا کورد لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا, ئەو هەلەی بۆ خۆی دەستکەوت, بەڵام لێرەدا سیاسەتی USA کە یەکێک بووە لە پشتیوانانی گەلی کورد, بەجیددی لەم نێوانەدا, کە سیاسەتێک و ستراتیژێکی ڕوونی نەبووە, دەربارەی مەسەلەی کورد, لە ماوەی زیاد لە30-35 ساڵی ڕابردوودا, شایەتی ئەو بارودۆخەین, کە USA لە ناوچەکەدا خوڵقاندوویەتی، بەتایبەت لەسەر مەسەلەی کورد, هێشتا لای ئێمە ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەکەدا ڕوون نەبووەتەوە, بەوەی ئێمە شایەتی ئەو قوربانییانەین کە لە ساڵی 1974دا بینیمان, هەرەسهێنانی ئەو شۆڕشە لەسەر دەستی USA و پیلانگێڕییەکەی جەزائیر, دوابەدوای ئەوەش ئەو پیلانە بوو, کە لە ساڵی 1991دا و لەمانگی ئازاردا دەستی دەسەڵاتی بەعس واڵادەکات, بۆ شکستپهێنانی ڕاپەڕینی کورد و شیعەکانی خوارو, تازەترین کارەسات، کارەساتی 31ی ئابی 1996بوو, کە ئەمریکا عێراق دەستواڵا دەکات بۆ هێزەکانی ئەو ناوچانە داگیربکەنەوە, بۆیە دەڵێین سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا ڕوون نییە و ئەوەی, کە لە ساڵی 1974دا

ڕوویدا گەر بەڵگەی تایبەتی هەبووبێت, پێش کۆتاییهاتنی جەنگی سارد بووبێت, بەڵام دوو کارەساتی ئازاری 991, 31ی ئاب بۆ خۆی مایەی سەرسوڕمانە و دەبێت خوێندنەوەی بۆ بکرێت, لەم خاڵەوە دەڵێین ستراتیژی ئەمریکا ڕوون نییە.

کاتێک  کە بەعس دەڕووخێت, ناوچەکە و جیهانیش لە یەکێک لە دیکتاتۆرترین کەسی جیهان, لە دەسەڵات دووردەخرێتەوە و ناوچەکەش ئاسوودەیی و ئارامی بەخۆیەوە دەبینێت.

سەدام یەکێکە بوو لەو دەسەڵاتە تۆتالیتارییانەی لە سەرتاسەری جیهاندا, نموونەکانی هیتلەر و پۆڵ پۆت و چاوچیشکۆ بێنینەوە, کە هاوشێوەی سەدام بوون, بەتایبەتی ئەوەمان لەبیر نەچێت هیتلەر بەو هەموو کوشتارەی  کە لەسەری بووەتە ماڵ, ئەو هیچ ڕۆژێک بۆ خەڵکی ئەڵمانیا خراپ نەبووە, ئەو وەکو کارێزمایەک ویستوویەتی ڕەفتار بکات, بە حسابی خۆی ئەو کارانەی کە کردوویەتی لە خزمەت ئەڵمانیادا بووە, کەمال ئەتاتورک بەو کوشتار و جینۆسایدەوە, کە کردوویەتی لەدواییدا دەڵێت : ( ئەو کەسە بەختەوەرە, کە دەڵێت من تورکم) بەڵام بەپێچەوانەوە سەدام هەموو ئەو کارانەی, کە کردوویەتی یەکەم کەس خەڵکی وڵاتەکە و گەلانی عێراق بوونە قوربانیی دەستی ئەو, پێش ئەوەی شەڕەنگێزییەکانی بنێرێتە دەرەوە, شەڕی لە دژی هاووڵاتییانی وڵاتەکەی (کورد و شیعە)  بەڕێوەبردووە, بۆیە سەدام یەکێکە لەو دیکتاتۆرانەی, کە وێنەی نەبووە.

بەم جۆرە کە سەدام لە دەسەڵات دووردەخرێتەوە و دواتریش دەبینین, کە کابرایەکی چەند زەلیلە, بە واتای ئەوەی ناوچەکە و جیهان لەدەست دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری

ڕزگاری بووە. ئێمە ناتوانین ئەوە لەبەرچاو نەگرین, کە ئەمریکا لەم ئاڵوگۆڕانەدا ڕۆڵی جیددی هەبووە, بەڵکو توانیویەتی, ئەو ئاڵوگۆڕانە پێکبهێنێت, کە ئەمەش سەرەتای یەکێکە لەو ئاڵوگۆڕانەی کە پێویستە خەڵکی عێراق و کوردستان بە قازانجی بزانن. ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکان نەبوونایە ڕەنگبوو مانەوەی دەسەڵاتی سەدام, کاتێکی زۆرتری بخایەندایە و جینۆسایدێکی زیاتری بەرهەم بهێنایە, دووریش نەبوو ئەنفالێکی تر ڕووی نەدابایە و کورد لەسەر نەخشەی جوگرافیا بسڕێتەوە, ئەو ئامانجانەی تری کە بەنیاز بووە لە داهاتوودا ئەنجامیبدات بێتەدی.

بۆیە توانیومانە بە کۆتاییهاتنی سەدام کۆمەڵێک ئیمتیاز و دەستکەوتی نوێ بەدەستبهێنن, کورد بتوانێت مافەکانی لە ماوەی 83ساڵی ڕابردوودا لێی سەنراوەتەوە بەدەستیبهێنێتەوە, بەڵام لەوکاتەی بەجیددییانە قسە لەسەر پێکهاتەی تازەی مافەکانی خەڵکی عێراق و کوردستان کراوە, ئەو لایانەنانەی کە تەنانەت تا دوێنێ لە گۆڕەپانی کوردستاندا بوون, لە بارەگاکانی ئێمەدا خەوتوون و ڕۆژیان کردووەتەوە, ئێستا لە دژی مافەکانی خەڵکی کوردستانن, تەنگوچەڵەمەکان لەوێوەوە دەستپێدەکات, کە هیچ پرۆتۆکۆڵێکی سیاسیمان لەگەڵ ئەو لایانەدا نەبووە, ئەوکاتانەی کە ئەوان هاوکارییان لە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی وەرگرتووە, لەناو دەسەڵاتی کوردیدا توانیویانە کاری سیاسیی خۆیان بکەن, لە ئێستادا هەموو ئەوانە دژی ئەوەن, کە تەنانەت مافی چارەی خۆنووسین بدرێت بە خەڵکی کوردستان, بەڵکو لە دژی فیدراتیڤەکردنی کوردستانیشن, یەکێک لە ڕۆژنامەکانی (ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی) باس لەوە دەکات,

که فیدراڵی بۆ کوردستان قابیلی قبووڵە, بەڵام لە کۆبوونەوەکەی سەلاحەدین لە ساڵی (2004)ئامادە نەبوو, تەنانەت ئیمزایەک لەسەر ئەو ڕێککەوتنە بکات, کە فیدراڵیەت بدرێت  بە کورد.

تا ئێستا هیچ پرۆتۆکۆڵێکی ڕەسمی نییە, کە ئەوان ڕازی بن بە مافەکانی خەڵکی کوردستان و کێشەکان لێرەوە دەستپێدەکات, دەمەوێت بڵێم لەوکاتەوەی سیاسەتی کەمینەی نەتەوەیی لە عێراقدا دەست پێدەکات, ئێمە دەبینە قوربانیی یەکەم و دوژمنی پلە یەک بۆ عێراق, بە لای بەعس و دەسەڵاتە کەمینەکان, بە هەمان شێوە ئێستا پێدەچێت لە سایەی سیستمی زۆرینەدا, هەمان چەوسانەوە, چارەنووسمان هەبێت, دیقەت بدەن, شیعە پێی وایە دیموکراسیەت زۆرینەی دەوێت دیموکراسی بە لای ئەوەوە ئەو زۆرینەیە و لە هەموو هەڵبژادنێکدا دەیباتەوە, ئەمە قسەی لەسەر نییە, مەسەلەی مافی چارەی خۆنووسین و زمان و ئەو پێکهاتە تازەیەی بۆ عێراق دادەڕێژرێت, لە هەڵبژاردنێکدا یەکلابکرێتەوە. لە هەڵبژادنێکدا کە دەزانین لە(60%-53%)ی دانیشتووانی عێراق شیعەن, لە (18%)سوننەیە و لە(20%) کوردە, ئەوی تریش تورکمان وئاشوورییە. ئەگەر لە(60%) عێراق شیعە بێت, ئایا دان بە فیدراڵی بۆ کوردستانی عێراقدا دەنێت, لە کاتێکدا ئاشکرایە کە سیستمی فیدراڵی ئەوە نییە, کە زۆرینە بۆ تۆ بەوە ڕازی بێت, بەڵکو خواستی خەڵکێکە کە ئەوان بە کەمینە ناویدەبەن, لە کاتێکدا کە خەڵکی کوردستانی عێراق, لە ئێستادا (6)ملیۆنە ئەوان دەبێت  بڕیار لەسەرچارەنووسی خۆیان بدەن, ئەوە هەرێمی (کیوبک)ە, لە کەنەدا بڕیار لەسەر ئەوە دەدات, کە لە(کەنەدا) جیابێتەوە, زمانی ڕەسمی چی بێت و هەرێمەکەی

چۆن بێت, ئەوە خەڵکی (تیمۆری رۆژهەڵات)ن بڕیار و قسە لەسەر چارەنووسی خەڵکی تیمۆری ڕۆژهەڵات دەکەن بە بۆچوونی من شیعە یەکێکە لەو مەترسییانەی, کە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی کورد دەبێتەوە, شیعە وەک مەرجەعێکی ئایینی هەمیشە لەسەر ڕابردوو کاردەکات, ئەوەندەی پابەندە بە مەسەلەی ڕابردووەوە ئەوەندە پابەند نییە, بە مەسەلەی داهاتووەوە, ئەوان تا ئێستاش لەسەر خەیاڵی مەرجەعیەتی ئایینی و پیرۆزیی ئیمامی عەلی بیردەکەنەوە, ئێستا ئەوان نەجەف و کەربەلا و کازمیە و سامەڕا بە چوار شوێنی پیرۆزی خۆیان دەزانن,هێشتا خۆیان وا دەبینن کە لە کورد چەوساوەترن, وەک چۆن کورد لە ماوەی( 83) ساڵی ڕابـردوودا, بووەتە کەمینە بەعس و حوکمی عێراقی کـردووە, ئەوانیش وای بۆ دەچـن, کە لە مـاوەی (83)سـاڵـی داهـاتـوودا حوکمی عێراق بکەن,مافی خەڵکی عێراق ئـەوان بەڕێوەیبەرن. ئەگەرنا ئەو کاتەی کە لە سەردەمی عەبدولعەزیز حەکیمدا ڕۆژی (8)ی مارس کە ڕۆژی ژنانی جیهانییە دەکرێت بە (18)ی ئاب, ئەمە سەرەتایەکە بۆئەوەی بزانین, کە شیعە چۆن بیردەکاتەوە, (8)ی مارس دەکـات بـە(18)ی ئاب ڕۆژی لەدایکبوونی (فاتمە الزهرا) ئەوان وەک مەسەلە ئایینییەکە دەڕوانن بۆ ئاڵوگۆڕەکانی عێراق, ئەوەندەی بە دیوە مەزهەبییەکەدا بیردەکەنەوە, شیعە لە زۆربەی ڕاگەیاندنەکانیاندا باس لە عەرەبی عێراق ناکەن, باسی شیعەی عێراق دەکـەن, کە لە (60%) عێراق پێکدێنن و باسی مەسەلەی ئایین و مەزهەب دەکـەن, ئـەوان ئەو ڕۆژە دەگۆڕن بۆ (18)ی ئاب بەبێ ئەوەی خواستی خەڵکی عێراقی لەسەر بێت و بەبێ ئـەوەی تەنانەت بخرێتە ڕاپرسییەکەوە, کەئایا خەڵکی

عێراق بەوە ڕازین؟ دوابەدوای ئەوەی ئەوخۆپیشاندانانەی, کە لە شارەکانی کوردستان دەکرێت بۆ فیدراڵیەتی کوردستان, بە چەند هەفتە دوای ئەوە ئەوان خۆپیشاندانیان کرد, کە نابێت خەڵکی کوردستان فیدراڵیەتیان پێ بدرێت.

(سیستانی) بەبێ ئەوەی لە(پێگەیەکی سیاسیدا بێت ) بڕیار لەسەر ئەوە دەدات, کە پێش وەخت هەڵبژاردن بکرێت, خەڵکی عێراق پێویستیان بەوە نییە سیستمی مەزهەب و خێڵ حوکمیان بکات, وەک ئەوەی (موقتەدا سەدر) بڕیار دەرکات و لەخۆیەوە شت بڵێت, خەڵکی عێراق پێویستیان بەوەیە, کە لە سیستمێکی دیموکراسیدا مافەکانی خۆیان وەچنگ بخەن, لێرەدا کورد بە مافەکانی خۆی بگات, بەڵام شیعە لە ئێستاوە نماییشی هێز دەکات, کە (8)ی مارسی گۆڕی و ئەگەر ئەوەی بۆچووە سەر, ئەوە بەدڵنیاییەوە هەموو بڕیارەکانیش لە هەڵبژاردنێکدا دەگەڕێتەوە بۆ خۆی, کە فیدڕاڵیەت بۆ کورد قبوڵا نییە. دواجار لەژێر ئەو بڕیارانەی کە لە لایەنی سەرکردایەتی کوردەوە, لەسەر ئەوان دروستبوو, بەهەڵپەساردنی چەند ئەندامانی کورد لە ئەنجوومەنی حوکمدا, کار گەیشتە ئەوەی کە ئەوان بکشێنەوە (نوێنەری کوردەکان) ناچاربون لە سەلاحەدین هێزە عێراقییەکان لەگەڵا سەرکردەکان کۆببنەوە, دان بنێن بە فیدراڵی بۆ کوردستان و بۆ سێ پارێزگای (هەولێر-سلێمانی-دهۆک) کەرکوکیش بۆ دوای هەڵبژاردنەکان بمێنێتەوە, ئەمەش فرۆفیلێکی سیاسییە, دوای هەڵبژاردن و دانانی دەستوور چ قسەیەک لەسەر کەرکوک دەکرێت ؟ قسەی ئەوە لەسەر کەرکوک دەکرێت با خەڵکی عێراق دەنگبدەن, یان خەڵکی کەرکوک دەنگبدەن لەسەر چارەنووسی خۆیان, لە کاتێکدا و بەپێی

ئەو ئامارانەی لە بەردەستدان, زیاد لە(200) هەزار خەڵکی عەرەب لە سایەی ڕژێمی بەعسدا ڕەوانەی کەرکوک کراوە,بەپێچەوانەشەوە ئەوەندە کورد لە شارەکەی خۆی دەرکراوە, لە حاڵەتێکی ئاوادا خەڵکی کەرکوک دەتوانن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن؟ بە گەڕانەوەی خەڵکە ڕەسەنەکەی کەرکوک بۆ شوێنی خۆیان کێشەیان بۆ دروست دەکرێت, تەقینەوەکانی (دوز)ی چەند مانگی ڕابردوو یەکێک بوو لەو قەیرانانەی کە دروست کرابوو, بۆئەوەی کورد وەک ناسیۆنالیستێک یان شۆڤینیەک بداتە قەڵەم, ئەوان ئەوکارەیان بۆیە کرد, کە شیعە و تورکمان لە کورد هان بدەن, تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی ئەوان دەیانەوێت,تورکمانەکانیش وەک مەسەلەی سیاسی و ناسیۆنالیستیی نەتەوەیی لە دژی کورد بەکاربێنن. گوایا ئەوان دەیانەوێت کەرکوک داگیربکەن, بەپێی هەموو بەڵگەنامە مێژووییەکان کەرکوک ناکرێت لە چوارچێوەی فیدراڵیەتی کوردستان نەبێت, و لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان دەربهێنرێت, بەڵام ئەوە شیعەکانن پێش ئەوەی تورکیا هانی تورکمانەکان بدەن بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن, ئەگەرچی تورکیا بۆ خۆی دەورێکی نێگەتیڤی هەیە لە ناوچەکەدا, ئێستاش خەو بە ولایەتی موسڵا و کەرکوکەوە دەبینێت و دەڵێت شارێکی تورکمانییە.

بەم پێیە شیعە دەیەوێت هەمان سیستمی کەمینە پیادە بکات, ئەگەر وا نەبووایە لە سەرەتاوە دەبووایە ڕازی بووایە بە بچووکترین مافی خەڵکی کوردستان, کە فیدراڵییەتە و تا ئێستاش داوای جیابوونەوەی نەکردووە, کە هەموو خەسڵەتەکانی جیابوونەوەی وڵاتێکی سەربەخۆی هەیە, ئەوە خاکە, زمانە,

بەرژەوەندی, لایەنی کەم داوای دەوڵەتی سەربەخۆ بکات, بەڵام سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بە بیانووی ئەوەی کە هێشتا بارودۆخ لەبارنییە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی, هێشتا وڵاتان و ناوچەکە و ئەمریکا و جیهان لە دژی ئەو دەوڵەتەن دواخراوە. جگە لەوەی بەڕاستی ئینتیمای شەخسی کورد بۆ خاک و نیشتمان بێهێزە, قسەی جیددی نییە لەسەر سیاسەتی سەرکردایەتیی کورد, برادەرێکی ڕۆژنامەنووس پێی وتم؛ گەر لێت بپرسم دەوڵەتی کوردی دروست بێت چی دەکەیت و چی دەبێت ؟ بەڕاستی پرسیارێکی, جوانە ئەگەر ئەو دەوڵەتە دروست بێت, ئێمە وای بۆ دەچووین ئەگەر لەسەر کتابەکانی (هەرێمی کوردستانی عێراق) ناو بەین, تورکیا و ئێران و سوریا پەلاماردەدەن, بەڵام ئەوان نەیانتوانی ئەو کارە بکەن,بە سێ مانگ جارێ لە پایتەختەکانی تاران و ئەنقەرە, دیمەشق کۆدەبوونەوە بۆ قسەکردن لەسەر هەرێمی کوردستان, دواجار ئەوە دەڵێم ئەوان کێشە و قەیرانەکانی ناوخۆیان زۆرە, ناتوانن قسە لەسەر خەڵکی کوردستان بکەن, هەریەکە لەو وڵاتانەی کە سنووری کوردستان و کوردیان بەسەردا دابەشکراوە, ئەوەندە کێشە و قەیرانیان هەیە ناپەرژێنە سەر ئەوەی تەنانەت لەگەڵ یەکتریشدا ڕێک بن, تەنها لەسەر دژایەتیی خەڵکی کوردستان و مەسەلەی دژایەتیکردنی کوردستان کۆکن, جگە لەوە ئەوان دژایەتیی یەکتر دەکەن, هیچ خاڵێک نییە لەسەری کۆک بن, وتمان ئەگەر حکومەت و پەرلەمان پێکبهێنین, ئەوان پێیان ناخۆشە. ئەوەشمان ئەنجامدا و ئەوان نەیانتوانی, وتمان ئەگەر ئاڵای کوردستان هەڵبکەین ئەوان پێیان ناخۆشە و ئەوەشمان کرد نەیانتوانی, ئەوە ناڵێم لە ورەی توانای

کوردەوەیە, بەڵام پێویستە قسەمان لەسەر ئەم کارانە هەبێت, پێویستە ئێمە گوتارێکی هاوبەشمان هەبێت, ئەوان وتیان با ئاڵای عێراقی لەگەڵدا بێت, ئەگەر ئەم تاکتیکانە بێت, ئێمە پێویستمان بەوەیە مافی سەربەخۆیی بەدەست بێنین, فیدراڵی شێوازێک نییە, کە هەموو مافەکانی خەڵکی لێوەی بەدەست بێنین و (100%) مافەکان دەستەبەرناکات, نموونەمان لەو جۆرە زۆرە, ئەو کاتەی ئەریتریا ویستی مافی فیدراڵی لەسەر دەستی ئەسیوبیا بەدەستبێنێت, لەگەڵ ئاڵوگۆڕی یەک لەدوای یەکی ڕژێمەکان, ئاڵای ئەریتریا هێنراوەتە خوارێ و زمانی ئەسیوبی دەکرێتەوە بە زمانی ڕەسمی, دین هەمان دینی ئەسیوبیایە و دەچەسپێنرێت و فیدراڵی هەڵدەوەشێنرێنێتەوە, لە سودانیش لە کاتێکدا فیدراڵی بۆ مەسیحییەکان دەستەبەر دەکرێت, بەڵام لەو کاتەی (جعفر نومێری) دێتە سەرحوکم, لەساڵی حەفتاکاندا ئەو فیدراڵییەتە هەڵدەوەشێنرێتەوە, دینی ئیسلام دەکات بە دینی ڕەسمیی باشووری سودان و مافەکانی پێشتریش, کە پێیاندراوە هەڵدەوشێنرێتەوە, هەروەها زمانی عەرەبییش دەکات بە زمانی ڕەسمیی مەسیحییەکان. دەبینین ئەمساڵ سودان و بەرەی باشوور لە کینیا دەگەنە ڕێککەوتنی, (ماشاکۆسی) لەگەڵ باشوورییەکان, لە کاتێکدا سودان سیستمێکی تۆتالیتاریی مەزهەبییە, ئامادەیە لەگەڵ باشوورییەکانی سودان ڕێکبکەوێت, کە (300)هەزار بۆشکە نەوت بۆ خەڵکی باشوور و باکووری سودان, کە موسڵمانن سەرفبکرێت, لە(2%)ی بۆ خەرجی, ڕازین بەوەی کە فیدراڵی بۆ مەسیحییەکانی باشوور دەستەبەربکرێت, تا لە چەند ساڵی داهاتوودا باشوورییەکان لەسەرخواستی خۆیان و لە دەنگدانێکدا جیاببنەوە, دیقەت بدەن سودان بەو سیستمەوە,

هەستی بەوە کردووە, کە پێویستە باشووری سودان فیدراڵی بدرێتێ. ئێمەی کورد وەک سودان نین, کە مەسیحی بین و عەرەبەکانیش ئیسلام بن, یان ئێمە (جوو) بین و ئەوان موسڵمان, تەنها کێشەی ڕووبەڕووبوونەوەمان هەموو ئەو چەوسانەوە و کوشتارانە بووە, بەرامبەرمان کراوە و تەنها ئێمە ئەوە بوو کە کوردبوین. هیچ جیاوازییەک و ناکۆکییەکمان لەگەڵ خەڵکی عێراقدا نەبووە, هیچ کاتێکیش مایەی مەترسی و هەڕەشە نەبووین بۆ سەر خەڵکی عێراق و یەکپارچەیی خاکی عێراق, بەپێچەوانەوە ئەوەندەی نەرمونیانی لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسیی کورد و حزبی کوردییەوە هەبووە, نیو ئەوەندە لەلایەن دەسەڵاتەکانی عێراقدا نەبووە, هەمیشە ئەوەیان وتووە, کە ئەمانە داردەستی دەرەکین, لە کاتێکدا بەپێچەوانەی هەموو ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و بەپێچەوانەی هەموو میللەتانی ناوچەکە, تەنها کوردە پیشتیوانی نییە, ئەوە تورکمانەکان, تورکیا بەرگریان لێدەکات, تەنانەت لە کاتی دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا, داوای جێگری حکومەتی هەرێم و داوای وەزارەتی ناوخۆیان بۆ دەکات! ئەوە مەجلیسی ئەعلایە, کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆرترین پیشتوانیی لێکردووە, ئەوە حزبە ئیسلامییەکانن کە ئاشکرایە ئێران چۆن بەهێزی کردن و ئەم حزبانە کێشەیان بۆ حکومەتی هەرێم و خەڵکی کوردستان ناوەتەوە, بەوەی ئەو حکومەتە علمانییە, ئەوە ناسرییەکانن, کە چۆن سوریا یارمەتیی تەواو و داڵدەی داون, ئەوە حزبەکەی عەلاوییە, کە چۆن ئەردەن یارمەتی دەدات, ئەوە وەهابییەکان کە سعودیە چۆن یارمەتییان دەدات و دۆلاریان بۆ دەنێرێت.

ئەوە خەڵکی کوردستانە، کە کام وڵات یارمەتی لە کاتی لێقەوماندادئەنێرێت، کە مەسەلەیەکی مرۆڤایەتییە و چووەتە مەسەلەی نەتەوەییەوە و قابیلی قسە و گفتوگۆ نەوبوە، بەڵام ئێستا دەبێت  ئەوان دەرک بەو مەسەلەیە بکەن، ئەگەر تورکیا بە نموونە وەربگرین لەو کاتەوەی کە ئەتاتورک دەوڵەتی تورکیای نوێ  دروستدەکات،لەسەر سیستمی کەمالیزم ئیش دەکات، پێیشی وایە نابێت دەست بخرێتە ناو کێشە دەرکییەکانەوە و پێیشی وایە ئاشتی لە ناوخۆدا ئاشتییە لەدەرەوە، بەڵام لەو کاتەوە کە( تورکوت ئۆزال) کە یەکێکە لەو ڕێبەرە تورکانەی، کە زۆر واقیعیانە بیری کردووەتەوە ویستی مەسەلەی سیاسیی خەڵکی کوردستانی تورکیا چارەسەر بکات، هەر ئەوەش بوو وای لێکرد لە پلانێکی نهێنیدا کوژرا، ئەو بەپێچەوانەوە باس لە تێوری عوسمانیی نوێ دەکات دەڵێت: ئێمە پێویستە لەدەرەوە دەوری سەرەکیمان هەبێت،  ڕۆڵی تایبەتیمان هەبێت، دوای کوشتنی ئەو، پیلانەکان دەست پێدەکاتەوە، بەتایبەتی لە ماوەی 13 ساڵی حوکمی خەڵکی کوردستاندا، تورکیا زۆرترین پیلانی هەیە. ئەوە تورکیایە کە تورکمانەکان هاندەدات بەوەی کە هەرشوێنێک قەڵایەکی تیابوو، ئەوە تورکمانستانە، بەوەی کە کەرکوک شارێکی تورکمانە، بەزۆر دەیەوێت کۆمەڵێک ئیمتیاز بۆ ئەوان ببچڕێنێت، لە کاتێکدا من دەڵێم، بۆچی تورکیا لە سەردەمی بەعسدا نەهات، بەدەم داخوازیی تورکمانەکانی عێراقەوە؟ لە کاتێکدا یەک حزبی تورکمانی پێش ڕووخانی بەعس نەبووە، هەتا پێش ساڵی 1991 یەک حزبی تورکمان نەبووە، بەئاشکرا ئیش بکات و خەبات بکات،

تەنانەت ئەو حزبە تورکمانانەی کە لەدوای ڕاپەڕین دروستبوون حزبە کوردییەکان یارمەتییان داون, لە کەناڵی کوردسات یارمەتی دراون بە پەخشکردنی بەرنامە, ئێستا دەبینن چۆن وەڵامی خەڵکی کەرکوک و کورد دەدەنەوە. یەکێک لە سیاسەتەکانی تورکیا ئەوەیە کە ئەو قەیران و کێشانەی لە وڵاتەکەیدا بنێرێتە دەرەوە, ئەگەر خۆمان ئیرادەیەکمان هەبێت و قسەیەکی جیددی بکەین لەسەر مافەکانی خۆمان, گەر تورکیا بە نموونە وەربگرین وەک وڵاتێکی دراوسێی عێراق و کوردستان, سنوورێکی پانوپۆڕی هەیە لەگەڵ کوردستاندا, تورکیا لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە هاوسنوورە جگە لەگەڵ جۆرجیا لەگەڵ ئەوانی تردا کێشەی سنووری هەیە, لەگەڵ ئەرمینیا کێشەیەکی لەمێژینەی هەیە, کە یەک ملیۆنونیو ئەرمەنیی لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا قەتڵوعام کرد, ئێستا لەسەر هەرێمی (ناگارنۆ کاراباخ) پشتگیری لە ئازاربیجان دەکات؟! لەگەڵ (قوبرس)دا کە لە ساڵی 1974 باکووری ئەو وڵاتە داگیردەکات,تا ئێستا لێی دەرنەچووە, لێرەدا لەسەر ئەو خاڵە دەوەستین, کە ئەگەر بێتو کەرکوک وەکو قوبرس داگیربکات, سبەینێ هیچ گریمانەیەک و ئەگەرێکی نییە, کە تورکیا لە کەرکوک دەربکات, دیقەت بدەن باکووری قوبرس لەو ساڵەی کە داگیری دەکات و دەیکات بە تورکنشین, (ڕەئوف دنکتاش) دەکات بە سەرۆکی و ناڕازییە لەسەر ئەوەی فیدراسیۆنێک پێکبهێنرێت لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا, ساڵانە مەسروفی زیاد لە چەند هەزار سەربازێکی تورک دەکات و ناکشێتە دواوە لەو وڵاتە. لەگەڵ یۆنان لەسەر دەریای (ئیجە)و قوبرس کێشەی هەیە, لەگەڵ ئێران لەسەر مەسەلەی

مەزهەبی کێشەی هەیە, لەسەر ئەوەی کە ئێران دەیەوێت ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە تقویە بکات, پێشتر هاوکاریی حزبوڵڵای تورکیای دەکرد. لەسەر ناوچەی بەڵقان و ئەودیوی قەفقاس کێشە و قەیرانی گەورەی هەیە, کە ساڵانە تورکیا زیاد لە(10)هەزار خوێندکاری ئەوان وەردەگرێت, تەنها بۆئەوەی فێری زمانی فارسی نەبن و ئێران نەتوانێت ڕایانبکێشێت بۆ لای خۆی, هەروەها ئێران تاوانبار دەکات بەوەی کە داڵدەی P.K.K داوە, لەگەڵ سوریا لەسەر هەرێمی ئەسکەندەرونە کێشەی هەیە. کێشەی P.K.K قەیرانێکی قووڵ و گەورەی هەیە, ئەمە بارودۆخی تورکیایە و بە هەمان شێوە ئێران لەگەڵ ئەفغانستان و وڵاتانی ناوچەکە کێشە و قەیرانێکی زۆری هەیە, سوریاش بە هەمان شێوە, جگە لەوەی لەگەڵ تورکیا و عێراق کێشەی P.K.K و کۆمەڵێک کێشەی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە, لەسەر بەرزاییەکانی جۆلان و کێشەی باشووری لوبنان, وڵاتانی ئەردەن و سعودیە خاوەنی کێشەی زۆرن, ئەگەرچی ئەوان سنووریان بە کوردستانەوە نییە, بەڵام ئەوان لەو پیلانانەی لە دژی خەڵکی کوردستان و هەرێمی کوردستان و عێراق دەگێڕدرێن بەشدارن, بەتایبەتی میسر وەک وڵاتێکی زلهێزی عەرەب ڕۆڵی نێگەتیڤ لەسەر ڕەوشی عێراق دەگێڕێت, تەنها کوێت ڕەنگە بەپێچەوانەی وڵاتەکانی ترەوە بێت, نەک پێی خۆشە عێراق ببێت بە سێ هەرێم, بەڵکو ببێت بە دە هەرێم لەبەرئەوەی خۆی قوربانیی سیاسەتەکانی بەعس بووە.

من بەش بە حاڵی خۆم دەڵێم خۆزگە بەعس لەماوەی ئەو چەند ساڵەی حوکمیدا هەرچەند ساڵ جارێک پلانێکی داڕشتایە

له دژی سعودیه و ئێران و کوێت تا بیانزانیبایه سیاسەتی بەعس چەند دڕندانەبوو, ئەوە واقیعەت و سیاسەتی کوێت نییە, کە ڕازییە لانیکەم فیدراڵیەت بدرێت بە کوردستان, بەڵام لە ئاست خەڵکی عێراق و کوردستاندا ئەوان هیچ قسەیەکی جیددییان نییە. لەبەرئەوە پێویستە ئێمە خوێندنەوە بۆ ئەو کێشانە بکەین, کە وڵاتانی دراوسێی عێراق هەیانە و قسەی جیددییان لەسەرخواستی خەڵکی کوردستان هەبێت. ئێستا کە باس لەسەر مەسەلەی فیدراڵی بۆ کوردستان و مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکرێت, کۆمەڵێک گریمانە و ئەگەری بێ بناغە دێننەوە, کە گوایا کورد دەیەوێت جیابێتەوە و بە پیلانی دەرەکی ئەمە بکات, ناوی دەنێن بە ئیسرائیلی دووەم, لە کاتێکدا کەخەڵکی کوردستان ئەم خواستە داوادەکات, نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ ژێر سیستمێکی هاوشێوەی سەدام و نایەوێت بچەوسێنرێتەوە,ببێتە هاووڵاتیی پلەدوو,نایەوێت ببێت بە قوربانیی سیاسەتی شیعە و سیاسەتی ئەو ڕژێمەی کە دێتە سەرحوکم لە عێراقدا, بەڵکو دەیەوێت خۆی لە هەرێمێکی ئازاددا بژی, خەریکی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەی بێت, بەڵام ئەمە بە ڕەوا نابینن و پێشموایە ئەمە لە چەند خاڵێکەوە سەرهەڵدەدات.

1- لە عێراقدا کورد بە دوژمن سەیرکراوە و هیچ خوێندنەوەیەکی واقیعیی سیاسییانە نەبووە بۆ مەسەلەی کورد, تەنانەت بۆ ئەو ڕۆحی لێبوردنەی کە تیایەتی.

2- ناواقیعیی سیستمی سیاسیی وڵاتان و ناوچەکەش, فاکتەرێکی سەرەکییە لەو نێوەندەدا کە هەمیشە لایەنەکانی

ناوخۆیان دالّدەی داوە و هەمیشە بەهێزیان کردوون, کە لە دژی خەڵکی کوردستان بن و ناڕازی بن بەم مەسەلەیە.

بەڵام ئێمە چۆن دەتوانین ئەم مافە بەدەست بێنین؟ ئەو ئاڵوگۆڕانە بەسەر عێراقدا دێن, کە کورد چی بکات باشە و چۆن کورد دەتوانێت, مافەکانی خۆی بەدەست بێنێت؟ لەم بارەیەوە قسەیەکی (گراهام ئی فولەر) سەرۆکی دەزگای (ڕاند)ی لێکۆڵینەوە سەر بە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بهێنمەوە, لە شوێنێکدا دەڵێت: (ئیتر کەس ناتوانێت مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشتگوێ بخات, چونکە ئەو مەسەلەیە بەزۆرخۆی سەپاندووە بەسەر مەسەلە سیاسییەکانی ئەو ناوچەیەدا) دەڵێت:( لە دەست وڵاتانی ناوچەکەشدا نەماوە. کە بڕیار لەسەر ئەوە بدەن مافی خەڵکی کوردستان ئەوە نییە, کە داوای سەربەخۆیی بکات, کورد چوارەمین و گەورەترین نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە, کە لە دەرگای دانپیانان و مافی چارەی خۆنووسیندایە, دیارە ئەمەش بۆ ئەو وڵاتانەی کە کوردی تیایە جێگای مەترسییە) ناوبراو کەسایەتیەکی ناسراوی ئەمریکییە و نووسین و بۆچوونەکانی دەور و نەخشی تایبەتیان هەیە, لەسەر سیاسەتی ئەمریکا. ئەو قسانەی ناوبراو خاڵی واقیعبینن لەسەر مەسەلەی کوردستان, گومان لەوەدا نییە, کە کورد (40)ملیۆنە و ئەگەر ئەم ژمارەیە بە کەم و زۆر حساب بکرێت, لانیکەم (35-40)ملیۆنە, لە کاتێکدا کورد پێش ئەو وڵاتانە بگەنە سەربەخۆییان بە مافی خۆی گەیشتووە. ئەو ئاڵوگۆڕەی کە بەسەر ناوچەکەدا هاتووە ئەو چانسەی لێ سەندووەتەوە.

بەم جۆرە دەتوانین داهاتووی کورد جێگەیەکی تایبەتی لە عێراقی داهاتوودا هەبێت. ئێمە بتوانین مافەکانی خەڵکی کوردستان دەستەبەر بکەین, پێویستە چی بکەین ؟ ئەو ڕێوشوێنانە چین بیانگرینە بەر, ئەو مەترسییانە چین, کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە پێویستە چۆن مامەڵە لەگەڵ سیاسەتی ناوچەکە و لەگەڵ ئەمریکادا بکەین, وەک زلهێزێکی جیهان و پێکهێنەرێکی ئاڵوگۆڕەکانی عێراق و ناوچەکە, هەروەها چەندین ئاڵوگۆڕی تر لەلایەن ئەمریکاوە, لە ناوچەکەدا لە ئاییندەدا, پێکدێنێت.ئەم سیستمە تۆتالیتارییایانە کە لە ناوچەکەدا حوکم دەکەن قابیلی ئەوە نین بمێننەوە.

هەریەکە لە کۆریای باکوور و ئێران و سوریا و عێراق, کە ئەوانە چوونەتە ئەو لیستەیەوە کە ئەمریکا دژایەتییان دەکات, پێویستە ئەو سیستمانە بگۆڕێت کە لە ناوچەکەدان, کە ئەمەش خاڵێکە لە قازانجی خەڵکی کوردستانە, تەنها سوریا لە ناوچەکەدا نییە لە دژی خەڵکی کوردستانە, کە چەندین پیلانی لە دژی کورد هەیە, بەڵکو چەند وڵاتێکی دیکەی ناوچەکە لە دژی خەڵکی کوردستانن, لەبەر ئەوە ئەو ئاڵوگۆڕانەی, کە ڕوودەدەن لە قازانجی خەڵکی کوردستانە و دەتوانێت دەرفەتیان لێوەربگرێت. (کارل مارکس) قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێت: (دەکرێت گەورەترین گۆڕانکاری لە ڕێگای شۆڕشەوە بێت). قسە لەسەر ئەوە نییە, کە ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی چەکداری یان کۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبیری بێت, هەرکامێکیان بێت, ئێمە توانیومانە لە خەباتی شاخەوە بگەینە ئەم قۆناغەی ئێستا, توانیومانە خەباتی چەکداری لە شاخەوە بگوێزینەوە بۆ شار, بەڵام قسە لەسەر ئەوەیە لە ماوەی (12)

ساڵی ڕابردوودا لەم ماوەیەدا نەمانتوانی حوکمێک و نموونەیەکی جوان بدەین, بە جیهانی دەرەوە, لەگەڵا ئەوەشدا کۆمەڵێک دەستکەوتی گەورەمان بەدەستهێناوە, شەڕی ناوخۆ زۆربەی دەستکەوت و ئیمتیازەکانی ئێمەی لەدەستدا, زۆربەی مافەکانی خەڵکی کوردستانی گەڕاندەوە دواوە, تەنانەت ئەو بڕوایانەی کە لەلایەن وڵاتانی جیهانەوە, بە ئێمەیان هەبوو نەماوە, سەرەتا مامەڵەیەکی تر لەگەڵا ئێمەدا هەبوو, بەڵام دواتر ئەو مامەڵەیە گۆڕا بۆ شێوەیەکی تر, کە ئێمە نەتوانین لەناو خۆماندا حوکمی خۆمان بکەین, کەواتە چۆن دەتوانین حوکمی خەڵکی کوردستان بکەین, چۆن دەتوانین داوای هەرێمی فیدراڵی و سەربەخۆیی بکەین.

لە دانیشتنەکانی چەند مانگی ڕابردوودا و لەو کاتەی ئەمریکا و ئەنجوومەنی حوکم باس لە فیدراڵیی پارێزگاکان دەکەن بۆ خەڵکی عێراق, سەرکردایەتیی کورد داوادەکات ئەو مافە(فیدراڵی) حەقی خەڵکی کوردستانە, (پۆل بریمەر) پێیاندەڵێت: ئێوە ئێستاش لەم شێوازەدان, پارێزگایەک بەدەست (ی.ن.ک) و پارێزگایەک بەدەست (پ.د.ک), ئێوە خۆتان هەرێمی پارێزگاکانتان هەیە و ئێوە بچن خۆتان یەکبخەنەوە.

ئەوە قسەیەکی جوانە, کە ئێمە نەمانتوانیوە لە ماوەی ئەو (12)ساڵە دا, ئەو کەلێن و خاڵە نێگەتیڤەی کە لەسەر ڕەوشی سیاسیی کورد هەیە یەکیبخەینەوە, وەزعی سیاسیی کورد لە ماوەی ئەو (12)ساڵەدا دەستکەوتی گەورەی بەدەستهێناوە, دوابەدوای ئەوانەش هێشتا کورد لە هەرێمەکانی دیکەی عێراق زۆر باشترە,لە هەموو پارچەکانی تر بارودۆخی باشترە, بەڵام

پێویستی بە کارکردن هەیە. ئەگەر جاران کورد لە زەڵیٚ و گرگاشیٚ وە خەباتی دەکرد, ئێستا لەناو پایتەختی عێراقدا خەبات دەکات, جاران بە چەند ڕۆژێک دەیتوانی بگاتە وڵاتێکی ئەورووپی یان بە چەندین ساڵا بتوانێت  بچێتە ناو کۆشکی سپییەوە, بەڵام ڕەنگە لە ئێستادا زۆر, ئاسان بێت  کە بە بۆینگی 747 بچێتە ناو کۆشکی سپییەوە, هەر ئەو مەترسییانەش دەبن, کە وا لە وڵاتانی ناوچەکە و گەلانی عێراق سوننە و شیعە دەکات دژایەتیی خەڵکی کوردستان بکەن, خەڵکانی وڵاتانی ناوچەکە پێیان ناخۆشە ئەوان لەگەڵ فەرمانگەیەک یان حکومەتێکی فیدراڵی کوردستان مامەڵە بکەن, بە ژێر ئاڵای کوردستاندا ڕەت بن, ئەوان فیزە و پاسپۆرتی کوردستان لە پاسپۆرتەکانیان بدەن, ئەوان ئەوەیان پیٚ هەرس ناکرێت. لە ئاییندەی عێراقدا ئەوان سنوورەکانیان لەگەڵا کوردستانە, سیٚ وڵاتی سوریا, تورکیا, ئێران سنوورێکی پانوپۆڕیان لەگەڵا خەڵکی کوردستاندا هەیە, ئێمە پێویستیمان بە چی هەیە بۆئەوەی بەو مافانە بگەین, لەو ئاڵوگۆڕانەی داهاتووی عێراقدا شوێن و پێگەی تایبەتیمان هەبێت و بتوانین مافەکانی خۆمان دەستەبەر بکەین؟ نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە, لەو کاتەی دەوڵەتی جوولەکە دروست دەبێت لە ساڵی (1948)دا, پێشتر هیچ شوێنێکی نەبوو, کە فەڵەستین ببێتە شوێن و دەوڵەتی جوولەکە, وەکو (هێرتزل لە کتێبەکەیدا ( نیشتمانێکی پەرت )دا باسی دەکات,  ئۆگەندا و ئەرجەنتین دوو وڵاتی تر بوون کە بکرێنە دەوڵەتی جوولەکە, خۆتان دەزانن فەڵەستین خاکی بنەڕەتیی جوولەکەیە, دوایی (1900) ساڵ توانییان ئەوە بەدەستبهێننەوە, بەڵام ئێمە لەدوای

ڕووخانی میدیاوە بە (2600) ساڵا نەمانتوانیوە ئەوە بەدەست بهێنینەوە, ناوبراو لەو کتێبەیدا باسی ئەوە دەکات لەو کاتەی ئەو کتێبەم نووسی, داوای دەوڵەتێکم کرد بۆ جوولەکە, ڕۆژێک کتێبەکەم دا بە هاوڕێیەکم, هاوڕێکەم گریا کە پێشتر دەوڵەتێکمان هەبووە, ئێستا هیچ مافێکمان نییە, ئێمەی خەڵکی کوردستان هیچ ڕۆژێک بۆ خۆمان نەگریاوین, کە ئەو دەوڵەتەمان لەدەست چووە و خەریکی کێشەی لاوەکی بووین, ئێمە پێویستمان بە هێرتزلێک هەیە بۆئەوەی دەوڵەتێکی کوردی دروستبکات. تەنانەت لە کۆنگرەیەک لە ساڵی (1898)دا لە شاری (بازل) لە سویسرا بەسترا, لەوێدا قسە لەسەر ئەوە کراوە کە دەوڵەتی جوولەکە دروست دەبێت, مارشێک و ئاڕمێک بۆ جوولەکە دروست دەبێت, ئێمە ئێستا خاوەنی ئاڕمێک و خاوەنی دروشمێکی تایبەتی نین, لەملا مەشخەڵان و لەولا سرودێکی بارزانییە, کە دوو دروشمن, ئێمە نەمان توانیوە سرودی ئەی ڕەقیب بکەینە مارشێکی خۆمان, ئەوانە هەموو کەموکوڕین و دەبێت مارشێکی تایبەتیمان هەبێت, وتارێکی یەکگرتووی کوردیمان هەبێت لەسەر مەسەلەی بەکوردستانیبوون, یەکێک دەڵێت, کەرکوک دڵی کوردستانە و ئەوی تریان دەڵێت قودسی کوردستانە, ئێمە پێویستمان بەوەیە کەرکوک یەکلابکەینەوە, دەست لە کوردستانیبوونی کەرکوک هەڵنەگرین.

چەندین سەرچاوە باس لە کوردستانیبوونی کەرکوک دەکات, کە لە ساڵی (1977)دا چاپکراوە, دیقەت بدەن ڕێژەی عەرەب لە (44%)ە دیارە ئەمە زۆر کراوە و کورد لە (37%)ە, تورکمان لە

(16%)ه, سەرژمێریی ئەو سێ نەتەوەیە لە ناوەندی کەرکوک, لە ساڵی (1997)دا بەم جۆرەیە. عەرەب (147.171),هەزار کورد (139.754), تورکمان (8.000), ڕێژەی کورد لەو ساڵەدا ئەو ژمارەیەیە, کە دەگاتە ڕێژەی (62ر37%) لە کاتێکدا لەو ساڵەی, کە بەعس دێتە سەرحوکم (1968) تاوەکو ڕووخانی لە ساڵی (2003) دا لە هەوڵی تەعریبکردنی کەرکوکدا بووە, هێشتا کورد ڕێژەکەی (37%) بەرامبەر بە عەرەب (39%) ئەمە قسە هەڵناگرێت کەرکوک تورکمانییە یان عەرەب یان کوردە, زۆرجار لەبەر خاتری تورکیا و شیعە و تورکمانەکان دەڵێین کەرکوک شاری هەمووانە, بەڵێ شاری هەموانە بەو پێیەی کورد خاوەنی ئەسڵی کەرکوکە, کەرکوک لەسەر هەرێمی کوردستانە و پێویستە ئەم شارە لە چوارچێوەی جوگرافی و هەرێمی دانیشتووانی کوردستاندا بێت.

بەلام ئەوانە بەو ڕێژە کەمەشەوە, کە لە (22%)ی ساڵی (1997) هێشتا دەڵێن, کەرکوک تورکمانە, ئەمە پێویستی بە وەلامدانەوەیەکی جیددی هەیە, کە ئەم سەرچاوانە وەلامی ئەوقسە بێ سەروبەرانەی تورکیا و تورکمانەکان دەداتەوە. بەپێی ئەم ئامارە ئەگەر ساڵی (2000) بە نموونە وەربگیرێت (2281) خێزانی عەرەب هێنراوەتە کەرکوکەوە, لە ساڵی (1981 تا 2002) (750ر208) عەرەب هێنراوەتە کەرکوک. بەعس لە سیاسەتی تەعریب و تەرحیل و تەبعیس دا لە کەرکوک دەوری هەبووە. بەدڵنیاییەوە هێندەی ئەو ژمارەیە کوردی لەو شارە دەرکردووە, ئەوە لە هەڵبژاردنێکدا یەکلا نابێتەوە, کە کەرکوکی کوردستانە

بەوەی کە تا ئێستا کوردی کەرکوکی بەتەواوی نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان جا بە هەرهۆیەک بێت, لێرە (سلێمانی) یان لە (هەولێر) کۆمەڵێک ئیمتیازی لەدەست دایە, بەوەی حوکمی ئارامی هەبێت  لە ناوچەکەدا بە حوکمی ئەوەی جێگا و ڕێگای نییە, چاوەڕێی ئیمتیازێک دەکات لە حزبەوە بیدرێتێ و چاوەڕێی ئیمتیازێک دەکات لە ئەمریکاوە بیدرێتێ, کە ئەمەش کێشەیەکە. ئێمە هەست بە لێپرسراوی ناکەین و لەو لاوە تورکیا ساڵانە ملیۆنەها دۆلار سەرف دەکات, بۆئەوەی ژمارەی تورکمانەکان لە کەرکوک زیادبکات. هەمان شێوە شیعەکان هەوڵی ئەوە دەدەن, لەبیرتان نەچێت  لە عێراقدا سێ پارێزگا ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەسەر جیۆپۆلیتیکی عێراق بە خاڵێکی گەورە حسیاب دەکرێت, ئەوانیش (بەغدا وەکو پایتەخت) و گردبوونەوەی دامودەزگاکان حیساب دەکرێت, کە دڵی دەوڵەتە, (کەرکوک) وەکو شادەماری ئابووریی عێراق حیساب دەکرێت, (بەسرە) تاکە ڕێگایە بۆ سەردەریا, لەدەستدانی هەریەکە لەو پارێزگایانە بە هەرڕێگایەک بێت کاریگەرییەکی سلبی (نێگەتیفی) دەبێت لەسەر ڕەوشی سیاسیی هەرێمەکە. لەبەرئەوەی کەرکوک شادەماری ئابووریی عێراقە پێویست نییە, لەسەر کوردستانیبوونی شاری کەرکوک موناقەشە بکرێت, کە ئێستا بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005 دواخراوە. پێموایە, لە سبەینێدا هیچ کام لەو هێزە سیاسییانە ڕازی نین بە کوردستانیبوونی کەرکوک, نە لە هەڵبژاردنێکی سەرجەم خەڵکی عێراقدا ئەوە دەستەبەر دەکرێت, نە لەوەش کە ئێستا خەڵکی کوردستان لەسەر ئەوە دەنگبدەن. ئێستا کوردی کەرکوک

مەترسیی ئەوە بکەن, کە لە ئێستادا بەشی زۆری کەرکوک کورد نییە, بەهۆی ئەو تەعریبەوە کە بەسەریدا هاتووە و زۆری کوردی کەرکوک, ئێستا لە هەندەرانە لە دەرەوە و خەڵکێکی زۆریشی تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە. تا ئێستا گوتارێکی یەکگرتووی کوردی نییە, ئەگەر گوتارێکی لەو جۆرە بەبێ مارشێک و سرودێک دەست پێنەکات, ئەوا ئاسان نییە بۆ هەموو سیاسییەکان و خوێندنەوەکانی تر بۆ کوردستان ئێمە ڕێکبکەوین, خاڵێکی تر ئەوەیە کە لە سیستمی تاکە حزبی دوورکەوینەوە, بەو جۆرەی کە تاکەحزبێک خەباتی کردووە و خاوەنی هەموو ئیمتیازەکانە. پێویستمان بە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و پلورالیزم هەیە, کە سیستمێکی فرەحزب کە سیستمێکی نوێ تیایدا بەرقەراربێت و مافی هاوولاتیبوون بدرێت بە خەڵک. ئەو گۆڕانکارییانەی باسمان کردن, کە بەسەر جیهان و ناوچەکەدا هاتووە, بەسەر عێراقیشدا هاتووە, قابیلی ئەوە نییە خەڵکی بخرێتە ژێر سایەی حزبێکەوە و بچەوسێنرێتەوە, قابیلی ئەوەیە زۆرترین ماف و ئازادییەکانی بۆ دەستەبەربکرێت, پێویستی بەوەیە کە بیمەی کۆمەلایەتی بۆ دابین بکرێت, پێویستی بەوەیە بەرگری لە مافەکانی بکرێت, ئێمە پێویستیمان بە کارێکی دیپلۆماسی چڕوپڕ هەیە, بۆئەوەی بتوانین لە ئالاوگۆڕەکانی, داهاتووی عێراقدا کورد پێگەی مەحکەمتری هەبێت. پێش شەڕی ناوخۆ کارمان بۆ ئەم چەمکە دەکرد و پەیوەندییەکی قووڵ و پتەومان هەبوو لەگەلا دەرەوەدا, تەنانەت وەزیری دەرەوە و چەندین وەفدی بیانی و ڕێکخراوەیی استەوخۆ مامەڵەیان لەگەلا خەڵکی کوردستاندا کرد, بەلام دوای شەڕی ناوخۆ لەو بارودۆخە

کشانەوە. ئێمە جالیەیەکی گەورەمان لەدەرەوە هەیە، بە پێچەوانەی هەموو وڵاتانی جیهانەوە نەمانتوانیوە ئاڕاستەیان بکەین و سوودێکی گەورەیان لێوەربگرین. ئەوکاتەی (لاتڤیا) سەربەخۆیی خۆی لە یەکێتیی سۆڤیەت بەدەستهێنا، جالیەکانی ئەو وڵاتە لە ئەورووپا بوون، ئەو وڵاتەیان هەڵساندەوە. بە تەنها وڵاتێکی هەژاری وەکو ( سۆماڵا) ساڵانە (900) ملیۆن دۆلار داهاتی ئەو هاوکاریەیە، کە خەڵکی سۆماڵا لە دەرەوەی وڵات بۆی دەنێرێت، تەنانەت ئێمە ئەو ڕێکخراو و ئینستیتۆ و دەزگا کوردییانەی، کە لە ئەورووپا دروست بوون پاشکۆی حزبەکانن,p.k.k ڕێکخراوێکی تایبەتی هەیە، ی0ن0ک و پ0د0ک و حزبی دیموکراتی ئێران ڕێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە حزب ئاڕاستەیان دەکات، نەک بەرگری بێت لە مافی خەڵکی کوردستان، نەک بەرگری بێت لە مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان.

خۆتان دەزانن کە کوردستان وڵاتێکی کیشوەرییە، واقیعەتی سروشتی ئەوەی پێ نەدراوە، کە لەسەر دەریا بێت، یەکێک لەو خاڵانەی کە پێویستە لەسەر ئێمە لەو ئاڵوگۆڕانەی لە داهاتووی عێراقدا و لە سەربەخۆیی کوردستانیشدا پێکدێت، پێویستمان بە مافی ترانزێت هەیە بۆئەوەی بپەڕینەوە، تەنانەت لە ئێستادا پێویستمان بە مافی ترانزێتی ئاسمان هەیە لە تورکیا وشوێنی دیکەوە، دوای دروستکردنی ئەو بوارانە و دروستبوونی ئەو کێشانە، تورکیا وتی من ڕێگە نادەم فڕۆکەکانی کوردستان، بە ئاسمانی تورکیادا تێ بپەڕن، چ ئەوەی دەریامان بداتێ، ئەوە یەکێکە لەو گریمانانەی کە دێتە بەردەم ئاییندەی خەڵکی کوردستان، مافی مرۆڤ یەکێکە لەو

چەمکانەی کە پێویستە قسەی لەسەربکرێت,دەسەڵاتی سیاسیی کوردی بەگرنگییەوە لێی بڕوانین, مافەکانی مرۆڤ یەکێکە لەو چەمکانەی کە لە جیهانی نوێ و سیستمی نوێدا (لیبراڵیزم) کە باسی دەکەین جێگە و پێگەیەکی تایبەتی هەبێت, پێویستە ئێمە زۆر بەجیددییەوە ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرین, ئەمە دەتوانێت ببێتە فاکتەرێک لە ڕەوشی سیاسیی کورد, پێویستە لەسەرمان کە تاکی مرۆڤی کورد بگێڕینەوە, بۆئەوەی ئینتیمایەکی تایبەتی بۆ خاک و نیشتمان هەبێت. شەخسیەت و فەردی کوردی زۆر بێموبالاتە بەرامبەر بە مەسەلەی ئینتیمابوون, ئینتمابوون یەکێکە لەو خاڵە جەوهەری یانەی کە پێویستە لەمرۆڤدا هەبێت, بە لایەنی کەم بە مافە کەسایەتییەکانیش, ئەگەر لەدەرەوەی لۆژیک قسە بکەین, واتە ئینتیمایەکی نەماوە, پێم وایە ئەوەش تاکە حزب ئەوەی دروستکردووە, ڕەنگە حزبی کوردی ئینتمای تاکی کوردی بێهێز کردبێت لەبەرامبەر مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەییەکانەوە, بەڵام جوولەکە بەهۆی ئینتیمابوونیان و بەهۆی بیرکردنەوەیان بەوەی دەوڵەتیان لەدەست داوە, لە ماوەی (1900)ساڵی ڕوابردودا ئەوەیان لادروست بوو, کە(هێرتزل)ێک دروست بێت و نیشتمانێک بنووسێت و دواتر حکومەتێکی جوولەکە لەسەر خاکی فەلەستین دروست بێت. پێویستە ئینتیمایەکی جیددیمان هەبێت بۆخاک و مەسەلە سیاسییەکان, تا بە مافەکانی خۆمان بگەین. بەستنی کۆنگرەیەک پێویستە بۆ حزب ولایەنە سیاسییەکان لە هەرچوار پارچەکەی کوردستاندا. پێشتر کۆنگرەی نەتەوەیی لە مەنفا ئیشی دەکرد, بەڵام دواجار نەیتوانی وەڵام بێت بۆ داخوازییەکانی

حزب و لایەنە سیاسییەکان, ئێستا کۆنگرە پێویستە بۆئەوەی ئەو حزبانە پرۆژەیەکیان هەبێت, کە بیخەنەڕوو, تا ئێستا نەمان توانیوە پەیوەندی لەگەڵ حزب ولایەنە سیاسییەکانی پارچەکانی تردا ببەستین, تا ئێستاش دژایەتییP.K.k و حزبی دیموکراتی ئیران دەکرێت, بەحوکمی ئەوەی تورکیا و ئێران قبووڵی ناکەن, پێویستە قسەمان لەسەر ئـەوە هەبێت, پێویستە ڕێوشوێنی ئەمنیمان هەبێت.

## (2)

پاش کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و شکستی خۆرهەڵات و هاتنەکایەی گلاسنۆستی پیترۆسریکای, یەکێتیی سۆڤیەت و ناوچەی بەڵقان, کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی زۆری بەخۆوە بینی و زیاتر لە (15 کۆمار) لە یەکێتیی سۆڤیەت و هەڵوەشاندنەوەی چیکۆ سلۆفاکیا- یۆگسلافیاشی لە بەڵقان لێکەوتەوە, ئاکام چەند دەوڵەتی تازە لە یۆگۆسلافیا دروستبوو, کە پێشتر بەزۆری زۆردارەکی لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە خرابوونە ناو چوارچێوەی یەک قەوارەی سیاسیی تۆتالیتارەوە.

لە کاتێکدا پێکهاتە ئیتنی و تایفی و مەزهەبییەکان لەنێوان گەلانی (بۆسنی, صرب, کروات, مۆنتینیگرۆ...) لێک جودا بوو, ئاکامیش ئەوەی بەدەستیان هێنا, گەڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی چەند ساڵەی خۆیان بوو.

ئەگەرچی مێژووی خوێناویی ڕووداوەکانی بەڵقان لەسەر دەستی صربە شۆڤێنی و دەمارگیرەکان, بەتایبەتی لە سایەی کەسایەتییە میلیتاریەکانی وەک (رادۆڤان کارادزیچ و سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ), کە قەتلاوعامی بۆسنە و کرواتەکانیان کرد, دواتر ئەم جینایەتانە بەسەر میلیتارییەکانی وەک (صربەکان لەپێشەوەشیان میلۆسۆڤیچ بووە و دواتر هێزەکانی (K-FOR)ی نێو دەوڵەتی بڵاوبوونەوە, سەروەرییان بۆ قوربانییەکانیان گەڕاندەوە و سنووریێکیان بۆ قەتلاوعامی صربەکان دانا, ئەوەیشی کە دەیبینین ئەوەیە بەڵقانێکی ئارام جێگیر بووە.

لە سەرەتاوە با بپرسین بۆچی ئەگەری ئەوە هەیە, سیناریۆی (ئەفغانستان) لە (سێگۆشەی سوننی) و سیناریۆی(لوبنان) لە (باشووری عێراق) و سیناریۆی (بەڵقان) لە (کوردستانی عێراق) دووبارە ببێتەوە..؟ ئەوە کام مەترسییە لەپاڵ (بەئەڵقەنەکردنی کوردستانی عێراق؟).

ئەو دوو دێڕەی سەرەوە ، بە قسەی (سەعید قەیسی) نووسەری شۆڤێنیی عەرەب، مەترسی و ڕەشبینیی دیپلۆماتێکی بەریتانییە سەبارەت بە عێراق و کوردستان، گەرچی من پێموایە ئەوە خودی بۆچوونی (سەعیدقەیس)ە و ئەم نووسینەش شیکردنەوەو بەدرۆخستنەوەی نووسینەکەی ناوبراوە, کە بەم نزیکانە لەژمارە(1426 ) ی گۆڤاری (الوگن العربی ) لەژێر ناوی (مەترسییەکانی نەخشەی بەبەڵقانکردنی عێراق لەلایەن کوردەکانەوە ) و (موسادی ئیسرائیلی لە کوردستان چی دەکەن..؟) بڵاوکراوەتەوە.

نووسینەکە پڕیەتی لە هەستی شۆڤێنی و ڕاسیزمانە دژی کورد و دروستکردنی قسە و نەخشەی بێمایەو پڕوپوچ، کە کورد ئاگای لێی نییە و خودی نووسینەکەش, جگەلەوەی دەیەوێت بڵێت کوردەکان بە هاوکاریی واشنتۆن بەتایبەتی باڵی (هەڵۆ) کانی کۆنگرێس و حوکومەتی بوش, بەتایبەتی پۆل وۆلفۆویتز و موسادی ئیسرائیل دەیانەوێت دەوڵەتی کوردستان دروستبکەن, کەرکوک بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و دەڵێت. تا ئێستا زیاتر لە(10000 ) هەزار عەرەب لە کەرکوک دەرکراون, پێیوایە ئەوە کەرکوکە دەبێتە سەرچاوەی سیناریۆی سەرایڤیۆ لە عێراق, بەڵگەشی ئەوەیە دەڵێت،. لەپاش بڕیاری (1456) ی ئەنجوومەنی ئاساییش ، نەخشەیەکی نهێنی هەبووە لەنێوان هەڵۆکانی پێنتاگۆن و کوردەکان و فراوانکردنی نفوزی کوردەکان, لە کەرکوک بۆ فراوانکردنی زەویی کوردەکان و دەرکردنی عەرەبەکان, نووسەری شۆڤێنی پێیوایە ئەم کارانە ئاکامی خراپی دەبێت, سەرئەنجام شەڕێکی ناوخۆیی و پێکدادانی نێوان ڕەگەز و ئیتنیک و مەزهەبە جۆراوجۆرەکانی لێدەکەوێتەوە.

دواتر دەڵێت: دوایین ڕاپۆرت ئەوە ئاشکرا دەکات، کە کوردەکان خەریکی گۆڕینی دیموگرافیای شاری کەرکوکن, بە دووشێوە یان دوو سیناریۆ، یەکەم بە ڕاگواستن و دەرکردنی عەرەبەکان و کردەوەی تیرۆرستی, دووەم بە سەرنجڕاکێشانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هاتنەناوەوەی هێزە نێودەوڵەتییەکان وەکو سیناریۆی سەراییڤۆ.

ئەو دەڵێت : کوردەکان ئێستا لەگەڵا باڵی هەڵۆکانی پێنتاگۆن. پرۆژەیەکیان هەیە. بە گەڕانەوەی کوردەکان و دواتر سەرژمێرییەکی گشتی.

ئەگەرچی ئەم سەرنج و بۆچوونانە بۆ کورد تازە نین و دوژمنایەتییەکی سەیریش نییە ، بەڵام باش وایە بپرسین، سیناریۆی ئەفغانستان لە سێگۆشەی سوننی باشترە یان ئەو تیرۆر و قەتڵوعامەی تیرۆرستەکان فەللوجە, سێکوچکەی سوننیان کردووتە جێگەی تەراتێنی خۆیان و نائارامیی عێراق، ئایا ئەفغانستانی ئێستا باشترە یان سەردەمی تالیبان و ئەلقاعیدە..؟

ئایا سیستمی پێکهاتەو هەیکەلی دامەزراوەی لوبنان لەنێوان (مەسیحی و شیعە و سوننە) باشترە، یان حوکمێکی تاکڕەو و خۆسەپێن لە باشووری عێراق؟

ئایا ناوچەی بەڵقان لە سەردەمی شەڕو قەتڵوعامی میلۆسۆڤیچ باشتر بووە یان ئێستا، کە ئارامی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە و بۆسنی و کرواتەکانیش لە دەست شۆڤێنزمی سربەکان ڕزگاریان بووە, ناوچەیەکی ئاسوودە لە ئەورووپای خۆرهەڵات دروست بووە...؟

پاشان سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی و دیموگرافی و ئیداریی شاری کەرکوک, حەق وایە بپرسین: ئایا بەڕاستی کورد ئەو کارانەی کردووە لە کەرکوک؟ خۆ گەر کردبێتی کارێکی ئەخلاقی و نەتەوەیی کردووە و هیچ پاساو و گومانێکیش, ناتوانێت خۆ لەو ڕاستییە لابدات, کە کەرکوک شارێکی مێژوویی کوردستانە, خاکی کوردەکانە, لای عەرەبە شۆڤێنییەکان و دوژمنانی کورد سیناریۆیەک هەیە هەموویان دووبارەی دەکەنەوە, ئەویش ئەوەیە, کەی زانییان ناتوانن بە شێوەی مەنتیقی و دیالۆگ لەگەڵا کورد قسە بکەن, ناوی ئەمریکا و ئیسرائیل, CIAو موساد, دێننە ناو گەمەکانەوە, تا هەستی ناسیۆنالیزمی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بجووڵێنن بۆ دژایەتیی گەلی کورد.

هەر بۆیە نووسەر ناوونیشانی بابەتەکەی دەکاتە «موساد چی دەکات لە کوردستان؟».

دیسان لێرە ئیستێک دەکەین و دەپرسین:

بۆچی بۆ ئوردوون شەرمەزاری نییە, سەفارەتی تەلئەبیب هەبێت و دژایەتیی فەلەستینیەکان بکات, کە تەنیا چەند کیلۆمەترێک دوورە؟

بۆچی بۆ سۆمالا و ئەریتریا هیچ مایەی گومان نییە, پەیوەندیی سیاسی, دیبلۆماسی و بازرگانی لەنێوانیاندا هەبێت؟

بۆچی بۆ یەمەنو عەلی عەبدوڵڵا صالح عەیب نییە, لە کاتی یەکگرتنەوەی هەردوو بەشی باکوور و باشوور و شەڕەکانی لەگەڵا عەلی سالم البیچ, داوای هاوکاری لە هێزی ئاسمانیی ئیسرائیلی و کۆماندۆ بکات, بۆ کۆتاییهاتن بەو جەنگە؟.

بۆچی بۆ پاکستانی ئیسلامی نەنگی نییە, نوێترین چەک و بەرنامەی چەکسازیی ئیسرائیلی بکڕێت لە دژی ڕەقیبەکەی (هیندستان).؟

بۆچی بۆ دانیال ئارامبۆی عادیە, هاوکاریی ئیسرائیل بکات بۆ دەستگیرکردنی ئۆچ ئالان ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان و تەسلیمی تورکیای بکەنەوە..؟

بۆچی بۆ تورکیای عەلمانی لە سایەی (پارتی عەدالەت و گەشەپێدانی ئیسلامیی تورکیا)دا شەرمەزاری نییە, ئاسمانی تورکیا ئاوالا بکات بۆ ڕاهێنانی فڕۆکەوانە ئیسرائیلییەکان و سالانەش نوێترین چەکی ئیسرائیلی دەکڕێت, بۆ کوشتاری خەڵکی موسڵمانی کورد؟.

ئەم پرسیارانە تا ئێستا سەدان جار لە جیهانی عەرەب و ئیسلام کراون, بەڵام ئەمەیە چەمکی «بانێکە و دوو هەوا»و ئەوەی بۆ ئەوان حەڵاڵە بۆ کورد حەرامە.

هەرچی دەمێنێتەوە سەر هاوکاریی کورد و واشنتۆن, هێشتا جگە لەوەی کورد, گلەیی لە پشتگوێخستنی زۆربەی داواکارییەکانی کورد هەیە. لەبەرئەوەی تاکە هاوپەیمانی ڕاستەقینەی واشنتۆن لە ناوچەکەدا کوردە و زۆریش ئاساییە, گەر واشینتۆن لەگەڵا سەرکردایەتیی سیاسیی کورد, هاوکاری و هەماهەنگی بکات.

لە کاتێکدا هێشتا واشنتۆن قەرزاری کوردە بۆ ئەو هاوکاری و پشتیوانییەی کردوویەتی, لە پرۆسەی ئازادیی عیراق و ئاشتی و ئارامی لە هەرێمی کوردستاندا.

لە کاتێکدا کورد تەحەددای گشت لایەک دەکات لە ماوەی یەک ساڵا و سێ مانگی ڕابردووی پاش ڕووخانی ڕژێمی تۆتالیتاری بەعسدا. تاکە یەک سەربازی ئەمریکی لە هەرێمی کوردستان کوژرا بێت. یا تیرۆر کرابێت. ڕێک بەپێچەوانەی ناوچە عەرەب و موسڵمانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عەرەبی. کە زیاتر لە(1000) سەربازی ئەمریکی تیرۆر کراون؟.

کەچی لە هەموو کاتێکدا لە کوردستان گوڵباران کراون و لە عێراق گوللەباران کراون..

لە کاتێکدا ئێمە دەتوانین هێشتا گلەیی ئەوە بکەین, لە واشنتۆن. کە ئایا کورد بەقەدەر ئەریتیریا هەقی بەسەریەوە نییە, هاوپەیمانی نییە، داوای هاوکاریی زیاتر و سەربەخۆیی لێبکات.؟

ئایا بەقەدەر تەیموری خۆرهەڵات و زیاتریش مافمان نییە, هاوکاریمان بکرێت و دەوڵەتی سەربەخۆمان هەبێت و

سەرکردەکانی ئێمەش وەکو (شاناناگۆسماو)خەڵاتی ئاشتی وەرگرن و گوێ لە داوای گەلەکەیان بگیرێت..؟

ئایا بەقەدەر بۆسنییەکان، مافمان نییە و خەباتمان نەکردووە و قوربانیمان نەداوە، تا شایانی هاوکاری و پرۆژەی دەوڵەتی سەربەخۆبین؟

ئێمە باش لەم هاوکێشە سیاسییانە دەگەین, دەتوانین ڕەهەندە جیاوازەکانی بخوێنینەوە، بەڵام هێشتا پێمانوایە کورد نایەوێت ببێتە فاکتەری سەرەکیی قەیران, بەم شێوەیە لە عێراق و پارچەپارچەکردنی ئەم وڵاتە و هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ و شکستی پرۆژەکانی واشنتۆن لە عێراق و ناوچەکە و تێکدانی ئارامیی ناوچەکە و ڕاست دەرچوونی درۆ و چەواشەکارییەکانی سەعید قەیسی و هاوڕا و هاوشێوەکانی.

گەر کاتی خۆیشی هات بێگومان مەسەلەکە حەقێکی مەشروعیی گەلی کوردە, سەبارەت بە شاری کەرکوک و کوردستانیبوونی ئەو شارە گومانێک نییە, ئەوەش کە دەڵێت تائێستا نەک دە هەزار بەڵکو پێویستە هەموو عەرەبە هاوردەکان, کە بە (عەرەبی دە هەزاری ) ناسراون کەرکوک جێبهێڵن و بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، کە لە کاتی حوکمی بەعسدا بۆ تەعریب و تەرحیلی ئەم شارە لە کوردەکان هێنرابوون, خاکی کوردەکانیان داگیرکردبوو، ئەوەشی کە بە ڕەسەن خەڵکی شارەکەیە بە کورد و تورکمان و عەرەب وکلدان و ئاشوورییەوە, مافی خۆیەتی لە کەرکوک دابنیشێت, بەڵام کەرکوکێک کە دوا ڕۆژ دەخرێتە ژێر سایەی هەرێمی فیدراڵی کوردستانەوە, ئەو پێکهاتە و ئیتنیک و ڕەگەزە جۆراوجۆرانە ،گشت مافێکی سیاسی، کولتووری، فەرهەنگی و ئیدارییان دەبێت, وەکو هاووڵاتییەکی کوردی پلەیەک سەیردەکرێن.

بۆ ڕاستیی وەڵامی سەعید قەیسیش دەکرێت, چەند ئامارێک بێنینەوە, کە ڕاستیی کوردبوونی کەرکوک و تەعریبی بەعس دەکات. بەعس بۆ گۆرینی سیمای دیموگرافی و دانیشتووانی کەرکوک، هەمیشە لە هەوڵی سڕینەوەی ئاسەواری کورد بووە لەم شارە. بۆیە دەکرێت بڵێین،. بەپێی سەرچاوەکانی ئامارە :

ساڵی (1981 ) ،(4590 ) خێزان کە دەکاتە (30006) کەسی عەرەبی هێناوەتە کەرکوک و ئەم ژمارەیە, لە ساڵی (1988 ) دا دەگاتە (5346 ) خێزان و (24536 ) کەس و ساڵی (2002 ) (1600 ) خێزان و(9700 ) کەس.

بەپێی ئامارەکان کۆی هاوردەی عەرەب, لەساڵی (1980– 2002 ) گەیشتووەتە (36912 ) خێزانی عەرەب, کەکردوویەتییە (208750 ) کەس و ئەمیش ڕێژەیەکی خەیاڵییە. بەڵام بەعس هەر بەوە وە نەوەستاوە، بەڵکو لەپاڵ هێنانی عەرەب و پێدانی پارە و ئیمتیازی تایبەت و دروستکردنی خانوو بۆیان ، چەکداری کردوون و هەڕەشەیان لە کوردە ڕەسەنەکان دەکرد, گوندەکانیان پێ چۆڵدەکرا. بە واتایەکی تر. بەعس چۆن خەریکی هێنانی عەرەب بوو بۆ تەعریبکردنی کەرکوک. لە هەمان کاتدا بە هەمان شێوە لە هەوڵی دەرکردنی کورد بوو.

لە بارەیەوە دەکرێت بڵێین بەعس لانیکەم بەو پێیەی چەند ئامارێک لە بەردەستدان (115972 ) هەزار کوردی, لە کەرکوک دەرکردووە و عەرەبی خستووەتە شوێنیان.

بۆ ڕاستیی ئەم قسانە خوێنەر دەتوانێت سەرنج لە قسەکانی بەختیار ئەمین وەزیری مافەکانی مرۆڤی عێراق بدات. سەبارەت بە کەرکوک دەڵێت :

(شەمسەدین سامی – لە قاموسی ئیعلامی عوسمانیدا) دەڵێت:

(78 % ) ی دانیشتووانی کەرکوک کوردن و نووسراوێکی نهێنیی ئەمنی عامی بەعسیش, لە ساڵی (1977 )دا دەڵێت (98 %)ی شاری کەرکوک کوردن و پێویستی سیاسەتی تەعریب زیادبکرێت,بەختیار دەڵێت لانیکەم لەو (182000 ) کەسەی بەعس ئەنفالیکردن ( 150 000 ) کەسیان خەڵکی کەرکوک بوون, سنووری جوگرافیی کەرکوک بەشێوەیەک بەرتەسککرایەوە, لە (19000 ) کم. بە دابڕینی قەزا و ناحییەکان کرایە (9000 ) کم و ئەو دەڵێت : سەرژمێریی ساڵی (1957 ) بەبەڵگەوە باس لەوە دەکات, کەرکوک شارێکی کوردستانییە و عەرەب ساڵی (1937 )هاتوونەتە ئەو شارە.

نووسەری شۆڤێنی (سەعید قەیسی) تەنها بە کوردستانی عێراق ناوەستێت و دەڵێت: ئەوان هەوڵی تێکدانی ئێران و سوریاو تورکیاش دەدەن, ئەم پەیوەندییانەی کورد و ئیسرائیل ئاکامی مەترسیداری هەیە, هەڕەشە لە یەکپارچەیی خاکی عێراق و جیابوونەوەی کوردەکان دەکات, ئاکامیش دەوڵەتی کوردستان پێکدێت و بەمەش (ئیسرائیلی دووەم) لە ناوچەکەدا دروست دەبێت, لەسەر سنووری نێوان عێراق, ئێران, تورکیا, سوریا.

نووسەر هەستی شۆڤێنیی خۆی ناشارێتەوە و دەڵێت: پێدەچێت ئاکام شەڕێکی ناوخۆ لە نێوان کوردەکان و عەرەبە شیعە و سوننەکان,کەمە نەتەوەییەکانی تر بەرپا ببێت, ئەم نەخشە و پیلانانەی کە کوردەکان بە هاوکاریی باڵی هەڵۆکان لەکۆشکی سپی جێبەجێدەکەن, ئارامیی ناوچەکە تێکدەداتو نەخشەی سەرلەنوێی ناوچەکە دەگۆڕێت, ئەمەش کارتێکە بەدەستی واشنتۆنەوە بۆ کۆتاییهاتن بە ڕژێمەکانی ئێران و سوریا بە وهاوکاریکردنی گروپە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانی ئەو دوو وڵاتە.

بەم شێوەیە, نووسەر چەندین سیناریۆ دروستدەکات, کە کورد لێیان بێئاگایە, بەڵام ئەوە بۆچوون و سەرنجی بەتەنها نووسەرێک و گۆڤارێکی عەرەبی نییە, بەڵکو ئەمە هەمان بۆچوونی زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە و عەرەبە  دژی گەلی کورد.

بەڵام مێژووی سیاسیی گەلی کورد. پڕیەتی لە کارەسات‌و قوربانی و هـەزاران سیناریۆی دوژمنکارانەی وا, کە ناتوانێت لە بەدیهێنانی مافەکانی پاشگەزی بکاتەوە, ئاکامیش دەبێت بە ئامانجەکانی بگات, ئەم سیاسەتە چەواشەکارییە بەر پێبگرێت و ڕیسوای بکات. بەڵام ئەوەی گرنگە بوونی ئیرادەیەکی پتەو و خوێندنەوەیەکی واقیعییە بۆ ڕووداو و ڕەهەندە سیاسییەکانی جیهان و ناوچەکە.

**سەرچاوەکان:-**


مجله الوطن العربی, عدد 1426, تموز, 204. ص-16 17.

خلیل اسماعیل محمد, اقلیم کردستان العراق, اربیل, 1998.

مجله الشرق الاوسط.

دیدارێک لەگەڵا بەختیار ئەمین, کوردستانی نوێ, ژ3271.

ئامارەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارە و ئەنفال.

ڕاپۆرتی کەناڵی الجزیرە لەسەر بۆسنیا و سربستان.

## (3)

تیۆرێکی سیاسی هەیە پێی وایە بە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی تۆتالیتاریی بەعس، کێشە و قەیرانە ئەتنیکی و تایفی و مەزهەبی و سیاسییەکانی عێراق کۆتاییان هاتووە،و عێراق دئەتوانێت ئەزموونێکی نوێ دەستپێبکات و خۆی ڕێکبخاتەوە. گەر ئەم شێوەیە تا ڕاددەیەکی زۆر گەشبینانە بێت و هەوڵێک بێت بۆ مۆدێرنیزەکردنی عێراق و پێکهاتنی مۆدێلێکی نوێ لە ناوچەکەدا، کە چەمکی دیموکراسیزم و پلورالیزم جێگە بە چەمکە تۆتالیتاریی و تاکڕەوەکان لەق بکات، بەڵام خودی پێکهاتەی ناهۆمۆجینی دابەشبوونی عێراق، هێشتا گریمانەیەکە هەڕەشە لەو ئەگەرەی سەرەوە دەکات، وەکو چۆن لە ماوەی (83) ساڵی ڕابردوودا، حوکمی کەمینەی سوننەی عێراقی کۆنترۆڵ کرد،و گشت ئەتنیک و تایفییەکانی تری لە هەموو مافە سیاسی و ئینسانییەکان بێبەری کرد،و بۆ پاراستنی ئیمتیازەکانی هەموو شێوازەکانی

ئاپارتایدی سیاسی، جینۆساید و تراژیدیای بێوێنەی گرتەبەر، ئێستاش هەمان ترس ڕەنگە خۆی دووبارە بکاتەوە، بەڵام ئەم جارە بە فۆڕرمی دینیی مەزهەبییەوە لەسەر دەستی زۆرینەی (شیعە)، لە ئێستادا بە بۆچوونی من گەورەترین مەترسی لەسەر دروستبوونی عێراقی نوێ و بەدیهێنانی مافەکانی گەلانی عێراق لە ئێستادا، شیعە ناکرێت ئەو واقیعە لەبەرچاو نەگیرێت و قبووڵ نەکرێت، کە شیعە وەکو پێکهاتەی نەتەوەیی مەزهەبی زۆرینەی پێکهاتەی عێراقە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هەموو مافەکان بدات بە خۆی و وەکو ئێستای بیر بکاتەوە. با بپرسین شیعە چ تیۆرێکی بۆ عێراق هەیە..؟

شیعە دەیەوێت وڵاتێکی ئیسلامیی شیعە مەزهەب بێت لەسەر مۆدیلی هاوشێوە شیعە ئێرانییەکەی سیستماتیزە بکات، و هەمان مۆدێل بگوازێتەوە ناو پێکهاتەی سیاسیی عێراق، شیعە دەیەوێت دیموکراسی و هەڵبژاردن لە عێراقدا هەبێت، بەڵام لەگەڵ مەفهووم و ناوەڕۆکی ئەم دوو چەمکەی سەرەوە نییە، بەڵکو دەیەوێت ئەم چەمکە وا ئاڕاستە بکات، کە لە بەرژەوەندیی خۆیدایە، دیموکراسی و هەڵبژاردن ببێتە یەکلاکردنەوەی زۆرینە و کەمینەی بۆچوونەکان بەڵام ئامادە نییە، سیستمێکی عەلمانیی مەدەنیی پلورالیست قبووڵ بکات.

بێگومانیشم گەر شیعە زۆرینە نەبێت، هەرگیز گەمەی دیموکراسی و هەڵبژاردن قبووڵ ناکات، چونکە شیعە وەکو مەزهەب و ڕوانینی بە دیوە مەزهەبییەکەیدا، هەمیشە لەسەر ڕابردوو دەژی و زیاد لەسنوور پەیوەستە بە عادات و تەقالیدو

سرووته دینییەکانەوە. هەر لە چیرۆکی ئیمامی عەلییەوە تا دەگاتە حەسەن و حسێن و چیرۆکەکانی تری وەک پیرۆزکردنی نەجەف و کەربەلا و کازمیە.. وەکو سیمبولی ڕابردوو ئێستا و داهاتووی شیعە, بۆیە گەر شیعەیەک ئامادە نەبێت دەست بەرداری هەموو ئەم سیناریۆ و بیرکردنەوانە بێت, ئیتر چۆن دەتوانرێت عێراق لەسەر دەستی زۆرینەی شیعە ئاسوودە بێت؟ پاشان با بپرسین شیعە بەچ مافێک ڕازییە بۆ سوننە، بۆ کورد بۆ ئیتنیک و ئایینزاکانی تری عێراق؟ ئایا ئامادەیە فیدراڵی بۆ کورد قبووڵ بکات؟ لەم بارەیەوە دەمەوێت سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕابکێشم, هەر لە کۆبوونەوەی سەلاحەدینەوە تا ئێستا شیعە و باڵەکانیان فیدراڵییان ڕەتکردووەۆتەوە, یان بیانویان بۆ هێناوەتەوە و تا ئێستاش بۆچوونی ڕوون و ئاشکرایان نیی یە, لەسەر مەسەلەی کورد و فیدراڵی شیعە لەڕووی ئیتنیکەوە مامەڵە لەگەڵ کورد دەکات, و دەیەوێتێ خۆی بە خاوەنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و عێراقی بزانێت, بە پێچەوانەوە لەگەڵ سوننە و شالایار مەزهەبی و دینییەکانی تر, لەسەر ئەساسی مەزهەبی مامەڵە دەکات,و هەموو ئیمتیازەکان بۆ شیعە دەگێڕێتەوە, با بپرسین: شیعە ئامادەیە وەزارەتی کاروباری ئیسلامی بگۆڕێت بۆ کاروباری دینی, بە واتایەکی تر وەزارەت جێگەی ئایین و مەزهەبەکانی تری تیادا بێتەوە, گەرچی ئەم مەسەلەیە تا ئێستاش یەکلالا نەبووەتەوە بەڵام هەرگیز شیعە ئامادە نییە, دەست بەرداری ئەم مافە بێت پاشان شیعە و باڵی ئیسلامی دێن, ڕۆژی (8 مارس) ڕۆژی جیهانی

ژن زەوت دەکەن و (18) ئاب ڕۆژی لەدایک بوونی فاتیمەی زەهرا دەکەنە ئەڵتەرناتیڤ, لە کاتێکدا (8 مارس) ڕۆژی ژنانی نێو دەوڵەتییە مەسەلەیەکی ئینتەرناسیۆنالە, بەڵام شیعە ئەم مەسەلەیە بەرتەسک دەکاتەوە و بۆ تەقسێکی دینیی بەرتەسک, بۆیە گەر مەسەلەکە بەدیوی دیموکراسی دا سەیربکەین, شیعە بۆ فەراهەمکردنی بە دەستهێنانی زۆرینە دیموکراسی قبووڵە, بەڵام هەرگیز لەگەڵا ناوەڕۆکی ئەم چەمکە تەبا نییە, لەم نێوەندەدا شیعە دەیەوێت زۆرجار تاکتیکانە ڕەفتار بکات, بەڵام لەسەر هاوکێشەیەکی بەرژەوەند خوازانە بە واتایەکی تر شیعە دەیەوێت لەگەڵا سوننە بلۆکێک بێت, لبە دژی ناسیۆنالیزمی کوردی. بەهەمان شێوە ئەم تاکتیکە لەگەڵا تورکمانە شیعەکانیش پیادە بکات, وەکو چۆن لە چەند مانگ لەوەو پێش لە ڕووداوەکانی تەقاندنەوەی مەرجەعێکی شیعە لە دوز و ناوچەکانی کەرکووک ئەم هاوکێشەیەی بە قازانجی خۆی بردە پێش و ڕووکەشێکی سیاسیی تاکتیکانەی مەزهەبی دایە قەیرانەکە. بەم شکڵە شیعە تا دوا(کارت) لە هاوکێشەکاندا گەمەی سیاسیی تاکتیکانە دەکات, بۆ گەیشتن بە ستراتیژی دەسەڵاتی مەزهەبی و نەرم و نیان مامەڵە دەکات بەڵام گەر هاوکێشەی بە خواستی ئەو ڕێیان نەکرد, زۆر دوور نییە پەنا بباتە بەر توندوتیژی و دەسەڵاتی تاک ڕەویانە. شیعە لەعێراقدا بەهێزترین گرووپی سیاسی و تەنانەت گرووپە مەزهەبیەکانیش لە بابەتی سەندیکا و ڕێکخراوەی دینیی یەوە, لەپاش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیی ئێران, لە ساڵی (1979) خومەینییان وەکو ڕابەرێکی

ڕۆحی و کۆماری ئیسلامیان, وەکو مەرجعێکی شیعەی دنیایی سەیر کردووە هەر بۆیە لەدوای ئەو مێژووە تاران و مەشهەد و شیراز دەبنە بنکەی گرد بوونەوەی گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقی شیعە,و هەموو هاوکارییەکی بەرچاویان پێشکەش دەکرێت, تا ڕوروخانی رژێمی بەعس. بۆیە دەمەوێت بڵێم : شیعە لە ئێستای عێراقدا ڕراستەوخۆ یان ناڕاستەو خۆ لەژێر کاریگەریی ئێرانی شیعە دایە ئەم خاڵە ش بۆ ئێران زۆر گرنگە, کە عێراق بکاتە وڵاتێکی مەزهەبیی شیعە و نفوسی خۆی تێدا بەرێتە پێش: شیعە دەیەوێت هەمان مۆدێلی ئێران وسیاسەتی لە عێراقدا پراکگتیزە بکات, و هەمان مەنتیقی خومەینی بەکاربهێنێت, کە جارێک لە دانیشتنێکدا بە قاسملۆ دەڵێت ێ (ئێمە شۆڕشمان کرد بۆ ئەوەی ئیسلام سەرکەوێت نەک شووتی هەرزان بێت) من گومانم نییە, گەر شیعە دەسەڵاتی گرتەدەست هەمان قسە دووبارە دەکاتەوە, بەڵام ئێستا تاکە فاکتەری بە پلەی یەکەم ئەم ڕێگایە. کە نەیهێشتووە سیناریۆکانی شیعە وەبەربێت, و هەمیشە هەوڵی داوە لە ئێرانی داببڕێت ێو ئەم کاریگەرییە کەم بکاتەوە, و لە پەیامێکی سیاسیدا پێی ێ ڕابگەیەنێت ، کە ئەم مۆدێلەی ئێران لە عێراقدا نەک هەر ئیمکانی پەیڕەوکردنی نییە, بە ڵکو لە ناوچەکەشدا کاتی نەماوە؟ شیعە لە پێش ڕووخانی بەعسدا ئامادەی ئەوەی تیا نەبوو, نەرمونیان بێت لە هاوکێشەکاندا و زۆرجار ئامادەی دیالۆگەوکانی داهاتووی عێراق نەدەبوو, لەسەر مەسەلەی چارەنووسازە نەتەوەیی و دیموکراتییەکان قسەبکات, ئێستاش بەناچاری پێدەچێت ملی بۆ زۆر لەداواکان دابێت, بەڵام

هەرگیز لەگەڵا مەسەلە نەتەوەییەکانی کورد لە بابەتی فیدراڵی و مافی چارەی خۆنووسین یەک بگرێتەوە. گومانیش لەم خاڵە ئەوەیە شیعە دەیەوێت لەڕووی جوگرافییەوە زۆرترین سنوور، لەڕووی نفوسەوە هەموو لە عێراق بخاتە ژێر کۆنترۆڵی سیاسیی دەوڵەتی یۆتۆپی و هەیمەنەی سیاسیی خۆیەوە، ئەم خەونەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی زۆر بەترسەوە لە خەونی شیعە بڕوانین، خەونێک کە دەیەوێت خەلافەتی فەقێ دابمەزرێنێتەوە. ئەوەش کە قسەی لەسەر نییە ئەوەیە چنینەوەی هەموو ئیمتیازەکان لەلایەن ئەتنیک و گرووپێکەوە، بۆ خۆی مەترسییەکە تا ئەو ڕاددەیـەی کە دوور نییە ئەزموونی تۆتالیتاری و میلیتاریی بەعسیزم دووبارە بێتەوە.

## (4)

پـاش ئـاڵـووگـۆڕەکـانـی عـێـیـراق و سـەرکـەوتـنـی پـرۆسـەی ڕزگاریی عێیراق و پێکهاتنی ئاڵووگۆڕەکان بۆ فەراهەمکردنی عێیراقێکی پلورالیستی و مۆدێرن. بە هەموو لایەنەکان وا خۆیان نیشاندا, کە دەبێت ێ عێراق لەسەر تەرز و مۆدیلێکی ئەورووپی بونیاد بنرێتەوە,و تا ئەوپەڕری ئازادییەکان و مافە مەدەنی و دیموکراتییەکان بەرقەرار بێت, بەڵام زۆربـەی ئاماژەکان وایان نیشان نەادا و هەرکام لەو گرووپ و لایەنانە تێڕوانینی سیاسی و ئیدلۆژیی جیاوازیان هەیە بۆ کێشەکان, و لەسەر هەموو ئەو قەناعەتانەی پێشوو پاشگەز بوونەتەوە.

هەر لەو کاتەوە لە ساڵی (1921) کە عێیراق دروستبوو, بەبێ گوێدانە مەسەلە ڕرەگەزی و ئیتنکییەکان, مەسەلە دینی و تاریخی و مەزهەبییەکان, عێیراق بەبێ هیچ پێوانە و پێوەرێک بە دەوڵەتێکی ( عەرەبی ) و (ئیسلامی) ناوزەد کرا.

گومان نییە لەوەدا کە پێکهاتەی دا بەشبوونی دانیشتووانی عێیراق و مۆزایەکی دانیشتووان, فۆڕرمێکی ناهۆمۆجینی وەرگرتووە, ئەمەش زادەی فاکتەرەی دەرەکی نییە, ئەوەندەی واقیعەتی مەسەلە ئیتنیکی و تایفی و جوگرافیی عێیراقە. ئەم شکڵە ناهۆمۆجینە, کە زادەی واقیعەتی هەشتاو سێ ساڵی عێیراقی دروستکراوی ئینگلیزە, تا ئێستاش فۆرمەڵەیەکی واقیعی نییە بۆ کارکردن لەسەری و سەلماندنی مافەکانی وەک یەکی ڕەگەز و تایفە جۆراجۆرەکانی عێیراق, بەڵکو ڕرێک بە پێچەوانەوە, نەبوونی ئەم فۆرمەڵەیە هەمیشە عێیراقی سپاردووەتە قەیرانی جۆراوجۆر و چەوساندنەوە و هەمە لایەنە.

تا ئەوەی هەر لە دروستبونی عێیراقەوە لە ساڵی (1921) ەوە, کەفیەی تایفی (سوننە) حوکمی عێیراق دەکات, لەژێر ناوی مەسەلەی ناسیۆنالیزم و لەم نێوەنەدەدا, سوننە بە هەردوو باردا, دژایەتیی گەلانی عێیراق دەکات, بە واتایەکی تر لەژێر پەردەی ناسیۆنالیزمدا دەیەوێت لە ئەهمیەتی تایفیی (شیعە) کەم بکاتەوە, شیعە بێنتە سەرئەو قەناعەتەی, کە دەکرێت بێ ی گوێدانە مەسەلەی تایفی و مەزهەبی لەژێر ناوی (عەرەب و ناسۆنالیزم ) دا کاربکەن, لە کاتێکدا شیعە هەمیشە دژی ئەم فۆڕرمی کارکردنە بووەوە بەبێ ئەهمیەتی زانیوە. لە لایەکی ترەوە سوننە بەرامبەر بە ( کورد) یش ئەوەی وا دەرخستووە, کە کورد دەیەوێت دژایەتیی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بکات, و ویستوویەتی کورد وا حساب بکات, کە هەڕەشە لە عەرەب و مەسەلە ڕەگەزییەکانی عیراق دەکات, لە کاتێکدا هیچ کام لەو دوو هاوکێشەیەی سوننە ڕراستیش نەبوو, بەڵکو هەموو سیناریۆکان لەپێناو درێـژەدان بە دەسەڵاتی کەمینە و مانەوەی ئیمتیازەکان بووە, گومانیشی تێدا نییە لەپاڵا ئەم سیناریۆیەی کەمینەی سوننە

هەمیشە پەنای بردووەۆتە بەر زەبرو زەنگ بۆ سەرکوتی (شیعە)ی تایفی و ( کوردی ڕەگەزی سەرەکیی عێیراق .

لە کاتێکدا سوننە تەنیها (20%) ی عێیراق پێکدێنێت, بە پێچەوانەی شیعە بە هەردوو باری ڕەگەزی و ئایینیدا زۆرینەی عێیراق پێکدەهێنێت, بەڵام دەسەڵاتی بیرۆکراتیی سوننە هەمیشە لە هەوڵی پەراوێز خستنی شیعەدا بووە, واتەا لە ماوەی هەشتاو سێ ساڵاڵا ڕابردوودا, لە سایەی سیستمی سیاسیی کەمینەدا, سوننە بە پلەی یەکەم, عێیراقی وەکو وڵاتێکی عەرەبی ناساندووە, پاشانیش بۆ سیستماتیزەکردنی دەسەڵات, تاکتیکانە ئایینی ئیسلامی کردووەۆتە, ئایینزای بەزۆری سەرجەم عێیراقییەکان.

لەم بارەیەوە حەزدەکەم سەرنجی خوێنەر بۆئەوە ڕابکێشم, بەعسی سوننیی شۆفێنزم بۆ چەواشەکردنی ڕرای گشتی و تاکتیکی سیاسی لە عێیراقدا دێت «الله اکبر» دەخاتە سەر ئاڵای عێیراق, لە کاتێدا بەعس کەمترین بڕوای بە مەسەلە ئایینیەیەکان هەبوو, زۆرترین تراژیدیای لبە دژی گەلانی موسڵمان و مەسیحی و ئاینزتراکانی تردا, ئەنجامدا, بۆیە لەم ڕورەوەوە دەبینین عێیراقی خزاندووەۆتە ناو جامیعەی وڵاتانی عەرەبی و کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی , لە کاتێکدا نە عێیراق وڵاتێکی عەرەبییە و بەو مانایەی لە عێیراقدا تەنها عەرەب بژی, لە هەمان کاتدا ئایینی ئیسلامیش ئایینی سەرەکی و گشتیی گەلانی عێیراق نییە. بەو پێی‌یەی جیا لە ئیسلام چەندین ئایینی و ئایینزا و مەزهەبی جۆراوجۆر هەن, بەڵام هیچ جێگایەک بۆ ئەم ئایین و مەزهەبانە لە عێیراقدا حسابی بۆ نەکراوە. بە درێژایی سیستمە سیاسییەکانی عێیراق, هەر لە سیتمی پاشایەتی, کۆماری.. جگە لە گکۆڕینی شەش سەرۆک کۆمار. هەمیشە کەمینەی

سوننی ناسیۆنالیستی و تاکرەوە و تۆتالیتار لەژێر ناوی ( عەرەب – ئیسلام) دا کاری کردووە,و خەریکی چەوساندنەوەی پێکهاتەکانی تری عێیراق بووە. گەر دیقەت بدەیت ئەو کاتەی ئینگلیزەکان, لە ساڵی (1921) دا مەلیک فەیسەڵا دەکەنە حاکمی عێیراق, قەیرانە تایفی و ڕەگەزییەکانی عێیراق دەستپێدەکات. تا دواتریش کە ڕرژێمی کۆماری لە (14) تەموزی (1958) دا. بە ڕرلێبەرایەتی عبدولکەریم قاسم دێتە سەر حوکم و ڕرایدەگەیێنێت ێ کە کۆماری جێگەی پاشایەتی دەگرێتەوە و لە بەندی (7) ی دەستووری نوێدا هاتووە, کە گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە, دواتریش بە هاتنی ڕرژێمەکانی تر. تا دەگاتە بەعس ئەم فۆرمی بە عەرەببوون و ئیسلامیبوونە درێژەی دەبێت, و وەکو سینانۆریۆیەکی سیاسیی چەواشە, دەسەڵاتە بە هەردوو دیوەکەیدا بەکاری دەهێنێت. بەڵام دەکرێت بپرسین ئایە لەژێر چ بیانوویەکدا عێیراق بە وڵاتێکی عەرەبی و ئیسلامی دابنرێت ؟

بۆ قسەکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە, پێویستە پێشتر ئەو تایفە و ڕرەگەز جۆراوجۆرانەی عێیراق بناسین و پاشان چەند ئامارێک لەو بارەیەوە بڵاوبکەینەوە, جا دواتر تێگدەین کە ناکرێت عێیراق بە وڵاتێکی عەرەبی و ئیسلامی تەنیها بژمێردرێت, بەڵکو دەبێت ێ عێیراق بەو ناهۆمۆجینیەیەی هەیەتی مۆزاتییێکی تری پێداببرێتێ, لەڕرووی ئیتینیکی و ڕرەگەزییەوە.

عێیراق لە ڕوروی ئیتنیکییەوە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە, لە بابەتی ( عەرەب – کورد –ئاشووری –تورکمان - سریانی – ئەرمەنی – ئیرانی) لەڕوروی مەزهەب و ئایینیشەوە لە (ئیسلام ) ( سوننە), کە ئەمیش جگە لەوەی چوار پەیڕەوی هەیە (شافیعی,

حەنەفی, مالیکی و حەنبەلی ) هەیە, هەروەها چوار تەرقیقەی هەیە بەم شێوەیە (قادری, نەقشبەندی, ڕەفاعی, هەقە ) دواتریش « شیعە» دێت, پاشانیش « مەسیحی « لە ئەستۆری, یاقوبی, سوریانی, ئەرپەە دۆکس ) پێکدێت, پاشان ئایینی کلدانی ) ئیەنجا ئیزیدی و ئەهلی هەق « کاکەیی « شەبەک, سارەیی, گۆران ...) هەن.

ئەمە جگە لەوەی لە چەندین سەرچاوەی تردا, باس لە (فەلە و جوولەکە ) کراوە, وەک (بابایی, بەهائی, یارسانیزم ) بەپێی ێی چەند ئامارێکیش لە ساڵی ( 1977)دا فەلە لە (252478) هەزار بە ڕریێژەی(2.14%) ی سەرجەم و دانیشتووانی عێیراق پێکهاتووە, ئێزیدی (10219) هەزار بە ڕریێژەی (0.86%) سوببی(15937) و جوولەکە ( 381000) هەزار لە لایەکی ترەوە بەپێی ێی ئامارێکی ساڵی (1987) کورد(4.387.000) ملیۆن کەسە,و ڕوروبەرەکەیشی (187.117) کم4 یەکە دەکاتە نزیکەی (18.3%) ی سەرجەمی دانیشتووانی عێیراق و لە (16.2%) ی سنووری گشت عێیراقە. لە کاتێکدا بە گوێرەی سەرژمێریی ساڵی (1990), ئەگەر چی دەستی بەعسی تێدابووە, ژمارەی دانیشتووانی بەم شێوەیەیە, کە ڕریێژەی (18.100.000) ملیۆن کەسە. (77 % عەرەب- 53% 60%- شیعە), 17% سوننە) (19% کورد ),( 1.4) تورکمان, (0.8% ئاشووری ), (0.8% ئێرانی ) , کەواتەا ئەو پێکهاتە ناهمۆمۆجینە ڕەگەزی و مەزهەبییەی ناو عێیراق, زادەی واقیعی کۆمەڵگای عێیراقییە, واتەا نە دەستکردە و نە هاوردەیبە, بۆیە پێویستە چاوخشاندنەوەی ورد بە سیستمی سیاسی و ئیداریی و عێیراقدا بکرێت, ئەوەی لە چەند ساڵی ڕابردووی عێیراقدا ڕوویدا, ئەوەی

له سایەی سیستمی تۆتالیتاریی کەمینەی سوننەدا لەژێر ناو و بیانووی یەکپارچەیی عێیراق و و عێیراقی ناسیۆنالیستی ... بابەتی تردا ئەنجامدرا, سوننەی کەمینە بە خاتری مانەوەی ئیمتیازەکانی خۆی جگە لەوەی هەموو زەبروزەنگێکی یبەکارهێناوە, زۆرجاریش پەنای بردووەۆتە بەر تاکتیکی سیاسی, بۆ نموونە کورد بە هەڕەشە بۆ سەر هەستی ناسیۆیوناليستی عەرەبی و شیعەشی کردووەۆتە مۆتەکەی مەزهەبی و بە هاوردەی ئێران یان مایەی مەترسی بۆ سەر ئیسلام ئەژمار کراوە.

وەکو باسمانکرد پێکهاتەی مۆزایەکی عێیراق پێکهاتەیەکی ناهۆمۆجینی هەیە, بۆیە میکانیزمی گونجاو و واقیعی دەوێت, بۆ فەرامەهکردنی مافەکانی هەموو ئیتنیک و مەزهەبە جیاوازەکان, ئەم دۆخە هێشتا مایەی مەترسییە, بەتایبەتی کە شیعە خۆی بە میراتگری سیستمی سیاسیی عێیراق دەزانێت, و لانی کەم دەیەوێت ئەویش بۆ خۆی هەشتاو سێ ساڵا ئیمتیازەکانی ( سوننە) لە دەسەڵات بۆ خۆی پاوان بکات, ئەم بۆچوونە, نە زادەی هەستی ناسیۆنالیزمی کوردییە, نە شتێکی یۆتۆپیایە, بەڵکو زادەی واقیعی بیروبۆچوونەکانی ئێستای شیعەیە, شیعە چ وەکو باڵی مەرجەعی دینی, چ وەکو ڕرەوتی سیاسیی کۆمەڵگای عێیراق, لە بەرامبەر هەڵوێست و تێڕوانینی و خوێندنەوەی بۆ ڕرەوتی کارکردنی, ئامادەگی تێدا نییە واز لەو خەونە یۆتۆپییە بهێنێت, ئەم واقیعەتە بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت, کە شیعە دەیەوێت ئەزموونی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراقدا دووبارە بکاتەوە. بەوەی کە خومەینی دەیووت « باشترین فۆرمەڵە بۆ یەکخستنی توانا و هەوڵەکانی گەلانی ئێیران (دین )ە, بە فعلییش ئێیران ئەم سیاسەتە ناواقیعییەی لە ماوەی (25) ساڵی ڕرابردووی

دەسەڵاتی خۆیدا بەسەر پێکهاتەی ناهۆمۆجینی گەلانی ئێراندا سەپاندووە, لە کاتێکدا خراپترین مۆدیلی بەڕێوەبردنی وڵاتە و مافی هیچ کام لە گەل ان و ئتنیک و مەزهەبەکان دابین ناکات, بەقەدەر ئەوەی ئیمتیاز دەدات بە کەمینە و حوکمی دەسەڵات, لە لایەکی ترەوە شیعە دەیەوێت بڵێت ! باشترین فۆرمەڵە بۆ عێیراق, فۆرمەڵەیەکی دینیی, شیعەیە, بۆ چارەسەرکردنی پێکهاتەی ناهۆمۆجینی گەلانی عێیراق, بەم شکڵە شیعە دەیەوێت, ناڕراستەوخۆ, چەند پەیامێک ئاڕاستەی عێیراق بکات, پەیامێک ؛ پێمان بڵێت ؛ پێکهاتەی عێیراق زۆرینەی « شیعە »بە ئەو ناڵێت زۆرینەی « عەرەب « ە, واتەا دەیەوێت بڵێت, عێیراق وڵاتێکی مەزهەبیی ئیسلامیی « شیعە » یە,و ئەم مۆدێلەش باشترین مۆدێلە بۆ ئێستای عێیراق, یان بۆ عێراقی ناهۆمۆجین, ئەمەش واتەا : مەسەلە ئیتنیکی و نەتەوەییەکان دەخاتە پەراوێزەوە, بەم شێوەیە کورد وەکو دووەمین نەتەوەی عیراق دەبێت ێ بەپێی ێی خواستەکانی شیعە مل بۆ دەوڵەتێکی مەزهەبی بدات, کە لە ئەساسدا قەناعەتی پێ نییە, بەڵکو فۆرمەڵەی فیدراڵی – نەتەوەیی –جوگرافی بە باشترین فۆرمەڵە دەزانێت ێ وەکو دووەمین نەتەوەی زۆرینەی عێیراق. جگە لەوەی خاوەنی سیما و خەسڵەت و تایبەتمەندیی نەتەوەیی خۆیەتی, چونکە یەکەمین قوربانی پێکهاتەی سیستمی سیاسیی عێیراقی دەستکردی ئینگلیز بوو, ولە ماوەی (83) ساڵی ڕرابـردوودا, بەتایبەتی سیستمی تۆتالیتاریی بەعس. کورد هەمیشە بە دوژمنی پلەیەک و هاووڵاتیی پلە دوو حساب کراوە, و پێدەچێت پاش هەشتا و سێ ساڵی ڕرابردوودا لە سایەی لیبراڵلیزمی خۆرئاوادا, هەمان سیناریۆر دووبارە بێتەوە, لە کاتێکدا ئەم فۆرمەی شیعە تەرحی دەکات. نە کاتی نەماوە و نە قابیلی

قبووڵەلا. گەر بژخیاردەکانی کورد وەکو فیدراڵی قبوولا نەکریت. ڕرەنگە کورد پەنا بۆ خیاردەی تر بەریت, و ئەو کات پیکهاتەیەکی نویَ بۆ عیراق دادەڕیژبیت, پاشان کورد نایەویت عیراقیکی ( عەرەبی - ناسیۆنالیستی) (ئیسلامی –شیعە ) بیتە کایەوە, مافی ئیتینک و گەل و مەزهەبەکانی تر پیشیل بکریت. ئەگەر چی ئەم مۆدیلەی شیعە تەنیها کورد زەرەرمەند نابیت, بەلکو سوننە خۆی, تورکمان, ئاشووری, مەسیحی, جوولەکە ... زەرەرمەندن, بۆیە گەر عیراق بە مۆدیلیکی نویدا گوزەر بکات و بیەویت ببیتە لانی کەم مۆدیلیکی کۆپیی ئەورووپی و سیستمی پلۆرالیزم و لیبراڵ ل تیدا جیگیر بیت, پیویستی بە سەر لە نویَ سیستما تیزەکردنی دەسەلات هەیە, ڕرەنگە مۆدیلی هەیکەلەی دەسەلات لە لوبنان لەنیوان سیَ پیکهاتەی جیاوازدا, باشترین مۆدیل بیت بۆ عیراق بۆ دابەشکردنی هەرسیَ دەسەلاتەکەی عیراق لە سەرۆکی دەوڵـەت, پەرلەمان, حکومەت ) بۆیە پیویستە عیراقی داهاتوو, عیراقیکی عەرەبی و ئیسلامی نەبیت, جامیعەی عەرەبی و ئەندامبوونی ناتوانیت یَ کیشەکانی عیراق چارەسەر بکات, چونکە هەرکام لەوان خاوەنی سـەدان قەیران و کیشـەن و کاریگەرییان لەسەر ڕرەوتـی هیچ کام لە ڕوروداوەکان نییە, گەر کیشـەی « ئیسرائیل –فەلەستین « وەکو نموونە وەربگرین, چونکە هیشتا ئیسلام بۆ خۆی گیرۆدەی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی گرووپە ئیسلامییەکانە, عیراق هیشتا لە سەرەتای دروستکردنەوە دایـە, بۆیە گەر هەوڵەکانی بـەوردی نەخویندرویینەوە, دوور ینییە بـەرەو هەڵدیر و قەیرانی زۆرتر ز زیاتر بچیت.

## (5)

بە درێژایی (83)ساڵی ڕابردوو، تاکە میکانیزمێک، کە ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵگای عیراقی پێ بەڕێوەچووە، سیستمی تاکڕەوانە و تۆتالیتاریتە بووە لەسەر دەستی هەرکام لە پێکهاتە سیاسییەکانی عێیراق، گەر ئەمەش بزانین، لەو زەمەنە سیاسییە پڕقەیرانەدا کەمینەی عەرەبی سوننە گشت ئیمتیازەکانی بۆخۆی پاوانکردووە، و هەموو ڕەهەندێکی نامەتیقی گرتووەتەبەر بە خاتری بەردەوامیی دەسەڵاتی سیاسی و جینۆسایدەکانی.

قسەی لەسەر نییە، کە دەوڵەتی کەمایەتی (کەمینە) مۆدێلێکە چۆن لەدایکبوونی نائاساییە، بە هەمان شێوە مانەوەشی موسیبەتە بۆ وڵات و گەلانی ناو ئەو قەوارە سیاسییە جوگرافییەی ناوی، چەندەش درێژە بە حوکمی خۆی بدات ئەوەندەش پێ لەسەر مانەوەی خۆی لە ڕێگای هێزەوە دەدات، و دەسەڵاتەکان بەرتەسکتر دەکاتەوە، تا زۆرترین ئیمتیازەکان بەبەردەوامی بچنێتەوە.

تاکە فاکتەر کە چانسی مانەوەی دەوڵەتی کەمایەتی درێژتر بکاتەوە لە هەموو کاتێکدا, سەرکوت و جینۆساید و تراژیدیا و سەرکوتی نەیارانیەتی.

بەکورتی دەمەوێت بڵێم, عێیراقی(83)ساڵی ڕرابـردوو, ئەو دەوڵەتە کەمینەییە کە باسمکرد و گەلانی عێیراقی کردە قوربانی, جەللادبوونی خۆی و زەررمەندترین پێکهاتەی ناو ئەو سیستمەش بە پلەی یەکەم (کورد) بوو لەبەرئەوەی؛ هەمیشە وا سەیرکراوە, یەکەم مەترسییە بۆ سەر دەسەڵاتی ناوەندی کەمینە و جوگرافیای دروستکراوی ئینگلیزی(1921), بۆیە هەمیشە بەهاووڵا- تیی پلەدوو, ودوژمنی پلەیەک سەیرکراوە. هەموو ئەو میکانیزمە سەقەتانە, هیچ چانسێکی بۆ کورد نەهێشتەوە لەناو عێیراقدا بژی و ئەم دەسەڵاتەی ناوەندی قبووڵ بێت, بۆیە هەمیشە ویستوویەتی لەناو بازنەی مەرگدا دەربچێت, و زۆر پەنای بۆ داواکردنی کەمترین ماف بـردووە, بە خاتری ڕرزگاربوون لەو سیستمە, بـەڵام هەمووجار بە بیانووی مەترسی بۆ سـەر یەکپارچەیی عێیراق وهەستی ناسیۆنالیزمی کوردی تاوانبارکراوە,و هەرگیز گوێ لە ماف و خواستەکانی نەگیراوە.

ئەم ڕرەوشـە تا ڕراپەڕین وبـەردەوام دەبێت, بەڵام لێرەوە کورد بۆ خۆی مێژوویەکی نوێ و پڕربایەخ بەرهەم دێنێت, سەرەڕای خاڵە نێگەتیڤەکانی شەڕی ناوخۆ و دووئیدارەیی, بەڵام ڕرەوشی جیۆ سیاسی جیۆگرافیی ناوچەکە. لە ئاست مافەکانی کورددا نەبوو.

بەوپێیەی زۆربـەی ناوچەکانی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی بەعسدا مابوون, بەڵام پاش ڕرووخانی سیستمی تۆتالیتاری بەعس, ئەم هاوکێشەیە وەکو خۆی هاتەوە,ر ناوچەکانی کوردستان ئازادکران,

بەڵام نەک بەو مانایەی, کە ماف وخواستەکانی کورد هاتبنەدی, بەڵکو پێدەچێت سەرەتای قەیرانەکان بە دیویێکی تردا لێرەوە بێت.

پێش ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان, مافەکانی گەلی کورد لە ڕێگای خەباتی شاخەوە هەوڵی بۆ درا, بەڵام لە ماوەی دوانزەساڵی حوکمی خۆیدا بە هاوکاریی هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکانی ڕێی دەکرد.

بەڵام تا دەگات بەم ساتە, ئەوەی کورد دەیخوازێت نەبووەتە واقیع, کورد بە بەراوردی ڕەوشی سیاسیی عێیراق, پاشەکشەی لە مافی سەربەخۆیی خۆی کردووە, کە ئەم مافە دیفاکتۆیەکە قسە هەڵناگرێت. کورد ئەوەی پێشتر گوزەراوە و چەندین قوربانی, داوە ڕووبەڕووی جینۆسایدی ئەتنیکی بووەتەوە, وازیلێهێناوە و دەیەوێت لە ڕێگای دیالۆگەوە ئەم مافە سەرەتاییانە بەدەرستبخات. ئێستا خواستی کورد فیدراتیڤەکردنی کوردستانە لە عێیراقێکی فیدراتیڤدا لەسەر فۆڕرمی ئەتنیکی-جوگرافی, بەڵام ئەم خواستە لە سەروبەندی داڕشتنەوەی سیستمی سیاسی و دەستووری نوێی ێی عێیراقدا, پێدەچێت, یەکەم بەدحاڵیبوونێک لە لایەنەکانی ترەوە هەبێت سەبارەت بەم خواستە و کورد بە ناسیۆنالیست وشۆفێنیست ومەترسی بزانن بۆ عێراق.

دووەم؛ نەگەیشتنە قەناعەت هێنان بە سیستمی پلورالیزمەبوونی عێراق و چەسپاندنی چەمکی دیموکراسی ومافی شارۆمەندبوون, بۆ گەلی کورد لەلایەن پێکهاتە سیاسییەکانی تری عێراقەوە بەتایبەتی شیعە.

سێیەم؛ فاکتەرە دەرەکییەکانیش ڕۆڵی سەبجێکستیان هەیە لە بەدیهێنانی ئەم خواستەی کورددا.

خواستی ڤیدراتیڤی کوردستان, جگه لەوەی خواستێکی واقیعییە لە ئێستادا, لە هەمان کاتدا, دەرئەنجام و زادەی ئەو واقیعیەتە تاڵەشە, کە لە ماوەی (83) ساڵی ڕابردوودا. بەدەست سیستمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقەوە چەشتوویەتی, بۆیە لە لایەکەوە دەیەوێت لەم ڕێگایەوە دوو گریمانە بداتە دەست بەوەی, یان ئەم سیاسەتە خزمەت بە یەکپارچەیی عێراق دەکات, و ئەو گریمانەیەی دوژمنانی کورد بەتاڵدەکاتەوە کە دەڵێن؛ کورد دەیەوێت دەوڵەتی سەربەخۆ دروستبکات.

یان؛ ئیتر نایەوێت لە داهاتوودا تێکەڵی ئەو جینۆساید و قەتڵ و عامە بێت, کە لە ڕابردوو ڕوویداوە و دەیوێت لە هەرێمێکی جیادا, وڵات بونیادبێنێت, وکێشەکانی خۆی چارەسەر بکات و مافی شارۆمەندبوون بۆ تاکەکانی کۆمەڵگاکەی دابین بکات, کە ئەمەش مافێکی سروشتیی خۆیەتی.

کەچی سەدان شیمانەی ناواقیعیی تر بۆ ئەم خواستەی کورد دەکرێت, و سەدان پیلان و نەخشەی دژواری بۆ دەکێشن, بۆیە دەکرێت ئەو واقیعەی گەلی کورد لە ماوەی (83) ساڵی ڕابردوودا لە عێراقدا وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە لێرەدا دەیکەم.

ئایە کورد شایەنی ئەوە نییە, یان ئەو مافەی نییە, داوای فیدراتیڤەکردنی کوردستان بکات..؟

مەبەست لەم نووسینە و داهاتووی ئەم خواستەش. ئەو مەترسییە جیددی و گەورەیەیە, کە لەسەر کوردە لەهەمبەر مافەکانی و بەتایبەتی فیدراتیڤەکردنیدا.

زۆر مەترسی خەریکە سەرهەڵدەدەن, کە کورد, بەم شکڵە هەستی پێ نەکردبوو, یان سەرکردایەتیی سیاسیی کورد

وای هەستدەکرد لە عێراقی پاش سەدام حسێن کورد هەموو مافەکانی وەدەستدەهێنێت, بەڵام دەبینین؛ هەموو مافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی باشوور, کە بۆ کورد بەڕەوا بینراوە(فیدراتیڤی پارێزگاکانە) ئەمەش تەرەفی نیگەتیڤی واشنتۆنە ئەگەر نا, عێراقییەکان (سوننە و شیعە) دەیانەوێت, لە ڕێگای دیموکراسییەتێکی عەرەبییەوە (مەبەست لەوەیە کێ زۆرینە بوو عێراق هی ئەوە) کێشەی کورد چارەحەل بکەن.

بەمەش دەکەوینە بەردەم دوو هاوکێشەی ئاڵۆز, کە دەکرێت ێ وا خوێندنەوەی بۆ بکەین.

-گەر لایەنەکانی تری عێراق, لە ئێستاوە بە فیدراتیڤەکردنی کوردستان نیگەرانن ئەوە مەسەلەکە ڕوونە, کە ئەوان دیسان دەیانەوێت بچەوسێندرێتەوە, وەکو هاوولاتیی پلەدوو بژمێردرێتێ, بە واتایەکی تر دەیانەوێت مێژووی تراژیدیایانە بۆ کورد خۆی دووبارە بکاتەوە, بەم خوێندنەوەیەش ئێمە دەگەینە ئەو بۆچوون و شیمانەی هەمانە بەرامبەر ڕەگەزەکانی تری عێراق, لە بەرامبەر مافەکانی خۆمان ئەمریکاش لەم بارەیەوە, وەک هەمیشە ستراتیژێکی ڕوونی نییە و ئەمەش ئەوەندەی تر, خوێندنەوە بۆ هاوکێشەکان تەم ومژاوی تر دەکات, بەتایبەتی کە باس لە فیدراتیڤەکردنی پارێزگاکان دەکات, بەم شکڵە, مافەکانی کورد بۆ تێگەیشتنی تایبەتی ئەمریکا دەگەڕێتەوە.

ئەمانە کۆمەڵێک ئەگەر و خوێندنەوەی تایبەتن, لە بەرامبەر ئەو ڕەوشەی کە بۆ کورد هاتووەتە پێشەوە, بەڵام هێشتا ئەگەرەکان زۆرن و هیچ شتێک بەفەرمی بڕیاری لێنەدراوە,و نەچوونەتە قاڵبی دیکۆمێنتی و یاسایی و نێو دەوڵەتییەوە, بۆیە

پێویستە هەموو لایەک پێداگری لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەین, ( لەئێستادا) کە تاکە مافێک لە بەرامبەر داخوازییەکانی کورددا بنێت, سەلماندنی فیدراتیڤەکردنی کوردستانە بە شێوەیەکی نەتەوەیی- جوگرافی جگە لەوە لەم کاتەدا هیچ ئەلتەرناتیڤێک ناتوانێت,ێ لە ئاست ئەم داوایانەی گەلی کورددا بێتن و,بببێتە خەون ئەگەرچی پێدەچێت ئەم داخوازییە, کارێکی سانا نەبێت و گەلی کورد بخاتە بەردەم قەیران و کێشەوە, بەڵام دواخستن و کوشتنی کاتیش بە شێوەیەکی تاکتیکی, خەتەرێکە کە باجەکەی لە زۆر کێشە و قەیران گەورەترە, کە ڕەنگە چەندین ساڵ کاریگەریی نێگەتیڤ جێ بهێڵێت.

ئێمە گەڵێک فۆڕرم و شێوازی جۆراوجۆرمان لە بەردەستدایە, بۆ بەدیهێنانی خواستەکانمان. بەتایبەتی کە لە ئێستادا قسە لە پلورالیزمەبوونی عێراق و کۆمەڵگای مەدەنی دەکەین.

دەکرێت فۆرمی دیالۆگ و مەدەنییانە باشترین شێوازی کارکردن بێت, لە ئێستادا و بۆ داهاتووش میکانیزمی ترهەیە..!

بەڵام سەرەکیترین کاری هەنووکەیی؛ ئاشناکردنی زیاتری خەڵکی کوردستانە, بە مافەکانی و چەمکی فیدراتیڤ بەتایبەتی لە لایەکی ترەوە پێموایە؛ گەلی کوردستان ئامادەیگی ئەوەی تێدایە قوربانیی زیاتر بدات و هەنگاوی گەورەتر بنێت, لەپێناو بەدیهێنانی ماف و خەونەکانی, چونکە دەیان ساڵە لە خەباتدایە بۆ دەستەبەرکردنی خەونەکانی.

## (6)

به درێژایی (82) ساڵی ڕابردوو گەلی کورد لە عێراقدا عێراقدا وەکو دوژمنی پلە یەک و هاووڵاتیی پلەدوو چاوی لێکراوە, هەمیشە خراوەتە پەراوێزەوە, و لە پێگەی حوکم دوورخراوەتەوە.

لە کاتێکدا بوونی کورد واقیعەتێک بووە, کە ناکرێت, ی بەهەر بیانوویەک بێت ی تەریک بکرێتی, بەڵام چونکە خودی پێکهاتەی سیستەمەکانی عێراق عێراق لەسەر بنەمای تاکڕەوی و میلیتاریەت دروستبووە,و دەستووریش لەلایەن ئەم سیستەمەوە داڕێژراوە, بۆیە زۆر سانا بووە, کورد لە هەموو مافەکانی بێ بەش بکرێت.

ئەم ڕرەوشـە درێـژە دەکێشێت ی تا دەگاتە یەکلابوونەوەی کێشەی دوو بلۆکی خۆرئاوا وخۆرهەڵات لە سەرەتای دەیەی نەوەدەکاندا و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانیش سەر ئەنجام دەگاتە سەرکەوتن.

بە ڕرزگاربوونی  عێراق عێراقیش لە دیکتاتۆریەت لەپرۆسەی ئازادیی عێراق عێراقدا, کورد هەنگاوێکی تر دەچێتە پێش, بەوپێیەی دەیـەوێت بە مافەکانی بگات, و واقیعیانە بیر بکاتەوە لەگەڵ هەلومەرجی نوێی یّی جیهان و سیستمی تازەی نێودەوڵەتی.

بە واتایەکی تر کورد قوربانیی زۆری داوە, لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی, بەڵام ئێستا دەیەوێت لە عێراقعێراقێکدا پێکەوەبژی, کە هەمیشە کورد مایەی قەیران و تراژیدیا و جینۆساید بووە, عێراق گەر جارێک بۆ عێراق عێراقییەکان زیندان بووە, بۆ کورد دووجار, بەڵام ئێستا قسە ئەوەیە, کورد دەیەوێت لە عێراق عێراقدا بژی, بەڵام لە سایەی عێراق عێراقێکی پلورالیزم و دیموکراتدا, داو فۆرمەلەی (فیدرالیزم) یش خواستی واقیعی وحاشا هەڵنەگری هەر ئێستایەتی پاش ئەوەی ( ئەنجومەنی حوکمڕان) لە عێراق عێراقدا دروستبوو, ئێستا قسە لەسەر چەمکێکی گرنگ دەکرێت, لەپێکهاتەی بونیادێکی نوێی یّی عێراق عێراقدا. ئەویش (دەستوور)ە.

تا ئێستا ڕروون نییە, ئەم دەستوورە نوێیە, فۆڕرمی داڕشتنی و ناوەڕۆکەکەی چی لەخۆدەگرێت, بەڵام پێدەچێت پێداگری لەسەر ئەجیندەی پلورالیزم بوونی عێراق عێراق و سیستمێکی هۆمۆجینی و مۆدێرن بکات, و مافە فەردی و مەدەنییەکان بکاتە دیفاکتۆ,ر مافی شارۆمەندبوون بداتە هەموو عێراقی عێراقیەک و قەیرانە ئەتنیکی و مەزهەبی و لۆکاڵییەکان چارەسەر بکات. سیستمی پەیوەندییەکان دابڕێژێتەوە. پێناسەیەکی نوێی یّی عێراقعێراق بکات, و قسە لەسەر سیستمی ئایینی, نەتەوەیی, بکات.

بەڵام بۆ کورد خاڵێک کە زۆر گرنگە پێداگری لەسەر بکات, مەسەلەی (فیدراڵیزم)ە بەپێی یّی فۆڕرمی نەتەوەیی و سەربەخۆیی ویلایەتی فیدراڵ و جیاکردنەوەی سنووری جواگرافیا و مافە

تایبەتییەکانی سیستمی فیدراڵ, وەکو هەموو سیستمە فیدراڵە نەتەوەییەکانی جیهان.

بەدەر لەم تێڕوانینە بۆ فیدراڵیەت, کورد دووچاری مێژوویەکی دووبارەی تراژیدی دەبێت, لە سایەی سیستمی حوکمی عێراق عێراقدا.

گومان لەوەدا نییە (دەستوور) بە ڕۆروحی دەوڵەت دادەنرێت, بەتایبەتی بۆ عێراق عێراقێک, کە هیچ کات دەستوور مانایەکی سیاسی, یاسایی, نێودەوڵەتی نەبووە.

بەڵکو ڕەشنووسێکی فریودەرانە بووە, ئینسانی عێراقی عێراقی مافی شارۆمەندبوونی نەبووە. دادگا خوڵقێنەری تراژیدیا و جینۆساید بووە, سیستمی کۆماری پڕ بووە لە وەحشییەت و شۆفێنییەت.

دەستور یان مانایەکی نەبووە, یان پڕاوپڕە لەپشتگیریی بەعسیزمی و شۆفێنزمی سەدام حسێن.

بۆیە قسە لەسەر دەستووری نوێ, بە بارمتەی ڕزگاربوونی عێراقعێراق لە دیکتاتۆریەت, ئەهمیەتی خۆی هەیە و هەموو خاڵێک بە هەردوو دیودا, مایەی قسە لەسەرکردن و تێرامانە, چونکە دەکرێت ێ یەکێک لە ڕستەکان وەها دابڕێژرێت. کۆمەڵێک مانا و مەدلوولی سیاسیی پڕ و غرالی هەبێت, بۆیە دەستوور هەتا بکرێت,ێ گەر کرانەوەی تێدابێت و سنوور بەندییەکانی لابرێت باشترە, بەتایبەتی بۆ کورد کە قوربانیی هەموو دەستوورەکانی عێراق عێراقە.

دەستوری نوێی ێی عێراق عێراقی پەیوەستە بە چەند گریمانەیەک, لە بابەتی ئەوەی تا چەند فراوانە و مافەکان دابین دەکات, تا چەند عێراق عێراقێکی نوێ لە عێراق عێراقی پێشوو دەخوڵقێنێت, تاچەند عێراق عێراق دەکاتە سیستمێکی مۆدێرن, لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست, تاچەند عێراقعێراق دەکاتە داینەمۆی ئاڵووگۆڕی سیستمە تولیگارشی و مەزهەبی و سوننەتی و تۆتالیتارییەکانی هاوسێی ناوچەکە..؟!

واتە دەستووری نوێ, دەتوانێت ێ عێراق عێراق بکاتە کۆپیەکی

بچووکی لانی کەم سیستمی پێشکەوتووی ئەورووپا، یان بەرەو بونیادێکی مەدەنییانەی بەرێت. کە ئاسەواری هەشتاودووساڵی پێشوو بسڕێتەوە.

بەڵام بەبێ جێگیرکردنی بەندێکی یاسایی، کە دان بە سیستمی فیدراڵی بۆ کوردستان بنێت. هەرچی ڕرازیبوونێک و دەنگدانێک لەسەر ئەو دەستوورە، ئەو لایەنەی ناو ئەنجوومەنی حوکمڕانی هەڵگری لێپرسراویەتیی مافەکانی کورد دەکەن، (مەبەست نوێنەرە کوردەکانە) ئەگەر نا، دەکرێت ێ لەو ئەنجوومەنەی پاشەکشە بکرێت ێ، کە ئامادەیگی تێدا نییە، یەکێک لەمافە سەرەتاییەکانی گەلی کورد بسەلمێنێت.

بە واتایەکی تر. هەرچی نەرمی نواندنێک لەهەمبەر ئەم مەسەلەیە خولقاندنی قەیرانێکی تری نێوخۆی عێراقعێراق و دووبارەبوونەوەی تراژیدیایەکی بێ ئامانی ترە، چونکە دەکرێت لە سیستمی فیدراڵییەوە هەنگاو بەرەو ڕریفراندۆم و مافی سەربەخۆیی بنرێت، بەڵام بەبێ ئەمە دەبێت ێ ئێمە سەر لەنوێ خەبات بکەین، بۆ مافە سەرەتاییەکانمان.ئەمەش واتەا گەمە لەگەڵ واقیعدا.

دەستووری نوێ، دەتوانێت ێ عێراق عێراقێکی مۆدێرن، پلورالیزم، ئارام و ئاسوودە بونیادبنێت، دەتوانێت ێ مافی شارۆمەندبوون بدات و ئینسان هەست بە ئازادی بکات، دەتوانێت ێ پێکهاتەیەکی نوێ لە ناوچەکە بخولقێنێت، دەتوانێت ێ ئاڵوگۆڕێکی گشتگیر لە بونیادی فەردیی عێراق عێراقی و سیستمی حکوم بکات.

بەپێچەوانەشەوە دەتوانێت ێ عێراق عێراقێکی پڕ ئاشووب و ناجێگیر و شێوە تۆتالیتاری دروستبکاتەوە...!

بۆیە عێراقعێراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی لە دووڕیانێکی چارەنووسسازدان، سەبارەت بە بونیادنانەوەی وڵاتەکەیان و بەدیهێنانی مافەکانیان..!

## (7)

شتێکی نەشیاوە بە هەربیانوویەک قسە لەسەر چارەنووسی گەلی کوردستان دوابخرێت، بە واتایەکی تر زۆرجار فاکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانمان, بە هۆکاری سەرەکی زانیوە، بۆ هاتنە مەیدانی مافە هەقخوازەکانی گەلی کورد، کە هەمیشە زەرەری لە مەسەلەی سیاسیی گەلی کورد داوە,و نەیهێشتووە لانی کەم دەستەبەری کەمترین مافەکانی بکات.

ئێستاش کە قسە لەسەر ڕریفراندۆم دەکرێت. بە بۆچوونی زۆربەی خەڵکی کوردستان، باشترین فۆرمەڵەیە بۆ قسەکردن لەسەرچارەنووسی خەڵکی کوردستان..!

دەکرێت بپرسین-کورد-شایانی ئەوەیە-لە ڕرێگای ئەم فۆرمەڵەیەوە بە مافەکانی بگات، ئەگەر بەڵێ یە...بۆ؟ ئەگەر نا، چۆن..؟

گەلی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان و بەتایبەتی لە باشووری کوردستان ڕرووبەڕووی ئاپارتایدی نەتەوەیی، قەتڵ و عام و جینۆساید و تراژیدیای بێ ئامان بووەۆتەوە، چەکی کیمیاوی، ئەنفال، زیندان. هەمیشە بووەۆتە بەشێک لە سیمای ژیانی لەلایەن دوژمنانەوە.

پێکهاتە و سیما و خەسڵەتەکانی نەتەوە لە گەلی کورددا بەرجەستەیە. خاوەنی خاکێکە, کە پێش دروستبوونی دەوڵەتی بە ناو(عێراق) خاکی خۆی بووە و پەیوەست بووە پێوەی, وبەرگری لێکردووە. خاوەنی زمان و فەرهەنگ و کولتوور و مێژوویەکە، لە زۆربەی نەتەوەکانی جیهان ڕرەسەنتر و دێرنینتر و دەوڵەمەنترە. لەڕرووی ئەتنیک ومەزهەب و جوگرافیا و سیما تایبەتیەکانی ترەوە. دەناسرێتەوە..!

لەڕرووی ژمارەوە. سەدان هێندەی، دەوڵەتۆچکەی، وەک (بەحرێن، عومان، ڤاتیکان، دورگەکانی سلێمان، تەیموری خۆرهەلات..)ە.

لەڕرووی ئابوورییەوە دەتوانێت ێ داهاتی سالانەی، خۆی لەقەرەی ولاتێکی وەکو سویسرا بدات و هێزی کاری پێویستی لەبەردەستدایە و دەتوانێت ێ سوود لە هەزاران کەسی شارەزا و پسپۆر وەربگرێت ێ، لەڕرووی زانست و تەکنەلۆژیاوە بۆ پەرەپێدانی پایەو سیستمەکانی ئەم ولاتە نوێیە.

لەڕرووی جوگرافی و جیبۆپۆلتیکەوە. سەرەڕای ئەوەی خاوەنی جوگرافیایەکی سنوور دیارکراوە. خاوەنی تۆپۆگرافیایەکی تایبەتە، کە دەتوانرێت ێ وەکو یەکێک لە هێزەکانی دەوڵەت سەیر بکرێت ێ، گەر کێشەی ئەوەی هەبێت کە دەوڵەتێکی کیشوەریە.

دەتوانێت,یٚ وەکو زۆربەی گەلانی وەک (ئەفغانستان، سویسرا) سوود لە فۆرمەڵەی ترانزێت یان وەدەستخستنی دەروازە و ڕرێگایەکی کراوەوە بدات، یان لە هەوڵی پەیداکردنی دالآنێکدا بێت بۆ دەربەزبابوون لەم قەیرانە. هەرچەندە یەکێکە لە پایە بەهێزەکانی دەوڵەت، بەڵام فاکتەر نییە بۆ دواخستنی پێکهاتنی دەوڵەت و هێزی سەربازی خۆیشی دەتوانێت,یٚ وەکو یەکەیەکی یاسایی، سنوورەکانی خۆی بپارێزێت ی و بەرگرییشی لێبکات.

ئینتیمای شارۆمەند بۆ خاک و نەتەوە، لە کێرڤێکی هێندە هەڵکشاودایە,و هیچ کات شارۆمەندانی (ئەریتریا و تەیموری خۆرهەڵات) ئەوەندە ئینتیمایان بۆ خاکەکەیان نەبووە, و ئەوەندەش قوربانییان نەداوە و قەتڵ و عام نەکراون.

گەر قسەش لەسەر بۆچوونی خەڵکی کوردستان بێت. بێ سێ و دوو 80%ی خەڵک لەگەڵ ڕراگەیاندنی دەستبەجێی دەوڵەتی نەتەوەیین.

## حزبی کوردی و گوتاری یەکگرتوو

خاڵێک کە زۆر گرنگە قسەی لەسەربکرێت, و پێداگیریی مەسەلەی ڕریفراندۆمی لەسەر بکرێت، بوونی گوتارێکی یەکگرتووی (جەماوەری _حزبی) یە لەسەر ڕریفراندۆم..!

کەئەم خاڵە تائێستا نەک هەر خاوەنی گوتارێکی وەها نییە، بەڵکو حزب نەیتوانیووە. بۆ ئەندامەکانی خۆیشی گوتارێکی یەکگرتوو دەستەبەر بکات، چ جای جەماوەری کوردستان.

ڕراستە جەماوەر لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان هاودەنگ و هاوهەڵوێستە، بەڵام ململانێی حزبی کوردی وایکردووە. زۆر

بەنامۆ نازانرێت,ێ کە تەنیها حزبێک لەبەرئەوەی ئەو فۆڕرمەی پێ باش نییە، یان تەرحی ئەو نییە، لایەنگر و ئەندامەکانی دژی ئەو فۆڕرمە ئاڕاستە بکات، یان لانیی کەم وایلێبکات پشتگیریی ئەو فۆڕرمە نەکەن...

خۆ ڕروونیشە، زۆرجار، لایەنگرانی هێندێک حزب لەسەر لادان لە هێڵەکانی ئەمنی قەومی، لە حزبەکەی خۆیان نەپرسیوەتەوە و بگرە داکۆکییان لەو لادانەش کردووە, و بیانووی جیاوازیان بۆ داتاشیوە. چ جای ئەوەی بتوانن، وەکو مەسەلەیەکی چارەنووسساز، بێ‌دڵیی حزب بکەن..!

ڕرەنگە یەکێکیش لە فاکتەرە سەرەکییەکانی، دواخستنی مەسەلەی سیاسیی کورد و نەگەیشتن بە مافەکانی ؛ نەبوونی هەستکردن بە لێپرسراویەتیی تاکی کورد بێت, لەسەر مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەیی و چینایەتییەکان لەدەرەوەی سنووری حزبدا...!

بەش بەحاڵی خۆم، هەستدەکەم حزبی کوردی، تائێستا لەسەر هیچ کام لە مەسەلە چارەنووسسازەکان خاوەنی گوتارێکی یەککگرتووی هاوبەش نەبووە, ئەگەر چی لە پلاتفۆرمێکدا ئەم شتەی ڕراگەیاندووە، بەڵام بەعەمەلی کاری بۆ نەکردووە...!

ئەگەر یەکێک لەخەسڵەتە مۆدێرن و مەدەنییەکانی شارستانیی کۆمەڵگای نوێ، فرە حزبی بێت بە کۆمەڵگای کوردییشەوە، ئەوا ئەوەندەش بەدیوی دووەمدا و بە ڕرووە خراپەکەی، بۆ کورد خۆی نماییشکردووە، و نەبووەۆتە خاوەنی گوتارێکی وەها.

قسە ئەوەیە حزبی کوردی، لەسەر مەسەلەی نیشتمانی، نەتەوەیی گوتارێکی هاوبەشی نییە. لەسەر ئەمنی قەومی، لەسەر

پەیوەندیی دبلۆماسی، پەیوەندیی نیشتمانی، چینایەتی، پەیوەندیی ناوچەیی و نێو دەوڵەتی، پەیوەندیی ئایدۆلۆژی، کوردستانی، دروشم، ئارم، گوتارێکی هاوبەشی نییە..

دیقەت بدەن. چەندە مەترسیدارە قسە لەسەر پێکانی ئامانجی ڕریفراندۆم بکرێت. لە کاتێکدا حزبی کوردی تا ئێستا خاوەنی (مارش)ێکی کوردی نییە، خاوەنی ڕرەنگێکی نەتەوەیی نییە.

بەڕاستی کارەساتە، مارشێکی یەکگرتووت نەبێت و قسە لەسەر ڕریفراندۆمێک بێ مەترسی بێت.

گەر حزبی کوردی دەیەوێت پەردە بەسەر مەسەلە کۆنەکاندا بدات, و بۆ ئەم مەسەلە چارەنوسسازە بێتە مەیدان، با بەیاننامەیەکی هاوبەش ڕرابگەیەنێت, و ئەم مەسەلەیە بکەنە بونیادنانەوەی سەر لەنویێ گوتارێکی کوردیی یەکگرتووی هاوبەش..!

بەبێ دەرککردن بەم مەسەلەیە. مەسەلەی ڕریفراندۆم. بە هەموو سەرکەوتنەکانی هێشتا تەواو نییە,و کێشەی زۆری بۆ دێتە پێش.کاتی خۆی بۆ سەربەخۆبوونی (ئەریتریا لە ئەسیوبیا) ڕرژێمەکەی ( مانگستۆ هایلی مریام) لانیکەم هەولێدا. حزبێک دروستبکات تا بە دژی خواستی خەڵکی ئەریتریا قسە بکات، دژی جیابوونەوە بێت، بەڵام سەرئەنجام، چونکە گوتاری یەکگرتووی حزبەکانی ئەریتریا لە (بەرەی ڕرزگاریی گەلی ئەریتریا) بە سەرکردایەتیی (ئەسیاس ئفورقی) کۆبووەوە, سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا، بە ئەندام بوونی لە ڕرێکخراوی (UN)دا وەکو (182) یەمین ئەندامی ئەو ڕرێکخراوەیە گەیشتە مەنزڵ.

## ناهۆمۆجینی عێراق و پێکهاتنی ئاڵوگۆڕەکان

ئێمە هەر ئێستا قسە لەسەر ڕریفراندۆمی خەڵکی کوردستانی عێراق دەکەین, بۆ دەنگدان بە جیابوونەوە لە عێراق، بۆیە مەسەلەکە پەیوەستە بە عێراقەوە.

عێراق بە وڵاتێکی عەرەبی ناسراوە، زۆرینەشی عێراق عەرەبە، زۆرینەی لەڕرووی تایفییەوە (شیعە)ن، سنووری جوگرافیی جیا و جیاوازی هەیە، کولتوور عادات و تەقالید و زمان و فەرهەنگ سیمایەکی جیاوازی هەریەکە لەم ناوچانەیە، خاوەنی چەندین ئەتنیکی وەک (کورد، عەرەب، ئاشوری، تورکمان)ن، بە ڕرێژەی (20%،55%،20% (سوننە) 1%،1%...) بە واتایەکی تر عێراق لەڕرووی دانیشتووانەوە, پێکهاتەیەکی ناهۆمۆجینی هەیە و هەرئەمەشە وایکردووە، ئەم پێکهاتەیە هەمیشە بەدەست (سوننە) ەوە بێت کورد و شیعە بخرێتە پەراوێزەوە. عێراق بۆ کورد زیندان بووە، عێراق وڵاتی کورد نەبووە. هاووڵاتیی ئەم وڵاتە نەبووە دوژمنی پلەیەک بوون یەکەم قوربانی بووە.

بۆیە پێناچێت، کورد هەرگیز دڵ بە عێراق خۆشبکات، ئەو قەتڵ و عام و جینۆسایدەی لە دژی ئەنجامدراوە لە زاکیرەی بچێتە دەرەوە، ئاڵوگۆڕەکانی ڕراپەڕینی (1991)ی خەڵکی کوردستان و ئازادکردنی عێراق لە (4/9) بۆ خۆی دوو ڕرووداون, دەکرێت سەر لەنوێ سیناریۆی سیاسیی عیراقی پێ دابڕێژرێتەوە, و قسەی لەسەر بکرێت. بەوەی پاش (82)ساڵ. بۆ یەکجاری سیستمەکانی تاکڕەوی و دیکتاتۆری لە عێراق لەکار دەخرێت و قسە لەسەر ئازادی و مافەکانی نەتەوە دەکرێت.

بۆیە بۆ دووبـارە نـەبوونـەوەی، گرتنە دەسـتی دەسـەڵات لەلایەن پێکهاتەیەکی کەمینەی سوننی، یان زۆرینەی شیعەو، ودروستبوونی سیستمێکی ملیتاری و ئۆلیگارشی، وا باشە قسە لەسەر ئەو فۆڕرم و دیسپلینانە بکرێت، کە (یۆگسلافیا) یەکی ئەورووپا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەخولڨێنێت بۆ عێراق.

بە واتایەکی تر ئەزموونی ناهۆمۆجین و بەزۆرخزانە ناو چوارچێوەیەکی سیاسییەوە, وایکرد زیاد لەچوار دەوڵەت بێتە کایەوە لەو وڵاتەدا وبەم شێوەیە، هەم گەلانی ناو ئەو سیستمە ئۆلیگاریشەیە ڕرزگاریان بوو، هەم ئەو پێکهاتە ناهۆمۆجینە هیچ ڕریشەیەکی نەماوە و قەیرانەکانیشی لەگەڵ خۆیدا ڕرامالّی.

عێراق سەرەڕای ناهۆمۆجین، هەرگیز نەیتوانیوە. بەقەد تنۆکی یوگسلافیا، ئازادانە ڕێرێ بکات، بەڵکو سیستمی سیاسیی عێراق، دەکرێت هەمیشە بە بەدترین و دڕەندەترین سیستمی سیاسیی ملیتاری جیهان دابنرێت و گەلی کوردیش بە یەکەم قوربانیی ناو ئەو کایە دابنرێت.

بۆیە باشترین ڕرێگاچارە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ئەم سیستمە سیاسییە لەگرێژ نەچووە ڕریفراندۆمێکی واقیعییە، بەو شکڵەی هەرکام لەپێکهاتە ناهۆمۆ جینەکان، لە کەمێک لە ئیمتیازەکانیان خۆش بن، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان.

گەلانی عێراق چەندە لە ڕرابردوودا کراونەتە دوژمنی یەک, پێویستە بۆ داهاتوو سەدان هێندە ببنەوە دۆست. بۆ پڕکردنەوەی قەیرانەکانی پێشوو و بەدیهێنانی چەندین کیانی جیاواز, کە سیماکانی ئازادی، دیموکراسی، مەدەنیەت و پلورالیزم بەواقیعی ڕرەنگبداتەوە...!

**واقیعیەتی کورد. لە کەمینەوە بۆ دیفاکتۆ**

بە درێژایی (83) ساڵی ڕابردوو. واقیعیەتی کورد چاوپۆشی لێکراوە, بە کەمینە سەیر کراوە و هاووڵاتیی پلەدوو و دوژمنی پلەیەک بووە, لە هەموو سەرژمێرییەکاندا لە نفوزی کەمکراوەتەوە، پێگە و شوێنە جوگرافییەکانی لێ زەوتکراوە,و بەرەو شوێنی تر ڕاگوێزراوە (ئەمە لەڕرووی سایکۆلۆژییەوە، کاریگەریی گەورە دەکاتە سەر ڕرۆوح. بە داماڵینی هەست لەخاک و ڕاگوستن لە زێدگایەکی ڕرۆوحییەوە بۆ مەنفایەکی نامۆ..!) ئەم سیاسەتە سیستەماتیزکراوە, لەناو پێگەکانی دەسەڵاتی عێراق بەتایبەتی حزبی بەعسدا بە شێوەیەک کە واقیعەتی کورد یۆتۆپیایە. یان گەر زۆریان لەخۆیان کردبێت ێ بە کەمینە و گرووپی بچووک ناویانبردووە.

دیفاکتۆبوونی کورد لەعێراقدا هێندە دەسەڵاتی پەست و نیگەران کردووە، تا هەمیشە بیر لە قەڵاچۆکردنی بکاتەوە و بەواقعیش ئەم کارەی کردووە، تا لانی کەم ئەوەی ئەو ناویی ناوە( دەسەڵات) کەمینە. بکاتە سفر.بێگومان بەپێی ئەم تێزەی بەعسیش، تۆ کاتێک هەوڵدەدەیت,ی ئەتنیکێک بسڕیتەوە ئیتر دەرفەت بۆهیچ قسە لەسەرکردنێک نامێنێت. تا بپرسیت ی، یان داوابکەیت ی...!

بۆیە کورد هەرچی خواستووە، بەعس بە کوشتن و مەرگ وەڵامی داواتـەوە..! چونکە کورد لانیی کەم داوای (ئۆتۆنۆمی-خودموختاری) کردووە، داوای کەرکوکی کردووە...!

لە فەرهەنگی بەعسدا تۆ, کە شتێک داوادەکەیت ی و خەیاڵی بەعس دەشێوێنیت ی، تۆ دوژمنێکی بێوێنەی.

بۆیە کورد بە درێژایی (82) ساڵی ڕابردوو، وەکو کەمینە سەیرکراوە وقسەکردن لەسەر ڕریفراندۆم هێندە موستەحیل بووە. جێگەی قسە نەبووە، بەڵام لەپاش ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و ئاڵوگۆڕەکانی عێراق لەم ساڵدا ئەم واقیعە تاڵە گۆڕا بۆ دیفاکتۆیەکی وەها، کە هەرئێستا قسە لەسەر دیفاکتۆیەتیی ڕریفراندۆم بکرێت، چونکە خواستی خەڵکی کوردستان و مافی هەق خوازانەی ئەوانە، سیستمی سیاسیی نوێی. جیهان ئەم مەسەلەیە قبووڵ دەکات.

## چرای سەوزی ئەمریکا

گومان لەوەدا نییە، کورد زۆرجار قوربانیی گەمە و ململانێی نێودەوڵەتییەکان بووە، ئەمەش دوو فاکتەری سەرەکی هەبووە، یەکەم سەرداریەتیی دوژمنانی کورد و خۆ گونجانی زلهێزەکان لەگەڵ ئەم واقیعە. دووەم مەسەلەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و نەبوونی ستراتیژ و تاکتیکی سیاسیی کورد لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا.

قوربانیەتیی حکومەتەکەی شێخ مەحمود و حکومەتی مەهابادی قازی محەمەد، فاکتەری سەرەکیی ئەو گەمانە بووە، کە کورد تێدا بووەتە قوربانی.

کورد لەنێوان گەمەی ڕرووسیای سوور و ئەمریکا و بەریتانیا، لە سەردەمی کۆماری مەهاباددا، باشترین نموونەیە. کە دەسەڵاتی شا بەرژەوەندیی ئابووریی وڵاتە زلهێزەکان، نەبوونی سیاسیەتێکی واقیعیی کورد لەو کاتەدا، دەرئەنجامەکەی ئەوەبوو کە بینیمان. ئەم ڕەوشە تا سەرەتای دەیەی نەوەدەکان و شکستی بلۆکی

خۆرهەڵات درێژەی هەیە، بەڵام لەوە بەدواوە, کورد نەک هەر نابێتە کارت و گەمە، بەڵکو ڕاستەوخۆ لە زۆرێک لە بڕیارەکانیندا لەگەڵ گەورەترین زلهێزی دوای جەنگی سارد مامەڵە دەکات, و دەبێتە دۆست و هاوپەیمان و ڕەوشی سیاسیی کورد, دەچێتە فۆرمێکی هێندە نوێ و دەگمەنەوە, کە بە درێژایی دووسەدەی ڕابردوو بەخۆیەوە نەبینیوە.

(بوونی ناوچەیەکی ئازادکراو، دروستکردنی پەرلەمان و حکومەتی ناوچەیی).

-سەرەڕای خاڵە ناشرینەکانی و شەڕی ناوخۆیی بۆ ماوەی دوانزە ساڵ, کە ئەم ماوەیە لە سەردەمی نوێدا و لە ناوچەکەدا, درێژترین تەمەنی حکومەتێکی ناوچەییە لەژێر ئەو هەموو فشار و زەختە زۆرە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەدا درێژئیدامەی هەبووە.

درێژئیدامەیەک تا دەگاتە ئەوەی جۆرج بۆش؛ کورد بە هاوپەیمانی ئەمریکا ناوببات, لە دژی دیکتاتۆریەت و بۆ زۆر مەسەلە بۆچوونی سیاسیی کورد وەربگرێت ێ.

من پێموایە دروستکردنی ناوچەی ئازاد، دروستکردنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، نەبوونی مەترسی لەسەر هەرێم، پەیوەندیی حکومەت لەگەڵ ناوچەکە و جیهان, هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، مەسەلەی کەرکوک و تەنانەت تا دەگات بە قسەکردن لەسەر ڕیفراندۆم لە ئێستادا چرای سەوزی ئەمریکای تێدا بەشداربووە و بەشدار دەبێت.

((ئێوەخۆتان دەتوانن چارەنووسی خۆتان دیاری بکەن, ئێمە پشتوانیتان دەکەین) ئەمە قسەی لیپرسراوێکی پایە بەرزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە کوردستان.

ئەم قسەیە مانا و مەغزای زۆر گەورەی هەیە، کە دەکرێت خوێندنەوەی لەسەربکرێت. یان لانی کەم ئەمە قسەی دڵی کورد بێت کورد ئەمەی دەوێت، بە دەستی خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات.

مەبەستم ئەوەیە گەر ئەمریکا چرای سەوزمان بۆ هەڵکات، یان هەڵکردبێت ێ زۆر ئاساییە، یەکەم لەبەرئەوەی ئەمریکا. گەورترین وڵاتی ئێستای سیستمی نوێی جیهانییە و خاوەنی زۆرترین بڕیاری سیاسیی جهیانییە، خاوەنی گەورترین هێز و ئابووریی جیهانییە، خاوەنی گەورەترین پێگە و نفوزی جیهانییە، لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا. دۆستی زۆربەی وڵاتانی کەمینە و ژێر دەستی چەوساوەی جیهانە، خاوەنی تێزی لیبراڵیزمی نوێی خۆرئاوایی و گەشەی دیموکراسی و پلوراڵیزم بوونە، خوێندنەوەیەکی نوێی هەیە بۆ جیهان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لە ناویشیدا کورد، دوو دۆستی ئێستای ناوچەکەن و بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە.

پاشان بۆ ئاسیاییە، یارمەتیی ئیسرائیل دەدات، یارمەتیی تەیموری خۆرهەڵات دەدات، یارمەتیی ئەریتریا دەدات. بۆ ئاسایی نییە یارمەتی کورد بدات...!

بۆیە قسە لەسەر ئەوەی، کە ئایا ئەمریکا لەم مەسەلەیە ئاگادارە. مەسەلەی ڕریفراندۆمی پێ قبووڵە و چرای سەوزی بۆ هەڵکردووە، پێم وایە بەڵێ (کە ئەمە تەنیها بۆچوونی خۆمە) بەڵام چۆنیەتیی قسە لەسەرکردنی ئەم فۆڕرمە پێویستی بە گوتاری هاوبەشی کوردی و سیاسەتی کوردی هەیە.

## ڕەهەندەکانی ڕووەو ڕیفراندۆم

بـە درێـژایـی نـیـوسـەدەی ڕابـــردوو کێشـەی سـەرەکیی جیهان جەنگی سارد بوو، بەڵام پاش ئەمە کێشەی فەلەستین بەرچاوترین کێشەی هەشتاکان و سـەرەتـای دەیـەی نـەوەد بوو، بەڵام ئێستا مەسەلەی کێشەی فەلەستین پاشەکشەیەکی بەرچاوی کردووە، بەتایبەتی لەپاش هاتنە سەرکاری حکومەتی خۆجێیی یاسر عەرەفات و زۆربونی قەیرانەکانی و زیادکردنی گرووپە ئیسلامییە تیرۆریستەکان و بـەلادا بردنی کێشـەی سەرەکیی گەلی فەلەستین، جگە لە دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەی ڕەقیبی واشنتون لە کێشەی فەلەستیندا ئەم کێشەیەی خستە پەراوێزەوە. کەجاران زۆرکەس پێیان وابوو، بەدوای چارەسەری کێشەی فەلەستین قسە لەسەر چارەنووسی کورد دەکرێت، ئەم سیناریۆیە کە بۆ کاتی خۆی ئەهمیەتی هەبوو، نـەک ڕاسـت دەرنـەچـوو، بەڵکو ئێستا کێشەی کـورد پێش کێشەی فەلەستین کەوتووە و ڕەهەندەکانی پۆزەتیڤبوونی داهاتوویشی، بەڕوونی دیارە و لە هەموو ڕووە ئیداری و سیاسی و نێودەوڵەتییەکانیشەوە، بەرەو پێشتر چووە لە کاتێکدا فەلەستین خاوەنی پشتگیریی (22) دەوڵەتی قەومی عەرەبیی ئیسلامییە، کەلانی کەم دژایەتیی مەسەلەی کوردیان کردووە، وهاوکاریی بەعسیان کردووە، بۆ قڕکردنی کورد.

خاڵێکی تـر تەشـەنەکردنی گـەرای گـرووپـە ئیسلامییە تیرۆریستەکان بـووە، بەتایبەتی پاش ڕووداوەکـانـی (11)ی سێپتمبەر، کەلانی کەم بۆ ماوەیەک زۆر کێشەی سەرەکیی جیهانی خستە لاوە، بەڵام بە دیوێکی تردا هاوبەشی نەیارانی ئـەو گـرووپـانـە و دۆستایەتی لـەگـەڵ دەسـەڵاتـە سـەرەکـی و لۆکاڵییەکاندا. لـەم نـاوەشـدا کـورد بۆ خـۆی پێگەی کـوردی

پێشخست و بە ڕاددەیـەک دەسەڵاتێکی لۆکاڵیی هاوشێوە نەبوو, جگە لە ئیسرائیل بۆ ئەمریکا و بەم شێوەیە دۆسیەی کورد پێش فەلەستین کەوت, بە واتایەکی تر کۆمەڵێک ڕەهەند کەپەیوەستن بەو ئاڵوگۆڕانە بەقازانجی کورد بوون, تا ئەو ڕاددەیـەی پێش نیمچە سەربەخۆیی فەلەستین، قسە لەسەر ڕیفراندۆمی خەڵکی کوردستان بکرێت.

## گرەنتیی فیدراڵیزم و ئەلتەرناتیڤی ئەم فۆڕمە

بەواقیعی سەلمێنراوە. قسەکردن لەسەر هەموو چەمک و فۆڕرمە مەدەنی و دیموکراسی و ئازادەکان، تەنیها وتەنیها لەناو کایەیەکەدا بەدی دێت, کە فەزای ئازادی تێدا خولّقابێت.ێ.

بە واتایەکی تر لەناو کایەکی پلورالیزمدا, دەکرێت قسە لەسەر هەموو چەمکێکی گەورە و بچووک بکرێت ێ، بەڵام لە سیستمێکی تۆتالیتاردا ڕێک بەپێچەوانەوەیە.

مەبەستمە بڵێم! گەر قسە لەسەر فیدراڵیزم دەکرێت,ێ بۆ کورد چ گرەنتیەک هەیە. ئەم چەمکە هەڵنەوەشێتەوە, کاتی خۆی چەندین جار فیدراڵیزم بۆ گەلی ئەریتریا قبوولّکرا, بەڵام لەگەڵ هاتنە سەرکاری سیستمە تاکڕەوەکان, تەنانەت مافی قسەکردن بە زمانی دایک قەدەغە دەکرا, بۆیە دوور نییە, لە عێراقدا ئەم ئەزموونە دووبارە بێتەوە, لە کاتێکدا عێراق لەسەر کەلاوەی گەورەترین دیکتاتۆری سەرزەمین ژیان دەگوزەرێنێت,ێ و خاوەنی سەدان قەیران و کێشەی مەزهەب و ئەتنیکی و ئاییینی جیاوازە. و وڵاتێکە نقوم بووە, لە کێشە وقەیراندا.

بۆیە بە هەرچی شێوەیەک قبوولّمان بێت. هێشتا فیدراڵی ناتوانێت,ێ زۆرترین مافەکانی بۆ دەستەبەر بکات و هیچ گرەنتییەکیش نییە, ئەم مەسەلەیە پشت ڕاست بکاتەوە.

بۆیە باشترین ئەڵتەرناتیڤ بۆ هەموو فۆرمە سیاسییەکانی تر لە بەردەم کورددا ڕیفراندۆمە.

لە کاتێکدا ئەم فۆڕرمە پشت ئەستوورە بەوەی, جەماوەر لەگەڵ خستنە گەڕی خودی ئەم مەسەلەیەن...!

## مەترسییەکانی، ئاسۆ و ئاییندەکانی

گومانی تێدا نییە. ئەم خواستە هەر لەخۆڕا نایەتە دی. بەقەدەر ئەوەی پێویستی بە کارکردن هەیە. کەم نین, ئەو کەسانەی لە ئەریتریا و تەیموری خۆرهەڵات و بیبابانی خۆرئاوا بوونە قوربانیی ئەم خواستە، بەڵام ئاسۆی ئێستای ئەوان زاڵبووە,ن بوو بەسەر ئەم مەسەلەیەدا بۆیە زۆر دوور نییە, کورد تووشی کێشە بێت,یَ لەسەر ئەم مەسەلەیە، بەڵام چونکە پەیوەستە بە چارەنووسی گەلێکەوە. قابیلی دواخستن نییە. لەوەش ناچێت مەترسییەکانی هێندە گەورەبن و بەقەدەر ئەوەی پێمان وابوو, دروستکردنی پەرلەمان و حکومەت و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، ئەزموونەکەمان لەناو دەبات. کەچی واش نەبوو, بەڵکو ئەو هەوڵانە بوو ئەم خواستەی هێنایە سەر دۆسیەی قسەکردن.

مەترسییەکانی هەرچی بێت ناگاتە ئەو خواستەی, کە بۆ ئەبەد کورد لە هەموو کێشە و قەیرانەکانی بێ کیانی ڕزگارنەجاتی دەبێت, ئاسوودە دەبێت.

دڵنیاشم خەڵکی کوردستان. قبووڵی مەترسییەکان دەکەن, لەپێناو ئاییندەیەکی پرشنگدار بۆ گەلەکەیان، بەڵام گەر حزبەکان ئەم مەسەلەیە دوابخەن، ئەوا لە بەردەم مێژوودا بەرپرسیارن و هیچ سەروەرییەکیش بۆ خۆیان تۆمار ناکەن.

## هەل، ئیرادە، قۆناغ، ئەزموون، واقیعیەت

قسەیەک هەیە دەڵێت؛ لەسیاسەتدا. دۆست و دوژمن تا سەر نییە, بەقەدەر ئەوەی بەرژەوەندیی هاوبەشی هەیە, کەواتەا کورد ئێستا هەلێکی مێژوویی زێڕینی لە بەردەمدایە. پێویستە کاری بۆ بکات، چونکە مێژوو زۆرجار گەر بەباش کاری لەسەر نەکەیت, دوور نییە تراژیدیایانە خۆی دووبارە بکاتەوە.

گەلی کورد خاوەنی ئیرادەیەکە, ناکرێت زیاتر قسەی لەسەر بکرێت، بەڵام ئەم مەسەلانە پێویستی بە پێشڕەویی هێزی سیاسی و کەناڵی ڕاگەیاندن و هەماهەنگی و تاکتیکی سیاسی و خاڵی ستراتیژ هەیە.

قسە ئەوەیە ئیرادە مەوجوودە، تەنیها پێویستی بە دەستپێکردن هەیە, بۆ قۆناغی ئێستای سیاسەتی نێودەوڵەتی، ناوخۆیی. زۆرجار بۆ فەراهەمکردنی ئەم مەسەلەیە, ڕرا وەرگرتنی خەڵکی کوردستان ئیتر دواخستنی بە هەر بیانوویەک بێت. دواخستنی مەسەلەی چارەنووسی گەلکەلێکە.

ئەزموونی خەڵکی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو, بەتایبەت سیانزە ساڵی ڕابردوو، ئەوەی سەلماند کە کورد گەر خاوەنی گوتارێکی سیاسیی هاوبەش بێت, ئیرادەی پتەوبێت، دەتوانێتێ ئەزموونی نوێ و گەورەتر بخوڵقێنێت. تا ئەو ڕرادەیەی ئیتر ڕریفراندۆمیش بکاتە سەر دۆسیەی ئەزموونەکانی تری.لەڕرووی دەرەکییشەوە, هیچمان لە تەیمور، بیابانی خۆرئاوا، ئەریتریا کەمتر نییە.

واقیعیەت و دیفاکتۆی کورد هیچ قابیلی قسە لەسەرکردن نییە. کورد خاوەنی کوردستانە؟ کورد لەسەرخاکی خۆیەتی؟ خاوەنی پێگە و نفوزی خۆیەتی؟ خاوەنی ئیتنیک و ڕرەگەز، زمان، ئایینی خۆیەتی؟خاوەنی خەبات و قوربانیدانە...؟

هەموو ئەمانە وەڵامەکانیان ڕروونە ئیتر بۆچی واقیعیەتی قبووڵ نییە،

## سیمبوڵی ئەم خەونە...؟

بە درێژایی مێژوو، کورد خاوەنی کارێزما و سیمبوڵی شۆڕشگێڕانەی خۆی بووە,وە هەمیشەش شانازیی پێوەکردوون. ئەم سیسمبولاّنە هەمیشە لەسەر فۆڕرمێک کاریانکردووە, بۆ خزمەت بە گەل و نەتەوە و چینەکانیان. نموونەی ئەمانە زۆرن (قازی محەمەد، قاسملۆ، د.جەغفەر شەفیعی، ئارام، سەیدا) زۆر کەسایەتیی  تر, ە وئێستاش ئەم سیمبولاّنە لەناو خەباتی نەتەوەیی وچینایەتیی گەلی کورددا, لە هەر چوار پارچەی کوردستان وەکو ڕرەمزی گەل و چینەکانیان چاویان لێدەکرێت.

بەلاّم ئێمە هێشتا پێویستمان بە(ئەسیاس ئفورقی، جۆن گەرەنگ، شاناناگۆسماو، دۆدایڤ..)ی تر هەیە لەم قۆناغەدا بۆ سەیرکردنیان وەکو سیمبوڵی ئەو خواستەی,  کەکورد دەگەیەنێتە مەنزڵ و گەل ئاواتیەتی.

من دڵنیام بۆ هەمیشە چۆن (ئاتا تورک بە باوکی تورک، ماوتسی تۆنگ لە چین، لینین لە (ڕوروسیا) دەوری گەورە و کاریگەریان هەبووە,چۆن (ئفورقی، گەرەنگ، گۆسماو) بۆ هەمیشە وەکو سیمبوڵی سەربەخۆیی گەلی ئەریتریا و باشووری سودان و تەیموری خۆرهەلاّت دەمێنێتەوە, کوردیش پێویستی بەم سیمبوڵە هەیە. بۆ پێشڕەویی ئەم خەونە...؟

جا کێ دەبێت ئەوە گرنگە، چونکە خەونی گەلێک و خەمی ولاّتێک دەستەبەر دەکات. کە مێژوو  ناتوانێت ێ لەیادی بکات.

ئەم خەونە درەنگ یان زوو دێتە دی، بەلاّم ماوەتەوە بۆ سیمبولێک..؟!

## (8)

(سـۆرن ویبک) لە یەکێک لە گۆڤارەکانی سوید بابەتێکی بڵاوکردەوە, بە ناوی (خەونی وڵاتێکی سەربەخۆ). نووسەر لەم بابەتەدا باس لە دروستبونی دەوڵەتی جوولەکە دەکات لە مێژوودا.
ئەو دەڵێت :
« هیچ بەڵگەیەک نەبوو, کە نیشتمانێکی سەربەخۆ بۆ جوولەکە لە فەلەستین دابمەزرێتێ, بەڵکو ئەرژەنتین و ئۆگەندا دوو بەدیلی بەخەیاڵدا هاتووە بوون...»

جوولەکە گەلێک بوون پاش ئـەوەی, لە (1900) ساڵی ێ ڕرابـردوودا, وڵاتەکەیان تێکدرا و ئاوارە بوون و کەوتنە بەر قەتڵا و عام و کوشتاری بێ وێنە و هەر بەشێکیان کەوتنە وڵاتێکی جیهانەوە و دەچەوسێندرانەوە, بەڵام خەونی وڵاتێکی سەربەخۆ, هەرگیز لەبیر نەچووەوە.

گەرچی ڕەنگە ئەم نووسینە شتێکی خەتەر بێت قسە لەسەر لێکچوونەکانی کورد و جوولەکە بکەین, بەڵام من کاتێک ئەم بابەتەم خوێندەوە, ناچاربووم ئەم بابەتە بنووسم بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی گەلی کورد.

گەلی کوردیش پاش ئەوەی لە ماوەی (2700) ساڵی ڕابردوودا, کیان و وڵاتی سەربەخۆی خۆی لە دەستدا ، ئیدی خەون و خۆزگەکانی نەهاتنەدی, وتا دەگات بە ئێستاش بێ کیان و وڵات و پەرتەوازەیە.

نووسەر (سۆرن ویبک) دەڵێتێ «بیرۆکەی نیشتمانێکی سەربەخۆ لای یەک کەس دروستبوو, ئەویش «تیۆدۆر هێرتزل « ی ڕرۆژنامەنووسی (هەنگاری – نەمساوی ) بوو, کە پاش دوو مانگ لە کارکردن لە ساڵێ (1895) کتێبی ( نیشتمانی جوولەکەی )ی نووسی, و بوو بە داینەمۆی بەرهەم هێنانی دەوڵەتی جوولەکە.

هێرتزل دەڵێتێ ؛ کاتێک ی ڕەشنووسی کتێبەکەم دا ب ە هاوڕێکەم بیبخوڵێنێتەوە, دەستی کرد بە گریان.

مەبەستم لەم پێشەکییە, ئەوەیە ئێمەی کوردیش پێویستە بگرین بۆ ئەوەی, کە هێشتا ئاییندەمان نادیارە و دەوڵەتمان نییە و کەسیش نەهات وەک هێر تزل کتێبی « نیشتمانی کورد « مان بۆ بنووسێت.

ئێمە نیشتمانمان هەیەی, بەڵام داگیرکراوە, ئەوان نیشتمانیان هەبوو للێیان زەوتکرا بوو, ئێمە خاکمان هەیە, ەبەڵام خاوەنی وەهمی زۆرن, ئێمە خاوەنی سەدان هەزار قوربانیی بەرەەبرەەبەیانی مێژووی دەستی جەللاد و دیکتاتۆرەکانین.

ئێمە خاوەنی سیما و خەسڵەت و مێژوو و تەتنیکی تایبەتین و

لەسەر خاکی خۆمان دەرکراین, تەنیها لەبەر ئەوەی مێژوو و وڵاتانی زلهێزی دونیا غەدریان لێ کردین, غەدرێک بەخاتری بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

لە مێژووی کۆن گەڕێن,, مێژووی نوێش پاش شەڕی چاڵدێران و ململانێی ی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی کورد بوو, قوربانی ی و دابەشکردنی و تا دواجار لەپاش جەنگی جیهانیی یەکەم, کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشکرا, بە شێوەیەک کە قەیرانێکی مێژوویی بێ وێنەی خوڵقاندا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین, ئیدی گشت خەونەکانی کورد بوونە سەراب.

بەتایبەتی کە ەپەیمانی لۆزان, سیڤەری هەڵوەشاندەوە و خەونی بە دییهێنانی نیشتمانی کوردی کردە یۆتۆپیا, بەم شێوەیە لە سەدەی ڕابردوودا, خەونی دەوڵەتی کوردی لەباربرا,و ئەم ئومێدە نەهاتەدی. بە درێژایی سەدەی پێشوو, کورد بووە یەکەم قوربانیی ئەم غەدرەی مێژوو و نەبوونی دەوڵەتی, دوژمنەکانی بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی ئەوەدا بوون, بۆ یە کجاری گەلی کورد لەسەر نەخشەی جوگرافیا بسڕنەوە, بەڵام خەبات و قوربانیدان و شۆڕشی بەردەوام, ئەم پیلانەی دوژمنی پووچەڵتکردەوە, بەڵام هێشتا هێرتزلێک بۆ کورد پەیدا نەبوو, کە سەرەڕای ئەم هەموو غەدر و نەهامەتییە خەونی کورد بێنێتەدی.

هێرتزل لە کێتبی « نیشتمانی جوولەکە» دا دەنووسێت « دژە سامییزم لە هەموو جێگایەک هەیە, لەو شوێنانەی جوولەکە بە شێوەیەکی بەرچاو بوونیان هەیە «

ئەم ڕستەیە بۆ کوردیش ڕاستە, چونکە کورد لە گشت جیهاندا, دوژمنی پلەیەکی هەیە و هەمیشە دوژمنەکانی

زۆرتر و زیاتر بوون لە دۆستەکانی, و دۆستەکانیشی کەی بەرژەوەندییەکانیان لە مەترسیدابووبێت وازیان لە دۆستایەتی کورد هێناوە, دوژمنەکانی زۆر بوون, پیلانەکانیان لەڕاددە بەدەر بوون, کوشتن و کوشتاریان بێ وێنە بوو, جنێوسایدو تراژیدیای هسەدەی بیست کورد بوو, تیرۆر و کوشتنی سیاسیی سەرکردەکان کاری بەرچاوی داگیر کەران بووە, دوژمنەکانمان جگە لە دژایەتیی کورد و سوتماکردنی خاکەکەی. هەموو کات لەگەڵا یەک ناتقەبا بوون, بەڵام کاتێک هەست بە مەترسیی کورد دەکەن, هەموویان هیەککگرتوون و بەواقیعیش ئەم سیناریۆیەیان پراکتیزە کردووە.

سەرەتای هاتنەدیی خەونەکەی هێرتزل بە بەستنی کۆنگرەیەک لە (1897) لە شاری (باسێل) لە وڵاتی سویسرا بەسترا, وتێدا ئاڵای جوولەکە و سروودی نیشتمانی دەستنیشانکرا, بەڵام هێشتا ئێمە ئەزموونێکی لەو بابەتەمان نییە, هێشتا کەسێک نەیتوانیوە کۆنگرەیەک بۆ کوردەکانی جیهان و ڕێکبخات و هەموویان ئاشت بکاتەوە, هێشتا حزب و ئیدلۆژیای جیاواز, خاوەنی پەیام و قسەی جۆراجۆرن و هەستی ناسیۆنالیزمی کوردی و ئینتما بۆ خاک و نەتەوە بێ هێزە, گەلی کورد نەیتوانیەوە ببێتە خاوەنی سروودێکی نیشتمانی, «ئەی ڕەقیب» هێشتا نەبووەتە مارشی نەتەوەیی و ئاڵای کوردستان تا ئێستا مایەی مەترسییە, لای زۆر حزب و لایەن. کورد خاوەنی گۆتارێکی سیاسیی نەتەوەیی هاوبەش نییە و میکانیزمی کارکردنی ناوخۆیی و دەرەکی نییە بۆ پەیوەندییەکان, کێشە و ململانێی ی سیاسی تا ئێستا کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی هەیە. پەیوەندیی

نهێنیی  درێژێر به ژێری تاکێکی و تایبەت بەردەوامە, بۆیە دەبێت ێ کورد لەم بارەیەوە  کۆنگرەیەک  ببەستێت لە سەرجەم حزب و و گرووپ  و لایەنە  جۆراوجۆەکان و مارشی و ئالای تایبەتی خۆی هەبێت, چونکە ئەمانە مەرجی سەرەکین بۆ ئینتما بۆخاک و نەتەوە و نووسینەوەی (نیشتمانی جوولەکە) نووسەری باسەکە دەڵێتێ, ئەمەریکا و سەرۆکەکەی (ویلسن)  پێشتوانییان لە جوولەکە کرد, هەروەها بەریتانییەکان ئەم خاڵە, خاڵێکی وێکچوو و هاوبەشە  لە دوو سەردەمی جیاوازدا. چونکە ئێستا  جگە لەوەی ئەمەریکا گەورترین زلهێزی جیهانە, بە بەراورد لەگەڵا ساڵی (1917), با کە پیشتوانی لە جوولەکە کردووە و لە هەمان کاتدا کورد یەکێکە لە دۆستەکانی ئەمەریکا و ڕەنگە کۆمەڵێک ەبەرەژەوەندیی تایبەتیشسیان هەبێت.

سەرەڕای ئەوەی ەلە ماوەی دەیەی ڕابردوودا. بە جیددی ئەمەریکا هاوکاریی کوردی کردووە, و لە ئێستاشدا خۆی بە هاوکارای دەزانێتێ. بۆیە ئەم خاڵە زۆر گرنگە, کە کورد دەتوانێتێ سوودی لێ وەربگرێت بۆ بەیهێنانی دەوڵەتی کوردی, ئەگەر چی هەلومەرجی  نێودەوڵەتی زۆر لەبارە بۆ ئەم کارە. بەپێچەوانەی ەسەردەمی جوولەکە. کە باروودۆخ دژوار بووە, بەلام بوونی کارێزمایەکی جوولەکە و هەوڵەکانی جوولەکە و ئینتمایان بۆ خاکی لە دەستچوویان و بەدیهێنانی خەونی سەربەخۆیی و گەڕانەوەی سەروەری بۆیان, ئەو واقعیەتەی هێنایە دیێ کە دەیانخواست, ڕاستە پێکهاتەی  جیۆپۆلێکی کوردستان, کۆمەڵێک ئاڵووگۆڕی گرنگ بەسەر ناوچەکەدا دێنێت, بەلام ئەم خاکی واقیعی  خەڵکی کوردستانە و دەستکردنی دەوڵەتی ئینگلیزە چۆن

پارچەپارچەکراوە یەکگرتنەوەشی موعجیزە نییە, بەڵام کارکردنی دەوێت. بەڵام هەنگاوەکانی کورد پێوەرن بۆ سەرکەوتنی ئەم خواستە, من جارێکی تر دەڵێم ؛ ئێمە نیشتمانی کوردمان هەیە, ئێمە هاوکاریی نێودەوڵەتیمان لەپشتە, بەڵام هێرتزلێکمان پێویستە, پاش (53)ساڵ لە نووسینی کتێبی (نیشتمانی جوولەکە) ی «تیۆدۆر هێرتزل «.

پاش (44) ساڵا بەسەر مردنییدا لە (14 ی مارسی 1948) دا خەوەنەکەی, بووە ڕاستی و «وێڤید بێن گۆریون» لە مۆزەخانەی تەل ئەبیب سەربەخۆیی دەوڵەتی ئیسرائیلی ڕراگەیاند و بەم شێوەیە لە چەوساندنەوە و قەتڵا و عامی نازیزم و فاشیزم و ڕوروسی ڕرزگاریان بوو. ئێستا قسە ئەوەیەەی. چ کوردێک ئەم خەونەی هێرتزل بۆ جوولەکە, بۆ کورد بە دیدەهێنیۍێت, تا مێژوو بۆ هەمیشە بە نەمری لە دڵی ێ کورددا بیهێڵێتنەوە. تاکە چارە بۆ ڕرزگاریی کورد لە دەست زوۆڵم و چەوساندنەوە و قەتڵا و عام و جینۆساید هەر ئەم ڕرێگایەیە.

# فەسڵی دووەم

## کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ڕادەگەیەنرێت چی ڕوودەدات...؟

### (1)

کێشەی کووره ئەتۆمیەکانی پیۆنگ یانگ و سەپاندنی سزا بەسەر ئەو وڵاتـەدا و قەیرانەکانی نێوان ئێران و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەگەرەکانی بەردەم ناردنی هێزی ئاشتی پارێز بۆ دارفۆر, لە سودان، چەند ئاڵوگۆڕی خێرای جیهانن و واشنتۆن ڕاستەوخۆ چاودێرییان دەکات و بە چەند مەترسیی گرنگیان دەزانێت بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی لە ئاسیای ڕۆژهـەڵات و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کیشوەری ئەفریقادا.

له لایەکی ترەوە ئەنجامدانی مانۆڕە چاوەڕوانکراوەکەی ئێران بۆ تاقیکردنەوەی موشەکە (1000)کم برەکانی، لەپاش مانۆڕەکەی کەنداو, کە (25) دەوڵەت، بە سەرپەرشتیی واشنتۆن بەشدارییان تێداکرد، هێندەی تر گرژییەکانی ناوچەکەی زیاترکرد.

دواترین مەترسییش، کە بەم دوایانە (CIA)پەردەی لەسەر هەڵماڵی، ئەو پیلانە نهێنییە سێ قۆڵییەی (ئێران، سوریا و حزبوڵڵای لوبنانە) بۆ کۆنترۆڵکردنی حکومەتی لوبنان، لە ڕێگای کودەتایەکەوە.

کۆبوونەوەکانی مەککە و ئوردنیش، سەبارەت بە وەزعی عێراق، دوو سیناریۆی ترن لە ناوچەکەدا.

هەموو ئەو ڕووداو و پێشهات و قەیرانانە، ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی واشنتۆن هەیە، واتە هەرکام لەمانەش بە شێوەیەک لە شێوەکان، پەیوەندییان بە عێراق و قەیرانەکانی عیراق و ئەمریکاوە هەیە.

وەزعی عێراق تا دێت ئاڵۆز دەبێت و مەترسییەکانی ڕێگاش ڕۆژبەرۆژ زیاد دەکات, هەموو ئاماژەکان باس لەوە دەکەن، واقعیەتی پارچەپارچەبوونی ئەم وڵاتە گەیشتووەتە حاڵەتی تەقینەوە.

گەشتە یەک لەدوای یەکەکانی کۆندالیزارایسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و ڕامسفێڵد و هادلی و نیگرۆپۆنتی بەرپرسی موخابەراتی ئەمریکا (CIA)و چەند ژەنەراڵی سەربازی، لەپشت ئەو ئاماژانەوەن، کە عێراق لەب ەردەم مەترسیدایە.

ئێستا قسە لەوە دەکرێت، چۆن دەکرێت بەر بەو مەترسییە بگیرێت، کە زۆر لایەن چاوەڕوانی دەکەن،

لەم بارەیەوە جمێس بیکەری وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمریکا و سەرۆکی ئەو لیژنەیەی، کە وا بڕیارە ئەلتەرناتیڤێک بدۆزێتەوە بۆ واشنتۆن، تا لەو قەیرانانە ڕزگاری بێت، کە تێیکەوتوە.

ئەو لەو بارەیەوە ئەلتەرناتیڤی فیدراڵی و دەسەڵاتی زیاتری هەرێمەکان بە ڕێگاچارە دەزانێت، بەڵام مەرج نییە ئەم ئەلتەرناتیڤە سەر بگرێت و هەموو لایەنەکان قبووڵی بکەن، یان بە واتایەکی تر، ڕگری چییە بۆ ئەو دیفاکتۆیەی خۆی بەسەر عێراقدا دەسەپێنێت، عیراق تاکە چارەسەر کە لە ڕێگایدا ماوە پەنای بۆ ببرێت، دابەشبوون و پارچە پارچەبوونیەتی.

کورد وەکو کارەکتەری سەرەکی و پێکهاتەی سیستمی سیاسیی عیراق، یەکێک لە تەگەرەکان، دەیەوێت لەگەڵ عیراقێکی یەکگرتووی ئارامدا ببێت، کە مافەکانی خۆی تێدا پارێزراوبێت، بەڵام ئەوەش واقعیە سەرەڕای دەستبەرداربوونی زۆرێک لە ماف و ئیمتازەکانی، بەڵام زۆر لایەنی شیعە و سوننە هێشتا، تەنانەت بە مافی فیدراڵییش ڕازی نین، بۆیە گەر کورد بە کەمترین شتێک ڕازییە و لایەنەکانی تر ئامادە نین، لەگەڵی ڕێکبکەون، بۆیە ڕەنگە دواجار ناچاربکرێت، بە بڕیارێکی تر کە لانیکەم جیابوونەوەبێت.

گەر گریمان، کورد ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی جاڕدا-بێگومان کاتێک دەبێتە دیفاکتۆ-کێ ڕێگری لێدەکات و چۆن و بۆچی؟

ئەمریکا کە لەناوچەکەدا سیناریۆکان دادەڕێژێت، باش دەزانێت کورد لەگەڵ شیعە و سوننە، ناتوانێت ولاتێک بەڕێوەببات، کە تا ئێستا بە کەمینە بزانرێت ، فیدراڵی پێ، ڕەوا نەبینرێت، کەرکوک بەکوردستان نەزانن، لەگەڵ هەر هەنگاوێکی پۆزەتیڤ و ئاسایی و یاساییدا، تاوانباری بکەن، بەوەی گوایە فەرموو کورد خەریکە جیادەبێتەوە.

بۆیە ئەمریکا ناتوانێت ڕێگری لە وەهاکارێک بکات، کە کورد دەیخوازێت، بەو بەڵگەی چۆن واشنتۆن لە پرۆسەی ئازادیی عێراقدا، لە باشترین دەروازە، کە کوردستان بووبێت ، بەرگری و کێشە هاتە ژوورەوە و بێگومان لەپاش ئەو هەموو شکست و قەیران و سێ هەزار کوژراوانەی، کە لە باشوور و ناوەڕاست لێیکەوت، تاکە دەروازەش هەر کوردستانە، کە لانیکەم لێیەوە پاشەکشە بکات، یان بتوانێت تێیدا بە ئارامی نیشتەجێ ببێت ، چونکە شیعەکان هەرگیز ڕازی نین، ئەمریکا لە ناوچەکانیاندا بمێنتەوە و حوکمیان بکات و نەوتەکەیان بەرێت, خۆشیان بە دۆستی ئێران دەزانن و داوای ویلایەتی فەقیهی دەکەن، بێگومان ئەمریکاش ڕازی نابێت، حوکمێکی ئیسلامی لە باشوور هەبێت ، دۆستایەتیی ئێران بکات و لە نەوتە زۆر زەوەندەکەی بەهرەمەند نەبێت و هەموو لایەنەکان لەژێر ڕکێفیدا نەبن.

هەرچی سوننەکانیشن، هەموو ئەو دەرد و موسیبەت و کێشانەی بەسەریاندا هاتووە، بە دەستی ئەمریکای دەزانن و

سوننە تیرۆریستەکان و قاعیدەو وڵاتانی سوننە، وەهابی و بە سوریاشەوە، هەموو هەوڵێکیان بۆ شکستی ئەمریکایە.

خۆ ئەو دوو لێکدانەوەیەی سەرەوە، هیچ گومانێک هەڵناگرێت، ئەی کەواتە ئەمریکا ڕوو لەکوێ دەکات و لە کوێوە سەرپەرشتی عێراق دەکـات...هـەر لە نـاوچـەی سـەوزەوە؟ بێگومان دەبێت شوێنێکی وەکو کوردستان بکاتە بنکەیەکی دۆستانە، بێگۆمان کورد لەم حاڵەتەدا، ئیدی نابێت بەعاتیفە سیاسەت بکات، بەڵکو بەو تێزە کاربکات « لە سیاسەتدا دۆستایەتی و دوژمنایەتی تا سەر نییە، بەرژوەندی تا سەر هەیە... ئیدی دەبێت واشنتۆن واز لەو دوو پەتپەتێنە بێنێت، نە دڵی کورد عاجز بکات، نە شیعە و تورکیا و سوریا و سعودیەش...!

دەبێت هەست بەو بەرپرسیارێتییە ئەخلاقییە بکات، کە کورد مافێکی ڕەوای خۆیەتی کە دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت...!

بۆچی ڕەوایە مۆنتینگرۆ لە سربیا جیابێتەوە، لە کاتێکدا نە ڕووسیا ڕازیبوو، نە سربیاش پێی خۆشبوو، بۆچی دەبێت بۆ کۆسۆڤۆ ڕەوا بێت، مافی داواکردنی سەربەخۆیی هەبێت، بەڵام بۆ کورد حەرام بێت...؟

بـۆچـی واشـنـتـۆن دەیـەوێـت دەوڵـەتـی فەلەستین دروستبکات، لە کاتێکدا بە (22) دەوڵەتی عەرەبی ناتوانن ئەو کارەبکەن، تەنها بۆ کورد حەرامە، چونکە تورکیا و ئێران و سوریا ناڕازین، ئاخر گەر قسە لەسەر ڕازیبوونی ئەوانە بێت، بێگومان قەت و قەت ڕازی نابن...! بەڵام ئەمە کێشە نییە!

کاتێک لە بەهاری (1991) ڕاپەرین ڕوویدا و دواتر لە ساڵی (1992)دا حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان پێکهات, دواتریش بڕیاری فیدراڵی درا,داموودەزگای ئیداری دروستکرا و دادگاکان ڕێکخرانەوە و گومرگ دروستکرا و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم دانرا و مامەڵە و ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەستیپێکرد و تەنانەت (شەڕی ناوخۆش ڕوویدا و ئیدارەکانیشی کردە دوولەت و دوو حکومەت) بەڵام دواتر هەڵبژاردنکراو حکومەت یەکخرایەوە, ڕێکخراوە مەدەنییەکان گەشەیانکرد, ئازادیی ڕۆژنامەگەری پەرەیسەند و دەستوور بە قازانجی کورد بڕایەوە, ئاڵای کوردستان هەڵکراو سەرۆککۆمار بووە کورد, کوردستانیش سەرۆکێکی هەرێمی دەستنیشانکرد, فڕۆکەخانەکانی کەوتنەکار و بیرەنەوتەکانیش بۆ دەرهێنانی نەوت کەوتە گەڕ، سەداهەڤدەی داهاتی عێراق، درا بە کورد مادەی سەدوچل و گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەرکوردستان خرایەکارەوە...!

دەمەوێت بڵێم لە هەموو ئەو پێشهات و ڕووداو و ئاڵوگۆڕانەی، کە لە کوردستاندا ڕوویدا, تورکیا و سوریا و ئێران و عێراق و تەنانەت ئوردن و سعودیە و میسریش، تەنها بە یەک ڕووداو زۆر خۆشحاڵ بوون؛ ئەویش شەڕی ناوخۆبوو، گومانیشم نییە بە پارە و چەک و فیشەکی ئەوان کرابێت...!؛

بەدەرلەوە بەیەک حاڵ و وەزعی کوردستان خۆشحاڵ نەبوون و بە هەمووشی نیگەران بوون، دڵنیاشم هەرچی و هەرچی چۆنێک بۆیان کرابێت، لە دژایەتیی کورد و حکومەتی کوردستان درێغیان نەکردووە، بەڵام سەرئەنجام نەیانتوانی بە قازانجی خۆیان ڕەوتی ڕوولەگەشەی بەدەوڵەتبوونی کوردستان پەکبخەن, شکستی پێبهێنن.

بۆیە کاتێک کورد دەوڵەتی کوردستان ڕادەگەنێت، دڵنیام بێ کێشە نابێت، بەڵام هەر هێندەی دەوڵەتی جوولەکەی ساڵی (1948) نارەحەت دەبێت، کە جوولەکەکان لەناو ڤێللا و کۆشکە سوورەکانی شوورەوی و ئەورووپاوە گەڕانەوە، ژێر خێمەکانی تەل ئەبیب، تا ببنە خاوەنی دەوڵەت و سەرئەنجامیش ئەو مافەی کە (900) ساڵ و لە سەردەمی بەنی ئیسرائیلەوە لێیان زەوتکرابوو، لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بەدەستینهێنایەوە، سەرەڕای ناڕازیبوونی (22) دەوڵەتی عەرەبی و چەند دەوڵەتی تر و سێ شەڕی گەورە ، بەڵام دەستبەرداری سەربەخۆیی نەبوون.

ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان ، هەر هێندەی چاوەڕوانیی سەربەخۆیی، ئازربایجان و ئەرمەنستان و تاجیکستان و جۆرجیا و قەرقیزستان و ئیستوانیا، لیتوانیا و لاتیفیا و تورکمانستان پڕکێش دەبێت، کە پاش کۆتایی جەنگی سارد و ستەمی ستالین و هەڕەشەکانی شوورەوی، بێ گوێدانە مەترسی سەربەخۆییان ڕاگەیاند.

تەنانەت هەندێک دەوڵەتی تازە سەربەخۆی، وەکو قەرقیزستان بەهۆی بێ ئیمکانییەتییەوە، داوایکرد هاوولاتییانی قەرقیزیایی، کە لە ئەورووپا دەژین با کۆمەکی دەوڵەتی سەربەخۆ بکەن...!

ئەو دەوڵەتەی کە زۆر لە مێژە کوردەکان خەونی پێوە دەبینن، هەر هێندەی سەربەخۆیی (چیک و سلۆڤینا، سربستان، کرواتیا، مۆنتینگرۆ و کۆسۆڤۆ....)پاش چەند ساڵ شەڕ و کوشتار و قەتلوعامی ناوخۆ و دەرەکی پڕمەترسی دەبێت، کە سەرئەنجام گەیشتنە دەسەلات.

یان لانیکەم چاوەڕوانی سەربەخۆیی کوردستان، هەرهێندەی سەربەخۆیی ئەریتریایەکی کیشوەر ڕەشی بێ نـەوت و بێ دەرامەت و پڕکێشە و هەژاری و ئایدز و نەخۆشی و مەترسییەکانی ئەسیوبیا پڕ گرفت دەبێت، کە حاڵی حازر ئەندامی (UN).

هەرهێندەی تەیموری خۆرهەڵات ئەستەمە, کە (شاناناگۆسماو) هەموو جیهانی گەیاندە ئەو قەناعەتەی, کە دەبێت ، تەیموری خۆرهەڵات دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت.

ئەوانەی من باسمکرد، هیچ کامیان لە خۆیانەوە نەبوونەتە دەوڵـەت و سـەربـەخـۆییان وەدەسـتـنـەهـێـنـانـەوە، دڵنیام زۆر هەڕەشەیان لەسەر بووە، بەڵام سەرکردەی سیاسی و ئیرادەی جەماوەر و جەور و ستەمی ڕۆژگار و فاکتەرە سیاسییەکان (چ ناوخۆیی چ دەرەکی) ڕۆڵی خۆیان هەبووە، بەڵام سەرئەنجام گەل ئیرادەی سەرکەوتووە, گەلان بە مافەکانیان گەیشتوون.

کورد سەرکردەی هەیە، گەلیش ئیرادەی بەهێزە و خاوەنی پایەکانی دەوڵـەتـی کـوردسـتـانـە، فاکتەری سیاسیی دەرەکـی هاوسۆزییەکی گەورەیان هەیە، لەگەڵ کورددا، بەڵام باشترین فاکتەر، ئەو فاکتەرەیە، کە ئێستا عێراق خۆڵقاندویەتی، تاکورد ببێتە دەوڵەت.

چـونـکـە فـەلـەسـتـیـنـەکـان لـەدەرئـەنـجـامـی شـــەڕی نـاوخـۆ سەربەخۆییان وەرگـرتـەوە، ئەریتریا و تەیمۆر و مۆنتینگرۆ کۆسۆڤۆ لە دەرئەنجامی شەڕو قەیرانەکانی ناوخۆوە، گەیشتنە سەربەخۆیی.

ئێستا عێراق وا ڕسکاوە و لەبارە بۆ جیابوونەوەی نەتەوە و ئیتنیکەکانی ناوی، ڕەنگە لە سەرەتای دروستبوونییەوە, وا نەبووبێت ، بۆیە واشنتۆن وەکو داینەمۆی ئاڵوگۆڕەکان لەو بارەیەوە، پێموایە بەرنامەیەکی نارۆشنی هەیە، بەلام کورد خۆی بەرنامەی چییە، چی دەکات و چی بۆ کردووە...؟ ئەمە گرنگە.

دەوڵەتی کوردستان (194)ەمین ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە کەی دروستدەبێت؟ چەند ساڵی تر؟ کێیە ئەو یەکەمین دەوڵەتەی، کە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان پەسەنددەکات، بۆیەکەمجار دان بەو دەوڵەتەدا دەنێت، کە گەلەکەی باشووری (5) ملیۆن و کۆی گشتی (40) ملیۆنە....؟

ئایا واشنتۆنە؟ یان تورکیا؟ یان عێراقە...؟

ئایا کێیە ئەو سەرۆککۆمارە کوردەی، کە دەتوانێت ببێتە (هێرتزلی جوولەکە، شانانا گۆسماوی تیمۆری خۆرهەلات، کەمال ئەتاتورکی تورکیا)و وێنەکەی لە هەموو ماڵێکی کوردستان و دەزگا و دامەزراوەکان بەرەسمی بناسرێت، وەکو بونیادنەر و جاردەری سەربەخۆیی کوردستان بناسرێت، کەی ئاژانس و میدیاکانی جیهان ئەم هەواڵە گرنگە دەکەن، بە سەردێڕی هەواڵ و باسەکانیان...

کورد لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدایە، کە لە ڕووخانی دەوڵەتی میدیاوە چاوەڕێدەکات، ئەویش سەربەخۆیی کوردستانە...! دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانە!!

## (2)
## له كۆتایی جەنگی ساردەوە بۆ ئاڵوگۆڕەکانی عێراق
## چارەنووسی بەدەوڵەتبوونی کوردستان

زۆرکەس بۆچوونیان وابوو، کۆتایی جەنگی سارد و شکستی بلۆکی شورەوەی، سەرتاپای هاوکێشە سیاسییەکانی جیهانی گۆڕی، بێگومان سەرەتای دەیەی، نەوەدەکان، سەرەتای چەندین ئاڵوگۆڕی جیددی و چاوەڕوان نەکرابوون، لە بابەتی شکستی یەکێتیی سۆڤیەت و بلۆکی شوورەوەی و سەربەخۆبوونی پانزە کۆمارەکەی سۆڤیەت و بلۆکی شورەوی و سەربەخۆبوون و پێکهاتنی پانزە کۆمارەکەی سۆڤیەت و سەربەخۆبون و پێکهاتنی پانزە دەوڵـەت, بۆ گەلانی ژێر دەستەی (ئـازەر و ئەرمەن و قەرقیز و تورکمان و گەلانی بەلتیک)جگە لە دروستبوونی چەندین دەوڵەتی نوێی وەکو چیک و سلۆڤاک، سربیا و مۆنینیگرۆ مەکدۆنیا...)

لەپاڵ ئەوانەدا، چەمکی لیبراڵیزم و دیموکراسی و ئازادییەکان گەشەی خێرا و بەرچاوی کردو کاریگەریی گەورەی لەسەر ڕەوشی سیاسیی جیهان دانا، بەشێوەیەک هێندە کاریگەربوو گشت پێکهاتە و سیتمی وڵاتێکی وەکو ئەفریقای باشووری گۆڕی، بۆ حوکمێکی ڕەشپێست و مەدەنی و مۆدێرن و عەدالتخواز، کە پێشتر گەورترین سیستم و سیستمی ئاپارتایدی، لەسەرتاسەری جیهاندا، لەسەر دەستی دیکلێرکدا تێدا پەیڕەو دەکرا، بەڵام ئەو ڕەوشە تازەیە، ماندێلا لە زیندان دێنێتە دەرێ و دەیکاتە سەرۆکی ئەفریقای باشوور و یەکسەر ئەو سیستمە ئاپار تایدە، دەگۆڕێت بە سیتمێکی وەها، کە تەنها پاش یەک دەورە لە خولی سەرۆکایەتی وڵات، دەسەڵات تەسلیمی جێگرەکەی دەکات, تا ئێستاش لەسەر فۆڕمی یەکسانیخوازانە لەنێوان سپی و رەش پێستدا، بەڕێوەدەچێت، مەبەستمە بڵێم ئەم ڕەوشەی ئەفریقای باشوور، زادەی کاریگەریی واقیعی ئاڵوگۆڕەکانی دەیەی نەودەکان و ئاڵوگۆڕەکانی جەنگی سارد بوو، سەرەڕای سەربەخۆیی ئەریتریا، لەدەست ئەسیوبیا، پاش زیاتر لەپەنجا ساڵ خەبات، لەوانەش گرنگتر بەخۆداچوونەوەی وڵاتێکی وەکو چین، لەسەر پیادەکردنی ڕیفۆرمی سیاسی و ئابوری. ئەگەرچی هێشتا سیستمێکی کۆمۆنیستی لەسەرکارە، بەڵام ئەو وڵاتە لەو ئاڵوگۆڕانە بێ کاریگەر نەبووە.

ئەوە سەرەڕای ملدانی کۆریای باکوورە بۆ دەستهەڵگرتن لەسەر سەرەڕۆییەکانی و وازهێنان لەسەر کوورە ئەتۆمییەکانی، دواجاریش ملدانی عەرەب بەگشتی و فەلەستینیەکان، بەتایبەتی بۆ دانوستان و دیالۆگ، لەگەڵ ئیسرائیل و هاتنە کایەی پرۆسەی ئاشتی.

مەبەستمە بڵێم ئەو ئاڵوگۆڕانەی، کە میخائیل گۆرباشۆڤ کردی، کە بە قەناعەتی من شۆڕشێکی جیهانی و خزمەتێکی گەورەی مرۆڤایەتی بوو، هیچی کەمتر نەبوو لەو شۆڕش و ڕێنیسانسەی، کە پێشتر کرابوون، ئەگەرچی هەندێک بە خیانەتکار لەقەڵەمدەدەن، بەرامبەر شوورەوی و ئیدۆلۆژیای مارکیسزم و سوسیالیزم، بەڵام پێشتریش بینیمان ستالین، هەر لەژێر ئەم ناوەدا چی بە مرۆڤایەتی کرد، پاشانیش بنیمان بۆریس یەڵسن چۆن تانکەکانی کرد پەرلەمان، بەڵام سەرئەنجام ئەم ڕیفۆرم و چەمکە گشتییانە سەرکەوتن.

گرنگترین خاڵ, کە زادەی ئەو ئاڵوگۆرانە بووە، متکردن و سرکردنی دیکتاتۆریەتی بەعس بوو لە عێراقدا، بەعس وێنەی چاوشیشکۆی ڕۆمانیا نەبوو، کە هەر ئەم ئاڵوگۆڕانە، لەگەڵ خۆیان ڕایانماڵێت ، بەعس نمونەی پۆل پۆت و خەمیرە سوورەکانی کەمبۆدیا نەبوو، کە وەکو جەنگیزخان لە کەللەسەری مرۆڤەکانی کەمبۆدیا، کۆشکی دروستدەکرد. بەعس بەوپێیەی دیماگۆیانە ڕەفتاری دەکرد, کارێزمایەک خرابووە سەروو هەموو ئیرادەیەکەوە, ئابووریی وڵات تەخشان و پەخشان دەکرا و چەندین نەخشەی داڕێژراوی جیهانی بە زەرەری خودی گەلانی عێراق جێبەجێ دەکرد، لە بابەتی جەنگی عێراق – ئێران و کوێت...ئەنفال

تەنها بە خاتری ئەوەی، وەکو سەرۆکی ئوممەی عەرەبی و سەرۆکی فەرماندە و پارێزەری خلیجی عەرەبی ناوببرێت، بەڵام ڕەنگە گەورەترین ئاڵوگۆڕە جیهانی، لەپاش گشت ئەو ئاڵوگۆڕانە جەنگی سارد، ئەو ئیتحوایە بێت ، کە ڕووبەڕووی عێراق کرایەوە، بەتایبەتی پاش دەرپەڕاندنی لە کوێت و ڕاپەڕینی گەلانی عێراق و بەتایبەتی ڕاپەڕینی بەهاری (1991)ی خەڵکی کوردستان.

خاڵی سەرنج ئەوەیە، عێراق یەکێک لە دۆستەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بوو، شەڕێکی هەشت ساڵەی لە دژی ئێران و شیعەی ڕەقیبی ئەمریکا و خۆرئاوا بەرپاکرد و بەڕێوەدەبرد، بەڵام کاتێک ئەم ڕژێمە پەلاماری کوێت دەدات. ئەمریکا و خۆرئاوا دەزانن، ئەم ڕژێمە تۆتالیتارە، چەندە مایەی مەترسییە لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی کە لە هەوڵی وەدەستخستنی چەکی ئەتۆمیدا بوو، هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی نەوتی کەنداوی فارس و دروستکردنی پەیمانی چوارقوڵیی شوڤێنی عەرەبی و زۆرشتی تری دەدا.

بەڵام سەرئەنجام ئەمریکا و خۆرئاوا، کە داینەمۆی گشتیی ئاڵووگۆڕەکان بوون، کۆتاییهاتنی ڕژێمی بەعس و عیراقیان، خستە ئەجێندەی پلەیەکی خۆیانەوە، وایانحسابکرد گەر شکستی بلۆکی شوورەوی، لە سەرەتای دەیەی نەوەدەکان، ئەجێندەترین کارێکی جییددی و پڕبایەخ بووە، بۆ جێبەجێکردنی نەخشە پڕ ئاڵوگۆڕەکان، بە هەمان شێوە ڕووخان و لەناوبردنی عێراق، دووەم و گرنگترین دۆسییەی پلەدووی جیهان بۆ ئەمریکا و خۆرئاوابوو.

بەو پێیەی لە عێراقەوە چەند پەیامێک دەدرێتە وڵاتانی تر و پێگەی جوگرافی و جیۆپۆلیتکیی عێراق، دەتوانێت ئەوەندەی تری ستراتیژەکانی ئەمریکا مسۆگەرتر بکات, زۆرتر زووتریش دەستی بە ئاوە گەرمەکان ڕابگات, کێشەی گەلێکی چل ملیۆنییش بخاتەوە ناو دۆسیەی جیهانی، کە بە درێژایی چل ساڵ بوو جینۆساید دەکرا.

گرنگیی ڕووخانی بەعس لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، تورکیای هاوپەیمانی خۆرئاواو دیوارگری پەڕینەوەی مارکسیزم لە سەردەمی جەنگی سارد و بەردەوامی سیستمی علمانی, لەدوای

جەنگی سارد، بەهۆی کێشەو قەیرانی ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە، ئەو پێگە ستراتیژ و جیۆپۆلیتکەیی خۆی، خەریکە لەدەستدەدات، ئەمریکا باش دەزانێت  لە تورکیا کێشەیەی گەلێکی بیست ملیۆنی هەیە، کە واقعە و دەبێت  بکرێتە ئەمری واقع، جیا لەوەش کێشە دەرەکییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئەرمیسنیا، قوبرس، یۆنان، سوریا، ڕووسیا و عێراقەوە، لە داهاتوودا تورکیا لاواز دەکەن.

بۆیە ئەلتەرناتیڤی تورکیا عێراق بوو، بەڵام پاش بارودۆخی ڕووخانی بەعس لە (2003) و خراپی وەزعی ئەمریکا لە باشووری ناوەڕاست و ئەو ئەلتەرناتیڤە گۆڕاوە, بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، کە خەریکە پێگەکانی دەوڵەتی سەربەخۆ دادەمەزرێنێت.

بەو پێیەی بەهێزترین سیستمی سیاسی لەناو هەرێمی کوردستان، لە سەرتاسەری عیراقدا بەڕێوە دەچێت.

بەوپێیەی بەهێزترین چەمکەکانی ئازادی، دیموکراسی، علمانیەت، کۆمەڵگەی مەدەنی، ئازادیی بەیان و عەقیدە، ڕۆژنامەگەری بەڕێوەدەچێت - سەرەڕای ڕەخنەکانی من لەسەر ئەو مەسەلانە-

بەو پێیەی بۆ خودی واشنتۆن دەرکەوت، یەکەمین و باشترین دۆست و هاوپەیمان ستراتیژی و ڕاستەقینەی واشنتۆن کوردەکان و هێزە کوردستانییەکان و سەرۆککۆمار و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حزبە کوردستانییەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و خودی خەڵکی کوردستانە.

بەو پێیەی ئەمریکییەکان لەگەڵ داخڵبوونیان بۆ هەرێمی کوردستان- گوڵباران کران و ئێستاش لە باشوور و ناوەڕاستی عیراق گوللەباراندەکرێن، بێگومان کەسیش لە ئەمریکا، باشتر ماناو مەفهومی (گوڵباران و گوللە باران) تێناگات و حساباتی لەسەر ناکات.

نابێت  ئەوەشمان لەیادبچێت، هەموو کارکرد و ئەجێندە و پرۆسە سیاسییەکانی ئەمریکا، هێندە خاو و هێواش و لەسەرخۆ بەڕێوەدەچێت، هەرگیز گەلانی خۆرهەلاتی، تاقەتی ئەوەندە چاوەڕوانی وئارامگرتن و کاتەیان نییە، واتە بەئاکام گەیاندنی پرۆسیسی سیاسیی ئەمریکا، بەرامبەر هەر دۆسیەک و هەر پەلامار و هێرش و وڵاتێک، هێندەبە بەرنامە داڕێژراو لەسەرخۆ و تاقەت پڕووکێنە تەحەممولی تاکی خۆرهەڵاتی دەوێت.

مەبەستمە بڵێم تا ئێستاش  ئەمریکا بەعەلەنی لاچاوی ئێمەی کوردی ماچ نەکردووە، لە پاداشتی گوڵبارانکردن و بە هەمان شێوە، تا ئێستاش وەڵامی گوللەبارانکردنی باشوور و ناوەڕاستی عێراقی نەداوەتەوە، ئەمەشە مانای ئەوە نییە، لە هەردووکیان بێئاگایە ، بەڵام ئەم کارە لە کاتی خۆیدا ئەنجامەکەی دەردەکەوێت.

بەو پێیەی کوردستان، بووەتە خاوەنی هێزی یاسایی پێشمەرگە و خاوەنی چەندین بیرەنەوتی بەرهەمهاتووی یەدەگ، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە کەرکووک لە ڕێگای ماددەی (140)بە دەستپێشخەری و هەوڵی واشنتۆن دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان, ئەمەش گرنگیی پێگە و جۆگرافیا و ئابووریی کوردستان، چەند بەرانبەر دەکات- لە کاتێکدا لە عێراقدا سێ پارێزگا زۆر گرنگن، ئەوانیش بەسرە کە دەروازەی دەریاییە، بەغدا دڵی دەوڵەت وگردبوونەوەی حکومەت و دەزگا ئیدارییەکان، کەرکوکی کوردستانی، شادەماری ئابووریی عێراقە-

ئەمە جگە لەوەی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە دژایەتی بۆ تیرۆرریزم و گرووپی ئیسلامیی توندەڕو لەگەڵ واشنتۆن، یەک ئەجێندەیان هەیە- سەرەڕای چەند سەرنج لەسەر پێناسەی

تیرۆریزم بۆ چەند گرووپی کوردی - بەڵام ئەم خاڵە زۆر گرنگە، بەتایبەت پاش ڕووداوەکانی یانزەی سێبتەمبەر.

بە واتایەکی تر، گەر واشنتۆن بۆ ئحتیواکردنی ئێران و سوریا حسابی لەسەر ئەفغانستان و عێراق کردبێت، پێدەچێت ئێستا هەرێمی کوردستان لە ئەهمیەتە پلەیەکەکان بێت بۆ واشنتۆن، بەتایبەتی واشنتۆن لەگەڵ تاران و دیمەشق هەر ئێستا لە کێشە و ململانییێەکی توندداڕیە، گەر بارودۆخی نائەمنیی بەغداد نەبووایە، ڕەنگە ڕەوشی سیاسی و هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە جۆرێکی تر بوونایە.

بۆیە هەر ئەمەش وادەکات، دەستکاریی پرۆسە و نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و باکووری ئەفەریقا بکرێت، پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێی، بکرێنە ئەلتەرناتیڤ و لەسەر نەخشەکەش دەوڵەتی کوردستانی گەورە بونیادبنرێت، لە چەند ڕۆژی ڕابردووش لە ئیتالیا، نەخشەکە تەسلیمی نوێنەری تورکیا بکرێت، ئەوەش نیگەرانی بکات و وایلێبکات هۆڵی کۆبوونەوەکان جێبهێڵێت.

ئەمە سەرەڕای بوونی دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی، کە واشنتۆن بە شکڵێکی ستراتیژی تێیان دەڕوانێت، بۆیە هەموو ئەم خاڵانە وادەکات، بڵێن ڕووخانی عێراق بۆ واشنتۆن، بۆیە لە ئەجێندە پلە دووهەمەکانی ئەودایە، توانی بیسەلمێنێ، دەتوانێ دیکتاتۆرترین، دیکتاتۆری جیهان برووخێنێت و دەستگیری بکات و دادگایی بکات، توانیی ڕەگوڕیشەی تاڵیبان و قاعیدە وەکو دوو گروپی گەورەی سوننی و ئیسلامی لەڕەگەوە دەرکێشێت، کە دەیانەویست گەرای ئیسلامی و سوننگەرایی بگەیەننە پاکستان، دەست بەسەر ئەتۆمییەکانی ئەو وڵاتەدا بگرن و بچنە کشمیر و بپەڕنەوە بۆ داغستان و چیچان، هەیمەنە بکەنە سەر

ئێران و بەشێکی کوردستانی عێراق لە هەورامان و بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراق و زۆر شوێنی تر.

لەسەروو هەموو ئەوانەوە مامڵەکردنی PKKبە درێژایی ئەم چەند ساڵە، وەکو واقعێک و هێزێکی کوردستانی، سەرەڕای ئەو هاوکارییە زۆروزەوەندەی واشنتۆن بۆ تورکیا.

بۆیە عێراق لەپاش جەنگی سارد، پێگە و شوێنێکی پلەیەکە بۆ ئەمریکا و خۆرئاوا، کە نەخشە و پلانەکانی خۆیانی تێدا دەبەنە پێش، بەتایبەتی کە پێویستیان بە سەقامگیری و ئارامی هەیە لە عێراقدا، کە پێناچێت بکرێت و لە حاڵەتی سەرنەگرتنی ئەم ئەگەرەشدا، تازەترین ئەلتەرناتیڤی واشنتۆن پارچەپارچە بوونی عێراقە بۆ سێ هەرێمی جیاواز، کە کورد بەهێزترین هەرێم و کارەکتەری ئەو دابەشبوونەیە بۆ واشنتۆن, یەکێکە لە ئەگەرە بەهێزەکانی بەردەم واشنتۆن.

گەر بزانین کە ئەمریکا سەد دەسەد و گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەو پەشێوی و نا ئارامییەی, کە لە باشووری و ناوەڕاست هەیە، خودی ئێران و سووریان، بە پلەی یەکەم بەو مەبەستەی واشنتۆن لە عێراقدا بە دەردی ڤێتنام بچێت, نەتوانێت پراکتیزەی ئەو ئەجێندایەی بکات، کە سەبارەت بە ئاڵۆوگۆڕ لە سیتمی سیاسیی تاران و دیمەشقدا دایڕشتووە.

بەڵام ئایا کام ڕێگا واشنتۆن دەگەنێتە نەجات؟

ئەوەی کە عێراق بەو بارودۆخە خراپە بهێڵێتەوە؟ یان پارچە پارچەی بکات، وەکو چۆن هەمان پرۆسەی لە یوگسلاڤیای جێبەجێکردو سەرکەتوو بوو، لەلایەکەوە کۆتایی بە شەڕی ناوخۆ هێنا و لە لایەکیشەوە, باشترین دۆست و هاوپەیمانی لە خۆرهەڵاتی ئەورووپا بۆ خۆی دروستکرد، کە تازەترینیان (مۆنتنیگرۆ- چیای ڕەشە- کە دانیشتووانەکەی (750)هەزار کەسن.

بەڵام هەموویان پراکتیزەی سیستمی سیاسیی ئازاد و دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکەن, بوونتە داینەمۆی دیموکراسی لە ناوچەکەدا.

بێگومان ئێستا واشنتۆن لە ئەهمیەتی هاوپەیمانیەتی کورد باش تێدەگات، بەڵام هێشتا دوژمنەکانی کورد، کە دۆستی واشنتۆنن، ڕەنگە لە مەترسیی بەدەوڵەتبوونی کورد زۆر بترسن، بەڵام واشنتۆن دەیەوێت ئەمەش بکرێتە ئەمری واقیع.

بۆیە ناکرێت بڵێین بێ کاریگەرە و ئاڵوگۆڕەکانی عراق داینەمۆی ئاڵوگۆڕەکانی لیبیایە، لەپاش کێشەی لۆکەربی، مل بۆ داوەکانی واشنتۆن و ڕۆژئاوا دەدات.

ئاڵوگۆڕەکانی بەلتیک و شۆڕشی پرتەقاڵیی ئۆکرانیا، کاریگەریی ئاڵوگۆڕەکانی عێراقە، کە وادەکات دۆستە کۆمۆنیستەکەی ڕووسیا پەراوێز بخرێت و سیستمێکی مۆدێرن و لیبراڵ و دۆستی واشنتۆن بێتە سەرکار.

هەڵبژاردنە ڕواڵەتییەکانی میسر، یەمەن و شارەوانییەکانی سعودیە و بەشدارپێکردنی ژنان لە کوێت, سعودیە و بەهاناوەچوونی گەلانی دارفۆر لە سودان و ڕەوانەکردنی کێشەکە بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش، و پێداگری لەسەر سەلماندنی مافی مەسیحییەکانی باشووری سودان، بە سەرکردایەتیی جۆن گەرەنگ و فشار خستنە سەر لوبنان بۆ دەرپەڕاندنی حزبوڵڵا و دوورخستنەوەی لە سنوورەکانی ئیسرائیل, دەرخستنی ئەو هاوکارییەی کە ئێران و سوریا پێشکەشی حزبوڵڵای دەکەن.

پێشتریش فشار خستنەسەر سوریا، پاش تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری، تا هێزە سوپایی و ئەمنییەکانی لە بیروت بکێشێتەوە, بردنی کێشەکە بۆ ئەنجویومەنی ئاسایش و ئێستاش لە هەوڵی دانانی

سنووریّکی نیّودەوڵەتیدایە بۆ نیّوان سوریا و لوبنان، ڕیّگەگرتن لە بۆرییە نەوتییەکانی ئازربایینجان بە تیپەڕبوونلە ئیّرانەوە و بایکۆتکردنی ئەو کۆمپانیایانەی,کە یارمەتیی ئیّران و سوریا و گرووپە ئیسلامییەکانیان داوە, لەم ڕۆژانەشدا زیادکردنی بودجەی (70)ملیار دۆلار بۆ کاروباری سەربازی لە ئەفغانستان و عیّراق و دانانی بوجەیەکی (480)ملیار دۆلاری بۆ کاروباری سەربازی, دژایەتی و بەرگرتن لە کۆنترۆڵی ئیسلامییەکان لە سۆماڵ و شکستی کودەتا سەربازییەکان، لە زۆر وڵاتدا و تەرخانکردنی پارەیەکی باش بۆ ڕیکخراوە (NGO)کان لە کوبا بۆ دژایەتیی سیستمی تۆتالیتاری لەکوبا و ڕاکیّشانی مەکسیک بۆ نااو پەیماننامە نیّودەوڵەتییەکان.

مەبەستمە بڵیّم بەشیّکی زۆری ئەو ئاڵوگۆڕانە، پاش هاوکیّشە سیاسییەکانی عیّراق ڕوویانداوە و هەنگاویان بۆ نراوە, لە نەخشە و پلانی واشنتۆن بیّ کاریگەر نین.

بەڵام دیسان هیّشتا ئەجیّندەی عیّراق، گەرمترین ئەجیّندەیە بۆ واشنتۆن و تاووتویّکردنی گشت فایلەکانی تر، بۆیە کۆتایی جەنگی سارد چەندە ئاڵوگۆڕی پۆزەتیڤی بەدوای خۆیدا هیّنا، شکستی عیّراق و بەعسیش سەرەڕای، گشت ئەو ئاڵوگۆڕانەی، کە تا ئیّستا هیّناویاننەتە گۆڕیّ، کۆمەڵیّک ئاڵوگۆڕی تر بەدوای خۆیدا دەهیّنیّت، کە باشترینیان ڕەنگە بە قازانجی کورد بیّت و بەدەوڵەتکردنی کوردستان بیّت...!

## (3)
## کورد و هاوکێشە سیاسییەکان

لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابردوودا، هیچ کام لە هاوکێشە سیاسییەکان ئەوەندەی ڕاپۆرتەکەی (بیکەر-هاملتۆن) کوردیان نیگەران نەکرد, هیچ کامیشیان ئەو ڕاستییەی نەسەلماند، کە ئەمریکا تەنها و تەنها شتێک لە ئەجێندای کارکردنیدا بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی لەگەڵ کورددا.

ئەگەرچی هێشتا زووە قسە لەسەر ئەوە بکەین، کە ئەمریکا دۆستی کورد نییە و نەبووە، بەڵام ئەم ڕاپۆرتە خاڵێکی گرنگە لە پەیوەندیی نێوان (ئەمریکا-کورد).

بەو واتایەی کورد، ئەمریکای وەکو فریادەڕس و ڕزگارکەری نەتەوە ژێر دەستەکان سەیردەکرد، بەڵام خەریکە ئەو تێگەیشتنە کاڵدەبێتەوە، ئەو بۆچوونە ڕاست دەردەچێت، کە واشنتۆن تاکە لایەنێک  کە حسابی دۆستی خۆی بۆ نەکردووە کوردە.

راپۆرتەکەی (بیکەر-هاملتۆن)هەرچەندە بۆ کورد خراپ بێت، بەڵام چەند گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ کورد، ئەوەش لانیکەم کورد بەئاگادەهێنێتەوە، لەوەی کە سیاسەت بە دۆستایەتی ناکرێت پێویستی بە ئەجێندا و پرۆتۆکۆڵ و دارِشتنی تاکتیک و ستراتیژ هەیە و پێویستی بە ڕاگرتنی تەرازووی بەرژەوەندی و هاوکێشە سیاسییەکان هەیە.

کوردی بە ئاگا هێنایەوە لەوەی, کە ئایا لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابـردوودا، چ ئەجێندایەکی هەبووە، لەگەڵ ئەمریکا کاری لەسەر کردووە؟ کامە پرۆتۆکۆڵی بە قازانجی خەڵکی کوردستان ئیمزا کردووە؟ ئایا چ گرەنتەیەکی لە واشنتۆن وەرگرتووە، سەبارەت بە ئاییندەی کوردستان و پاراستنی هەرێمی کوردستان و ئەگەرەکانی سەربەخۆیی...؟

ئایا کـورد لـەسـەر چ بنەمایەک هـاوکـاریـی واشنتۆنی کردووە؟

بۆ وەڵامی هەموو ئەو ئەگەرانەی سەرەوە، بە بۆچوونی من، خەڵکی کوردستان ناتوانن گەشبینبن بە وەها ئەجێندایەک و ئیمزایەکی مێژوویی، ئەوەش بەو بەڵگەی کەمترین شەفافیەت لە کارکردنی سەرکردایەتیی سیاسیی کورددا بەدیناکرێت.

لە حاڵەتی ئاساییدا، سەرکردایەتیی کورد، بێدەنگ ومست خەریکی شاردنەوەی شتەکانە, تەنها لە ژوورە داخراوەکان چەند کەس دەیزانن.

کاتێکیش دەگاتە حاڵەتی مەترسیدار، بچووکترین مەترسی، دەکەنە مۆتەیەکی گەورە و هەڵایەکی بۆ بەڕێدەخەن، کە خەڵکی

کوردستان هێندە دەترسێنێت، سادەترین خەڵکی کوردستان بە (نەهامەتییەکی تر، نسکۆیەکی تر، بەشوودانێکی تر..)ی ناویدەبەن.

ئەمە هەڵەترین سیاسیەتە لە رەوتی درێژخایەنی مێژووی سیاسیی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورددا، چونکە جگە لەوەی متمانەی جەماوەر لەدەستدەدات، ناکرێت کۆمەڵگاش بڕوا بە ڕاستیی ئەو مەترسییانە بکات.

سادەترین شت ئەوەیە، لەماوەی پانزە ساڵی رابردوودا، کەس نازانێت دیالۆگ و دانوستانەکانی نێوان کورد واشنتۆن چی بووە؟

ئایا واشنتۆن بەڵێنی چی بە کورد داوە؟ ئایا لەسەر چ بنەمایەک پەیوەندییەکان دارێژراون ؟

ئێستاش کە دەیبینن تەنها راپۆرتێک زۆرترین بێ مافی سەبارەت بە کورد تێداهاتووە، قوربانیترین قوربانی لە عێراق و ناوچەکەدا کوردە.

ئایا فاکتەری ئەم غەدرە، خراپیی هەڵسوکەوت و ڕێکردنی هاوکێشە سیاسییەکانە لە عێراق و ناوچەکە و ناوخۆدا؟

بێگومان بەڵێ* ئێستا دەرکەوت هەموو گوێرایەڵی و ملدان و هەموو داخستنی فەرشێکی سوور, دەست بە سنگەوەگرتن و قوربانیدانێک، ڕاست و شیاو نییە، چونکە ئەمە سیاسەتە و (ئاشی سیاسەتیش بە ئاوی بەرژوەندی دەگەڕێت).

بەکورتی، کورد عاتیفانە مامەڵە لەگەڵ سیاسەت دەکات، نەک بە عەقڵانیەت، ئەمەش خودی گرفتەکەیە.

با بپرسین (جیمس بیکەر-هاملتۆن) بۆچی لە(79)مادەدا، کەمترین مافی بە کورد ڕەوا نەبینیوە؟

گەر دیقەت بدەین لەو ڕاسپاردە و پێشنیارانەی ڕاپۆرتەکەدا، دەردەکەوێت بیکەر گەڕاوە بەدوای ئەلتەرناتیڤ بۆ دوژمنەکانی ئەمریکا و هەموو سازشێکی بە ڕەوا زانیوە، لەگەڵ خودی دوژمنە سەرەکییەکانی واشنتۆندا.

بیکەر ئەوە باش دەزانێت (کورد) دوو گرنگیی زۆر گەورەی هەیە لە ڕاپۆرتەکەدا»

**یەکەم:** ئەوەی کە کورد نە دوژمنە و نە دەبێتە دوژمن.

**دووەم:** باشترین دیارییە پێشکەشی هەموو ئەو لایەنانەی دەکات، کە دژی ئەمریکان.

هەموو لایەنەکانی عێراق و وڵاتانی ناوچەکە بە (ئێران، سوریا، تورکیا و سعودیە و ئوردن و میسریشە) و (شیعە و سوننە) هەمیشە ترسیان لە کورد هەبووە, بەردەوامیش واشنتۆنیان لە مەترسیی کورد و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی و کوردەکان ئاگادارکردووەتەوە، زۆربەشیان بەتایبەتی قسەیان لەسەر (کەرکووک) کردووە، بەتایبەت تورکیا و شیعە و سوننەکان.

بۆیە چۆن بیکەر گەڕاوە بەدوای ئەلتەرناتیڤەکانی خاوکردنەوەی دوژمنەکانی واشنتۆن، کوردیشی بە یەکێک لەو فاکتەرانە داناوە، کە لانیکەم، دەتوانێت خاڵێکی کاریگەر بێت و ناڕاستەوخۆ بە تورکیا و ئێران و شیعە و سوننەکان بڵێت ، یەکێک لەو مەترسییانەی کە پێتانوایە عێراق تووشی لەتبون و دروستبونی دەوڵەتی کوردی دەکات، بەتەواوی سڕکراوە.

گەر ئەوەش بزانین ڕاپۆرتەکە بە تەنها مەبەستی پەراوێزخستنی (کورد)نییە، بەڵکو پەراوێزخستنی (کورد) واتای چەند شتی گرنگتر دەردەخات، سەبارەت بە کورد.

ئـەوەی کە کـورد پشتگوێخراوە، ئەمە لە بـواری سیاسـی و دەروونییەوە (دوژمنەکانی کورد و ئەمریکا) خۆشـحاڵ دەکات.

ئـەوەی کە (کەرکوک و مـادەی 140) دوابخرێت، دەلالەتە بـۆئـەوەی، کە نابێت تورکیا چیدی نیگەران بێت، لـەوەی کە کەرکوک دەبێتە بەشێک لە هەرێمی کوردستان ودۆستەکانی تورکمان پەراوێز ناخرێت و ئەم لێکدانەوەیە بۆ ئارامکردنەوەی سوننە شۆڤێنی و ناسیۆنالیستەکان و کۆنەبەعسییەکان و عەرەبە هاوردەکان و شیعە توندڕەو گرووپی سەدریش ڕاستە و قانعپێکەرە بۆ ساردکردنەوەی هەراسانبوونی ئەو لایانانە.

جگە لەوەی ئاماژەیەکی ئابووریشی هەیە، بەوەی کە کەرکوک وەکو شا دەماری ئابووریی عێراق ناسراوە، ئیتر کورد ناتوانێت ئەم کارتە وەکو کارتێکی ئابووریی بەهێز لەدەستیدا بێت و ببێتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کـوردی و بەهێزکردنی پایە ئابوورییەکانی هەرێمی فیدراڵ و نزیکبوونەوە وڵاتـان و کۆمپانیا سەرمایە گوزارییەکان بۆ وە دەستخستنی پشکی ئابووری لەژێر دەسەڵاتی کوردەکان.

هەروەها ڕازیکردنی ئەو لایانانەیە، کە لەمێژە دەیانگوت نابێت مـاددەی (140) جێبەجێبکرێت و کەرکووک بەپێی بڕگەیەکی دەستوور بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

ئەمەش مانای ئەوەیە، ئەو دەستوورە، خواستی گەلانی عێراق بووە وڵاتانی دراوسێی و سوننەکانی نیگەران کـردووە، قابیلی ئەوەیە جێبەجێ نەکرێت و یەکەم خاڵیش کە جێبەجێ ناکرێت ماددەی ( 140)ە.

به بۆچوونی من، گەر پرۆسەیەکی سیاسیی گرنگ لە عێراقدا، لەپاش ڕووخانی بەعسەوە ڕوویدابێت (پرۆژەی دەستووری نوێی عێراقە)و گرنگترین خاڵیش لەناو پرۆژەی دەستوردا ماددەی (140)ەو فەعالترین کارەکتەری ناو پرۆسەکە و دەستووریش لەڕووی (ئابوری، سیاسی، ئاسایش )ەوە (کوردستانە)واتە بیکەر بە دواخستنی ئەو ماددەیە، هەم کورد و هەم مادەکەو هەم دەستوریش پەراوێز دەخات، واتە ئەو داوایەی کە ئێران، سوریا، سعودیە سوننەکان و بەشێک لە شیعەکان و بەعسییەکان داوای دەکەن, ئەمەیش ئەو خاڵەیە کە بیکەر بەتایبەتی ئاماژەی بۆ دەکات، کە دەبێت  بە هەرچی نرخێک بێت، لایەنە شەڕکەرەکان، دوژمنەکانی واشنتۆن ئاشتبکرێنەوە و مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت،

ئەگەر چی ئەم ڕازیکردنە، نابێتە قەناعەتی تەواوی لایەنەکان و وڵاتانی ناوچەکە، چونکە وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەتی (سوریا و ئێران و سعودیە) کە سەرچاوەی سەرەکیی یارمەتیدانی گرووپەکانی عێراق و پەشێوی و نائارامیی عێراقن، بەتەنها کێشەی عیراقیان نییە، بەڵکو کێشەی تریشیان هەیە، کە دەیانەوێت وەکو کارتی گوشار بەکاری بهێنن دژی ئەمریکا، لە بابەتی دواخستنی سەپاندنی سزای ئابووری و کێشەی کوورە ئەتۆمییەکانی تاران و دەستهەڵگرتن لە موجاهیدینی خەڵق و ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەستهەڵگرتن لە گەمارۆدانی ئێران لە عێراق و ئەفغانسانەوە و دژایەتیکردنی، گرنگترین خاڵن، کە ئێران داوایاندەکات، هەرچی سوریاشە فاییلی لوبنان و بەرزاییەکانی جۆلان و ئیسرائیل و ئیمتیازی زیاتر بە سوننەکان گرنگترین داواکانیەتی.

بەم شێوەیە دەتوانێت بڵێن، ڕاپۆرتەکە قوربانیبوونی دۆستەکانە، لەپێناو ئاشتبوونەوەی دوژمنەکان و ئەمەش تاکە ئەلتەرناتیڤە بۆ ڕازیکردنی لایەنە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دژی واشنتۆن، ئەمەش شتێکی سادەیە لە سیاسەتی هەمیشەیی واشنتۆندا، کە لایەنێک بکاتە قوربانی و لەڕووی ئەخلاقییەوە پێناسەیەکی نییە.

هێشتا ڕاپۆرتەکەی(بیکەر-هاملتۆن) نەچووەتە بواری پراکتیزەکردنەوە و چەند ئەگەریش هەن، کە ئایا ئێران و سوریا دەست لە هاوکاریکردنی سوننە و شیعەکان هەڵدەگرن و ڕەوشی سیاسیی عێراق ئارامدەکەنەوە و دەهێڵن واشنتۆن بە ئیسراحەت پیلانێکی نوێ دانێت و دەستکەوتەکان بخوێنێتەوە، یان بەردەوام دەبن لەسەر فشار خستنە سەر واشنتۆن بۆ کشانەوەو شکستی زیاتر و دروستکردنی ڤێتنامێکی تر بۆی.

ئایا ئەو ڕاپۆرتە واقعییە، یان وانشتۆن، تاکتێکانە دایڕشتووە و بۆ ئارامکردنەوەی سوریا و ئێران و شیعە و سوننە و بەعسییەکانە، یان ساغکردنەوەی ئەو قسانەیە کە دەڵێت « ئێران و سوریا بە پلەی یەکەم بەرپرسن لە پشێوییەکانی عێراق و لێرە بەدواوە، ئایا ئێران و سوریا ئەو پەلامارانە ڕادەگرن و ئەو تۆمەتەیان لەسەر دەبێتە ماڵ»

ئەمانە هەمووی چەند ئەگەرن، واشنتۆن کاریان لەسەر دەکات، بەڵام جارێ هیچ کامیانی نەخستۆتە بواری پراکتیکەوە، بەڵام دەبێت کورد بزانێت، ئەم راپۆرتە سەرەتایەکە بۆ هەر ئەگەرێک، کە واشنتۆن بیخوازێت، بەوەشەوە کە هەرێمی کوردستان و ئارامی و ئاساییش و حکومەتەکەش بخاتە مەترسییەوە،

چونکە ئێمە نمونەی خیانەتی واشنتۆن و ئەورووپامان لایە لە بابەتی (لۆزان) و (ڕووخانی حکومەتی شێخ مەحمود) و (قازی محەمەد) و (دەستگیرگردنی عەبدوڵڵا ئوچ ئالان) و (کۆچی خەڵکی کوردستانی باشوور).

بۆیە دەبێت کورد، سیاسەت بکات، نەک دۆستایەتی (چونکە لە سیاسەتدا دۆست و دوژمنی تا سەر نییە، بەڵکو بەرژەوەندی تاسەر هەیە).

## (4)
## کورد لە بەردەم
## پرۆتستۆکردنی پیلانێکی ناوچەیی

کۆمەڵێک کورد، دەیانەوێت بچنە لای ئەفسەرێکی پایەبەرزی وڵاتێکی دراوسێ, تا جاشیەت و خیانەتی خۆیانی بۆ ئاشکرابکەن؛ بۆ ئەم کارە, دۆستێکی خۆیان ڕادەسپێرن, تا ئەو چاوپێکەوتنەیان بۆ بڕەخسێنێت. کاتێک دۆستەکە دەچێتە ژوورەوە و دەڵێت کۆمەڵێک کورد؛ ئەفسەرەکە یەکسەر دەڵێ! ئەوانە خیانەتکاران و دوژمنی ئەم گەل و وڵاتەن؛ قوربان ئەم کوردانە؛ جیاوازییان نییە، هەموویان دوژمنن.

کابرا دەیەوێت بڵێت, ئەفسەری بەرێز, ئەمانە ڕاستە کوردن, بەڵام دۆستی ئێمەن, بەڵام ئەفسەرەکە, کە ناوی کورد دەبیستێت, تووڕە دەبێت و هەڵدەچێت...

مەبەستم لەم چیرۆکە ئەوەیە, دوژمنانی کورد بەتایبەتی وڵاتانی (ئێران و تورکیا و سوریا...) هەر کە ناوی کورد و کوردستان دێت، قەڵس دەبن و یەکسەر دەکەونە پیلانگێڕان و چنیننی سیناریۆی دوژمنکارانە.

هێشتا کارەساتی ئازاری (1975)و کارەساتی هەکاری و لەسێدارەدانی قازی محەمەد و تیرۆرکردنی قاسملۆ وکەمانگر و ئەنفال و هەڵەبجە و قەتلووعامی دەرسیم و سنە و مهاباد و (31)ی ئاب و تیرۆری سەیدا ساڵح و قەتڵاوعامی قامیشلۆر حەسەکەمان بیرنەچووەتەوە.

هێشتا ئەوەمان لەیادە؛ کە لە سەرەتای راپەڕینی خەڵکی کوردستان لە ساڵی (1991) و دواتر چۆن ئەم وڵاتانە، نەیانهێشت تەنانەت یەک بۆشکە نەوت بگاتە کوردستان و نرخی یەک بۆشکە گەیشتە (2000)دیناری چاپی سویسری, ئەم نرخەش بە درێژایی مێژووی دروستبوونی عێراق ڕووی نەداوە؛ وبگرە نرخی یەک فەردە ئارد، گەیشتە (1500) دینار و یەک تەنەکە رۆن (1000) دینار, ئەمە لە کاتێکیدا، داهاتی خەڵکی کوردستان ئەوەندە خراپ و کەم بوو، زۆر خێزان دوو ژەم نانیان دەخوارد, یان بەسەرە چایان دەخواردەوە.

ئەم قەیرانە جگە لە ڕۆڵی پاسیڤی سەدام و بەعس, هەرسێ وڵاتی دراوسێی کارەکتەری سەرەکی بوون، چونکە سنوورەکانیان داخست. ئامادەنەبوون لەو بارودۆخە قورسەدا، هاوکاری خەڵکی بکەن, بیانووی ئەوان ئەوەبوو. کە کوردەکان بەنیازن لە کوردستانی عێراقەوە، دەوڵەتی کوردستان دروستبکەن.

کوردەکان ئیدارە و حکومەت و پەرلەمان و کۆلێژی سەربازی و پاڵاوتگەی نەوتیان دروستکردووە, ئەمانە هەموویان مەترسین بۆ سەر جۆگرافیا و جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە.

هەولّی دوژمنکارانەی ئەم وڵاتانە، هەر ئەوە نەبوو، کە خۆیان سنوورەکانیان داخست, بەڵکو نەیانهێشت ئەو یارمەتی و هاوکارییانە بگەنە کوردستان، کە لەلایەن وڵاتانی ئەورووپی و ڕێکخراوە ( NGO)کان و خێرخوازییەکان پێشکەشدەکراو سەدان کێشەیان بۆ ئەو وەفدە ئەورووپییانە دروستدەکرد، کە دەیانویست بێنە کوردستان.

ئاشکراکردنی ڕێککەوتنامەی پاریس، هەر لەلایەن ئەم وڵاتانەوە بوو, کە کوردی دەگەیاندە ڕاددەی سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسیی یەکجاری, ئەگەرچی دەستی لایەنێکی کوردی لەم پرۆسەیەدا هەبوو، نەیهێشت ئەم کارە مەیسەر بێت.

هەر ئەم وڵاتانە بوون، بە نزیکەی (200) ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانی و (100) ئۆپۆزسیۆنی کوردی تورکیا و سوریایان تیرۆرکرد.

هەر ئەوان بوون، لایەنە ئیسلامی و تورکمانەکانیان هاندا, بۆ دژایەتیی ئەزموونی خەڵکی کوردستان و حکومەت و زەرەرێکی زۆریان لەم ئەزموونە دا و زۆر دوایانخست.

هەر ئەوان بوون تیرۆریان لە کوردستان گەشەپێدا, تیرۆریستانیان تەیار دەکرد و ڕەوانەی کوردستانیان دەکردن، بۆ کاری خۆکوژی و ئاژاوەو پشێوینانەوە.

ئەوان هەر بەوە نەوەستان, پیلانی نهێنی و سیناریۆی ژێر بەژێر بچنن, بەڵکو لە پیلانێکی سێکوچکەی دوژمنکارانەدا،

هاوپەیمانییەکیان پێکهێنا بۆ دژایەتیی ئەزموونی خەڵکی کوردستان، لەنێوان (تاران, دیمەشق, ئەنکەرە)داو بەنهێنی سەدام حسێن و بەغدادش لەگەڵیاندا بوون.

بەم شێوەیە ئەم لایەنانە, هەر سێ مانگ جارێک لە یەکێک لەم پایتەختانە کۆدەبوونەوە, بۆ تاووتوێکردنی پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان و دانانی پیلانی دوژمنکارانە بۆ بەرپێگرتنی ئەم ئەزموونە.

ئەمانەی باسمکرد ئەو سیناریۆ کەمانەیە, کە ئەم وڵاتانە دایانڕشتووە دژی خەڵکی کوردستان, بەڵام هەموویان بێئاکام بوون وشکستییان خوارد, لە بەرامبەر ئیدارە و ئیرادەی خەڵکی کوردستان و ئەزموونی سەرکەوتووی کوردستاندا.

ئێستاش کە پیلانێکی تریان بە دەستەوەیە, بە بیانووی دژایەتیی تیرۆر, دەیانەوێت عیراقیش لەم پیلانە بگلێنن و دیسان کوردستان و حکومەتی هەرێمەکان بخەنە ناو ئەم سیناریۆیەوە، بەوەی گەلەکۆمەکێ بکەن دژی PKK)) و جەنگێک بەرپا بکەن, بە دەرکردنی لە کوردستانی عێراق و لەم بارەیەوە ئێستا خەریکی داڕشتنی سیناریۆیەکی وەهان، ئێمە شاهیدی دەدەین PKK)) لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، چەندین سیاسەتی چەوتی پیادە کردووە, دژی ئەزموونی خەڵکی کوردستان و کەوتووەتە شەڕەوە لەگەڵا لایەنە کوردستانییەکان, بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە, ئێمە دوژمنایەتیی ( PKK) بکەین و بچینە پاڵا بەرەی دوژمنکاران و شەڕی لایەنێکی کوردستانی بکەین.

کوردەکان چ لە حکومەتەکانی هەولێر و سلێمانی و چ لە حکومەتی فیدراڵی عێراق، گەر پشتگیری لەم پیلانە بکەن, هەڵەیەکی مێژوویی دەکەن.

لەمبارەیەوە دەکرێت چەند نموونە بهێنمەوە؛ کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین، چەندین قەیرانی جۆراوجۆری لێکەوتووەتەوە. هەمووکات کە فشار بۆ سەر ئیسرائیل دروستدەکرێت، ئەنجوومەنی ئاساییش دەیەوێت بڕیارێک دژی تەل ئەبیب دەربکات؛ واشنتۆن ڤیتۆ بەکاردەهێنێت بۆ پشتگیریی دۆستەکەی.

تامیلۆکانی، ویلایەتی تامیل نادۆ لە هندستان، هەرگیز پشتیوانیی حکومەتی نیودەلهی ناکات، بە دژایەتیی تامیلەکانی سریلانکا، کە ماوەی چەند ساڵە، کەمینەی تامیل لەلایەن سینهالەکانی سریلانکاوە قەتڵا وعام دەکرێن.

ئیتر بۆچی ئێمە بە بیانووی تیرۆر، دژایەتی (PKK)بکەین...؟ لە کاتێکدا ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی حیوار و دیالۆگ و دانوستانەوە لەگەڵا (PKK) بگەینە ئاکام، بەتایبەتی کورد ئێستا لە بەردەم تێپەڕکردنی چەندین هاوکێشەی سیاسیدایە، لە عێراقی فیدراڵا و کوردستاندا.

**یەکەم:** ئەوەی کورد لە بەردەم بە یەکجاری سەرکەوتنی پرۆسەی حکومەت و پەرلەمان و ئەزموونی خۆ بەڕێوەبردندایە، دەبێت ئەم ئەزموونە بگەیێنێتە ئاکام و خەونی کورد بێتەدی.

**دووەم:** مەسەلەی فیدراتیڤەکردنی کوردستان و دروستبوونی سیستمێکی پلورال و مۆدێرن لە عێراقدا، کە بەشێکی زۆری دەکەوێتە سەر سیاسەت و ڕەهەندەکانی کوردی. بۆ دروستکردنی مۆدیلێکی نوێ و جوان.

**سێیەم:** کوردستانی باشوور و حکومەت و خاکەکەی، خاک و حکومەتی هەموو کوردێکە لە هەر کوێی جیهاندا بێت، گەر پێویستی کرد هاوکاری بکرێت، باوەشی بۆ بگرێتەوەو گوێی

له مەترسییەکانی هاوکاری نەبێت, بەڵام بە ڕێگەی یاسایی و ئەخلاقی و دیبلۆماسی و نێودەوڵەتی.

**چــوارەم:** خۆ بـەدوورگـرتـن لـە دژایـەتـیی هـەر سـازمـان و ڕێکخراوێکی سیاسی، لـە هـەر چـوارپـارچـەکـەی کوردستان و دروستکردنی دۆستایەتی و هاوپەیمانیەتی و هـەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەکانیان و هاوکاری و پشتیوانیکردنیان.

**بەڵام:**

له بەرامبەر ئەم هەڵوێستانەدا. هەموو کوردێک و سازمان و لایەنێکی کوردستانی, ئەرکێکی گەورەی دەکەوێتە سەرشان و دەبێت کاری لەپێشینەی بێت بەرامبەر خەڵکی کوردستان.

ئەوەش بەوەی هاوکاریی خەڵک و حکومەت بکرێت,کێشە و قەیرانی بۆ دروست نەکرێت و هەموو کێشەکان با لە ڕێگەی دیالۆگەوە چارەسەربکرێت.

زۆر لە ڕێکخراوە سیاسییەکان ئەم هەڵوێستەیەیان نواندووە, بەڵام پێویستە PKK)) ئەم سیاسەتە پیادە بکات, خوێندنەوەی نوێی هەبێت بۆ ڕووداوە سیاسییەکان.

بێگومان بە پرۆتستۆکردنی حکومەتی هەرێمەکان و کوردەکان لە حکومەتی فیدراڵیی عێراقدا, ئەم پیلانەی دژی PKK)) لەڕێدایە پووچەڵا دەکرێتەوە، ئەمەش هەڵوێستی مێژووییە.

## (5)
## توركيا چی له كورد دەوێت...؟

تەنها (400000) تورک لە ناوچەکانی (رۆدۆبا)ی باشووری وڵاتـی بولگاریای سـنووری تورکیا دەژیـن، کەچی ئەنکەرە بولگاریای هەراسانکردووە، تا مافی ئوتۆنۆمی بە هاوخوێنەکانی بـدات, هاوکاریی (بزووتنەوەی ماف و ئـازادی) دەکـات و ئەو پێشنیارەی تورکیاش, لە کانونی یەکەمی (1997) دا خستیە بـەردەم پەرلەمانی بولگاریا و لەلایەن پارتی سۆسیالیستەوە سەرزەنشتکرا.

کاتێکیش لە ساڵی (1947)دا باکوری قوبرسی داگیرکردو رەئوف دەنکتاشی وەکو سەرۆکی ئەو بەشە دیاریکرد، ئەوەش وایکرد لە (1992/11/25)دا ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری (987) دەربکات, هێزەکانی تورکیای لەو کۆمارە بە بێگانە وەسفکرد و یەکێتیی ئەورووپاش، لەسەر ئەم ڕەفتارە نیگەرانیی خۆیان دەربڕی.

سەبارەت بە تورکمانەکانی عێراق و بەرەی تورکمانی و بەتایبەتی بەرە لە کەرکوکدا، لە هەڵبژاردنەکانی سەرەتای (2005)دا, نەیانتوانی لە (1) کورسی زیاتر بەدەستبێنن، دەیەوێت هەمان ڕەفتار دووبارەبکاتەوە، بەوەی کە داوای ناوچەی ئوتۆنۆم و هەرێمی جیا بۆ تورکمانەکان دەکات.

هەڕەشەش دەکات، کە ناهێڵێت کەرکوک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و تەگەرە دەخاتە بەردەم ماددەی (140).

ئەم قەیرانانەی هەر بە بولگاریا و قوبرس و کوردستانەوە نەوەستاوە, لەگەڵ کۆمارە تازە سەربەخۆکانی شوورەویی پێشوو (ئەرمەنستان، تورکمانستان و تاجیکستان و کازاخستان و ئۆزبەکستان...)هەیە، بەتایبەتی ململانێیەکانی لەگەڵ ئێراندا، لەسەر پێگە و نفوزی ئێران و تورکیا، لەسەر ئەو ناوچانەی, کە (تورکزمانن، یان فارسزمانن).

ئەنکەرە بەهۆی گرفتی ناسنامەوە, کە نازانێت ئایا (ئەورووپییە) یان (ئاسیاییە)یان (ئیسلامییە)...؟ لە لایەک و لە لایەکی ترەوە بەهۆی گرفتی قەیرانە دەرەکییەکانی، لەگەڵ (وڵاتانی تازە سەربەخۆ، لەسەر نەوت و پێگەی ستراتیژیان، لەگەڵ ئێران و سوریا لەسەر لیوای ئەسکندەرونە، یۆنان و بولگاریا ئەرمینیا...لە لایەکی ترەوە.

قەیرانە ناوخۆییەکانیشی لە بابەتی کێشەی (20)ملیۆن کورد, عەلەوی...سێ قەیرانی گەورەن لە بەردەم ئەو خۆڕاپسکاندنەی کە دەیدات.

ئـەوەش هەمیشە سیاسەتی وڵاتـە پڕ قەیرانەکانە، کە هەمیشە دەیانەوێت قەیرانەکانی ناوخۆ بگوازنەوە دەرەوەی سنوورەکانیان، تا مەترسیی کودەتا و ناڕەزایی جەماوەر کەم بکەنەوە. تورکیا هەمیشە لەسەر ئەم معادەلەیە کاردەکات، هەر بۆیە ئێستا دەیەوێت گیروگرفتەکانی خۆی بگوازێتەوە دەرەوە، بۆ سەر کەرکوک و هەرێمی کوردستان و ڕۆژانە هەڕەشە دەکات, ڕاگەیاندنی توند بڵاودەکاتەوە.

لەگەڵ پەلامارەکانی ئیسرائیل بۆ سەر حزبوڵڵا لە لوبنان، ئەنکەرە ڕایگەیاند» بۆچی بۆ تەلئبیب ئاساییە پەلاماری حزبوڵڵا بدات لەسەر خاکی لوبنان، بەڵام بۆ ئەنکەرە نابێت هێرش بکاتە سەر بارەگاکانی (pkk)لە قەندیل»؟»

پاش بێئاکامیی ئەم هەوڵەی، وەفدێکی لە چەند پەرلەمانتاری پارتی عـەدالـەت و گەشەپێدان و چەند پەرلەمانتاری تر، بەبێ پرسی پێشوەخت ناردە کەرکوک و پاش گەڕانەوەیان لە ڕاپۆرتی خۆیانە نووسیویانە» گەر تورکیا فریای خۆی نەکەوێت، کوردەکان سەربەخۆیی ڕادەگەیێنن و بارودۆخەکە ترسناکە، بۆیە پێویستە چی کۆمپانیای تورکی لە کوردستان کاردەکات بەپەلە بکشێننەوە».

لەوانەش خەتەرتر رۆژی (2006/11/5) عەبدوڵڵاگوڵی وەزیری دەرەوەی تورکیا، هەڕەشەی لە تاڵەبانی و بارزانی کرد, کە «نابێت کوردەکان بە هیچ شێوەیەک بیر لە سێ شت بکەنەوە، ئەوانیش

1- گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر کوردستان.

2- هاوکاریی pkk و بەکارهێنانیان، وەکو کارتی فشار دژی ئەنکەرە.

3- ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان.

شوکری ئەلداغ نوێنەری پارتی گەلی کۆمارییش، لە پەرلەمانی تورکیا وتی « حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نیازە لە ماوەیەکی نزیکدا، سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت و بە هاوکاریی ئەمریکاش یەکگرتن لەگەڵ کوردستانی تورکیا دروستبکات و ئەمەش گەورەترین هەڕەشە و خەتەرە»؟

لە هەفتەی ڕابردووشدا، ئەنکەرە، بە مەبەستی تێکدانی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی کەرکووک و ماددەی (140) مالکیی بانگهێشتیکرد, ئەمەش دووەم جارە لەپاش سەردانەکەی جەعفەری، سەبارەت بە کەرکوک و pkkو هەرێمی کوردستان، ئەمەش دیسان مایەی سەرنجە، بەڵام دەبێ مالکی ئەوە بزانێت، ئەو شەریکی کوردە و دەبێت وەزعی کەرکوک، وەکو حەقیقەت باسبکات، نەک وەکو ئەوەی تورکیا پێیخۆشە.

❊ ❊ ❊

ئەگەرچی پێشتر محەمەد تاغاری سیاستمەدار پۆزەتیڤانە قسەی کردبوو، کە» دەبێت کورد بەشداری پرۆسەی سیاسی تورکیا بکەن» خودی عەبدوڵڵا گولیش بۆ ئاسیۆشیدت پرێسی ڕاگەیاندبوو» گەر شەڕی ناوخۆ لە عێراق ڕووبدات، تورکیا پشتیوانی لە کوردەکان دەکات»

ئەم دوو لێدوانە جیاوازە، هۆکاری خۆی هەیە، سەرلێشواویی عەبدوڵڵا گوڵ نیشاندەدات، سەبارەت بە کورد و سیاسەتی ناوچەکە.

گریمان هەڕەشەکانی تورکیا ڕاستن، ئایا دەتوانێت پەلاماری کوردستان بدات؟ لەم بارەیەوە پیتەر گالبێرس بۆ ڕۆژنامەی (taz)، ئەڵمانی دەڵێت» تورکیا هەڵەیەکی گەورە دەکات، گەر بیەوێت بچێتە کوردستان، چونکە لەگەڵ (100000) پێشمەرگە ڕووبەڕوو دەبێت و توشی تێکشان دەبێتەوە و دەکەوێتە زلکاوێکەوە، کە بە زەحمەت لێی دەردەچێت، چونکە پێشمەرگە دەتوانن تورکیا بکەنە ڤێتنامێکی تر «

لە حاڵەتێکیشدا کوردەکان سەربەخۆیی ڕادەگەیێنن، تورکیا نەک ناتوانێت ئەم خواستەی خەڵکی کوردستان شکستپێبێنێت، بەڵکو وا باشترە یەکەم دەوڵەت بێت، دان بە دەوڵەتی کوردستاندا بنێت، کە کۆمەڵێک بەرژەوەندی بەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە, جیا لەوەی سنوورێکی زۆریان بە یەکەوە هەیە و دوو دۆستی نزیکی واشنتۆنن.

چونکە ئەوە ئەنکەرەیە ڕاستەوخۆ پشتگیری لە ئەلبان و کۆسۆڤەکانی یوگسلافیا دەکات، بۆ سەربەخۆیی و کەسیش نەیتوانی ڕێگر بێت. هەرچی پەیوەستە بە (pkk)ەوە ئەنکەرە دەبێت تێبگات پاشی (32) ساڵ شەڕ و کوژرانی (30000)کەس نەیتوانی ( تورکە شاخاوییەکان...!) لەناوبەرێت, بگرە بە گرتنی (عەبدوڵڵا ئۆجلانیش) سیناریۆکە وا دەرنەچوو، کە تورکیا دایڕشتبوو.

سەبارەت بەم مەسەلەیە دەبێت ئەنکەرە دوو خاڵ لەبەرچاو بگرێت.

یەکەم» کوردەکانی عێراق نە جارێکی تری شەڕی (pkk) دەکەن و نە ڕێگاش دەدەن تورکیا بەسەر سنوری هەرێمدا باز بدات, لە قەندیل شەڕی (pkk) بکات و ئەوەش دەبێت بزانێت ، چۆن تورکیا خۆی بە وڵاتی دایک دەزانێت بۆ(400000) تورکی بولگاریا و تورکەکانی قوبرس و کەرکوک و هاوسۆزی لەگەڵیاندا هەیە، بە هەمان شێوە کوردەکانی عیراقیش، خۆیان بە وڵاتی دایک دەزانن، بۆ کوردەکانی تورکیا و تەنانەت ئێران و سوریاش و بەرگریشیان لێدەکەن، بەخودی تاڵەبانی و بارزانییشەوە.

دووەم» دەبێت تورکیا تێبگات, کە مەحاڵە تۆپ و تانک لە ئەستنبوڵ و ئەنکەرەوە بێنێت بۆ قەندیل و بیەوێت pkk)) لەناوبەرێت»، بەڵکو ئەو سیاسەتە دروستە کە (تورکۆت ئۆزاڵ) ساڵی (1991)گرتیەبەر, کە وتی» تورکیا دان بە ڕاستیبوونی کورددا دەنێت» نەک هەڕەشە بێبنەماکانی گوڵ و ژەنەراڵەکان و یەشاربیوک تورکیا.

ئایا بۆ تورکیا ڕەوایە بەرگری لە تورکمانی بولگاریا و قوبرس و کەرکوک بکات، بەڵام بۆ کورد ناشێت دیفاع لە مافەکانی خۆی بکات...؟

تورکیا دەبێت ئیتر تێبگات، سەردەمی هەڕەشە نەماوە و نەهاتنەدیی خەونی بە ئەندامبوونی لەناو پەرلەمانی ئەورووپاش، یەکێک لە فاکتەرەکانی کوردە.

تورکیا هەڵە دەکات قسە بە سەرکردەکانی کورد دەڵێت، هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان دەکات.

تورکیا هەڵەدەکات (ئورهان پاموک) دەڕەنجێنێت، لەبەر ئەوەی وتوویەتی» تورکیا (1) ملیۆن ئەرمەن و (3000) کوردی قەتڵوعام کردووە و ئەو ڕاستگۆییەش، پاموکی کردە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ، کە تورکیا دەستخۆشی لێنەکرد

تورکیا هەڵە دەکات «یەشار کەمال» بەجوداخواز لە قەڵەم دەدات و داوای دادگاییکردنی دەکات، تەنها لە بەرئەوەی بۆ دیرشپگیڵی ئەڵمانی وتوویەتی» تورکیا دەتوانێت دەریاکان وشکبکات، بەڵام ناتوانێت ماسیەکان ڕاو بکات».

تورکیا دەبێت بزانێت ڕێگای برۆکسل بە دیاربەکر و ئابووریی ئەنکەرەش، بەشێکی بە هەرێمێکی کوردستانی گەشەکردوو و ئازاددا تێپەڕ دەبێت...!

تورکیا دەبێت واز لە خەونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دەسەڵاتی تورک لە تورکیاوە بۆ دیواری چین و ئاسیای ناوەڕاست و کافکاس بێنێت و خۆشی لەو وڵاتانە بەدوور بگرێت، کە بێزراون لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، نەک لەگەڵیان خەریکی پیلان و داڕشتنی سیناریۆ بێت دژی کورد، دەبێت وا زوو لە شیعە و سوننە بێنێت، وەکو کارتی فشار لە دژی کورد.

تورکیا دەبێت مۆدیلێکی نوێ لە سیستمی سیاسی لە ناوچەکە پراکتیزە بکات، کە هەرێمی کوردستانیش پشتیوانی لێبکات، ئەگەر نا هەڕەشەکان بۆ سەری ساحێبانە.

با بزانین تورکیا کامەیان دەکات، ئەوکات کوردیش بڕیار دەدات، دەست بە کاردەبێت و چی دەکات؟

## (6)

### عێراق مەیدانی ئەگەری دۆڕان و بردنەوەی ئێران و ئەمریکا

بارودۆخی سیاسیی عیراق هێندە ئاڵۆزە بووەتە تەوەری سەرەکیی هەموو میدیاو دانوستانە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و گەرمترین دۆسیەی سیاسیی ڕۆژە، بەڵام ئەوەی لە هەمووان زیاتر سەرقاڵیەتی و ئەجێنداکانی لە ڕەهەندی جیاواز جیاوازەوە تاوتوێدەکات، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە.

هەرچەندە واشنتۆن تووشی کۆمەڵێک قەیرانی گەورە لە عێراقدا هاتووە, تەنانەت کاریگەریی ڕاستەوخۆشی لەسەر ڕەوشی سیاسیی ناوخۆی ئەمریکا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، تا ئێستاش تاکهێزێک کە سەر لە مەسەلەکان دەردەکات و نهێنەییەکانی بزانێت, بیەوێت هاوکێشە سیاسیەکان عێراق بە لایەکدا بخات، هەرخودی خۆیەتی.

لە ماوەی پانزە ڕۆژی ڕابردوودا گەشتی مەکۆکی و دبلۆماسی واشنتۆن و هاوپەیمانە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانی بەرەو ئاکارێکی خێراو بە پەلە و پڕوپڕ ڕۆیشت.

هەندێک پێیانوایە مەترسیی ئەمریکا لە عێراق وایکردووە، ئەم گەشتە دبلۆماسییە خێرایانە ئەنجامبدرێت و هەندێکیشیان, پێیانوایە هەڵبژاردەکانی ئەم دواییەی واشنتۆن و سەرکەوتنی دیموکراتەکان فاکتەرێکی ترە، بۆچونێکیش هەیە دەڵێت» ئاماژە سەرەکییەکانی راپۆرتەکەی (بیکەر-هاملتۆن)داینەمۆی سەرەکیی ئەم جموجووڵە خێرایانەیە.

سەردانەکەی ولید موعیلم وەزیری دەرەوەی دیمەشق بۆ بەغداو چاوپێکەوتنی لەگەڵ تاڵەبانی و سەردانی عیراق پاش، بیست و پێنج ساڵ پچراندنی پەیوەندیی دبلۆماسی و بەڵێندان بە هاوکاریکردنی حکومەتی عیراق, بۆ چەسپاندنی ئاشتی و ئارامی لە عێراق، یەکێکە لەو ئاماژانەی کە بیکەر پێیوایە, دەبێت سوریا لە چارەسەری قەیرانەکانی عیراق رۆڵی هەبێت و سوریاش خۆی ئەم خوێندنەوەیەی پێباشە، کە لەناو هاوکێشە سیاسیەکاندا حسابی بۆ بکرێت, واشنتۆن لەگەڵیدا لەسەر فایلە جۆراوجۆرەکانی نێوانیان دانوستان بکەن، بە مەرجێک چۆن واشنتۆن داوای هاوکاری لە دیمەشق دەکات لە ئارامکردنەوەی عێراق و دەستهەڵگرتن, لە هاوکاریی گروپە چەکدارەکان و سوننەکان و قایمکردنی سنورەکانی دیمەشق دەیەوێت دۆسیەکانی (لوبنان و فایلی رەفیق حەریری و حزبوڵڵا لەسەری نەکرێتە ماڵ و لەوە زیاتر فشاری نێودەوڵەتی نەخرێتە سەر).

سەبارەت بە ئیسرائیل لە کشانەوەی لە بەرزاییەکان جۆلان و هەر ئەگەرێکی سەربازی نەرمی بنوێندریت.

هەرچەندە مەرجەکانی سوریا بۆ واشنتۆن قورسن، بەڵام چونکە وەزعی ئەمریکاش لە عێراق زۆرخراپە، ناچارە لانیکەم لەگەڵ سوریا مامەڵەیەک بکات. گەر کاتی و تاکتیکانەش بێت، بەتایبەتی کە سوریا هەنگاوی ناوە و وەزیرەکەی ناردووەتە بەغدا، بەڵام ئەمریکا دەیەوێت ئەم بەڵێنانانە بەکردار ببنە واقیع.

یەکێکی تر لەو گەشتە دبلۆماسییە خێرایانە، سەردانەکەی تاڵەبانی بوو بۆکۆماری ئیسلامیی ئێران.

راستە تاڵەبانی وەکو سەرۆک کۆماری عیراق چۆتە تاران، بەڵام سەردانەکەی تاڵەبانی چەند مانا و مەغزای جیاوازتری هەیە.

هەرچەندەیشە نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، ئەم گەشتەش لە درێژەی هەوڵەکانی واشنتۆنە بۆ چارەسەری قەیرانەکان، کە بە ئاماژەی ئەو بەڕێوە دەچن.

بەڵام تاڵەبانی بەوە ناسراوە، کە دبلۆماکارێکی باشە، تا ڕاددەیەکی باشیش دۆستی ئێرانیەکانە و لە زمانی دیالۆگی ئەوان دەزانێت, ئەوانیش دانوستانەکانی لەگەڵ تاڵەبانی بەهەند دەگرن.

جگە لە ڕەهەندە مێژووییەکانی ئەم پەیوەندییانە، دۆستایەتیی تاڵەبانی سەرۆککۆمار، لەگەڵ لایەنە شیعەکان خاڵێکی جەوهەرییە بۆ ئێران.

زۆربەی ئاماژە سیاسییەکان پێیانوایە، دوو هێز لە عێراقدا ململانێیانە، ئەوانیش ئەمریکا و ئێرانن. ئەم قسەیە تا ڕاددەیەکی زۆر ڕاستەو بە بەڵگەش دەرکەوتووە، کە ئێران ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، گەرچی زۆرجار ڕۆڵێکی نێگەتیڤە.

بەڵام لە سیاسەتدا، تەنها هەوڵەباشەکان بە ڕۆڵی سیاسی حساب ناکرێن، بەڵکو هەموو ڕێگاکان ڕیزبەندی خۆیان بۆ دەکرێت.

ئێستا ئیتر بۆ هەموو دونیا بەتایبەتی بۆ واشنتۆنیش ئاشکرابوو، کە ئێران هەرچی بۆ بکرێت بۆ هاوکاریی (ئەنجومەنی باڵای شۆڕش ئیسلامی، حزبەکەی عەبدولعەزیز حەکیم، حزبی فەزیلە و حزبی دەعوا، گرووپەکەی موقتدا سەدر و بچووکترین هێز و گرووپی شیعە) دریغی ناکات.

ئەمەش مانیفێستی کارکردنی ئێرانە، کە لە هەرکوێیەک شیعە هەبێت، دەبێت ئێران ڕۆڵ و ئامادەگی هەبێت، جا لە عێراقە، کە مۆڵگەی بەهێزی گرۆبوونەوەی شیعەکانە و شوێنە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلا و کازمیە و سامەرایە، یان لە پاکستان و بەحرێنە» ئێرانن خۆی بە هەڵگری ئیدیۆلۆژیای شیعەگەرایی دنیا دەزانێت, لە هەوڵی بەردەوامی ناردنە دەرەوەی ئەم فکرەدایە.

ئێستاش کە عێراق لەسەر تەرزی دیموکراسی بەڕێوە دەچێت, شیعەکان پڕنفوزترین گەلی عێراقن و ئێران دەیەوێت بە ڕۆڵێکی گەورەتر وازی بکات، تا لە لایەک شیعەکان وەکو کارتی گوشار بەکاربێنێت و خەونیش بەوەوە دەبینێت، کە کۆپیەکی هاوشێوەی خۆی لە نەجەف و کەربەلا و بەسرە دروستبکات.

لەوەش گرنگتر دەیەوێت ململانێ لەگەڵ واشنتۆن بکات, گۆڕەپانی عێراقیش بکاتە یەکێک لە قەیرانەکان، کە دەتوانێت ئەو گەمەیە بکات، بەتایبەتی لە هەرململانێیەکی تر بۆ ڕاکێشان بۆ ناو بازنەی پەیمانی ناتۆی یەکێتیی ئەورووپا و ئەنجومەنی ئاسایش و شکست دەخوات، بۆیە عێراق ئەگەرێکە بۆ ئێران کە دەبێت گرەوی لەسەر بکات.

ئێران باش دەزانێت گەر لە ئێستادا لە عێراق شکست بخوات، ئەوە زۆر ئاسانتر لەگەڵ واشنتۆن و ململانێیەکانی تر تێکدەشکێت.

بۆیە دەتوانم بڵێم عێراق بۆ ئێران، مانایەکی زۆرگەورەی هەیە, دەتوانێت فاکتەرێک بێت بۆ گرەو لەسەر مانەوەی خۆی بۆ ماوەی چەند ساڵی ترو دەتوانێت خاڵێک بێت، بۆ درێژەکێشانی بەرنامە ئەتۆمیەکەی و دواخستنی سەپاندنی سزای ئابووری و ململانێیەکانی لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا.

دەتوانێت فاکتەرێک بێت بۆ لادانی هەموو ئەو گریمانە و مەترسییانەی، کە پێیانوایە ئێران لە ئەجێندای واشنتۆندایە، بۆ ئاڵوگۆڕ لە سیستمی سیاسی لەو وڵاتەدا.

واتە ((عیراق بۆ ئێران بە هەمان شێوەی عێراق بۆ ئەمریکا گرنگە، بەڵام بەدوو ئاڕاستەی جیاوازدا)).

ئەویش بەومانایەی، واشنتۆن دەیەوێت عیراقێک بونیادبنێت، دەستی وڵاتانی دەرەکی بەتایبەتی ئێران کەمبکاتەوە، نەهێلێت لە مەترسیی گرووپی تیرۆریست و فەندەمێنتالیزم دووری بخاتەوە, حکومەتێکی دیموکرات و پلوڕاڵ بێتەکایەوە، هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق، هۆمۆجینانە لەناو هاوکێشە سیاسیەکاندا ببن, سیستمێکی نمونەیی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دروستبێت.

بەڵام هەرچی ئێرانە، هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە، عیراق بەردەوام نائارام و پڕ قەیران بێت، لەپێناو شکستی بەرنامەکانی واشنتۆندا و نایشیشارێتەوە، کە هەمیشە هاوکاری گروپە شیعەکانمان دەکات و هەرگیزیش ئێران بە وەرازی نابێت، سیستمێکی پلوڕال و مەدەنی مۆدێرن لە عێراقدا بێتەکایەوە، بەڵکو دەیەوێت سیستمێکی سیاسیی ئیسلامیی شیعە بێتە سەرکار، شیعەکان تێدیدا باڵادەست بن.

هەرگیز ئێران نایەوێت سوننە و کورد، لەناو ئەم هاوکێشە سیاسیانەوە شوێنی شیاو بگرن،

لەبەرئەوەی سوننە سەرەڕای ئەوەی  بە دوژمنی سەرسەختی مەزهەبی شیعە دەزانن، لەڕووی مێژوویی و سیاسییشەوە، ململانێیەکی کۆنیش لەگەڵ سوننەکان و وەهابییەکان, عەرەبستان سعودیە هەیە و هەردوولا خۆیان بە دوو جەمسەر و دووقوتبی گرنگی (شیعە و سوننە)ی سەرتاسەری دنیا دەزانن.

زۆربەی گرووپە سوننەکان، ئەوەش ناشارنەوە,کە نەک نایانەوێت ئێران هاوکارییان بکات، بەڵکو هەموو قەیران و کێشەکانی باشوور و ناوەڕاست و کوژراوی ڕۆژانەی سوننەکان، دەخەنە پاڵ ئێران و ئەوانیش سعودییە و ئوردن و میسر و سوریا، بە پشتیوانیی خۆیان دەزانن و ئێرانیش لەمە نیگەرانە.

هەرچی سەبارەت بە کوردە، ئێران راستە لەمەسەلە لاوەکیەکاندا، هاوکاری کوردەکان دەکات، بەڵام لەڕووی ستراتیژییەوە، خەتەری کورد هیچ لە سوننە بە کەمتر نازانێت  و پێیوایە کورد یەکێکە لەو هەڕەشانەی، کە رووبەڕووی ئێران دەبێتەوە, بە هاوکاریی واشنتۆن سنوورەکانی دەخانە مەترسییەوە، بۆیە هیچ کات ئێران لەڕووی ستراتیژییەوە هاوکاریی کوردەکان ناکات.

هەرچەندە ئەگەری لێکنزیکبوونەوەی ئێران و ئەمریکا و گریمانەیەکی دوورە و یەکێکە لە ئەگەرە دوورەکان.

هەرچەندە دەستهەڵگرتنی ئێرانیش، لە یارمەتییەکانی گرووپەکانی عێراق و شیعەکان و خودی موقتداش، کارێکی مەحاڵە.

کەواتە ئەگەری دیالۆگی دوولایەنە چۆنە, هاوکاریکردن چۆنچۆنی بەڕێوەدەچێت؟

ئەم پرسیارە وەڵامەکەی زۆرگرانە، بەڵام دەبێت هۆکاری چی بێت, لەپاش فشارەکانی واشنتۆن بۆ سەر ئێران، سەبارەت بە ڕەوانەکردنی دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش, ئەگەری هێرشی سەربازی و گەمارۆی ئابووری و تاوانبارکردنی بە شەڕی حزبوڵڵا و ئیسرائیل و پەشێوی عێراق و سازکردنی مانۆڕی سەربازیی و کۆکردنەوەی هاوپەیمانی, لە دژی هاوکێشەکە، گۆڕاوە بۆ دیالۆگ و دانوستان؟!

لێرەدا شتێک کە شاراوە نییە ئەوەیە، کە ئەمریکا لە عێراقدا تووشی چەند قەیران هاتووە و لیژنەکەی (بیکەر و هاملتۆن)یش، یەکێک لە ئەگەرەکانی ئەوەیە، کە دەبێت واشنتۆن لەگەڵ ئێران لەسەر عێراق دیالۆگ بکات، چونکە دەتوانێت ڕەوشی عێراق ئارامبکاتەوە؟!

هەرچەندە ئەمریکا ئەم کارەی کردووە، تاڵەبانی ناردە تاران، بەڵام بەگومانە لەوەی، کە ئێران لە عێراقدا هاوکاریی واشنتۆن بکات ، یان لانیکەم دەست لەو فاکتەرانە هەڵگرێت، کە زۆر کاریگەرانە شوێنی خۆیان پێکاوە, ئەمریکای ناچارکردووە، داوای دیالۆگ و دانوستان بکات.

بەتایبەتی ئەو فاکتەرەی باش دەزانێت چەندە بە قازانجەیەتی دوو بەرانبەر بە زەرەریەتی، مەبەست لەوەی چەندە عێراق بۆ ئەمریکا ئارام بێت، هێندەش ئەگەری پەلاماردانی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە زۆرترە و ئاسانترە.

تەنها لە حاڵەتێکدا، گەر ئەمریکا بەڕەسمی پرۆتۆکۆڵێکی لەگەڵ ئێران ئیمزابکات، کە هەرگیز بیر لە پەلاماردان، یان، ڕووخانی یان گوشاری ئابلۆقەی ئابووری ناکاتەوە.

ئەمەش بۆ ئەمریکا هەم ئیمزایەکی قورسە، هەم شەرمەزارییە، بچێتە ژێر داوایەکی لەوبارەوە.

بەوپێیە ئێران لەنیەتیدایە، عێراق بۆ ئەمریکا بکاتە ڤێتنام و ئەمریکاش دەیەوێت عێراق بکاتە نمونەیەکی باش، لانیکەم بۆ ئاڵوگۆڕ لە ناوچەکە و سیستمە سیاسییە تۆتالیتاریەکان و لەوبارەیەوە ئێرانیش بەردەکەوێت، بەڵام ئێستا زووە، بۆ بەیەکلاداخستنی ئەم کێشەیە، بۆیە عێراق خاڵێکی گرنگی یەکلایکەرەوەیە, بۆ سەرکەوتنی واشنتۆن و مانەوەی ئێران بە هەرحاڵێک بێت.

# 7

له (12)ی ژوئیەیەوە، شەڕێکی سەخت لەنێوان دەوڵەتی تەلئەبیب و ڕێکخراوێکی ئیسلامی شیعەی توندڕەو له لوبنان(حزبوڵڵا) دەستیپێکردووە، بەڵام لەڕووی ئیعلامییەوە شەڕەکە، بە شەڕی ئەو دوولایەنە ناودەبرێت، ئەگەر نا، خودی ئیسرائیل ئەوە باش دەزانێت ، کە نایەوێت کێشەکەی لەگەڵ سازمانێکی بچووک، هێندە گەورە بکات و لەسەر زاری لێپسراوە سیاسی و سەربازییەکانییەوە، ڕۆژانە لێدوان بدات، سوپا داوا له سەربازە یەدەگەکانی بکات، پەیوەندی بە هێزەکانەوە بکەنەوە, داوای جێبەجێکردنی مادەی (1559)ئەنجوومەنی ئاسایش بکات.

دەمەوێت بڵێم ، گەر ئیسرائیل لە ڕەهەندێکەوە، لەگەڵ حزبوڵڵا بجەنگێت، بەڵام مەبەستەیەتی بڵێ« ئەم جەنگە دژی ئێران و سوریا»یە دژی حزبە شیعی و شیعەگەرایە، چونکە چۆن ئەوان, بە بونیادنانەوەی ئەم گرووپە دادەنرێت، بە هەمان شێوە هەر

ئەوانیش لەڕووی مالی و چەکداری و لۆجتسیکیەوە پشتیوانی دەکەن، هەموو دنیا و تەلئەبیبیش باش دەزانێت، کە حزبوڵلا لەکوێ و چۆن بۆتە خاوەنی (15000)موشـەک و (8000) چەکدارو فڕۆکەی سیخوری بێفڕۆکەوان و کاتیۆشا و چەکی دژەفڕۆکە و توانای ماڵی و سیاسی و خاوەنی کەناڵی (المنار)ی ئاسمانی.

بەپێی سەرچاوەیەکی هەواڵی ماڵپەڕی (BBC)بە تەنها ئێران و سوریا، لانی کەم یارمەتیی (25-50)ملیۆن دۆلاری، دەدەنە ئەم ڕێکخراوە و لەلایەنی سەربازییشەوە هاوکاری دەکرێن، بـەڵام ئـەوەی کە بۆچی تەلئەبیب بۆردومانی لوبنان دەکات، ئەوە خودی ئەو پرسیارەیە؟ لەبەرئەوەی ئەم گرووپە لەڕووی جوگرافییەوە لەسەر خاکی لوبنانە، بەڵام چونکە لوبنان خاوەنی سیادە و سەروەریی خۆی نییە، نە دەتوانێتو ئەم گروپە دەربکات، نە دەتوانێت وەڵامی هێرشەکانی ئیسرائیل بداتەوە و نە دەتوانێت ڕەوشەکە چارەسەر بکات، بەڵام یەکەم زەرەرمەندیش هەر خودی لوبنانە، پاش (22) ساڵ داگیرکردنی باشووری لوبنان لەلایەن ئیسرائیلەوە لە (24)ی ئایاری (2000)دا، هێزەکانی لەم ناوچەیە کشاندەوەوە، بەڵام هەرزوو ناوچەکە، کەوتە دەستی حزبوڵلا و پێگە و نفوزی خۆی تێدا قاییم کرد و هەر لەو کاتەوە، کە حزبوڵلا دروستبووە لە ساڵی (1982) تا ئێستاش، بە دەیان جار کە هۆکاری سەرەکیی حزبوڵلا بووە لەلایەن ئەرتەشی ئیسرائیلەوە، بۆردومانی لوبنان و باشووری لوبنانی کردووە، واتـە هـەر کاتێک پەلاماری سنوورەکانی ئیسرائیل درابێت ، هەمان وەڵامدانەوەی هەبووە، بۆردومانی باشووری لوبنان و شوێنی تری کردووە.

بەڵام حکومەتی بەیروت، قەت نەیتوانی ئەم بەڵایە لە خۆی دووربخاتەوە، ئەو وێرانەیەی لەسەر دەستی حزبوڵڵا و گرووپە ئیسلامییەکان هاتەدی، لە خۆی دووربخاتەوە.

لە (14)ی مارچی 1978 هەر بەو هۆکارەکەی، کە پەلاماری سنوورەکانی درابوو، ئیسرائیل پەلاماری باشووری لوبنانی دا و نزیکەی (400) کەس کوژرا، تا لە (6) ژوئەی 1982 هەر سەبارەت بەو کاردانانەوە هێزەکانی ئیسرائیل، پەلاماری باشووری لوبنانیان دا, بۆ ماوەی (6)مانگ، ئابلۆقەی بەیروت درا و تا دواجار یاسر عەرەفات و (11000)هەزار چەکداری ئەو ڕێکخراوەی لە لوبنان دەراپەڕاند، دەکرێت لێرە ئەو پرسیارە بکرێت، ئایا ئەو دوو ڕووداوەی, کە لە (1982) تا (2000) ڕوویاندا، دووبارە ببنەوە.

مەبەستمە بڵێم گریمانەی ئەوە دەکرێت، جارێکی تر باشووری لوبنان بکەوێتەوە ژێر کۆنترۆڵی ئیسرائیل و بە هەمان شێوە حکومەتی بەیروت ناچاربکرێت، حزبوڵڵا لە وباشوری لوبنان دەرپەڕێنێت.

ئەو دوو سیناریۆیە، ئەگەری دووبارەبوونەوەیان هەیە، چونکە هەمان هەڵە، کە ڕێکخراوەی عەرەفات ساڵی (1982) کرد و تا دەگات بە ئێستاش، نەیانتوانی بەتەواوی لەگەڵ تەلئەبیب بگەنە ڕێککەوتن، بۆیە گەر ئیسرائیل ڕەوشەکەی بۆ لەباربێت ، دوور نییە ئەو دوو هەوڵە دووبارە بکاتەوە، ئەو ڕەوشەی کە ئێستا لەنێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵا دەستپێکرد, تا دێت ئاڵۆز دەبێت ، بۆ یە یەکێکی تر لە ڕەهەندەکانی ئەم جەنگە، دەکرێت پەیوەست بێت ئەوەیە، کە واشنتۆن ئەو سیناریۆکەی داڕشتبێت.

بەو پێیەی واشنتۆن لە عێراقدا، فشارێکی زۆری لەسەرە و ڕووبەڕووی چەند قەیران بۆتەوەو خەریکە شەڕی ناوخۆی شیع ەو سوننەشی دێتە سەر، بۆیە ئەمەش ئەو سیناریۆیەیە، کە زۆرجار وڵاتانی قەیراناوی دەیانەوێت سیناریۆ دروستبکەن, قەیرانەکان بگوێزنەوە دەرەوە، بۆیە واشنتۆن ڕەنگە بیەوێت سەرەنجی میدیا و وڵاتانی دونیا لەسەر عێراق لابەرێت و سەرەنج بدرێتە شەڕەکانی ئیسرائیل و لوبنان, بەمەش ڕەهەندەکانی ئەو جەنگە وا بەرێتە پێش، گەر کوشتار و قەیرانەکانی ناو عێراق فاکتەری سەرەکیی وڵاتانی ئێران و سوریان.

ئەوا ئێستا ئەم سیناریۆیە خەریکە تەنگ بەو دوو وڵاتە هەڵدەچنێت و هەردووکیان تۆمەتبارن بەوەی، کە یارمەتیی ماڵی و سەربازی پێشکەش بە حزبوڵڵا دەکەن, کردویانە و هەر لە چەند ڕۆژی شەڕەکانیشدا ئیسرائیل رایگەیاند، حزبوڵڵا موشەکی دروستکراوی ئێرانی بەکارهێناوە.

واتە ئەمریکا دەیەوێت بە دونیای ڕابگەیێنێت ، ئێمە و تەلئەبیب دەمانەوێت ئاشتی و ئارامی لە لوبنان بەر قەراربێت ، بەڵام حزبوڵڵا بە پشیتوانیی سوریا و ئێران، ناهێڵێت ئەو کارە مەیسەر ببێت ، نە پرۆسەی ئاشتیی ئیسرائیل و فەلەستین سەرکەوێت، بۆیە هەموو عاقبەتی ئەو جەنگە و ئاکامەکانی، دەکەوێتە ئەستۆی ئەو دوو وڵاتە و حزبوڵڵاوە و تەنها و تەنها ئەوان بەرپرسی یەکەمن.

هەر بۆیە سەرانی وڵاتانی (G8)لە مۆسکۆ، لەسەر زاری ڕاوێژکاری ئەڵمانیاوە، هەمان بۆچوونی واشنتۆنیان هەبووە و ڕایانگەیاندووە، حزبوڵڵا و هاوکارەکانی بەرپرسی یەکەمی ئەو

شەڕەن، جگە لەوەی دوو وڵاتی خاوەن نفوز و ئایدیای عەرەبی (میسر و سعودیە) پشتیوانیی بۆچوونەکانی ئەمریکا بوون.

بەو واتایەی بە هاتنەناوەوەی واشنتۆن بۆ ناو قەیرانەکە، هەم سینایۆکە تا ڕاددەیەک شوێنی خۆی گرتووە, هەم دژایەتیی حزبوڵڵاو سوریا و ئێرانیش پەرەی گرتووە، بۆیە ڕەنگە ئاکام بە دەرپەڕاندنی حزبوڵڵا لە باشووری لوبنان کۆتایی پێبێت.

یەکێکی تر لە ڕەهەندەکانی ئەم جەنگە، ڕەنگە ئەوەبێت, واشنتۆن بیەوێت چەند هێرشی ئاسمانی بۆسەر دیمەشق، یان ئەتۆمییەکەی تاران ئەنجامبدات، بەو پێیەی ئەو دوو وڵاتە سەرچاوەی شەڕن لە ناوچەکە.

یان لانی کەم بیەوێت زەنگێکی ئاگادارکردنەوە گەورە بێت، بۆ ئەو دوو وڵاتە، بەوەی گەر دەست لە نانەوەی پشێوی و قەیرانەکانی عێراق هەڵنەگرن، دەتوانێت تووشی کێشەیان بکات.

ئەگەر چی هەر دوو وڵات ئەو پەیامە باش دەزانن، بەڵام ناشتوانن دەست لە پشتیوانیی گرووپەکان لە عێراق و سوریا و لوبنان و فەڵەستین هەڵگرن، چونکە بوونی ئارامی لە هەرکام لەو وڵاتانە، مانای سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکە و بردنەوەی شەڕی عێراق و تێکشاندنی گرووپە تیرۆریستی و ئیسلامییەکان و سەدامییەکان و سەرکەوتنی ڕەوتی مۆدێرن و دیموکراسی و سکۆیلاریزمە، کە ئەمەش واتای سەرکەوتنی بەرچاوی بەرنامەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە, دواتریش جێبەجێکردنی بەرنامەکانی واشنتۆن دژی ئەو دوو وڵاتە.

بۆیە هەرکام لەو دوو وڵاتە، نە دەیانەوێت ڕەوشەکە لەوە ئاڵۆزتربێت ، کە خۆیان زەرەری لێبکەن، نە دەیانەوێت دەست لە پشتگیریی نەسروڵڵا و حزبوڵڵا هەڵگرن.

بەڵام ئیسرائیل کە بەپێی ئیعازی واشنتۆن جووڵە دەکات، نایەوێت ئەو شەڕە راگرێت، بەڵکو وەکو پێشتر باسمکرد، دەیەوێت یەکێک لە سیناریۆکانی سالآنی (1982–2000) جێبەجێ بکات.

بۆیە تادێت قەیرانەکانی لوبنان قوڵتر دەبێتەوە، ئەو وڵاتەی کە حەریری چەند ساڵ پێش ئێستا، لەسەر بودجەی خۆی ئاوەدانی کـردەوە، وردە وردە خەریکە جارێکی تر، ژێرخان و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئەو وڵاتە هەڵدەوشێتەوە.

بۆیە دەبێت حکومەتی بیروت بە خێرایی هەنگاو بنێت، بەوەی یان حکومەتێکی سەربەخۆبێتە کایەوە، کە خاوەنی بڕیار بێت و لە خزمەتی گەلانی لوبناندا بێت، یان دەبێت ئەوە قبووڵبکات، کە ئەو وڵاتە خەریکە دەبێتە گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی لایەنە ناکۆکەکان, گروپی نەسروڵلاش فاکتەری سەرەکیی ئەو قەیرانەیە بە دەستی دەرەکـی، بەڵام قسە ئەوەیە ئایا حکومەتی بیروت، دەتوانێت ئەو کارە بکات، بەڵام ئایا قەیرانەکە چۆن چارەسەر دەکرێت و چۆن کۆتایی دێت؟

بە فۆرمێکی روکەش تەلئەبیب دەڵێ« دەبێت حزبوڵلا دوو سەربازە ئیسرائیلەکە بەبێ مەرج ئازاد بکات، واشنتۆن داوای چەککردنی حزبوڵلا دەکات، حزبوڵلا مەرجی هەیە، ئێران داوای سڕینەوەی ئیسرائیل دەکات, سوریا بەردەوام و بەنهێنی موشەکی زیاتر ڕەوانەی حزبوڵلا دەکات.

لەناو ئەم هەموو لێدوان و ڕەهەندە سیاسییەدا، دەبێت کامیان کێشەکە یەکلابکاتەوە؟

بەبۆچوونی چاودێران هەرچی چۆنێک بێت, حزبوڵلا و سوریا و ئێران شـەڕەکـەیـان دۆڕانـدووە و دەبێت, مل بۆ یەکێک لە

داواکانی ئیسرائیل، یان واشنتۆن کەچ بکەن، لە کاتێکدا پێگەی سەرەکیی حزبوڵڵا کەوتە دەستی هێزەکانی ئیسرائیل، کە پێگەی موشەکەکانی حزبوڵڵای لێبوو، بێگومان ئیسرائیل وردە وردە شوێن پێی حزبوڵڵا دەکەوێت، تا زۆرتر لە سنوورەکانی خۆی دووربخاتەوە و بنکە و مۆڵگەکانی لێک هەڵبوەشێنێت, بۆ ماوەیەکی زۆر زیاتر بێهێزی بکات و زەبری کوشندەی لێبکەوێت.

سەرەڕای ئەوەی ئێستا ئیدی خەڵکی لوبنانیش کە (600) قوربانییان داوە و (150000)کەس ئاوارە بوون, زەرەرێکی زۆر لە لوبنان کەوتووە، دەزانن گۆبەندەکە، هۆکارەکەی حزبوڵڵایە و بەهۆی فاکتەرەکی دەرەکییە و ئەمەش وادەکات، هەم توانای سەربازی حزبوڵڵا کەم بکاتەوە، هەم لایەنگران و نفوزی حزبوڵڵاش بێتە خوارەوە، چونکە لە کاتێکدا خاوەنماڵی سەرەکی فەلەستینیەکان بە(فتح و حەماس) یشەوە خەریکی دیالۆگ و گفتوگۆ و دانوستانن، لەگەڵ دوژمنەکەیان و بەڵێنانداوە, کە شەڕ رابگرن، ئیدی حزبوڵڵایەک، کەنە پەیوەندی بە فەلەستینەوە هەیە، نە خاوەنی سەرەکیی کێشەکەیە، بۆچی وازناهێنێت.

بۆیە ئەم خاڵە گرنگە و ئیسرائیلیش، دەیەوێت زەرەری گەورە لە لوبنان بدات و هەراسانیان بکات، تا پێیان بڵێ حزبوڵڵا هۆکاری سەرەکیی کێشەکەیە.

هەموو دونیاش ئەوە باش دەزانن، کە پەیامەکە حەسەن نەسروڵڵا و حزبوڵڵا، جگە لە بانگەشەیەکی یۆتۆپی بۆ لەناوبردنی جوولەکە هیچی تر نییە.

بەو پێیەی بە هەموو عەرەب، نەیانتوانی ئیسرائیل لەناوبەرن و بگرە ئەوکات بەندری سوێس و بەرزاییەکانی جۆلان و قودس و

باشوری لوبنانیشیان دۆڕاند! ئەی ئێستا کە جگە لە سوریا و ئێران، هیچ دژایەتیەک بۆ ئیسرائیل نییە، دەبێت ڕەوشەکە لە قازانجی کێ بێت...؟

بەهەر حاڵ ئەم کێشەیە چەندە خۆرسکانە ڕوویداوە، پێدەچێت هێندە سیناریۆ بۆ داڕێژراو بێت ، بەڵام پیادەکردن و پراکتیزەکردنی ئامانجەکانی چۆنە! ئەوە جارێ ڕەنگە پەیوەستبێ بە چەند خاڵەوە:

یەکەم: ڕەوشی عیراق بەرەوکوێ دەڕوات و قەیرانەکان دەگەنە چی، بەرنامەکەی ئەمریکا لەکوێدایە...؟

دووەم: سوریا و ئێران، تا چەند مەترسیی نزیکبوونەوە، یان لەو شەڕە هەیە و تا چەند دەیانەوێت دوور بکەونەوە...؟

سێیەم: حزبوڵلا و چەکدارەکانی چارەنووسیان بە چی دەگات، تا کوێ دووردەخرێنەوە، یان چەکدەکرێن؟

سەرەڕای هێنانەوەی ئەو گریمانەی، کە ئێران و سوریا چۆن لای واشنتۆن فاکتەری ئەم قەیرانەو زۆر بەڵای ترن کە بەسەر ئەمریکا دادێت، دەبێت هەمیشە لەژێر هەڕەشەی واشتنتۆندا بمێننەوە؟

بۆیە ئەم هاوکێشە سیاسییە زۆر خوێندنەوەی تر هەڵدەگرێت، بەڵام لە هەرچی حاڵدا بێت، تەلئەبیب سەرکەوتنێکی تری بۆ خۆی تۆمارکرد و ئیسپاتی کرد، کە دەتوانێت وەڵام بداتەوە واشنتۆنی لەپشتە و وڵاتانی عەرەبیش، گەر دۆستی نەبن ئیتر دوژمنی نین و بەپێی بەرژەوەندیی گەل و وڵاتەکانیان ڕەفتار دەکەن.

سەرەڕای ئەوەی یەکێکی تر لەو سیناریۆیانەی, کە لەم شەڕدا بەدیدەکرێت, پرۆژەیەکی نهێنیی ئەمریکا و ئەورووپا و ئیسرائیل

بێت، تا ڕێگری لەو پێگەیەی شیعە بکەن، کە خەریکە لە ئێرانەوە پەرەدەگرێت و باشوور و ناوەڕاستی و عێراقی گرتۆتەوە، خەریکە دەگاتە باشووری لوبنان و گەرا دادەنێت, بەم شێوەیە پشتێنیەیەکی شیعیی توند و مەترسیدار دژی بەرژوەندییەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا درێژدەبێتەوە.

ئەم پشتێنەیەیە (ئێران و باشووری عێراق+پشتیوانیی سوریا و باشووری لوبنان) پشتێنەیەکی بەهێزەو زۆرجار دەتوانێت جەمسەرێکی دژ بە بەرژەوەندییەکانی واشنتۆن بێت، وەکو چۆن لە عێراق و باشووری لوبنان دەبیندرێت، واشنتۆن هەست بەم مەترسییە گەورەیە دەکات، بۆیە دەیەوێت لوبنان لە چەنگی سوریا دەربهێنێت و حزبوڵڵاش تەفروتونا بکات, پێگەی شیعی و مەزهەبی ئێران، لە سنوورەکانی ئیسرائیل دوربخاتەوە, شیعەش دەخاتەوە جوغزێکی بەرتەسک و ئابلۆقەدراوەوە.

ئەم مەترسییەی, کە واشنتۆن هەستیپێدەکات، وڵاتانی سعودیەی سوننەی وەهابی و میسری سوننەی خاوەن نفوزە, بڕیاری عەرەبی و ئوردنی سوننەی دۆستی ئەمریکاشی لەپشتەوەن، بەو مانایەی ئەوانیش هەست بە مەترسیی بڵاوبونەوەی ئەو پشتێنەیەی شیعە دەکەن، دژی ئایدیا و نفوز و بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بۆیە هەرزوو سعودیە و میسر و ئوردن حزبوڵڵایان تاوانبارکرد.

بەو پێیەی ئەوان هەست بەم مەترسیە دەکەن، کە ئەم پشتێنەی شیعە بە پشتیوانی ئێران بە شێوەیەکی خێرا دەچێتە پێش و پێگە و نفوز دادەنێت, و دەتوانێت دەیان موقتەدای سەدر و نەسروڵڵا دروستدەکات، هەر بۆیە لە سەردانەکەی ئەم دواییەی مقتدی سەدر بۆ ئێران، گوایە لەگەڵ نەسروڵڵا چاویان بە یککەوتوەو

ئێران ڕێنمایی هەردووکیانی کردووە، لە کاتی خۆیشدا، شا عەبدوڵڵای ئوردن مەترسیەکانی ئەو کۆبوونەوە, ئەو هەیمەنەی شیعەی باسکرد.

ئێستا ئیدی مەترسیی بڵاوبوونەوەی شیعەگەرایی لە سەرتاسەری دونیادا، بۆتە کێشەی واشنتۆن و هاوپەیمانەکانی، بەو پێیەی ئەم مەترسییە، پشت دەبەستێت بە ئایدیا و فکرەیەکی دینیی بەهێز, کە مەرجەعی شیعەیە و بەشێکی زۆری ئەم نفوزەش لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو ناوچەدایە، کە واشنتۆن دەیەوێت دەستی بەسەردا بگرێت، یان دڵی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە مەترسیی ئەم گەرایەدایە (ئێران و عێراق و لوبنان و بەحرێن و چەند وڵاتی تری کەنداو)

ئەمەش مایەی مەترسییەکی گەورەیە بۆ واشنتۆن، با نمونەیەک لەسەر کاریگەریی ئایدیای شیعە بهێنمەوە, لە وەڵامی ئەو پرسیارەی، کە بۆچی سوپای مەهدی چەک دانانێت؟ مقتدی سەدر دەڵێت « دەبێت ئیمامی مەهدی ئەمر بکات (ئیمامی مەهدی، یەکێکە لە دوانزە ئیمامەکەی شیعە، گوایە لەسەر دەستی عەباسییە سوننەکان، غەدری لێکراوە و لە دواڕۆژدا دێتەوە سەر زەوی, حەقی شیعە دەسێنێت».

ئەو جگە لەوەی شیعە لەرووی مەزهەبیەوە، هێندەی پشت بە ڕابردوو دەبەستێت، هێندە لەسەر ئاییندە ناژی، لەبەرئەوە واشنتۆن هەست بەم مەترسییە دەکات، بۆیە بەردەوام لەگەڵ ئێران لەململانێدایە، کە وەکو مەرجەی شیعی سەیری ئێران دەکات, ئەو بە داینەمۆ و جووڵەکەری گرووپە شیعەگەراکان دەزانێت، ئەمە جگە لەوەی ئێستا، تورکیاش خەریکە دێتە ناو ئەم

گەمە مەترسیدارە، واتە چەند مانگ پێش ئێستا، تورکیا بانگهێشتی موقتدا سەدری کرد بۆ ئەنکەرە، تاوەکو سوود لە شیعە و خودی موقتدا سەدر لە قەیرانی کەرکوکدا وەرگرێت.

ئەوەش پاش ئەوەی لە کێشەی کەرکوک، کە بەرەی تورکمانی کردە کارت، شکستی هێنا، پاش ئەوەی لە هەردوو هەڵبژاردنەکاندا، لە بەرامبەر کوردەکاندا دۆڕان و نەیانتوانی لە یەک کورسی زیاتر بەدەستبهێنن.

بۆیە ئەم گەمەیەی تورکیا، هەرچەندە لەبەر نەوتی کەرکوکە، بەڵام بیەوێت، یان نا، خزمەت بەو پرۆژەیەی ئێران دەکات، کە دەیەوێت هەیمەنەی شیعە لە ناوچەکەدا بکاتە واقیع و دژی واشنتۆن بوەستێتەوە، بۆیە واشنتۆن لەم گەمەیەی تورکیا نیگەرانە و کاتی خۆیشی ئەوەی بە ئەنکەرە ڕاگەیاندوە.

سەرەڕای ئەوەی ئەم گەرایە خەریکە دەگاتە پاکستان و نیمچە کیشوەری هندستان و لە ەبەحرەینیش مەترسییان هەیە،

لەبەرئەوە دەکرێت شەڕەکانی ئەم دواییەی ئیسرائیل و لوبنان، وەڵامدانەوەیەک بێت بۆ ئەو پشتێنە شیعەیەی، کە خەریکە لە سنوورەکانی ئیسرائیل نزیکدەبێتەوە، لە ئێران هەیمەنەی کردووە و لە عێراقیش ئەمریکای هەراسان کردووە.

بۆیە واشنتۆن دەیەوێت لەڕووی سیاسییەوە لە عێراقدا بە شێوەیەکی تاکتیکی ئەو واقیعە قبووڵبکات، کە شیعە زۆرینەیە، بەڵام لانیکەم لە کاریگەریی ئێران دووریان بخاتەوە، بینکاتە دۆستی خۆی، وەکو چۆن مالکی خەریکە ئەو دەورە وازی دەکات.

لەگەڵ ئێراندا کێشەکەیان بەردەوامە و دەیەوێت, لە ڕێگای گەلەکۆمەکیی نێودەوڵەتییەوە، سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی بۆ شیعە،

سزای ئابوری بەسەردا بسپەێنێت و زیاتر گۆشەگیری بکات, گەمارۆی بدات.

هەرچی حزبوڵڵاشە، خەریکە دەبێتە قوتبێکی بەهێز لە ناوچەکەدا و مەترسیی زیاتر بۆ ئیسرائیل و واشنتۆن دروستدەکات، بۆیە ئەم شەڕە هەرچەندە زۆرلایەن وەکو شەڕێکی بچووک سەیری دەکەن، بەڵام مانا و ڕەهەندەکانی زۆر و زیاترن و واشنتۆنیش لە مەترسییەکانی باش دەگات، بۆیە ئەم شەڕە، شەڕی بەرگرتنە لە پەرەگرتنی شیعەگەرایی لە ناوچەکەدا، کە ئێران داینەمۆیەتی و ئەمریکاش بەم کارە زۆر نیگەرانە.

## (8)

هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق تا دێت ئاڵۆزدەبێت، بە جۆرێک ئەمریکا تووشی نیگەرانی هاتووە، لە لایەکەوە لە ناوخۆی عێراقدا، ڕووبەرووی دژایەتیی گروپە توندڕەو و بەعسیەکان و تیرۆریستیەکان بووەتەوە، لەناو خودی حکومەتی عێراقیشدا، چەند گرووپ هەن، سەرەڕای بەشداربوونیان لەو حکومەتەی، کە ئەمریکا چاوەدێری دەکات و پشتیوانی دەکات، دژی دەزگا و دامەزراوەکانی حکومەتیشن، لە بابەتی باڵی سەدر و فەزیلە.

سەبارەت بە پێکهاتە ناهۆمۆجینەکانی عێراقیش (شیعە و کوردو سوننە...) ئەمریکا نەیتوانیوە میکانیزمێک بۆ کارکردنیان دابنێت، بە شێوەیەک کە جێگەی قەناعەتی هەموو لایەنەکان بێت. سەبارەت بە وڵاتانی ناوچەکەش، چەند ڕەوتی جیاواز هەیە، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واشنتۆندا و میکانیزمی دەستێوەردانیان لە عێراقدا.

هەرچی ئێران و سوریایە، وەکو دوو وڵاتی ناوچەکە، دەوری نێگەتیڤ دەبینین، بە بۆچوونی واشنتۆن هەرچەندە ڕەنگە شیاوی باس بێت، کە ئێران هاوکاریی دۆستە شیعەکانی خۆی دەکات و بەردەوام لە هەوڵی بەهێزکردن و کاراترکردنیانە لەعیراقدا. بەوپێیەی ئەو مەیلە شیعەگەرایەی، کە ئێران رابەرایەتی دەکات لە (قومە)ەوە، دەستپێدەکات، دەگاتە نەجەف و کەربەلاو پیشاوەر و قەندەهار و بەحرێن و باشووری لوبنان، مەیلێکە ئێران ڕێبەرایەتی دەکات و شانازیشی پێوەدەکات، بەتایبەتی لەپاش هەوڵەکانی سێ دەیەی ڕابردووی خومەینی ڕابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران و دواتریش شکستی ئەو تێز و بیرۆکەیەی، کە دەیویست ڕابەرایەتی گشت جیهانی ئیسلامی بکات، کە سەرکەوتوو نەبوو، لە بەرامبەر ڕکبەرێکی بەهێزی سوننەی ئیسلامی(عەرەبستانی سعودیە)، کە خۆی بە خاوەنی مەیل و مەدی ئیسلامی سوننە دەزانێت، لەپاڵ وڵاتانی میسر و ئەردەن.

بەڵام ڕێکچەی دووەم ڕێبەرایەتی مەیلی شیعەگەرایی دونیا، لەگەڵ قووڵبوونەوەی قەیرانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کۆنترۆڵی زیاتری لەلایەن واشنتۆن و ململانێە مەزهەبیەکان و بەهێزبوونی گرووپە شیعەگەراو ئیسلامی و تیرۆیستیەکان, بێ ئاکامبوونی قەیرانی (عەرەب- ئیسرائیل)، تا دێت ئێران باشتر هەیمەنەی بەسەردا دەکات, سوودەکانی دەپێچێتەوە، ئەوەش کارێکی پڕ سوودە و ئەهمیەتی تایبەتی خۆی هەیە، بەو مانایەی ڕاستە ئێران بوجەیەکی زۆر لەو بواردەدا خەرجدەکات, دەیکاتە دەمی حەزیاکان و گروپە ئیسلامیە عەرەب و شیعەکانەوە.

بەڵام سەرهەڵدانی رەوت و مەیلی شیعەگەرایی ناو بەحرێن، لە کەنداوی فارس، ئەهمەتێکی تایبەتی هەیە، کە بە هەموو شێوەکان

حکومەتەکانی کەنداو هەوڵی سڕینەوە, سەرکوتکردنی شیعەکانیان داوە, دەرکەوتنی هێزێکی وەکو حزبوڵڵای لوبنان، کە توانیویەتی کاریگەریی گەورەی هەبێت، لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی لوبنان و کێشەی (عەرەب-ئیسرائیل) و نانەوەی تەنگژە و قەیران بۆ حکومەتەکانی بەیروت و تەلئەبیب و واشنتۆن، جگە لەوەی حزبوڵڵا هەم نوێنەرایەتیی باڵی شیعەی لوبنان دەکات، لەیەکێک لە سێ باڵەکانی (مەسیحی- مارۆنی، شیعە و سوننەکان) هەم بووەتە نوێنەری شیعەکان لە لوبنان لە پەرلەمان, حکومەت و هاوکێشە سیاسیەکاندا و خودی حەسەن نەسروڵڵاش، خۆی بە ئەندامێکی قوتابخانەکەی خومەینی و خامنەئی دەزانێت, ئامادەیە دەیان جاری تریش دەستی ئەو دوو ئیمامە و هاوشێوەکانیان ماچ بکات, ئەوەی لە چەندمانگی ڕابردووشدا لە لوبنان بینیما ن، ئەو ڕاستییەی سەرەوە بووە، کە حزبوڵڵای شیعەی دۆستی ئێران، تا چەند دەتوانێت لانیکەم ئارامیی لوبنان و ڕەوشی سیاسیی ناوچەکە و مەترسی بۆ سەر تەلئەبیب دروستبکات.

یەکێکی تر لەو گەرایشانەی لەناوچەکەدا ڕۆڵیان هەیە، بزووتنەوەی حەماسی فەلەستینە، نابێت ئەو لەبەرچاو نەگرین، ئەو سەرکەوتنەی حەماس لە هەڵبژاردنەکانی فەلەستین بەدەستیهێنا و ئەو بنکە جەماوەرییەی, کە هەیەتی و ئەو ململانێیەی لەگەڵ ئیسرائیل و فەتح دەیکات، هێز و بازوو و ستراتیژ و ئایدۆلۆژیای حەماس خۆی نییە، بەڵکو ئەوە تارانە مەرجەعی فیکری و ستراتیژی و پاڵپشتی ماددی و بەهێزبوونی، چونکە گەربێتو ئێران دەست لە پشتیوای هەڵگرێت، نە دەتوانێت دژایەتیی فەتح بکات, نە بۆ ئیسرائیل دەبێتە سەرئێشە.

بۆیە ئەمەش یەکێکی ترە لەو مەیلانەی، کە تاران وەکو ڕەوتێکی ئیسلامیی بەهێز، کاری لەسەر دەکات.

ئەوەشی کە پەیوەستە بە پاکستان و ئەفغانستان، ئێران ڕۆڵی کاریگەری هەیە، بەتایبەتی لەسەر شیعەکانی ئەو دوو وڵاتە.

هەرچی پاکستانە ئامادەگی ئێران لە قوتابخانە ئاینیەکان و مەکتەبەی فەقییەکان، توانیویەتی خۆی بخزێنێتە ناویان و تا ڕاددەیەکی زۆریش توانیویەتی لەو ڕووداوانەی ئەفغانستان و ناوچەی نیمچە کیشوەری هندستان و کێشەکان و سنووری ئەفغانستان- پاکستان کەڵک وەربگرێت.

پشتیوانییەکانی ئێران بۆ حکومەتەکەی بورهانەدین ررەببانی، دۆستی گەورەی شیعە و دواتر حکمتیار لە پێشووتر، یەکێکە لەو پێگە و نفوزەی کە لە ئەفغانستان کەڵکی لێوەرگرتووە، تا ئەو ڕاددەیەی کە لە هێرشەکانی ئەمریکا و ناتۆ بۆ سەر تاڵیبان و قاعیدە ڕۆڵی گەورەی گێرڕا, هاوکاری ئێران لەم بارەیەوە، مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنی ڕووخانی تاڵیبان و قاعیدە بوو.

ئەوە جگە لەوەی کەم و زۆر هاوکاریی ئەو هێز وو گروپانەی کردووە، کە لە چیچان و داغستان و ئەو دیوە کافکاس قوتبوونەوە، بەڵام لە هەموو ئەوانە گرنگتر، ئەو مەیلە بەهێزەی شیعەگەرایە، کە لە عێراقدا پەرەی گرتووە، بە پشتیوانیی ئێران بەتایبەتی لەدوای ڕاپەڕینی (1991) و پرۆسەی ئازادی(2003) ڕەوتێکی شیعەگەرایی بەهێز، لەعیراقدا پەیدابووە، کە لە ماوەی هەشتاوپێنج ساڵی ڕابردوودا لەسەر دەستی سوننەکان لە پەراوێزدا بووە.

بەڵام لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی بەعس و کۆتاییهاتن بە سیستمی بەعسیزم، کە سوننەکان کۆنترۆڵیان کردبوو، مەیلی شیعەگەرایی

له عیراقدا زۆر بەخێرای پەرەی گرت، بە شێوەیەک کە هەرگیز چاوەڕوانکراو نەبووە، بەو شێوەیە مەیلی شیعەگەرایی (شیعەییزم له عێراقدا پەرەبگرێت و کۆنترۆڵی عێراق بکەن.

ڕاستە دوژمنایەتی شیعە و سوننە لە سەردەمی معاویە و حەسەن و حوسێنەوە، تادەگات بە ئێستا، لە شەڕ و شۆڕ و کێشە و ناکۆکیدا بووە.

سوننەکان هەمیشە لـە مـاوەی حوکمی خـۆیـانـدا، هەوڵی سڕینەوە و پەراوێزخستنی شیعەکان و کوردەکانیان داوە، بەڵام ئەو هاوکێشەیە لەگەڵ ڕووخانی بەعس پێچەوانە دەبێتەوە و شیعەکان هەوڵی سڕینەوەی سوننەکان دەدەن.

کوشتنی عومەر و عوسمانەکان، ڕۆژانـە لە شەقامەکانی بەغدا، هەوڵێکی نهێنیی شیعەکان، کە لەم دواییەدا ئاشکرابووە, بەنیازبوون سوننەکان لە بەغدا تەفروتونا بکەن, نەهێڵێن هیچ ماڵێکی سوننی لە بەغدا بمێنێت و بکوژرێن، یان دەریانپەڕێنن.

ئـەو قسـەیەش زیـادەڕۆیـی تێدانییە, کە دەڵـێـت» شیعەکان هەمیشە لەسەر رابردوو دەژین» ئەمەش مانای ئەو قینە کۆنەیە، کە شیعە لەگەڵ سوننە هەیەتی.

هەرچی سەبارەت بە ئاماژە واقعیەکانیشە، شیعەکان لە عیراقدا (60%)ی خەڵکی عیراق پێکدێنن و لە دەزگا و دامەزراوەکان و حکومەت و پەرلەمان زۆرترین دەنگیان هێناوە, جێگە پیرۆزەکانی (نەجەف، کەربەلا، سامەرا و کازمیە)ش لە عیراقدان،کە چوار شوێنی پیرۆزی شیعەکانی دونیان.

بۆیە ئەو مەیلە شیعەگەرایەی کە ئێستا لەعیراقدا هەیە، دوای ئێران بە پلەی یەکەم دێت، کە هەیمەنەیان تێدا کردووە, ئەگەری

پەلهاویشتی زۆریشی هەیە بۆ کوێت و سعودیە و سڕینەوەی سوننەکان، ئەمەش ئەو خاڵەیە, کە ئەمریکا و جیهانی عەرەب و بەتایبەتی سعودیە لێیدەترسن.

لەعیراقدا هێزەکانی (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی، حزبی دەعوا، حزبی فەزیلە، رەوتی سەدر...) کە چوار هێزی گەورە و زەبەلاحی عێراق و شیعەکانن و خاوەنی زۆرترین پێگەو نفوز و کورسی پەرلەمان و وەزیری کابینەکەی حکومەتن، دەیسەلمێنێت کە عێراق لە دەستی شیعەدایە»

بەڵام کارەکتەری سەرەکی و داینەمۆی جووڵانەوەی ئەم هێزانە و پاڵپشتی سەرەکییان ئێرانە (هەرچەندە بە قەناعەتی من، ئەمە زۆر ئاساییە، چونکە لە دونیادا، ئەم سیناریۆیە هەیە، کە هاوخوێن و هاونەتەوە و مەزهەبەکان) یارمەتیی دۆستەکانیان بدەن، لە کاتێکدا هەشتاو پێنج ساڵە، سوننە حوکم دەکەن، بە پشتیوانی سوننەی جیهانی و عەرەبەکانی کەنداو، بۆیە ئەو رۆڵەی ئێران ئاساییە.

گەر دیقەت بدەین لەعیراقدا، یان لە ناوچەکەدا، کوردەکان، چونکە هیچ دەوڵەتیکی ناوچەکە هاوکار و پشتیوانیان نییە، بۆیە کوردەکانی عێراق، نەک ناتوانن هاوکاریی کوردی پارچەکانی تر بکەن، بەڵکو هەمیشە لە بەردەم هەڕەشەی لەناوچوون و مەترسیدان»

هیچ هێزو لایەن و تەنانەت ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکەش، ئەو ململانییەی نێوان و شیعە و سوننە، یان نێوانی ئێران و وڵاتانی عەرەبی سوننە، باش دەزانن، کە ئەوە ململانێی دوو مەزهەبە، کە

ئێران و سعودیه نوێنەرایەتی دەکەن، یان بە واتایەکی تر، ئەوە ململانێی دوو مەرجەعیەتی (قوم) و (مەککە)یە، واتە مەرجەعیەتی شیعە و سوننە.

ئـەوەش بـاش دەزانـن، کە ئێران ڕۆڵێکی بـەرچـاوی هـەیەلە تەقویەکردنی و مەیلی شیعەگەرایی دنیادا، خۆی بە نوێنەری ئەو باڵ و مەزهەبە دەزانێت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەدا, کە تائێستا نەخشە و پلانەکانی ئێران بۆ ئەم مەیلە باش چووەتە پێش و مەیلی شیعەگەرایی لە دونیادا لە پێشکەوتووترین ئاستی خۆیدایە.

بەڵام چوار ئاستەنگی گەورە لەبەردەم ئێراندان بۆ تێکشکاندنی ئەم مەیلەو ئەمەش شکستی باڵی شیعەگەرایە، یان زەعیفکردنیەتی.

یەکەم:- ململانێی واشنتۆن -تاران

ئەمریکا و وڵی تاکە جەمسەری لە جیهان و لە ناوچەکەداو دژایەتی بیست و پێنج ساڵەی ئێران و ئەمریکا و سەیرکردنی ئێران، بە ڕەقیبێکی سەرسەختی خۆی، لە بەردەم بەرژەوەندیی خۆی و دۆستەکانی لە بواری مەزهەبی، دیموکراسی و نەوتدا، ئەمە وایکردوە ئەمریکا لەگەڵ ئەوەشدا، کە کەیفی بە ئیسلامی و فەندەمێنتاڵیزم و سوننەش نایە، بەڵام لە بەرامبەر شیعەدا، هێشتا پشتیوانی سوننەکان دەکات، بە واتایەکی تر لانیکەم لەبەر نەوتی کەنداو، دۆستە سوننە عەرەبەکانی و ئیسرائیل، سوننەی لە شیعە، و سعودیەی لە ئێران پێ باشترە، هەربۆیەش ئێستا لە ململانێیەکانی عیراقدا، دەیەوێت ئێران پەراوێز بخات، بەتایبەتی ئەمریکا باش دەزانێت، هێندەی مەترسی لەسەر ئیسرائیل لەلایەن ئێرانەوە هەیە،

هێندە ئەو مەترسییە لەلایەن سوننەکانەوە دروست نییە، لەکاتێکدا ئیسرائیل کێشەی لەگەڵ عەرەبەکان هەیە، بەڵام ئێران لەدەرگا مەزهەبیەکەوە، چۆتە ئەو ململانێیەوە، رەنگە یەکێک لەو فاکتەرانەش کەوایکردوە، کێشەی لەسەر بێت، مەیل و هەیمەنەی ئێرانە، وەکو مەیلی شیعەگەرایی دونیا، ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی لەبەرامبەر دوژمنەکانیدا,ڕەنگە ئێران ئەوەندەی بەدیوە مەزهەبیەکەیدا، سەیری بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی دەکات و هەر ئەوەندەش بیەوێت لایەنە سیاسییەکەی لێکبداتەوە، دیارە هەرڕێگریەکی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش، لەوکارە بە زەرەری باڵی شیعەگەرایی دونیا تەواو دەبێت؟ بوونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بۆ دژایەتیی ئێران، خاڵێکە وادەکات ئەو مەدە شیعەگەرایەی ئێران رێبەرایەتی دەکات، لە پاشەکەشەدابێت، بەتایبەتی گەر ئەو سیناریۆ و ئەگەرانە راستدەرچن، کە دەڵێن ئەمریکا دەیەوێت ئێران برڕووخێنێت و بەم شێوەیە ئیمپراتۆریەتی شیعە و مەرجەعیەت و ئایدۆلۆژیا و هێزی ڕۆحی و ماددی بە تەواوی دەڕووخێت و تیادەچێت و ئەو مەیلە شیعەگەرایەی دنیاش دەپووکێتەوە.

بەواتایەکی تر، شیعەکان هەر لە ئێرانەوە، تا دەگاتە عێراق و بەحرێن و لوبنان و ئەفغانستان، لەگەڵ هەرەسی وڵاتی دایک (ئێران)دەپووکێننەوە و  ناتوانن ئەو لاف و گەزافەی ئێستا لێدەن و خودی عەرەبەکان، هەپرون بە هەپرونیان دەکەن.

بۆیە ئەم خاڵە زۆرگرنگە، وەکو مەترسی لەسەر شیعەکانی دونیا و خودی ئێرانیش، ئەم مەترسیە باش دەزانێت، بۆیە بەشێکی زۆری ئەو گومانە دەیکات، بۆ دژایەتیی ئەم بۆچوونەی سەرەوەیە.

## دووەم:- ململانێی عەرەب-ئێران

وڵاتەکانی ناوچەکە، جگە لە سوریا، هیچ کامیان دۆستی ئێران نین، بەتایبەتی تورکیا و ئیمارات، سعودیە، ئوردن، وڵاتی کەنداو بە میسریشەوە، ئەوەش لەبەرئەوەی لە لایەکەوە کێشەی مێژوویان هەیە. لە لایەکی ترەوە، ئێران بە مایەی هەرەشە دەزانن بە سێ دەلیل:

**یەکەم**: نوێنەرایەتیی مەیلی شیعەگەرایی دونیا دەکات، ئەوەش مایەی مەترسییە لەسەر سوننەکان، کە بەشێکی زۆری نیشتمانی عەرەب پێکدێنن و لەڕووی مەزهەبیشەوە، دوو ئایدیای زۆر لێکجودان.

**دووەم**: لەڕووی سیاسی و جوگرافییشەوە، ئێران جگە لەوەی مایەی مەترسیە لەسەر عێراق و شەتولعەرەبە و کەنداوی فارس هەر ئێستا بە داگیرکاری دورگەکانی تونبی گەورە و بچووک و ئەبو موسای ئیماراتی دەزانن, بە خاوەن هێزێکی زەبەلاحی دەزانن لە ناوچەکەدا، کە دەتوانێت لە ماوەی (48) کاتژمێردا، دەست بەسەر ئیماراتدا بگرێت، ئەوەش یەکێکە لە ئەگەرە مەترسیدارەکان، گەر بێتوو ئەمریکا لە ناوچەکەدا نەبێت.

**سێیەم**: ڕکبەری سەرەکی وڵاتانی کەنداوە، لە بواری بەرهەمهێنانی وزە و نەوت و گازی سروشتی ،ئەمەش ڕۆڵی ئەوان لە ناوچەکەدا بێهێز دەکات.

بۆیە لەم بارەیشەوە ئێران لە بەردەم گەلەکۆمیەکی عەرەبی و ناوچەیدایە، کە هەمیشە لەبەرامبەر ئێراندا، ململانێیەکانی خۆیان خستۆتەلاوە و ئێران بە مایەی مەترسی و هەڕەشە دەزانن، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی بەرگرتن بە مەیلی شیعەگەرایی نفوز و تواناکانی دەدەن.

## سێیەم:-ململانێی ئیسرائیل-ئێران

ئیسرائیل ڕەقیبێکی سەرسەختی ئێرانە لە ناوچەکەدا، چ لە بواری مەزهەبیدا، چ لەبوارە سیاسی و سەربازییەوە، ئێران هەمیشە دەیەوێت ئیسرائیل بە داگیرکەری فەلەستین و خاکی موسوڵمانان بزانێت و هەمیشەش ئیمام خومەینی دەیوت «ڕێگای ڕزگارکردنی قودس، بە نەجەف و کەربەلادا تێپەڕ دەبێت».

بۆیە ئیسرائیل هەرگیز ئەم قسەیە لەبیرناکات» ئەو یارمەتییە زۆر و زەوەندەش لەبیرناکات، کە ئێران دەیداتە (حەماس و جهاد و حزبوڵلا)بۆ دژایەتیی ئیسرائیل.

سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشەو پێکێشانی بۆمبی ئەتۆمی، مەترسی گەورەی ئیسرائیل پێیوایە گەر ئێران نەبێت، رەنگە ئەمنیەت و وەزعیەتی زۆر باشتربین، بەو بەڵگەی حەماس و جیهاد، ناتوانن ئاشتیی ئیسرائیل تێدەکەن و پرۆسەی ئاشتی نەکەن، نە حزبوڵلای لوبنان دەمێنێت و نەسوریاش دەتوانێ هاوکاری ئەو گروپانە بکات و هاوپەیمانی لەگەڵ ئێران ببەستێت، بۆیە ئیسرائیل پێیوایە، ئێران یارمەتیی گروپە ئیسلامیەکانی، لە ڕێگای هەیمەنەی مەیلی شیعەگەراییەوە دژی ئیسرائیل دەدات، بۆیە بەردەوام هەوڵدەدات، ئەم مەیلە بەرپێبگرێت و ئێرانیش لەناوببات.

## چوارەم:-کێشە ناوخۆیەکان

فاکتەرێکی تر کە مەترسی لەسەر ئێران و شکسی مەیلی شیعەگەرایی هەیە، بوونی هەیمەنەی شیعەیە و پەراوێزخستنی پێکهاتە مەزهەبی و ئیتنی و تایفەکانی ناو ئێرانە، لە سیستمی سیاسیی وڵاتدا، بە واتایەکی تر شیعە لە ئێراندا کۆنترۆڵی هەموو

پێکهاتەکانی کردووە و هەموو لایەنەکانی تری وەک (تورک، کورد، بلوچ، عەرەب، ئازەر)پەراوێز خراون.

تەنانەت ئەم وەزعە بە شێوەیەک چووەتە پێش خەڵکی، وەکو ڕەفسنجانی، لەبەرئەوەی تورکە و پاسدار نییە هەرگیز ناتوانێت بچێتە شوێنی ئیمامی ئێران و شوێنی خامنەئی بگرێتەوە.

بۆیە کورد ئازەر و بلوچ، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان، ئەو ستەم و بێمافییەی لەسەریانە ڕابگرن, کە بەهۆی مەیلی شیعەگەرایی ئێرانەوە بەسەریاندا سەپاوە.

چونکە ئێران لە سەرتاسەری دونیادا ڕێز لە بچووکترین تایفە و مەزهەبی شیعە دەگرێت ، بەڵام ناتوانێت کوردەکان وەکو سوننە و نەتەوە قبووڵ بکات.

بۆیە لەپاڵ ئەو فاکتەرانەی تر، کێشەی مافەکانی مرۆڤ و چەوسانەوەی گەلانی ئێران، فاکتەرێکی بەهێزن بۆ شکستی ئێران و مەیلی شیعەگەرایی.

بەکورتی لە ئێستادا ئەو چوار فاکتەرە، ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لەبەرگرتن بە پەرەگرتنی مەیلی شیعەگەرا و تێکشاندنی و کۆتایهاتن، بە سەردەمی زێڕینی شیعەگەرایی، لەپاش کوشتنی ئیمامی عەلی و حەسەن و حوسێنەوە، کە ڕەنگە بۆ سەدساڵی تریش، ئەو مەیلە نەتوانێت بەو شکڵە پەڵبهاوێت و پێگە و نفوزی بەهێزبێت، هەروەکو چۆن لەگەڵ هەرەسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، تورکیا بووە دەوڵەتێکی بچکۆلە و نەخۆش، لەگەڵ نەمانی ئێرانیشدا مەیلی شیعەگەرایی بەیەکجاری تەفروتونا دەبێت و دەپووکێتەوە.

بە واتایەکی تر، دەمەویێت بڵێم بەن ەمانی ئێران، شیعە لەناودەچێت و بە تێکشکاندن و بەرگرتن لە پەرەگرتنی شیعەش، ئێران تێکدەشکێت، واتە نە ئێران بێ شیعە شتە و نە شیعەش بێ ئێران، مانایەکی هەیە.

بۆیە ئێران لە بەردەم کۆمەڵێک مەترسیی ناوخۆیی و سیناریۆی سنووری و نێودەوڵەتیی گەورەیە، گەر جێبەجێب کرێت، سەرئەنجام دەبێت خەلافەتی ئیسلامی بە ڕێبەرایەتیی شیعە ببێتە خەون و هەرگیز ناتوانرێت تۆڵەی (حوسێن، لەمەعاویە)و (عەلی لە عومەر) بکرێتەوە و بەیەکجاری مەیلی شیعەگەرایی ئاوا دەبێت.

## (9)

فۆرمی پێکهاتەی سیستمی سیاسی عیراق، لەدروستبوونیەوە، بەشێوەیەک بووە، کە کەمینەی سوننە کۆنترۆڵی عێراق بکەن.

ئەم فۆرمە زیاتر لە هەشتا ساڵ لە عێراقدا کاری پێکرا، بەڵام لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکانی عیراق و ڕووخانی ڕژێمی بەعسی سوننەکان، لە حاکمی کەمینەوە، بوون بە شەریکە بەشی کورد و شیعە، کەئەوەیش بۆ سوننەکان، هاوکێشەیەکی ناواقیعی بوو، کە لەگەڵ خەون و دەسەڵاتی ئەواندا نەدەگونجا.

لە کاتێکدا حەقیقەتی ژیانی سیاسی لە عیراقدا ئەوەیە، کە ئێستا هەیە، بەبێ ئەو خەونە یۆتۆپیایەی سوننەکان.

مێژووی حوکمی کەمینە لە جیهاندا دەریخست، کە حوکمێکی فاشلە، بەو مانایەی جیا لـەوەی تەعبیر لە خواستی پێکهاتە ناهۆمۆجین و مۆزایکە جیاوازەکانی ناکات، وەستاوە لەسەر زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی زۆرینە.

ئەم ئەزموونە شکستخواردووە لە عێراقدا، لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوو، بە واقعی دژی شیعەو کورد پراکتیزەکرا، ئەم پراکتیزەکردنە لە سەردەمی بەعسیزمدا، گەیشتە لووتکە، بە شێوەیەک بەعس لە هەموو هەوڵێکدا، کورد و شیعە نەک هەر لە سیستمی سیاسی و هەرەمی دەسەڵات دووبخاتەوە, پەراوێزی بخات، بەڵکو ئەوانی هەم بە مەترسی دەزانی و حسابی پلەدووی بۆ دەکردن، هەم دەیویست ئەو دوو پێکهاتەی تر، بە مەترسی بزانێت  و وانیشانبدات، هەرچی کوردە مایەی مەترسییە لەسەر یەکپارچەیی عیراق و هەمیشە کوردی لەچاوی پێشمەرگەوە دەبینی و هەرچی سەبارەت بە شیعەشە، جگە لەوەی بە کۆپیی ئێرانی دەزانین، دەشیزانی کە ئەوان زۆرینەن.

ئەم کێشمەکێشە تادەگات بە ئێستاش بەردەوامە، بەو مانایەی سوننە هێشتا خەون بەو دەسەڵاتە ڕەهایەوە دەبینن، کە پێشتر هەیانبووە و هەم نیگەرانن لەو پەراوێزخستنەی لە بواری سیاسی تووشی هاتوون.

بەشێکی زۆری سوننەکان, کە لەناو لیستی توافق کۆبوونەتەوە و خاوەنی (44)ئەندامی پەرلەمان و (6)وەزارەتن لە حکومەتی عێراقیدا.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، کشانەوەی خۆیان لە پەرلەمان و حکومەت ڕاگەیاند؛ بە بیانووی ناکارابوونی حکومەتی مالیکی و گوێنەگرتنی لەداوای سوننەکان و پەراوێزخستنیان بەرەی توافق و بەرەی دیالۆگی نیشتمانی و هەئیەی عولمای موسلمینی عیراق سێ لایەنی سەرەکیی سوننەکانی عیراقن.

ئەم سێ هێزە دەیانەوێت عیراق بگەڕێننەوە بۆ حوکمی کەمینە و سیستمی ئولیگارشی و تۆتالیتاری, هەرگیز لەگەڵ ئەو هاوکێشە سیاسیە نوێیەو ئەو مۆدێلە نوێیە یەک نایتەوە، کە عیراق لە ئێستادا کاری لەسەردەکات، یان دەیەوێت کاری لەسەر بکات.

بەو مانایەی مۆدێلی تازەی عێراق، دەیەوێت لەسەر ئەو واقیعە کاربکات، کە عیراق بەتەنها موڵکی (شیعە و سوننە و کورد)نییە، بەڵکو دەبێت هەرسێ پێکهاتە سەرەکیەکە یەکتری قبوڵبکەن و ئەجێندایەکی هاوبەشی کارکردنیان هەبێت.

ئـەم مۆدێلە نوێیە، دەیـەوێـت لانیکەم سیستمی سیاسیی عێراق سیستمێکی فیدراڵی بێت بە سوننەکانیشەوە، کە ئەم مۆدێلە خواستی زۆرینەی عێراقییەکانی لەسەرە و لەناو خودی دەستووریشدا دەنگی لەسەر دراوە.

لەم سیستمە سیاسییەدا، شوێنێک نەمێنێت بۆ دەسەڵاتی مەرکەزی تاکڕەو و توندڕەو و کۆنترۆڵکەر، تا بتوانێت قەتڵ و عامی هەموو بکات و چۆنی بوێت، وا جووڵە بە هێزەکان بکات و سەرکوتی خەڵکی مەدەنی پێبکات.

لـەم مـۆدێـلـەدا دیـمـوکـراسـی دەبـێ ببێتە واقـیـع و سامانە سروشتیەکان بۆ گشت هاووڵاتییان بن.

دەبێت ئەوە قبووڵبکرێت، کە شیعە هاوڵاتی پلەیەکی ئەم وڵاتەن و کۆپیەک نین لە ئێران. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێران هاوکارییان دەکات، سەرچاوەی مەزهەبی و ئاییینیان زۆرلێک نزیکە، مەرجەعی هاوبەشیان هەیە.

دەبێت قبووڵبکرێت, کە ئەوان زۆرینەن و لە سیتمی دیموکراسیشدا، گرەوی سەرکەوتن، هەمیشە زۆرینە دەیباتەوە و زۆرترین ئیمتیاز

بۆخۆی دەچنێتەوە، کە هەقێکی مشروعی خۆشیانە و لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقیش، ئەم واقیيعە خۆی بەسەر سیستمی سیاسی نویَ لە عیراقدا سەپاندووە، کە شیعە زۆربەی پێکهاتەکانی عیراقیان کۆنترۆڵکردووە.

هەرچی کوردیشە لەگەڵ ئەوەی، کە بەزۆر خزێندراوەتە ناو عێراقەوە، بەڵام شەریکی پلەیەک و خاوەنی ئیمتیازی تایبەتن.

واتا دەبێت سوننەکان، یان بەرەی توافق و بەرەی دیالۆگ و هێزەکانی تریان لەوە تێبگەن.

کە نە شیعە جارێکی تر بە حوکمی کەمینەی سوننە ڕازی دەبێت، نەکوردیش جارێکی تر مل بۆ چەوساندنەوەی کەمینەی سوننە و زۆرینەی شیعە دەدات.

بەڵکو ئەلتەرناتیڤ ئەوەیە، کە ئێستا لە مەیداندایە، بەوەی کە فیدراڵی لەسەر ئەساسی سیَ هەرێمی جیاواز بێتە دیفاکتۆ.

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا سوننەکان لەگەڵ ئەم مۆدێلە نوێیەی عێراق، دەتوانن خۆیان بگونجێنن؟

ئایا سوننەکان دەتوانن واز لەو خەیاڵە یۆتۆپیە بهێنن، کە ئەوان حاکمی هەشتا ساڵی عێراق بوون و خەون بە ئیمپراتۆریەتی مەلکی و بەعسییەوە نەبینینەوە؟

ئایا سوننەکان هاتوونەتە سەر ئەو قەناعەتەی، کە شعە زۆرینەن و کوردیش جارێکی تر مل بۆ چەوساندنەوە و مەینەتی, نە سوننەی کەمینە و نە شیعەی زۆرینە نادات؟

ئەم پرسیارانە زۆر گرنگە بۆ سوننەکان، کە وەڵامەکەی پۆزەتیڤ بێت...!

بەڵام بەچەند بەڵگە و دەلیل کە باسی دەکەم، ئاماژەکانی پشت ئەم

وەڵامانە، پۆزەتیڤ نین، بۆیە ناکرێت عێراق بە خەونی ئەوان بچێت بەڕێوە.

سوننەکان هەر لەگەڵ ڕووخانی بەعس و هاتنەکایەی سیستمی سیاسیی نوێ و پلورالیزمکردنی عیراق، بایکۆتی یەکەم هەڵبژاردنی عیراقیەکانیان کردووە، ئەمەش ئەو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، کە سوننە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەم مۆدێلە نوێیە نەبوون لە عێراقدا, پرۆسەی هەڵبژاردنیش بۆ خۆیان بەمەترسی دەزانن، چونکە ئەوان هەمیشە وا ڕاهاتوون لەگەڵ کەمینەبوونی خۆشیان حاکمی زۆرینەبن.

بۆیە وەختێک سوننە، بایکۆتی هەڵبژاردنەکان دەکەن, سیستمی دەنگدانیان قبوڵ نییە. ئەوە ئەو مەترسیەیە، کە هەرزوو عیراقیەکان هەستیان پێکرد، کە سوننە نایەوێت، ببنە کێبرکێی هێزەکانەوە، کە لە هێزی یەکەمەوە سوننە دەبنە هێزی سێیەم، بە حوکمی واقیعی نفوز و جوگرافیا، تا دەگات بە ئێستا سوننەکان ئەم سیستمە تازەیان قبوڵ نییە و لە دواین هەڵبژاردنیش کە بەشدار بوون، داوای هەڵوەشانەوەیان کرد، بە بیانووی ساختەبوونی هەڵبژاردنەکەوە.

جگە لەوکارانە، یەکەم هێزی عێراقی و یەکەم گرووپی چەکدار، کە دەستیدایە کاری نارەزایی و توندتیژی دژی پرۆسەی سیاسیی عیراقی نوێ، سوننەکان بوون بە ناوی (مقاوەمە)، دەتوانم بڵێم چۆن مۆدێلی حوکمی کەمینە و توندوتیژی لەسەر دەستی سوننەی عێراقییەوە لە عیراق دەرکەوت.

بە هەمان شێوە دوای ڕووخانی بەعسیش گرووپە تیرۆریست و چەکدارییەکان، ئەوەی کە ئێستا ئەنجامەکەی دەبینن، ئەوان ڕێکخەر و داینەمۆی سەرەکی بوون.

ئـەوەش بـەو مانایەی، کە تەبعی کەمینە وایـە، هەمیشە لە هەموو حاڵەتەکاندا پەنا بۆ توندوتیژی دەبات و دەیەوێت هەموو کێشەکان، لە ڕێگای سەپاندنی هێزی چەکدارەوە چارەسەر بکات.

سوننەکان هەر لەسەرەتاوە تا ئێستاش، دژی دەستوری نوێی عێراق بوون، کە باشترین فۆرمە بۆ پێکەوەژیانی عیراقیەکان و هاوبەشی و جیاکردنەوەی دەسەڵات و ئیمتیازەکان و سیستمێکی پلوراڵ و مۆدێرن و دیموکراسی و ئازاد و پەرلەمانی.

ئەم دەستوورە, کە تا ئێستا لە مێژووی عێراقدا، لەناو ئەو (11)دەسـتـورەدا، کە لە مـاوەی هەشتاوپێنج ساڵی ڕابـردوودا نووسراوەتەوە، باشترینیانە، سوننەکان پێیان خراپتر، چونکە ئەوان پێیانوایە، ئەم دەستورە مانایەک بۆ یەکپارچەیی و سەرەوی و عیراق و ناوەند ناهێڵێتەوە.

لەکاتێکدا ئـەوان لـە تـرسـی دیـمـوکـراسـی دژی سیستمی فیدراڵیزمن، ڕاستە ئەو سیستمە فیدراڵییە لەڕووی جوگرافییەوە بۆ سوننە مەترسییە، بە بیانووی هەرێمی جوگرافیی ئەوان، وەکو کوردستان (سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، دهۆک)ناکەوێتە سەریەک هێڵ و هاوسنوور نییە، یان وەکـو (بـەسـرە، ڕومـادی، عمارە) لەڕووی جوگرافییەوە گرەنتی نییە.

لە بابەتی (دیالە، تکریت، موسڵ) ئەمەش وادەکات، هەرێمی ئەوان زۆریەکگرتوو نەبێت.

جیا لەوەش سوننە هەستی بە لەدەستدانی سێ پارێزگای گرنگ دەکـات، کە لە عێراقدا زۆرگرنگن و هیچ کـام لەو سێ پارێزگایە ناکەونە ژێر کۆنترۆڵی هەرێمی جوگرافیی ئەوانەوە.

هەرچی بەسرەیە, کە بە دەروازەی عیراق دادەنرێت بۆ سەر دەریا، بەغدا کە دڵی دەوڵەتە و شوێنی کۆبونەوەی گشتی دامودەزگاکانی دەوڵەتە، بە دەستی شیعەکانەوەیە، هەرچی کەرکوکیشە، کە بەکۆتکەی ئابوری کوردستان و عیراق دادەنرێت، بە دەست کوردەکانەوەیە.

ئەم سێ پارێزگا گرنگە، کە لە دەست سوننەکاندانین، جگە لەو ئەهمیەتە گرنگەی هەیانە، سەرچاوەی زۆرینەی نەوتی بەرهەمهاتوو و یەدەگی عیراقن، کە ئەوەندەی تر سوننەکانی هەراسان کردووە، لەکاتێکدا سوننەکان و هەرێمەکانیان خاوەنی کەمترین نەوتن لە ناوچەکانیان، گەر ئەوەش بزانین (95%)ی داهاتی عیراق لە داهاتی فرۆشی نەوتەوەیە.

هەر بۆیە سوننەکان هەمیشە دژی یاساکانی نەوت و سامانە سروشتییەکانن، چونکە بە قازانجی خۆیانی نابینن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە دەستوردا هاتووە، کە سامانە سروشتیەکان دەبێت بەیەکسانی بۆ گشت گەلانی عێراق بن.

خاڵێک کە زۆر مەترسیدارە و هەمیشە سوننەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، داوای دەسەڵاتی ناوەندی بەهێز دەکەن، کە کۆنترۆڵی هەموو عیراق بکات.

واتە هەمان خەونی کەمینەی بەعس، کە دەیانویست هەموو عیراق لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی بەغدادا بێت، شتێک نەبێت بەناوی هەرێمی سەربەخۆ و جیاواز.

تائێستاشی لەگەڵدابێت ، سوننەکان خەون بەم دەسەڵاتە مەترسیدارەوە دەبینن، کە نە لەگەڵ سیستمی تازەی عیراق و دیموکراسی دەگونجێت، لەلایەن کورد و شیعەشەوە قبووڵ نییە.

جگە لەوەی سوننەکان لەم ماوەیەدا، لە حکومەتەکەی مالکی و پەرلەمان کشانەوە، بە چەند بیانووی نامەعقول، لە بابەتی ئازادکردنی گیراوەکان و دابینکردنی مافەکانیان, کە ئەم داوایانە هێندەی بیانوون بۆ پەکخستنی حکومەت و پەرلەمانی عیراق هێندە داوای واقعیی نین.

جگە لەوەی سوننەکان خۆیان کارەکتەری سەرەکی نین لە عێراقدا، بەڵکو لەلایەن وڵاتانی سعودیە و میسر و سوریا و وڵاتانی کەنداوە و دەجوولێندرێن و لە گەمە سیاسییەکانی عیراقدا دژی شیعە و کورد بەکاریان دەهێنن, دەیانەوێت ئەو ململانێ و ناکۆکییە (عەرەبی و فارسییە)ی کە لەنێوان مەرجەعیەتی شیعە و وەهابییەت هەیە، لەعیراق یەکلایی بکەنەوە، ئەو کێشە ئابوری و سیاسی ئێتنیکی و تائیفەی لەنێوان شیعە و سوننە هەیانە، لە عێراقدا یەکلاییبکەنەوە، ئەم قسانە ئەوکات ڕاست دەرچوون، کە سعودیە بەئاشکرا ڕایگەیاند» گەر ئێران دەست لە هاوکاریی شیعەکان هەڵنەگرێت، بۆ پشتیوانی لە سوننەکان، هەموو ڕێگەیەک دەگرنەبەر.

جیا لەوەش سوننەکان تەنها لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو لە وڵاتانی (تورکیا، میسر، سعودیە، ئوردون) پێنج کۆنگرەیان لە دژی کورد و حکومەت گرتووە، کە دژی شیعە و کوردن.

هەمیشە باس لەوەکراوە، کەبەهۆی شیعەکان و ئێرانەوە سوننەکان ڕۆژانە لێیان دەکوژرێت و لە بەردەم مەترسیی لەناوچووندان و تەنانەت لەیەکێک لە بەیاننامەکانی، کە ناونرا (بەیاننامەی ئەسنبوڵ) لە تورکیا، کە ئەم شەڕەی ئێستا لە عیراق بە پلەی یەکەم ئێران و شیعەکان لێی بەرپرسن، جیالەوەش

لەهەموو کۆنگرەکان، سوننەکان دژی ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەرێمی سەربەخۆ و فیدراڵی و ماددەی (140)ن، جگە لەوەی, کەدژی دەستورو گشت مافەکانی ترن، کە بۆ کورد گرنگن.

گەرچی لەئێستا سەرۆک تاڵەبانی و لیستی هاوپەیمانی، خەریکی ئاشتکردنەوەی لیستی تەوافق و سوننەکانن، بۆ گەڕانەوە بۆ حکومەت و پەرلەکان، بەڵام ئایا ئەمە لە قازانجی کوردە؟ ئایا ئەمە دەرئەنجام و دەسکەوتی پۆزەتیڤی لێیدەکەوێتەوە؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، هەرچەندە بەپێی پێوانەکان و خاڵەکانی کە لە پێشەوە باسمانکردن، پێناچێت سوننە واز لە خەونە یۆتۆپیەکانیان بهێنێت، کورد بە دۆستی خۆیان بزانن، بەڵام بابزانین ئەم هەوڵە ئەکتیڤانەی کورد و تاڵەبانی، تا چەند لای ئەوان دەبێتە مایەی ڕەزامەندی و تاچەند وەکو لایەنی دۆست و درککردن بە هاوکێشە واقیعییە سیاسییەکان، چاوی لێدەکەن.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دۆستایەتی کورد و لیستی هاوپەیمانی، لەگەڵ شیعە بۆ کورد زۆر لە سوننە باشترە، ئەمەش بەو دەلیلەی، لەگەڵ زۆربەی مافەکانی گەلی کوردن، جیا لەوەی هەردووکیان بڕوایان بەدەستورو فیدراڵی و ناوەندێکی بێهێز و دیموکراسی و یەکترقبووڵکردن هەیە، سەرەڕای چەندین ناکۆکی، بەڵام گەر دیقەت بدەین کوردو سوننە، کەمترین خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا نییە.

بۆیە سوننەکان گەر واقیعییانە بیر لە عێراقی تازە نەکەنەوە، گەر ئەمجارەش نەبێت جارێکی تر لەگشت پرۆسە سیاسییەکانی عێراق دەچنە دەرەوە، سەرەڕای پشتیوانیی زۆروزەوندی ئەمریکا بەخاتری وڵاتانی عەرەبی سوننیی کەنداوی پڕ نەوت.

بـەڵام بۆ شیعەو کـورد ئـاسـانـە، کـە عـێـراق بـەبێ سوننە بەڕێوەبەرن ، لە کاتێکدا هیچ کام لەم دوو هێزە لەسەر ئەوە ناوەستن، کە عێراق هەنگاوی ناوە و دەیەوێت بکەوێتە سەر سکە و سوننە دەیەوێت لە ڕێڕەوی خۆی لابدات.

دەبێت سوننە واز لەوبیرکردنەوەیە بهێنێت، کە جارێکی تر لەعێراقدا حوکم بکەوێتە دەست کەمینەوە، دەبێت خۆی لەگەڵ فۆرمە نوێیەکانی ئەم مۆدێلە بگونجێت، چونکە ئەم سیناریۆ و مانۆڕانە، دەرەکین و زادەی واقیع نین و دەستی دەرەکین و بە ئامانجی سیاسی بەڕێوەدەچن.

## (10)

بەبێ سوننەکان لە ناوەڕاستی ئابی ئەمساڵدا، ڕێککەوتنێکی نوێ، لەنێوان دوو لایەنی کوردی و دوولایەنی شیعەی بەهێز پێکهات، ئەو پێکهاتە چوار قۆڵییوەی نێوان(ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق حزبی دەعوەی ئیسلامی، یەکێتیی نیشتمانی ، پارتی دیموکراتی کوردستان) کە دواتر حەڤدە خاڵی گرنگ و دە خاڵی تر، وەکو میکانیزمی کارکردنی خرانەڕوو، هەرچەندە ئەم فیدراسیۆنە چوار قۆڵییە، دارعەسایەکی سیحراوی نییە، بۆ ڕزگاربوونی عێراق لە مەینەتییەکان و نائارامی و جەنگ و کوشتار،کە زادەی فاکتەری دەرەکین، بەڵام ئەوەش شاراوە نییە، کە ئەم چوار لایەنە سەرەکییە، بەو پێیەی دوو لایەنی شیعە نوێنەرایەتیی زۆرترین پێکهاتەی تائیفی شیعە دەکەن، جیا لەوەی ئەم دوولایەنە شیعەیە، خاوەنی هەیکەلی سەرەکیی

پێکهاتەی حکومەت و پەرلەمانو دوو دەنگی بەهێزی ناو بەرەی ئیتلافن، ئەوە جگەلەوەی هەردووکیان، هاومەزهەب ولەژێر کاریگەریی یەک مەرجەعی ئایینی و لەژێرکاریگەری ئێراندان

- هەرچی دوولایەنی کوردیشە، بە هەمان شێوە خاوەنی زۆرینەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و پشکی شێریان هەیە لەحکومەتی عیراقداو لەپاڵ حزبە کوردستانییە هاوپەیمانەکانیان، نوێنەرایەتیی زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەکەن.

- قسە ئەوەیە بۆچی سوننە ، جارێکی تر بەشداریی ئەم بەرە فراوانەی نەکرد....؟

- بۆچی سوننە جارێکی تر بایکۆتی ئەم هاوپەیمانییەی شیعە و کوردی کرد؟

- ئایە سوننە پەراوێزخران؟ یان بەویستی خۆیان پەراوێزکەوتن؟

جگە لە ئەزموونێکی مێژوویی ناتەبای، نێوان سوننە لەگەڵ شیعە و کورد لە عێراقدا، لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا، کە وەکو کەمینە حوکمی عیراقیان کردووە, تا ئێستاش خەون بەو دەسەڵات و ئیمتیاز و ئیمپراتۆریەتەوە دەبینین، کە لە سەردەمی بەعسیزمدا گەیشتە لووتکە.

لەپاش ڕووخانی بەعسیش، یەکەم لایەن و تائیفەی عێراقی، کە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی عێراقی کرد، سوننەکان بوون...!

واتا لە سەرەتای ئاڵوگۆڕە نوێیەکانی عیراقەوە، سوننەکان مامڵەی واقیعی و مەنتقییان، لەگەڵا نەزمی نوێ و سیستمی سیاسیی نوێ عیراقدا نەکرد, هەرگیز نەیانتوانی قەناعەت بەو

لێکهەڵوەشاندنەوە سەرتاپاگیرە بهێنن، کە عێراق بەخۆیەوە بینی.

بۆیە چۆن لە سەردەمی حوکمی سوننەدا، قەناعەتیان بە مافی کوردو شیعە نەهێنا، ئێستاش نایەنەوێت، مل بۆ ئەو واقیعە کەچ بکەن، کە ئەوان کەمینەن و دەبێت بەپێی پێوەرەکانی دیموکراسی مل بۆ بڕیارو ڕاسپاردەکانی زۆرینەی سیستمی پلورالا بدەن.

نایەنەوێت ئەوە هەزم بکەن، کە ئێستا دوولایەنی سەرەکی لە عێراقدا، ڕۆڵی کاراو ئەکتیڤ دەگێڕن لەناو سیستمی سیاسیدا، کە ئەوانیش شیعە و کوردن...!

پێناچێت هەرگیز خۆیان لەگەڵ ئەو مۆدێلە نوێیە بگونجێنن، کە عیراق سێ لایەنی سەرەکی تێدایە, کە (کورد، سوننەو شیعە) یە دەبێت هەموو ئیمتازەکان بۆ هەر سێ لایەن و بەپێی ڕێژە و تواناکان دابەشبکرێن، بۆیە سوننە، کە ئەم مۆدێلە نوێیە هەزم ناکەن، قەناعەت بە زۆرینە و کەمینەش ناکەن.

بۆیە جارێک بایکۆتی هەڵبژاردنەکان دەکەن, جارێک بایکۆتی هاوکاری حکومەت دەکەنو شەش وەزیرەکەیان لە حکومەت دەکێشنەوە, چلوچوار ئەندام پەرلەمانەکەیان دەکێشەوە و دواجاریش بە بیانووی جۆراجۆر، بایکۆتی بەرەی چوارقۆڵی دەکەن و لەپالا ئەوەشدا، بەئاشکرا دژی ستراتیژی ئەم بەرەیەن، کە دەیەوێت بارودۆخی سیاسی و ئەمنیی عیراق باش بکات, لەپێشەوەش پشیتوانی لە حکومەتەکەی مالکی دەکات

– لە خاڵی حەوتەمدا باس لە پەلەکردن لە جێبەجێکردنی ماددەی(140) دەکات, لەبەندی هەشتدا، باس لە پتەوکردنی

پەیوەندیی نێوان حکومەتی بەغداد و حکومەتی هەرێم دەکات، لە خاڵی دووەمدا، باس لە پابەندبوون بە سیستی فیدراڵی و دەستوورییەوە دەکات.

کەچی لەو کاتەدا، عەدنان دلێمی بەئاشکرا ڕادەگەینێت، کە کار بۆ ڕووخانی حکومەتەکەی مالکی دەکات، ئەمەش واتای دژایەتیکردنی ئەو بەرە چوارقۆڵییەیە.

جگە لەوەی سوننەکان، هەمیشە لەگەڵا ئەو خاڵاو بەندانە نارِێکن، کە سادەترین ماف دەدات بە کورد و شیعە، لە بابەتی فیدراڵی و سیستمی دەستووری و ماددەی (140).

بۆیە هیچ مایەی سەرسوڕمان نییە، کە سوننەکان جارێکی تر، بایکۆتی ئەم بەرەیە بکەن و پەراوێز بخرێن...!

ئەوەش جگە لە فاکتەرە سیاسییە ناواقیعییەکانی سوننە، فاکتەری دەرەکی و دەستتێوەردانی وڵاتانی عەرەبی سوننە بۆ بایکۆتی سوننە ، دیسان ڕۆڵێکی نیگەتیڤ وازی دەکەن و هەمیشەش باس لەوە دەکەن، کە سوننەکان لە بەردەم هەڕەشەی لەناوچوون و سڕینەوەدان و دەبێت فریایان بکەوین، ئەوەش بە دەلیلی هەیمەنەی شیعە، بەسەر عیراق و هاوکاریکردنیان لەلایەن ئێرانەوە، هەرچەندە هەندێک لایەنی سیاسی پێیانوایە، دەبێت کورد خۆی لەو کێشە و ململانیەی، نێوان شیعەو سوننە بپارێزێت..

بەڵام ئەم بۆچوونە لە سیاسەتدا، بەتایبەتی بۆ عیراق ڕاست نییە، چونکە ئەوەش هونەری سیاسەتە لە دونیای نوێدا، کە بەستنی هاوپەیمانی، لەگەڵا ئەو لایەنانەی کە لەڕووی سیاسی

و ستراتیژیەوە، لەپێناو یەک ئامانج، یان یەک ستراتیژ و دوو ئامانجی جیاواز کاردەکەن ، ئاساییە بەو مانایەی شیعە و کورد لە زۆر خاڵدا، هاوبەشن دەتوانن لەسەر فۆرمەڵەیەک، وەکو ئەم هاوپەیمانێتییە ڕێککبەون، بەڵام ئایە سوننە ئەم فۆرمەی بۆ کورد قبووڵە...!؟

بێگومان سوننە ڕایانگەیاندووە، کە کێشەیان لەگەڵ کورد نییە ، بەڵام لە بواری پراکتیکدا وا نییە بەو بەڵگەیەی ، ئەوان لەگەڵ خواستو مەیلی و گەرایشی کورددا، نەک ڕێک نین ، بەڵکو جودا و ناتەبان و بگرە زۆرجاریش، دژایەتیی ئەو مافە سادانە دەکەن.

لە کاتێکدا ئەو ماف و ئیمتازانەی کورد، لە دەستوور پەرلەمان و هەڵبژاردنو هاوپەیمانیتەکان بەدەستهێناوە، هیچی لەو دەستکەوتانەی سوننە زیاتر نییە.

بەڵام ئەسڵی پرسیارەکە ئەوەیە, کە سوننە قەناعەت بە دابەشکردنی ماف و ئەرک و دەسەڵات و ئیمتازەکان ناکەن, هەمیشە لەسەر ئەو تێورە دۆگماییە کاردەکەن «یان هەمووی ، یان هیچ»

باشترین نموونەش بایکۆتی نوێی سوننەکانە، لەم هاوپەیمانییە چوار قۆڵییەدا، بەڵام ئەوە بەو مانایە دێت, کە سوننە پەراوێزخراون، چونکە ناتوانن لەگەڵ ئەو مەیلەو مۆدیلەی، کە خێری خەڵکی عیراق کوردستانی تێدایە، ڕەفتاربکەن, مامڵەیەکی لۆژێکی بکەن، بۆیە گەر خۆشیان مەبەستیان نەبێت، بەڵام ئەوان هەر پەراوێز دەخرێن.

**(11)**

بەپێی ئامارێک لە ئاداری (2003) تا حوزیرانی (2006) (655000) هەزار عێراقی کوژراون, واتا(2.5%)، لە کاتێکدا تائەو کاتە(2749) سەربازی ئەمریکییش کوژراون و(18490) سەربازی ئەمریکییش برینداربوون، (214) سەربازی (16) دەوڵەمەندی تری هێزەکانی هاوپەیمانان کوژراون، هەروەها (4806) پۆلیسی عیراقی کوژراون (147) ڕۆژنامەنوسیش کوژراون، زیاتر لە (100000)خێزانیش ئاوارەبوون.

تازەترین ئاماریش کە لە (7-10-2006تا 13-10-2006) واتا تەنها لەماوەی (7) رۆژەدا (392) عیراقی کوژراون و زۆرترین ژمارەی ئەو قوربانییانەش لە بەغدای دڵی دەوڵەتدا بووە.

زۆربەی گریمانە و ئەگەرەکان بەوانەی ئەمەریکاشەوە ڕاست دەرنەچوون ، کە پێیانوابوو پاش ڕووخانی ڕژێمی، بەعس عێراقێکی مۆدێرن و پلورال و ئ‌ێ و یەکگرتوو دێتەکایەوە.

مەبەستمە بڵێم، ئەو ئامار مەترسیدارانەی سەرەوە، باشترین بەڵگەی بەتاڵکردنەوەی ئەو ئەگەر گریمانانەیە گەر قسەش دێتە سەرفاکتەرەکانی ئەو کارەساتە، هەموو لایەک گشت ئۆ باڵەکەی دەخەنەپاڵ گروپ و لایەن و دەستە و تاقمێک کە ناونراوە (گرووپە تیرۆریستییەکان...!)

لە کاتێکدا بەشێکی ئەم گرووپانە، لەناو خودی دەوڵەت و دەزگا و دامەزراوەکاندان و ئەوانیش لە بەشێکی ئەو کوشتارانە بەرپرسن،کە ڕۆژانە لە شەقامەکانی بەغدا بەسرە, و کەرکوک ڕوودەدات.

ئەوەی ڕوون ئاشکرایە، گرووپی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە و سازکانەکانی کۆنەبەعسییەکان و چەند گرووپی وەکو سوپای مەهدی و تومید و جهاد ئەنساروئیسلام سوننەی و سوپای تشرین... بەئاشکرا ڕایانگەیاندووە، کە دژی حکومەتن و ساغبووەتەوە, کە ئەوانە گرووپی تیرۆریستن.

ئەی ئەو گرووپەی کە بەگرووپی مەرگ ناسراون، جلڕەشەکانی (سوپای مەهدی) شیعە، لە کاتێکدا خاوەنی (20) کورسیی پەرلەمانن ڕۆژانە لە ناوەڕاستی بەغدا، دەیان کەس، تەنها لەسەر ئەوەی ناویان (عومەر)ە دەکوژن, پەلاماری هێزەکانی پۆلیس و ئەمریکا دەدەن، ، ئەو گرووپە سوننەیەی ڕۆژانە، خەریکی کوشتنی (عەلی، حسێن و حەسەن) و تەقاندنەوەی (حوسێنیەکان)نن, بەناوی

بەرەی دیالۆگ و حزبی ئیسلامی و تەوافوقەوە ، بە چەند فۆرم بەشداری حکومەتن چییان پێدەوترێت، ئەوە باسی سوپای بەدر و حوبی فەزیلە ناکەین ، لەوەشی خەتەرتر، خودی تیرۆریستەکان، پۆلیس و ئاسایش لەناو خودی حکومەتدا.

بۆیە خاڵی مەترسی ئەوەیە، چەند لایەنێک بە ناو دەیانەوێت حکومەتی مۆدێرن دروستبکەن، بەڵام خۆیان بە شێوەیەک بەشدارن لە پشێوی و کوشتار و نائارامی لە وڵاتدا.

هەر لەو کاتەوە لە ساڵی(1921) عیراقێکی ناهۆمۆجین، کە مۆزالیکێکی جیاوازی هەبوو ، لەسەر دەستی ئینگلیزەکان دروستکرا و مەلیک فەیسەڵی سوننە کرایە مەلیکی.

چەوساندنەوەی کوردو شیعەی زۆرینە لەلایەن کەمینەی سوننەوە، بۆ ماوەی (22) ساڵا درێژەی کێشاوە, لە سەردەمی بەعسیشدا ئەم چەوساندنەوەیە، گەیشتە لووتکە بە جینوسایدو قەتڵا عامی شیعەە کورد، ئەمەش هەمان ئەو سیناریۆیە بوو, کەستالین دژی کۆمارەکانی پێشووی سەڤیەت پیادەیکرد.

پاش ڕووخانی بەعس لە (2004)دا ئەو خۆڵەمێشە ژێر سکڵەدا...(82) ساڵی ڕابردوو، تەپوتۆزەکەی دەرکەوتووە، وردە وردە بەپێچەوانەوە گەشایەوە و ئێستاش پەرەی گرتووە, هیچ کام لەلایەنەکانی، ناتوانن چارەسەری بکەن، چونکە چەندە باگراوندی مێژوویی هەیە، بەوەی شیعە و کورد هەستیان بەپەراوێز بوون کردووە، لە بەرامبەر ئەو خاڵێکی تر ، کاریگەریی ئیدیۆلۆژیای مەزهەبیی شیعە و سوننەیە ، بەلام بەرگێکی سیاسی کراوەتەبەر، لەپێناو بەرژەوندییەکاندا تا دێت، پەرەسەندنی ئەم ڕقە کۆنە، دەگاتە واقیعی خۆی و خەریکە شەڕێکی ناوخۆیی لێدەکەوێتەوە.

پیتەرگالیریس پێوایە، دابەشبوونی عێراق بۆسێ هەرێمی کورد و سوننە و شیعە، تاکە چارەسەری ئاشتییە.

جیماس بیکەر، دەڵێت: « دەسەڵاتی هەرێمەکان فراوانتر بکرێت و فیدراڵی بچەپێندرێت»، بەڵام جۆزیف بایدەن و لیس گلیسپس لە تازەترین کتێبدا، کار لەسەر ئەوە دەکەن « پیلانێک بۆ دابەشکردنی عێراق» ئەو بۆچوونانەی سەرەوە، هەرکامیان لانیکەم کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی واشنتۆن هەیە, ڕەنگە دوایین سیناریۆی واشنتۆن بن بۆ عێراق.

بۆیە دەکرێت بپرسین ڕێگاچارە کامەیە ، تا عێراق بگەنێتە دواوێستگە، ڕەنگە لە ئێستادا، بەبەڵقانکردنی عێراق (لەپاش هەڵوەشانەوەی یۆگسلافیا) نەبووبێتە، سیناریۆیەکی پڕ چانس، لە کاتێکدا سیستمی فیدارڵییش ناتوانێت عێراقییەکان پێکەوە کۆبکاتەوە و تا ئەم ساتەش، لە فیدراڵی, باشترین فۆڕمی پێکەوەژیان نییە، بەوپێیەی، کوردەکان ، سەربەخۆیی بە باشترین تەلتەرناتیڤ دەزانن و هەرێمەکەشیان، هەموو پایەکانی ئەم سەربەخۆییەی تێدایە, یەکەم ساتی لێکهەڵوەشانەوەی یەکجارەکیی عێراقیش لە داهاتوودا، دڵنیام بە جاڕدانی سەربەخۆیی کوردستان لە عیراقدا دەستپێدەکات، وەکو چۆن یەکەم ساتی عێراقی یەکگرتوو لە کوردستانەوە ڕاگەیەندرا، بەڵام جیاوازیی ئەو دوو بۆچوونە، کات و سەردەم گۆڕاوە و هەموو کارتەکان لە بەردەم عێراقی یەکگرتووی فیدراڵا و پلوراڵا و مۆدێرن شکستیهێنا, کوردیش خۆی بە بەرپرس بچووکترین کێشە لەوبارەیەوە نازانێت, خودی واشنتۆنیش هەڵوێستی کورد باش درک دەکەن.

**-شیعەکان ، هێشتا دابەشبوون بەسەر دوو بۆچووندا**

بۆچوونێک کە باڵی میارڕەوی شیعی (مجلس اعلی و باڵێکی دەعـوە و خـودی سیستانی) پشتیوانی دەکـەن، دروستکردنی هەرێمکی شیعەیە لە باشوور، بەڵام باڵی توندەڕەوی سەدر و بەشێکی فەزیلە، دەیانەوێت فەوزا و هەرێمی بچووک بچووک پێکبێت، ئەگەر چی هەیمەنەی ئێران لە هەرجووڵەیەکی شیعەکان لە عیراقدا، نابێت لەبەرچاو نەگیرێت.

ئەمە خاڵێکە کە هەمیشە واشنتۆن بەنیگەرانییەوە سەیریدەکات، کە هەرێمێکی ئیسلامی. شیعەی هاوشێوەی ویلایەتی فەقیەی ئێران دروست بێت.

–سوننەکان، لاوازترین گرووپی ناو هاوکێشەکەن و تێکدەرترین و زۆرتـرین چالاکیی تیرۆریستی لەسەر دەستی ئـەوان و لە ناوچەکانی ئەواندایە, دەیانەوێت دەسەڵاتێکی مەرکەزی هەبێت. نە فیدرالی و نە هەرێمەکان قبووڵا نەکرێت ، بەڵام بۆچوونەکانیان یۆتۆپیایانەیە،بۆیە هەموو کەس دەبێت باش بزانێت، لەناو ئەو سێ مەیلە جیاوازەی ناو سێ تەکنیک و مەزهەبیدا، کامیان واقیعی و دیفاکتۆیە، دڵنیام واشنتون باش لەمە دەگات.

کۆنگرەی مەککە و دانوستانی ئوردن و سعودیە و کۆنگرەکان هەموویان شکستیان هێنا, ئێستا دوو سیناریۆی تر لەگۆڕاندایە:

**یەکەم** : گرووپی بـاڵای کـار، لەنێوان حکومەتی مالیکی و ئەمریکادا، بەتایبەتیش کە مالیکی نەیتوانی بەرنامە (33)خاڵەکەی جێبەجێ بکات.

**دووەم**: پیلانەکەی جیمس بیکەر بۆ دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤ لە عێراقدا.

ئەم دوو سیناریۆیە، دوای کاتی ئاڵوگۆڕەکانە، گەر سەرنەگرێت، تەنهاو تەنها بۆچوونەکەی پیتەر گابرێس دەبێتە واقع، پارچە پارچە بوونی عێراقە و ڕەنگە ئەم دابەشبوونەش، ئەو مەترسییە دروست نەکات، کە زۆر لا چاوەڕوانی دەکەن، چونکە زۆر نمونەی نزیک هەیە, کە لە شێوەی عێراقن.

## (12)

ڕێگای نوێ بۆ پێشەوە» ناوی ئەو ستراتیژە نوێیەیە، کە جۆرج بۆش لەعێراقدا بەنیازە بۆ ڕزگاربوون لە کێشە و قەیرانەکانی عێراق پیادەی بکات، بەتایبەتی کە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا واشنتۆن نەیتوانی عیراقێکی ناهۆمۆجین، بکاتە وڵاتێکی پێکەوە ژیان، نەیتوانی لەجێی ستەم و سیستمی تۆتالیتاری بەعسیزم، سیستمێکی نوێ دابمەزرێنێت، کە گەلانی عێراقی تێدابحەسێنەوە، ئەگەر نا بۆ دەبێت چارەنووسی عێراق، لە یۆگسلاڤیا باشتر نەبێت، بۆ دەبێت یۆگسلاڤیا دابەشبکرێت بۆ چەند دەوڵەت، بەڵام لەعیراقدا ئەم پرۆژەیە، کە دەیتوانی بۆ یەکجاری عیراق لە کێشە و قەیران ڕزگار بکات نەیکرد؟

ئایا بۆ ئەوەبوو دڵی وڵاتانی عەرەبی سوننە و تورکیا نەڕەنجێت؟ بۆیە سەرئەنجام ئەوە چارەنووسی عێراقە، یاخود باش وایە ئەمریکا لە ئەوپەڕی هێزدا ئەوە بکات، نەک کاتێک کە عێراق لە کۆنترۆڵی دەردەچێت،

بۆیە ستراتیژی نوێی ئەمریکا لە عێراقدا بە زیادکردنی (21500) سەرباز و چەند ملیار دۆلارێک، ناتوانێت بارودۆخی قەیراناویی عێراق چاکبکات، گەر کێشە سەرەکیەکان چارەسەر نەکات.

گەر ئەمریکا بە (147000) سەربازەوە نەتوانێت ستراتیژەکەی جێبەجێ بکات، بەم زیادکردنەش ناتوانێت، بەڵام ئەمە دەکرێت وا خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بۆ پەلاماردانی ئێران و سوریا بێت، بە چەند بەڵگەیەک، ئێران لە هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکیدایە, ئەمریکا هەم لەم ئەگەرە دەترسێت و هەم دەیەوێت دەستی ئێران لە عێراقدا، بەیەکجاری کورتب کاتەوە، چونکە باش دەزانێت یەکێک لە فاکتەرەکانی پشێوی و نائارامی و ڕێگری لە بەردەم ستراتیژی ئەمریکا، خودی ئێرانە، یان خودی (شیعە)یە.

دووەم: زۆربەی ئەو فەرماندانەی جۆرج بۆش، لەم ماوەیەدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هێنانن، جگە لەوەی کەسانی سەربازین، شارەزان لە کاروباری ئێران و سیاسەتی ئێران، لەوانە « ڕۆبەرت گتیس» لە شوێنی ڕامسفێڵد و «ڕایان کرۆکەر» لە شوێنی خەلیلزاد و خەلیلزادیش بۆ ئاستی باشتر، بۆ شوێنی جۆن بولتن لە UN, سەرەڕای ولیام فالۆن و دیڤید پێتراوس، ئەمەش ئاماژەیەکی خەتەرناکە بۆ سەرئێران و کۆکردنەوەی هێزە سەربازییەکانیش لە ئاوەکانی کەنداو سنوورەکانی کوردستان، خەتەرێکی ترە لەسەر ئێران و پیلانە نوێیەکەی واشنتۆن.

خاڵی سێهەمیش گەشتە خێراکانی ڕایس بۆ ئیسرائیل و وڵاتانی میسر و سعودیە و ئوردن و عەرەبی، ئاماژەیەکی داواکارییە بۆ پشتیوانی، بۆیە چۆن ئەمریکا، ئێران بە پلەی یەکەم بە تێکشکاندنی

ستراتیژەکەی دەزانێت لە عێراقدا، بە هەمان شێوەش تەنها بە تێکشکاندنی ئێران، ئەمریکا جارێکی تر دەتوانێت ستراتیژەکەی بەدەستبهێنێتەوە، خۆ ئاشکرایە گەر ئێران و سوریا نەبوونایە، هەرگیز ئەمریکا تووشی ئەو شکستەی ئێستا نەدەبوو، بەڵام ئامانجی سەرەکیی ئێرانیش شکستی ئەمریکایە لە عێراقدا.

هەر بۆیە داوای (100–160) ملیار دۆلار دەکرێت، بۆ زیادەی بودجەی وەزارەتی بەرگری، ئەوانەش چەند ئاماژەیەکی مەترسیدارن بۆ سەر ئێران و سوریا، هەرچی سوریاشە پەیامێکی نویێ و خەتەری پێدراوە لەناو ستراتیژەنوێیەکەیدا.

ناردنی ئەو (17) (CD)یـەی ئەمریکا و حکومەتی عیراق لەلایەن سیاسییەکی عێراقییەوە, لە مانگی ڕابردوودا بۆ دیمەشق و سەلماندنی ئەو ڕاستیانەی، کە دەیسەلمێنێت چۆن سوریا ڕۆڵی لە خراپکردنی بارودۆخی ئەمریکا و کوژرانی سەربازی ئەمریکادا هەیە، ئەوە دواین پەیامی ئەمریکا و دواین کارتی دیمەشقە لەم گەمە سیاسییەدا، کە دەبێت بەخۆیدا بچێتەوە، بەڵام ناردنی ئەو (CD)یانە، ئاماژەیەکن بۆ پێدانەوەی کاتی زیاتر بۆ سوریا بۆ بەخۆداچوونەوە.

سەبارەت بە ناوخۆی عێراقیش، واشنتۆن لەهەوڵی ئەوەدایە، کوژراوەکانی لە (3100) سەرباز ڕاگرێت و چۆن ئەو (700000) کوژراوە عیراقییە زیاد نەبێت، چۆن عێراق ئارامبکاتەوە؟

جۆرج بۆش پەیامێکی توندی داوەتە مالیکی، کە دەبێت خۆی یەکلابکاتەوە، لەوەی ئەو سەرۆکی حکومەتی عیراقە، نەک هی شیعەکان، ئەو دەبێت هەوڵی ڕاگرتنی کوشتارەکانی شەقامەکانی بەغدا و کەرکوک بدات.

دەبێت میلیشاکان نەمێنن ، ناکرێت تاقمی سەدر لە لایەکەوە لە حکومەت و پەرلەماندا بێت, لە لایەکی تریشەوە خەریکی کوشتنی سەربازی ئەمریکی و تەقاندنەوەو دزی و ڕاوڕووت بێت، نابێت لایەنە سیاسییەکان لەپەرلەماندا بن، بەڵام نهێنیی کۆبونەوەکان و زانیارییەکان بدەنە وڵاتانی دراوسێ.

جۆرج بۆش داوایکردووە، گەر مالیکی تا سەرەتای بەهار، نەتوانێت چارەسەری کێشەکان بکات، کەسێکی تر دەخرێتە شوێنی، کە ڕەنگە عەلاوی بێت و ئەگەری لادانی مەشهدانیش، ئاماژەیەکە بۆ ڕازیکردنی سوننەکان و قاییلکردنیان بەوەی کە نە لە مالیکی و نە لە مەشهدانی ڕازی نین، چونکە هەم سوننەکان و هەم بۆش باش لەوە تێدەگەن، کە لە پلانە ئەمنییەکەی مالکیدا نیەتی باسی بەدی ناکرێت، چونکە لەجیاتی پشکنین و پەلاماردانی گەڕەکی سەدری مولگەی تیرۆر و تەقاندنەوەکانی بەغدا و سەدر، کەچی لە خوارووی بەغداوە، خەریکی پشکنینن و سوپاو پۆلیس خۆیان بە شتێکی ترەوە خەریکردووە، واتە مالیکی ناتوانێت وەکو سەرۆکوەزیری عێراقی ڕەفتاربکات، بەڵکو وەکو شیعەیەک مامەڵە دەکات و ئەمەش ئەو شتەیە، کە ئەمریکا نایەوێت، ئەگەر نا یەکەم گرووپ, کە دەبێت چەک بکرێت، میلشای سەدر و گروپێکی مەرگە و سوپای بەدرە، بەڵام مالکی خۆی لەم ئەرکە دەدزێتەوە.

لە بەرامبەر ئەوانەدا، ئەمریکا دەیەوێت هێزەکانیش لە هێرشبەرەوە بکاتە بەر گریکەر، واتە لەناو شارەکان دووریانبخاتەوە و ئەو ئەرکە بداتە پۆلیس و پێشمەرگە، سەرەڕای ئەوەی دەیەوێت بنکەی سەربازی لە کوردستان و سنوورەکانی

ئێران دروستبکات, پەلاماردانی کۆنسولگەری ئێرانیشە لەهەولێر لەناو ئەو پرۆسەیەدایە و لەم ستراتیژە نوێیەشدا، تورکیا ڕۆڵی ڕۆڵپێدانی پێدراوە، بەو بەڵگەی تورکیا هێزێکی زۆری لەسەر سنوور کۆکردووەتەوە، تا لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێکی نوێ لە ستراتیژە نوێیەکەی واشنتۆندا، بتوانێت پەلاماری (PKK) بدات, بەو بیانووەشەوە چەند ئیمتیاز لە کوردستان و کەرکوک و عێراق بچنێتەوە، بەتایبەت لە کاتی پەلاماردانی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە.

سراتیژی نوێی ئەمریکا، هەرچەندە باس لە پیادەکردنی لە عیراقدا دەکرێت، بەڵام ئەوە بەشێکی ستراتیژەکەیە, بەشێکی تری، پەیوەستە بە جێبەجێکردنی ستراتیژەکە, لە دەرەوەی سنوورەکانی عێراقە، چونکە هەڕەشەکان چەندە لە ناوخۆی عیراقەوەن، ئەوەندەش لەدەرەوەن..

لەگەڵ سەرەتای پیادەکردنی ستراتیژە نوێیەکەشدا، هێشتا پێناچێت شایانی ئەوەبێت بە سەرکەوتوو لەقەڵەم بدرێت، لە کاتێکدا لانیکەم پێویستی بەوەیە زووبەزوو ئامانجەکانی پێکبێت، چونکە جۆرج بۆش و کۆمارییەکان، لە بەردەم فشاری دیموکراتییەکانیشدان، بەڵام ڕەنگە ئەمریکاش بیەوێت، بە بیانووی سەرنەکەوتنی ستراتیژە نوێیەکەیەوە، قسەیەکی تری دڵی بکات، ئەویش پارچەپارچەبوونی عێراقە، گەر ئەوەشی ویستبێت ، بێ سێ و دوو ستراتیژەکەی بە دیوە شکستەکەیدا دەخاتەڕوو، تا ئەوکاتە ئەوەی ئەو دەیەوێت سەربگرێت و کەسیش گلەیی پارچە پارچەبوونی لێنەکات، کە دوو پێکهاتەی سەرەکیی (کورد و شیعەش) لەگەڵ ئەم ئەگەرەدان و ئەمەش هێندەی تر کارەکە ئاسان دەکات و ستراتیژە نوێیەکەش دەگەیەنێتە ئامانج.

## (13)

بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی حکومەتی ئەمریکا ساڵی (1994)لەژێر ناوی (دەستنیشانکردنی ئەمنی قەومی و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا) ئامادەیکردوە.

یەکێک لەو پێگە جوگرافیانەی سەرتاسەری دونیا، کە لەناو بەرژەوەندەییە ژیانییە، پلە دووەکاندا دایە و مەترسی لەسەر ئاسیای ڕۆژهەڵاتە، بە پلەی یەکەم کۆریای باکوورە.

لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە» تاکە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئاسیای ڕۆژهەڵات، کۆریای باکوورە» لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، گەر هاتوو کۆریای باکوور، بە سەر کۆریای باشوردا سەربکەوێت، ئەوا ئەمریکا هاوپەیمانێکی بە نرخی لە ئاسیا لەدەست دەچێت و ئارامیی ژاپۆنیش دەشێوێنێت,ڕەنگە کێشەی بڵاوبوونەوەی چەکە ئەتۆمی و موشەکی بالسیتی و دوورهاوریژ ئاڵۆز بکات.

ئەم ڕاپۆرتە نیشانیدەدات، کە کۆریای باکوور چەندە مایەی هەڕەشەیە لەسەر جیهان، بەتایبەتی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ئاسیای ڕۆژهەڵاتدا.

بەڵام پاش تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکەی (2006/10/9)ی پیۆنگ یانگ، جارێکی تر مەترسیداربوونی کۆریا بەڕوونی خۆی نیشاندا، ئەوەش بەو پێیەی، تا ئێستا نەتوانراوە ئەو ئحتیوایەی کە واشنتۆن کاری لەسەر دەکات، جێبەجێ بکات.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ماوەی چەند ساڵە، سێ وڵاتی وەکو بەرەی شەڕ ناساندبوو، هەوڵی جڵەوگیریی دوو لایەنەی دەدا (احتوا المزدوج) ئەوانیش (کۆریای باکوور، عێراق، ئێران) بوون، بەڵام پاش ڕووخانی ڕژێمی عێراق هێشتا ئەجێندای ئەم دوو وڵاتەی تر ڕوون نییە.

دیارە ئەو جڵەوگیریەو ناساندنەی ئەو سێ وڵاتە بە (تەوەری شەڕ) لە دووخاڵەوە سەرچاوەیان گرتووە.

یەکەم؛ هەرسێ ڕژێمەکە، خاوەنی چەکی ئەتۆمی و کیمیاوی و بایۆلۆژیی مەترسیدار بوون، یان لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو چەکانەدابوون، ئەمەش واقیعییە.

دووەم: هەر کام لەم سێ دەوڵەتە، مایەی هەڕەشەن لەسەر بەرژەوەندییەکان ئەمریکا لە جیهان و بەتایبەتی لە ئاسیا، یان خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەو پێیەی کۆریا خاوەنی ئیدیۆلۆژیەکی چەپی توندڕەوی بەناو مارکسییە, یەکێکە لە پاشماوەی بیرەدۆگماکانی شورەوی و بەخێرایی هەوڵی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی دەدات لە جیهاندا, خۆیشی بە ڕەقیبی سەرسەختی واشنتۆن دەزانێت ، لە لایەکی ترەوە، هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی

کۆریای باشوور دەدات و لە هەوڵی نانەوەی پشێویدایە، دژی ژاپۆن و هاوپەیمانەکانی واشنتۆن.

هەرچی ئێرانە جیا لەوەی هەڵگری ئیدیۆلۆژیەکی مەزهەبی شیعەگەراییە و بە سەرچاوەی هەناردەی ئیدیۆلۆژیای ئیسلام و بەتایبەت شیعەگەرایی دەزانێت، جیا لەوەی لە حاڵی حازردا، لە هەوڵی پیتاندنی یۆرانیۆم و وەدەستخستنی چەکی ئەتۆمیدایە، هەرچی عیراقیشە ئەجێندکاری بە جۆرێکی تر کاری لەسەر دەکرێت.

ئێستا ڕووداوەکـان و هاوکێشە سیاسییەکان ئاڵوگۆڕێکی جیددیان بەسەرداهاتووە.

ڕاستە یەکێک لە وڵاتانی تەوەری شەڕ، کە عێراقە ڕووخاوە و کۆتاییهاتووە، بەڵام واشنتۆن لە یەک کاتدا، سەرەڕای قەیرانەکانی عێراق، تووشی دوو کێشەی گەورە بووەتەوە. ئەوانیش کێشەی ئەتۆمی و چەکە نەوەوییەکانی ئێران و کۆریای باکوورن.

تاقیکردنەوە ئەتۆمیەکانی ژێر زەویی کۆریای باکوور لە (2006/10/9) هاوکاتە لەگەڵ ئەو ململانێیە سەرسەختەی نێوان ئەمریکا و کۆمەڵگای خۆرئاوا لە لایەک و ئێران لە لایەکی تـرەوە، بەتایبەتی پاش چەند مانگ لـە دیالـۆگ و دانوستان لەنێوان وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و لاریجانی و گەورەوتووێژکاری ئێرانیدا، پاش رانەگرتنی و بەرهەمهێنان و بەردەوامیی پیتاندنی یۆرانیۆام، هەموو هەوڵەکان شکستیان هێنا, حاڵی حـازر پێدەچێت، پاش دەرکردنی بڕیاری ژمارە (1718)ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە (2006/10/14) دژی کۆریای باکوور بە سەپاندنی سزا.

جارێکی تر ئەنجوومەنی ئاسایش ناچاربکرێت، بە هەمان شێوە بڕیارێکی تر دژی ئێران و سەپاندنی سزا بەسەر ئەو وڵاتە دەربکات. یەکێک لە فشارەکانیش، گەلە کۆمەکێی نێودەوڵەتی و مانۆری هاوبەشی سەربازییە, لە ئاوەکانی کەنداو دژی ئێران.

بەڵام دەکرێت بپرسین، بۆچی کۆریا لەم کاتەدا ئەو تاقیکردنەوەیەی ئەنجامدا؟ بۆچی کۆریا مل بۆ دیالۆگ نادات؟ بۆچی کۆریا نایەوێت لە سیتمێکی تۆتالیتار بە ناو مارکسییەوە، ببێتە خاوەنی سیستمێکی مۆدێل خۆرئاوایی و چەمکەکانی ئازادی و دیموکراسی و هەڵبژاردن و بازاڕی ئازاد گەشە پێبدات؟

بۆچی دەستبەرداری چەکە ئەتۆمییەکانی نابێت؟ بۆچی دۆستایەتیی وڵاتانی ڕیفۆرمیست و گەشەکردنی ئاسیای ڕۆژهەڵات بەتایبەتی کۆریای باشوور و ژاپۆن و چەند وڵاتی تری وەکو تایوان...ناکات؟

سەرەتا دەبێت بڵێم، لە ماوەی ساڵانی (1993-1995) کۆریای باشوور زۆر هەوڵیدا، سوود لە ئەزموونی یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا وەربگرێت و چەند تیمی ڕەوانەی ئەڵمانیا کرد، تا ئەو کارە سەر بگرێت، بەڵام سەرئەنجام شکستی خوارد.

پاش ئەو هەوڵەی کۆریا و ئەمریکا، ویستیان سوود لە ئەزموونی ئەڵمانیا وەربگرن، بەوەی لە ڕێگای چەند ڕێککەوتننامەیەکەوە پەیوەندییەکانیان بەرنە پێش، بەڵام چەندجار بە هاوکاریی چین و ژاپۆن و ڕووسیا، یان لیژنەی شەش قۆڵی، بەڵام کۆریای باکوور هەموو هەوڵەکانی بێئاکام هێشتەوە، بەتایبەتی پاش تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکەی کە بە(3.4) پلە ژاپۆنی دراوسێی هەژاند.

جیا لەوەش هەریەکە لە واشنتۆن و تۆکیۆو سیئۆل، زۆر هەوڵیاندا پیۆنگ یانگ لە ڕیفۆرمی سیاسی و ئابووری نزیکبکەنەوە، بەڵام نە لە بواری سیاسییەوە ڕیفۆرم و چاکسازی کرد, وازی لە سیستمی دیکتاتۆری هێنا و ئازادی بۆ خەڵکی فەراهەمکرد، نە لە بواری ئابووریشەوە سوودی لە ئەزموونی بازاڕی ئازاد وەرگرت, وازی لە مۆنۆپۆلکردنی بازاڕ هێنا و دەستبەرداری ئەو پرۆژە ئەتۆمیە زەبەلاحە بوو، کە زۆربەی بوجەی ئەو وڵاتە هەڵدەلووشێت.

کۆریای باکوور، بەئاشکرا ڕایگەیاندووە، کە دەیەوێت، بەسەربەخۆیی بمێنێتەوە و مل بۆ ئەو داوا و گوشار و تاکتیکانە نەدات, کە واشنتۆن و سیئۆل و تۆکیۆ هەوڵی یەکگرتنەوەی هەردوو کۆریا دەدەن، لە دانیشتەکانیشدا هەمیشە یەکێک بووە, لە مەرجەکانی پیۆنگ یانگ، بەڵام تەوقیتی تاقیکردنەوەکان، پەیوەستە بەو گوشارەی کە بەم دواییانە واشنتۆن لەسەر پیۆنگ یانگی توندکرد، بەهۆی ڕاگرتنی دانیشتنەکانەوە، یەکێکی تر لە فاکتەرەکان خراپیی بارودۆخی ئەمریکایە لە عێراق، ڕووبەڕووبونەوەکانیەتی لەگەڵ ئێران لەسەر هەمان کێشەی ئەتۆمیدا، هەروەها بەڕەسمی ڕاگەیاندنی توانای ئەتۆمیی پیۆنگ یانگە، کە دەبێتە نۆیەمین دەوڵەتی خاوەن چەکی ئەتۆمی لە جیهاندا.

بێگومان ئەو وڵاتانەی لە تەوەری شەڕ ناسێنراون، بەوانەشەوە کە لە لیستی تیرۆر ناوزەدکران و لەپاڵ ئەوانەش, کە بە میلیتار و تۆتالیتار و سەرکوتکەر و پێشێلکاری و مافەکانی مرۆڤ ناسراون، بەوانەشەوە کە واشنتۆن فشاری خستوونەتە سەر و دەیەوێت ئاڵوگۆڕ لە سیستمە سیاسییەکانیاندا پێکبێنێت، کە کۆریا و ئێران

لە پێشەوەی ئەو ئەجێندایەدان، هەر بۆیە ئاساییە کە دژی بڕیار و بەرژەوەندییەکانی واشنتۆن بن لە ناوچەکەدا.

ئەوەی کە پەیوەستە بە پیۆنگ یانگەوە ئەوەیە، هەر ئاڵوگۆڕێکی پۆزەتیڤ لەو سیستمە سیاسییەدا بەدیبێت، سەرئەنجام بە قازانجی واشنتۆن و سیئۆل کۆتاییدێت، بەو مانەیەی وازهێنانی باکوور لە ئیدیۆلۆژیا و مانیفێستی سیاسی و چەکی ئەتۆمی و تۆتالیتاریەت ملدان بۆ بازاڕی ئازاد و هەڵبژاردن و سیستمێکی ئازاد و مۆدێرن، وادەکات کۆریایەکی نویٚ دروستببێت، کە بە دڵی واشنتۆن بێت، سەرئەنجامیش ئەو پرۆسەیە سەربگرێت، کە کۆریایەکی یەکگرتوو, کە دانیشتووانەکەی ببێتە (80) ملیۆن کەس بێتە کایەوە و شتێکیش نەمێنێت بە ناوی کۆریای باکوورەوە، بێگومان هەم پیۆنگ یانگ و هەم واشنتۆن و سیئۆل ئەم سیناریۆیە باش دەزانن، بەو پێیەی واشنۆن سوودی لە یەکگرتنەوەی هەردوو (ڤێتنام و ئەڵمانیا و یەمەن) وەرگرتووە، کە چەندە پۆزەتیف بووە، بەتایبەت کە هەموو یەکگرتنەوەکان بە قازانجی دۆستەکانی واشنتۆن شکاوەتەوە, باڵی دژ و ئیدیۆلۆژیا و سیستمە سیاسییەکەی، پێگە و نفوزیان نەماوە، لەلایەن لایەنی سەر بە باڵی خۆرئاوا هەیمەنە کراوە، توانراوە کیانێکی نویٚ بیٚ کێشە دروستبێت، پیۆنگ یانگیش باش دەزانێت ، کە ئەو ئەزموونانەی باسمانکرد، چەندە بە زەرەری سیستمی سیاسیی ئێستا تەواو دەبێت و تاکە هۆکارێکیش بۆ مانەوەی خۆی بەو شکڵەی ئێستا، دەستڕاگەیشتنی بە چەکی ئەتۆمی دەزانێت.

هەرچەندە واشنتۆن واز لە فشارەکانی خۆی ناهێنێت, سەرەتای فشارەکانیش بە دەرکردنی بڕیاری (1718)ئەنجوومەنی ئاساییش

دەستپێکرد, بێگومان دەتوانێ فشاری زیاتری بخاتە سەر لە ڕێگای سنوورەکانی هۆنگ کۆنگ و سیئۆل ، بەڵام دەبێت لانیکەم ئەو هەڕەشەش لەبەرچاو بگرێت، کە پیۆنگ یانگ بانگەشەی بۆ دەکات, بە هێرشی چەکی ئەتۆمی بۆ سەر نیۆیۆرک و واشنتۆن، گەر ئەمە ڕاستیش نەبێت ، خۆ دەتوانێت نیمچە کیشوەری کۆریا و وڵاتانی کۆریای باشوور و ژاپۆن و تایوان بخاتە مەترسییەوە، ئەو بنکە سەربازییانەی ئەمریکاش لە ناوچەکە وێران بکات، کە پاش شەڕی ساڵانی پەنجاکان لەنێوان هەردوو کۆریا لەوێ ماونەتەوە...!

بەڵام مادام ئێستا پیۆنگ یانگ، بۆتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و نۆیەمین ئەندامی یانەی ئەتۆمییە، کەواتە مایەی هەڕەشەیە و دەبێت زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام سەردانە خێراکەی کۆندالیزارایس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ ناوچەکە، یەکێکە لەو ئاماژانەی، کە ڕەوشەکە خەتەرە و دەبێت ڕێوشوێنی بەپەلە بگیرێتە بەر.

ئەوەش بە خستنەئامادەباشیی هێزەکانی واشنتۆن لەسەر زەوییەکانی سیئۆل و سازدانی مانۆڕی سەربازی لەلایەن هێزەکانی کۆریای باشوورەوە، هەر دوابەدوای ئەمەش کۆریای باکوور، بەئامادەبونی (100)هەزار سەرباز مانۆڕێکی گەورەی بە بۆنەی تاقیکردنەوە ئەتومییەکەوە ئەنجامدا، کە هەردوو مانۆڕەکە بە درێژایی بیست ساڵی ڕابردوو نەکراوە.

هەرچی ژاپۆنیشە ترسی لینیشتووە، بەتایبەتی کە هێزی تەقینەوەکە لە یابان (3.4)پلە بووە, گەر دووئەوەندە بووایە لانیکەم هاوشێوەی بوومەلەرزەکەی پاکستان، یان (بەم) لە ئێران زیانی لێدەکەوتەوە.

بۆیە دەبێت ژاپۆن جارێکی تر چاو بە بەرنامە سەربازییەکانی خۆیدا بخشێنێتەوە، بەتایبەتی کە پاش جەنگی دووەمی جیهانی خەریکی پەرەپێدانی بەرنامەی مەدەنی و تەکنەلۆژیای نوێ و ئاشتیخوازانەیە لە ناوچەکەدا، بەڵام ئەم قەیرانەی کۆریا وا دەکات، ژاپۆنیش خۆی بە چەکی ئەتۆمی چەکدار بکات، بەتایبەتی گەر چارەنووسی پیۆنگ یانگ بە زووترین کات بەلایەکدا نەخرێت.

دوو مەسەلەی تر کەپەیوەستن بە کێشەو قەیرانەکانی ناوچەکەو سنووردارکردنی توانا و دەسەڵات و سەرەرۆییەکانیان و وادەکات، بچنە یەک تەوەرەوە و ڕۆڵی واشنتۆن لە ناوچەکە وازی دەکات، ناردنی دۆسیەی دوو وڵاتی (ئێران و سودان)ە، یەکەمیان بە تۆمەتی، پیتاندنی یۆرانیۆم لە بەرهەمهێنانی ئەتۆمی و سودانیش بە تۆمەتی قەتڵووعامی دافۆرییەکان و ملنەدانی بە ڕەوانەکردنی هێزی ئاشتیی نێودەوڵەتی بۆ سودان.

بەم شێوەیە، دەتوانین بڵێین، جگە لەوەی ئەمریکا هێشتا وەکو ڕێبەری تاک جەمسەری دونیا مامڵە دەکات, دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ وازی بکات، لە هەمان کاتدا دەستپێشکەری هەرسێ ئەو ڕەشنووسە دەبێت, کە دەیداتە ئەنجوومەنی ئاسایش، بۆ سەپاندنی سزای بەسەر هەرسێ وڵات (کۆریای باکوور، ئێران و سودان).

نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، لەم قەیرانە تازانەی ناوچەکەدا واشنتۆن پشتگیری و هاوکاریی هەموو وڵاتانی گەورەی خۆرئاوا و بەتایبەتی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا, یان (G8) یان وڵاتانی خاوەن سوپا و بڕیار لەوانەش گرنگتر ئەوەیە، هەر دوو وڵاتی (چین و روسیا) کە رکەبەری واشنتۆنن، لەم کێشانەدا لایەنگریی

واشنتۆنیان کرد، ئەمەش وادەکات جارێکی تر هەم بەرنامەکانی ئەمریکا باشتر بچنە پێش، هەم سیستمە تۆتالیتارەکان جڵەوبکرێن و مەترسی چەکی ئەتۆمی بەری پێبگرێت و ئاشتی و ئارامی زیاتر بچەسپێت و ئازادی و دیموکراسیش باشتر گەشە بکات.

بێگومان دەبێت ئەوەش بزانین، کە لەم هەموو کێشانەدا واشنتۆن بێگرفت نابێت، بەتایبەتی کە واشنتۆن هەر ئێستا لە عێراقدا، لە بەردەم هەڕەشەی گرووپە تیرۆریستییەکاندایە و دەیانەوێت عێراق بکەنە ڤێتنامێکی تر، بۆ ئەمریکاو وڵاتانی ناوچەکەش، بۆ پشتگیری و دنەدانی ئەم هەوڵانە درێغی ناکەن و هەرچۆنێک بێت، دەیانەوێت ئەمریکا پاشەکشە بکات یان شکستبخوات و لانیکەم نەپرژێتە سەر ئەو وڵاتانە.

ئەمە جگە لەوەی واشنتۆن، هەر ئێستا لە ئەفغانستان لەگەڵ قاعیدە و تالیبان لە ململانێدایە، لەپێناو سەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر قاعیدە و پراکتیزەکردنی سیستمێکی پلورال و مۆدێرن لە ئەفغانستان.

لەگەڵ سوریا لە لایەکەوە، دەیەوێت گۆشەگیرتری بکات، بەهۆی دەستێوەردان و دالدەدانی گرووپە سوننەیە تیرۆریستەکانی عێراق و حزبوڵڵای لوبنانی و تێکدانی ڕەوشی ئاشتیی فەلەستین و یارمەتیی حەماس....

سەبارەت بە لوبنان، دەیەوێت سەربەخۆیی بگەڕێتەوە وڵات و سیستمی سیاسی و دیموکراسی بگەڕێتەوە سەر کار.

چاودێریی وردی پرۆسەی بەرەو لانی کەمی پراکتیزەکردنی دیموکراسی لە سعودیە و میسر و یەمەن و کوێت دەکات.

له خەمی سۆماڵدایە، تا نەبێتە پێگەیەکی تری گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان و هەر بۆ ڕاستکردنەوەی هاوکێشەکان ئەسیوبیا هاتووەتە ناو هاوکێشە سیاسییەکانەوە، دەبێت ڕۆڵی ناوبژیوانی بگێڕێت، لە نیمچە کیشوەری هندستان، تا هند و پاکستان نەکەونە وێزەی یەکتری، دەبێت لە خەمی حکومەتی سریلانکادا بێت، تا گرووپە مارکیسەکان و پڵنگەکانی تامیل کۆنترۆڵی وڵات ناکەن.

دەبێت بەردەوام لەسازکردنی مانۆڕ و هاوکاریی سەربازیدا بێت، بۆ حکومەتی مانێلا لە فلپین، تا چەکدارە ئیسلامییەکان و گرووپی ابو سیاف، وڵات تووشی قەیران نەکەن و گەرای تیرۆریزم چێ نەکەن, ڕێگا لەو کودەتایانە بگرێت دژی حکومەتەکەی خاتو ئاریۆ ڕوودەدات.

دەبێت چاوەدێریی وردی سنوورەکان بکات لەگەڵ هاڤانا، نەکا کاسترۆ کێشە دروسبکات و دەبێت لە هەوڵی هاوکارییەکانی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی هاڤانا بێت تا کاسترۆ دەمرێت.

دەبێت زۆر بەوردی پیلانی هەبێت بۆ ڕێگرتن، لە هاناردەی زیاتر و زۆرتری تلیاک و مادە بێهۆشکەرەکان لە کۆلۆمبیاوە بۆ ئەمریکا و ئەورووپا، لە هەمان کاتدا دژایەتیی فارک بکات تا چی تر حکومەت هەراسان نەکەن.

دەبێت مەترسییەکانی شافێز لە ڤەنزویلا زۆر بەجیددی بگرێت، کە دەیەوێت قەیرانی نەوت دروستبکات.

ئەو هەنگاوانەی لە بەلتیک دەنرێن، لەپێناو دیموکراتیزەکردنی بە لتیک و ئاسیای ناوەڕاست و ئەودیوی کافکاس ڕێگاخۆشکەرن بۆ بونیادنانی سیستمێکی سیاسیی پلوراڵ لەپاڵ ڕووسیا، کە

تا ئێستا واشنتۆن له مامڵەی موسکۆ، لەگەڵ دیموکراسی و ئازادییەکان گرفتی هەیە دەبێت پشتگیرییان بکات.

دەبێت  بەر بەو هەڕەشە چکۆلانە بگرێت، کە لە چیچان و داغستان هەیە، لە لایەک چەند گرووپی ئیسلامیی توندەڕەوە گەرچی دەبێت  جاروبار وەکو کارت لە دژی مۆسکۆ بەکاریانبهێنێت.

دەبێت  سەرنج لەسەر وڵاتە تازەکانی یۆگسلافیاو ئەورووپای ڕۆژهەڵات بدات و لە هەوڵی وەرگرتن و نزیکبوونەوەیاندا بێت لە یەکێتیی ئەورووپا و پەیمانی ناتۆ و پشتگیریی سەربازییان بکات, پشتیوانی لە دیموکراسییان بکات.

دەبێت  لە خەمی مەترسییەکانی سەر تورکیا بێت، چ لەلایەن PKKوەو لەناوخۆ چ لە دەرەوە، لە هەمبەر کێشە و قەیرانەکانی، لەگەڵ یۆنان و قوبرس و بولگاریا و عێراق، بەتایبەتی لەگەڵ هەرێمی فیدراڵی کوردستاندا.

دەبێت  لە کوردستانی باشوور، پێگەکانی خۆی بەهێزبکات, پشتگیریی کوردەکان بکات، لەو پرۆسەیەی دەیانەوێت لە ناوچەکەدا بە پاڵپشتی ئەمریکا ئازادی و دیموکراسی بەهێز بکەن و بگەنە مافەکانیان.

ئیسرائیل ناوچەیەکی حەساسە بۆ واشنتۆن و دەبێت, لە هەوڵی پاراستنی ئەم دۆستە جوولەکەییدا بێت,  لە مەترسیی ئیسلامی ئسوڵی و گرووپەکانی حەماس و جیهاد بیپارێزێت و لەگەڵ فتح و عباس بیانگەیێنێتە ئەنجام و ئاشتی بەرقەرار بێت.

لەگەڵ پەکین لەسەر زۆر مەسەلە لە هەوڵی گۆڕینەوەی کارتەکاندایە، گلەیی لە پەکین هەیە لەسەر مافەکانی مرۆڤ و هەڕەشەکانی لە تایوان و تبت

واتا ئەمریکا لە ئێستادا بەتەنها کێشەی چەکە ئەتۆمییەکانی کۆریا و ئێرانی نییە، بەڵکو دەیەوێت, وەکو زلهێزێک چاودێریی وردی سەرتاسەری جیهان بکات، تا پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی و دۆستەکانی بکات, ڕێگرییش لە مەترسییەکانی دوژمنەکانی بکات.

بەڵام بێگومان هەرکام لە کێشەکان، هەم پەیوەستن بە یەکەوە و هەم پێویستیان بە ڕۆڵی ئەمریکا هەیە، نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت، زۆربەی ئەو ئاڵوگۆڕانەی پاش جەنگی سارد و بە قازانجی وڵاتانی ژێر دەستە هاتنەدی, واشنتۆن داینەمۆ و دیسپلینەکردنەوەی وەزعەکەیان بووە، واشنتۆن هۆکاری سەرەکیی پۆزەتیڤی هەنگاوەکان بووە.

خاڵێکە کە زۆرگرنگە لە پەیوەست بەم مەسەلانە وە کێشەی گەلی کورد لە پەیوەندی بە ئاڵوگۆڕەکان و کێشەکانی جیهان و ناوچەکەوە ئەویش ئەوەیە، کە کورد سەدلەسەد قازانج دەکات. بەو مانایەی.

**یەکەم**: کێشەی کورد دیفاکتۆیە و پێویستی بە چارەسەرێکی واقیعی هەیە.

**دووەم**: کورد لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا یەکدەگرێتەوە, پاش جەنگی سارد دۆستایەتییەکی گەورەی واشنتۆنی کردووە.

**سێیەم**: بزاوتی سیاسیی کوردستان هەم لەگەڵ ڕیفۆرم و ئازادی و دیموکراسیدایە, کە واشتۆن هەوڵی بۆ دەدات و هەم دژی گەرای تیرۆر و گرووپە تیرۆریستییەکانە، کە واشنتۆن دژایەتییان دەکات.

بۆیە پێموایە هەموو ئەم کێشە تازانە دەور و نەخشیان لەسەر کورد دەبێت، لە ڕوانگەی سیاسەتی نوێی جیهان و بەتایبەتی ئەمریکاوە.

بەڵام دەمەوێت بەکورتی بڵێم سیاسەتی واشنتۆن لە سەرتاسەری دنیادا بەئێستاشەوە، لەم چەند خاڵەدا، خۆی دەنوێنێت، کە خودی ئەم کێشانەش، لەگەڵ ئەم خاڵ و فاکتەرانە ئاوێتەیە.

**یەکەم** : بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، لەپێشەوەی ئەجێندای واشنتۆنە، بۆ هەر ئاڵوگۆڕ و جووڵەیەک و ڕووداوێک لە سەرتاسەری دنیادا.

**دووەم** : نەوت وەکو سەرچاوەیەکی گرنگ چاولێدەکات، ئەو ناوچانەی کە پڕ لە نەوت و یەدەگن، لە شوێنە پلە یەکەکان بۆ واشنتۆن، بەتایبەت کەنداوی فارسی، دەریای قەزوین و ئەمریکای لاتین و کوردستانیش لەو ناوەندەدا.

**سێیەم**: تیرۆریزم یەکێکە لەو مەترسییانەی، کە لە ئەجێندای واشنتۆندا جێگە و شوێنێکی تایبەتی هەیە, دونیاشی لەسەر دوو ئاستی گرووپی تیرۆریستی و گرووپی دژی تیرۆریزم دارشتووە، ئەمەش بە پلەی یەکەم گرووپە ئیسلامییەکانی تێدا ڕیز بەندکراون.

**چوارەم**: کێشەی چەکی ئەتۆمی و بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیای مەترسیدار، جێگەی گرنگی هەیە لای واشنتۆن و دەیەوێت ریگری بکات, لە وەدەستخستنی ئەو وڵاتانەی، کە مەترسیان هەیە لە مبارەیەوە.

**پێنجەم:** گرنیگدان بە چەمکەکانی ئازادی و دیموکراسی و مەدەنیەت، یەکێکە لەو خاڵانەی کە واشنتۆن دەیەوێت جێگەی سیستمە تۆتالیتار و میلیتارە تاکڕەو و مەترسیدارەکان بگرێتەوە، زۆر هەوڵدەدات لە سەرتاسەری دونیادا ئەم چەمکانە لەلایەن کۆمەڵگاوە قبوولبکرێت.

**شەشەم:** ئاڵووگۆڕ لەو سیستمە سیاسییانەدا، کە لایەکەوە چەندەها ساڵە خۆیان سەپاندووە بەسەر دەسەڵاتدا و دیکتاتۆریەت تێیاندا ڕواوە.

**حەوتەم:** بەردەوام کارکردن بۆ مانەوەی واشنتۆن وەکو تاک جەمسەرێکی بێ ڕەقیب، بەڵام لەسەر ئەساسی هاوکاریی ئەورووپا.

## (14)

هەموو ئەو ڕووداوانـەی ڕۆژانە لە بەغدا و شارەکانی تری عیراق ڕوودەدەن و دەیان کەس دەکوژرێن(جا شیعە، یان سوننە) ن ناوی جۆراوجۆری لێدەنرێت.

چەمکی تیرۆر و تیرۆریست، کە بە هەموو کوشتار و تەقینەوە و توندوتیژییەک لە عیراق دەوترێت ئەم چەمکە داتاشراوی ئەمریکایە لە عێراق, هەرچی هێزە هاوپەیمانەکانی واشنتۆنیشە دەیڵێنەوە.

بەڵام ئیتر ئەم چەمکە و ئەم قسەیە بۆ کوژرانی (200)کەس لە ناوچەی سەدر(100)کەس لە موسڵ و (50)کەس لە کەرکوک و دیالە ڕۆژانە شتێکی بێمانەیە.

بێمانایە بەو مانایەی، ناکرێت واشنتۆن و عیراقییەکان ئیدی درۆبکەن, و دان بەوەدا نەنێن، کە ئەوە شەڕی تائیفی و مەزهەبیە، ئەوە شەڕی شیعە و سوننەیە!

ئـەوە شـەڕی هەشتا ساڵی ڕابـردووە و ئێستا زمینەکەی ڕەخساوە، تا شیعەو سوننەکان بە بەرچاوی ئەمریکاوە و بە پاڵپشت و یارمەتی هێزە دەرەکییەکان بکەونە وێزەی یەکتری.

دەبێت  ئەمریکا لەپێش هەموو لایەنەکانەوە، چەند ڕاستی هەیە بیزانێت و بیڵێت:

**یەکەم**: داننان بەوەی عیراق بووەتە گۆڕەپانی ململانێی نێوان هێزە دەرەکییەکان لەنێوان (واشنتۆن و تاران و دیمەشق)و هێزە ناوخۆییەکانی (شیعە و سوننە و کورد).

**دووم**: حکومەت تووشی شکست هات، مالکی لە بەرنامە (33) خاڵیکەی سەرەتای دەستبکاربوونیەوە، نەیتوانیوە کەمترین خاڵ جێبەجێبکات,ئامادە نییە هێزەکانی حکومەتەکەی بەگژ میلیشا و سوپاکەی موقتدا سەدر و فەزیلە و بـەدردا بکات, تۆمتباریان بکات، بە سەرچاوەی ئاژاوە و پەشێوەی.

**سێیەم**: واشنتۆن هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەبێت  عیراق بەیەکگرتویی بمێنێتەوە، کە ئەمە گەورەترین درۆیە و عیراق چی دی ناتوانێت بەیەکگرتوویی بمێنێتەوە، چونکە ئەوەندەی خاڵە جیاوازەکان زۆرترن، خاڵە هاوبەشەکان گرنگیان نەماوە.

**چوارەم**: کوژرانی (660000)کەس لە ماوەی سێ ساڵدا کێ لێی بەرپرسە؟ کە واشنتۆن دەیخاتە ملی تیرۆریستەکانەوە، حکومەت خۆی لێ بێئاگا دەکات, هێزەکانیش حساب بۆ حکومەت ناکەن.

دەبێت   واشنتۆن ڕاییگەیەنێت ئەم شەڕە ناوخۆیە، بەشێکی لە ئەستۆی خۆیدایە و هێزە دەرەکییەکان سەرەچاوەی پشێوێن و عیراقییەکانیش دەبێ خۆیان یەکلابکەنەوە، لەنێوان لایەنگریی حکومەت و دۆستە دەرەکییەکانیان.

تەقینەوەکانی سەدر نیشانیدا سوننەکان و حارپ چاری لەو کوشتارە خۆشنابن، کە شیعەکان بەرامبەریان دەکەن،

سەدریش داوای کورتکردنەوەی دەسەڵات و پەیوەندیی سوننە و قاعیدە و حەرامکردنی کوشتنی شیعە دەکات و هەڕەشەش دەکات لە سوننەکان.

ئێرانییەکان یارمەتی شیعەکان دەدەن و هاوسۆزییەکی گەورەیان لەگەڵیاندا هەیە, سعودی و سورییەکانیش یارمەتیی سوننەکان دەدەن و دەیانەوێت ئەو هاوسەنگییە ڕاگرن.

ئێرانی و سوری و سعودییەکان، خۆیان ڕێک نین، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر سیاسەتی دەرەوەشیان هەیە، بە تایبەتی لە عێراقدا، بەبێ ئەوەی خۆیان ڕاستەوخۆ بەشداربن، بەڵام ئەوان بەلایانەوە ئاساییە چەند عەرەب(شیعە و سوننە) دەکوژرێن، گرنگ ئەوەیە بارودۆخی ئارامیی عیراق تێکچێت, واشنتۆن توشی شکست بێت لە عێراق، تووشی کێشە و قەیران بێت و ئەم وڵاتە جێبهێڵێت.

ئەو سێ لایەنەو لایەنەکانی تریش لەسەر ئەوە ڕێکن، با عێراقییەکان بکوژرێن بە پارەو چەکی ئەوان، بەڵام گرنگ ئەمریکا بە پلەی یەکەم زەرەر بکات.

ئەمریکا بۆ وەڵامی ئەم کێشانە زۆر تاکتیکی لە ستراتیژی خۆیدا بەکارهێناوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە یەکێکی تر لەو هەنگاوانە چاوەڕوانی ڕاپۆرتەکەی(بیکەر-هاملتۆن)ە. کە پێدەچێت ئەنجامەکانی ئەم ڕاپۆرتە درێژەبکێشیت، بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی سەدر و ئاڵۆزبوونی عێراق، ڕەنگە ڕاپۆرتەکە بەو خاڵانەدا بچێتەوە، کە پێشنیاری کردووە، بەتایبەتی پاش سەردانەکەی موعەلم بۆ بەغدا، مالکی بۆ تورکیا و سەردانی تاڵەبانی بۆ ئێران،کە پێناچێت ئەنجامەکانی پۆزەتیف بێت، بەو مانایەی مەرجەکانی تاران سەبارەت بە دەستهەڵگرتنی واشنتۆن و فشارەکانی بۆ سەر ئێران و هەڵگرتنی چەند گەمارۆیەک و

تەحویلدانەوەی سازمانی موجاهدینی خەلق، دەسەڵاتی فراوانتر بۆ شیعەکان و کشانەوەی لە عێراق و مەرجەکانی دیمەشق بە چۆڵکردنی بەرزاییەکان جۆلان لەلایەن ئیسرائیل و داخستنی فایلی کوشتنی ڕەفیق حەریری و دەرهێنانی ئەجێندای ڕووخانی ڕژێمی سوریا لەلایەن واشنتۆنەوە.

ئایا واشنتۆن دەتوانێت ئەم مەرجانە لەبەرامبەر دەستهەڵگرتنی تاران و دیمەشق لە قەیرانەکانی عێراق قبووڵبکات؟ بێگومان نەخێر! ئەی کەواتە ڕاپۆرتەکەی بیکەر و پلانەکانی واشنتۆن چی دەبێت؟

فەرید زەکەریا لە دوایین بۆچوونی خۆیدا دەڵێت» دەبێت چۆن واشنتۆن پشتگیری لەسەربەخۆیی تایوان دەکات, چۆنیش کاتی خۆی پاش کوژرانی چوار ملیۆن کەس نەیتوانی ڕێگری بکات لە جیابوونەوەی کۆریای باکوور و باشوور.

دەبێت وەهاش مامەڵە لەگەڵ عێراق و بەتایبەتی کوردەکان بکات»

تازەترین بۆچوونیش، بۆچوونەکەی پیتەر گالبریسە, کە دەڵێت» تا پێنج ساڵی ئایندە، کوردەکان سەربەخۆیی خۆیان بەدەست دەهێنن و دەبێت واشنتۆن پشتگیرییان بکات».

ئێستا واشنتۆن دەبێت دان بە هەڵەکانی پێشوودا بنێت, لە خەمی چارەسەری ئێستاشدا بێت ، تا کێشەکان لەدەست دەرنەچوون، چونکە لەپاش هەڵبژاردنەکانی دیموکراتەکان لە دەورەی پێشووتردا، واشنتۆن بەپەلە لە سۆماڵ کشایەوە.

پرسیارەکە ئەوەیە ئێستا عێراق لە مەترسیدایە، لەوپەڕی مەترسیدایە، ئایا واشنتۆن بەرنامە و ئەجێندای کارکردنی چییە؟

# فەسڵی سێیەم
# (1)

پاش کۆتایی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ڕۆژ بەڕۆژ هاوکێشە سیاسییەکان ئاڵوگۆڕی نوێ بەخۆیەوە دەبینێت و دەردەکەوێت, کە ململانێکە بەتەنها لەنێوان پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق و ئیتنیک و تائیفە جیاوازەکان و لیستە براوەکاندا نییە. بەڵکو وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەتی ئەمەریکاش لەم ململانێیەدا بێ لایەن نین.

بۆیە دەکرێت وا سەیری ئەم هەڵبژاردنە بکەین، کە جیاوازترە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو و بەتایبەت (2005) و ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەنجامەکان بۆ زۆر لە چاودێرانی سیاسی چاوەڕوان نەکراوبوون. بەتایبەتی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی, کە ئەیاد عەلاوی بەدەستیهێنا.

واتا کۆکردنەوەی (91) کورسی لەلایەن لیستەکەی عەلاوییەوە, هەموو هاوکێشە دارێژراوەکانی هەڵوەشاندەوە ، وەکو دەوترێت ئەم هەڵبژاردنە و ئەنجامەکانی ئێران و سوپای قودسی تووشی تێکشکان کرد, و نەخشەکەی عەرەبستانی سعوودیەی سەرکەوتوو کرد، هەر ئەمەش ڕەنگە قەیرانەکان قووڵتر بکات و پێکهێنانی کابینەی نوێی یّ ی حکومەتیش دوا بکەوێت.

لە پاش ڕوروخانی بەعس لە ساڵی (2003) وڵاتانی ناوچەکە, کە بەشێک لە کێشەکانی خۆیان گواستەوە بۆ عێراق و هەندێک لەوانە وەکو ئێران بەهۆی باری دیمۆگرافی و جیۆگرافی و مێژوویی و مەزهەبیەوە هەیمەنەی زۆری کردبوو بەسەر عێراقدا. بەتایبەتی کە ئەوە بزانین, کە زۆرینەی عێراقییەکان شیعەن.

بۆیە عەرەبستانی سعوودیە وەکو مەرجەعی سوننەکان و وەهابیەت. ئەم مەترسییەی نەشاردووەۆتەوە، بۆیە ئەمجارە پێشتر عەلاوی و هاشمی بانگکردە سعودیە و هەموو دەرگاکانی ئاواڵاکرد, بۆ سەرکەوتنی بەرنامەکەیی و دەرکەوت کە سعودیە ژمارەیەکی وەها ئاسان نییە, لە لایەن ئێرانەوە پەراوێز بخرێت و عێراقیش ئەو پاروە چەورە نییە. کە لێگەرێن ئێران بەتەنیا بیخوات.

بەتایبەتی کە هەیمەنەی ئێران لە عێراقدا تا دەهات وڵاتانی عەرەبی سوننە و وڵاتانی تری ناوچەکەی تووشی نیگەرانی کردبوو. بۆیە ئەمجارە وڵالاتانی میسر، ئوردن، سوریا و بگرە تورکیاش هاتنە پشت سعودیە و لیستی ئەلعراقیە و هەموو تواناکانی خۆیان خستەگەڕ بۆ بردنەوەی ئەم لیستە.

وەکو باسدەکرێتێ عەرەبستانی سعودیە بە (2) ملیار دۆلار پشتیوانی لەم لیستە کردووە.

لیستی ئەلعراقیە کە پێکهاتووە لە گرووپەکانی (عەلاوی، نوجێفی، موتڵەگ، تاریق هاشمی، زۆر لە سوننەکان، بەعسییەکان و...) توانیی لە کۆی (325) کورسی (91) کورسی بباتەوە و پێش لیستی مالیکی بکەوێت و لە کۆی (18) پارێزگای عێراقدا لە (5) پارێزگادا یەکەم ببێت, و لە (12) پارێزگا دەنگ بێنێت و لە پارێزگا زەبەلاحەکەی عێراق لە دڵی دەوڵەتدا (بەغدا) (24) کورسی بەدەست بێنێت, و بەتەنها (2) کورسی لەدوای لیستەکەی مالیکیەوە بێت.

واتا لیستەکەی عەلاوی لە پارێزگاکانی (کەرکوک، موسڵ، سەلاحەدین، ئەنبار و دیالە) واتا پارێزگاکانی سوننەنشین و لایەنگرانی سعودیە توانیویەتی یەکەم بێت و بەتەنیا لەو ناوچانە (53) کورسی بەدەست بێنێت.

بەم شێوەیە دەردەکەوێت لیستەکەی عەلاوی, کە خودی خۆی شیعەی، عیلمانی، عێراقییە، تەعبیر لە پێکهاتەی زۆرینەی سوننیەکان دەکات, کە پێشتر پەراوێزخرابوون، واتا تەعبیر لە سیاسەت و هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی، سوننی و بەتایبەت عەرەبستانی سعودیە و میسر و سوریا و تەنانەت تورکیا و بەشێک لە وڵاتانی کەنداو دەکات.

وە بە سەیرکردنی لیست و قەوارەکانی ناو ئەم لیستەی عەلاوی، سەرەڕرای ئەو دوو تەعبیرە، بەئاسانی هەستدەکرێت. ئەم لیستە پێکهاتە سوننیە پەڕگیر و شۆڤێنی و بەعسییەکان و مەترسیدارەکانی لەخۆگرتووە.

واتا لە ئاستی ناوخۆ، ئەو پێکهاتە مەترسیدارەی هەیە، لە ئاستی ناوچەیی تەعبیر لە سیاسەتی وڵاتانی سعودیە و ناوچەکە دەکات, و بێگومان ئەمەریکاش پێی ناخۆش حاڵ نییە و ڕەنگە هاوکاریشی بکات.

لەئێستادا هاوکێشەکان وردە وردە دەچنە پێش، وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەتی واشنتۆنیش. شەو و ڕۆژیان خستووەۆتە دەم یەک تا پلان و نەخشەی دڵخوازی خۆیان بۆ لایەنگرانیان پراکتیزە بکەن. ئێران توشی شۆک بووە. کە خەریکە ریسەکەی لێ دەکەن بەخوری و جارێکی تر سوننەیەک یان لایەنگرانی سعودی دەبێتە سەرۆەک وەزیران، بۆیە هەر زوو لە پاش سەردانەکەی تاڵەبانی بۆ تاران بۆ یادی نەورۆز بانگهێشتی هەردوو لیستە شیعەکەی (لیستی دەوڵەتی یاسای مالیکی و ئیتلافی نیشتیمانی عەمار حەکیمی) کرد بۆ تاران، لە لای خۆیەوە سعودیە ڕەقیبەکەی تاران و سەرۆکی نەخشەی گردبوونەوەی وڵاتانی عەرەبی سوننی و تورکیا دژی ئێران و پاڵپشتی عەلاوی کەوتووەۆتەخۆ.

ئەمیر مقرن بن عبدولعەزیز بەرپرسی دەزگای هەواڵگری سعودیە لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی لەگەڵ عەلاوی ڕایگەیاندووە» کە سعودیە دژی هەڵبژاردنەوەی مالیکیە و هەتا بۆی بکرێت ڕێگا نادات, جارێکی تر سوننەکان لەسەر دەستی مالیکی دۆستی ئێران پەراوێز بخرێن و ئەگەر ئەوەش ڕوویدا. مانای وایە پەیوەندیی نێوان سعودیە و عێراق هەرگیز ئاسایی نابێتەوە.

ئێستا زووە بزانین، هەواڵگری سعودیەی، سوننی، عەرەبی، دەتوانێت ێ سوپای قودسی، شیعی، فارسی بە دانانی عەلاوی لە شوێنی مالیکی هاوکێشەکە بەرێتەوە.

کە ئەمەش ڕوویـدا، ئەمە مانای گەڕانەوەی بەشێکە لە حکومی بەعس و فەلسەفەی بەعسیزم. کە لە هەر حاڵدا لاوازترین ئەگەرە لە عێراقدا. نەک هەر بۆ ئەمجارەی هەڵبژاردنەکان. بەڵکو بۆ داهاتوویەکی دووریش.

## (2)

ڕوورن نیە کێ دەبێتە سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق، لە بەرئەوەی لایەنی براوە کە لیستی ئەلعراقیەی عەلاوییە, بە تەنها (91) کورسی بردووەوەتەوە، بەڵام بەپێی دەستوور لیستی براوە پێویستی بە نیوە زیاتر یان (163) کورسیی پەرلەمان هەیە بۆ پێکهێنانی کابینە.

گەر لەڕووی مەزهەبیەوە وەکو فاکتەری سەرەکیی هاوکێشەکان سەیری عێراق، بکەین عەلاوی لە سادەترین حاڵەتدا دەبێت ێ بۆ تەواوکردنی ڕێژەی یاسایی پانابەرێتە بەر هاوپەیمانی کوردستانی, کە خاوەنی (43) کورسیە و ئەمەش دەکاتە (134) کورسی، بەڵام سەرەرای ئەوەی ڕێژەکە تەواو ناکات و گرفتی زۆر لەنێوان ئەم دوو لیستە هەیە.

لیستەکەی عەلاوی کە خەڵکانی وەک نوجێفی، موتڵەگ و بەعسییەکانی لەخۆگرتوە پێشتر و ئێستاش بەئاشکرا دژایەتیی خۆیان لەگەڵ خواستەکانی کورد و مافە دەستووری و یاساییەکانی

دەربڕیەوە, سەرەڕرای مەسەلەی ناوچە جێناکۆکەکان، فیدڕراڵی و پێشمەرگە.

جگە لەوەی تەنها چەند ڕۆژ دوای کۆتایی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، تاریق هاشمی دژایەتی خۆی لەگەڵ مام جەلال بۆ پۆستی سەرۆ ککۆماری ڕاگەیاندووە و نوجێفییش چەند لێدوانی بە دژی کورد دا.

واتا لیستی ئەلعراقیە لە سادەترین حاڵەتیدا, کە پەنابەرێتە بەر هاوپەیمانی کوردستان. تووشی دەیان کێشە و گرفت و بۆچوونی جیاجیا دەبێتەوە. کە پێناچێت ئەم جۆرە ئیتلافە ببێتە واقیع.

هەرچی ئەگەری دووهەمە. دەبێت ێ عەلاوی پەنا بۆ لیستە ڕرەقیبەکانی تری بەرێت, واتا ( لیستی دەوڵەتی یاسای مالیکی و ئیتلافی نیشتیمانی عەمار حەکیم), چونکە گەر بیەوێت لەگەڵ ئیتلاف هاوپەیمانی بکات, دەکاتە (161) کورسی، لیستی عەمار حەکیم خاوەنی (70) کورسیی پەرلەمانە، بەڵام لەهەر حاڵدا لەگەڵ لیستەکەی مالیکی دەتوانێت ێ ڕرێژەکە تەواو بکات, کە خاونی (89) کورسییە.

بەڵام باگراوندە مەترسییەکانی نێوان لیستەکەی عەلاوی و ئەو دوو لیستەی تر هێندە زۆر گەورەن ڕرێگا نادەن ئەم هاوپەیمانیە بکرێت.

لە ڕرووی سیاسییەوە دوو بۆچونی جیاوازیان هەیە بۆ بەڕرێوەبردنی عێراق، لەڕرووی مەزهەبەوە دابەشبوون بەسەر دوو پێکهاتەی شیعی و سوننی, کە ئەم فۆڕرمە قورسترین کێشەی عێراقییەکانە و مێژووی چەند ساڵی ڕرابردووش شاهیدی ئەو هەموو قەیران و کوشتارەیە, کە لەنێوان ئەم دوو مەزهەبە بەخۆیەوە بینیوە.

جگە لەوەی هەرکام لەم سێ لیستە لە ژێر کاریگەریی ئێران، سعودیە، سوریا، میسر و وڵاتانی عەرەبیدان، واتا ململانێی قورسی

نێوان ئێران و سعودیە وەکو دوو مەرجەع فاکتەرێکی گرنگە، کە ڕێگا نادەن ئەم هاوپەیمانیە سەرکەوتوو بێت ێ.

هەرچی ئێرانە لە هەرحاڵدا سێ کاندیدی بۆ ئەم پۆستە هەیە, کە ( عادل عەبدولمەهدی، جەعفەر سەدر و دوایانیش مالیکییە) تا بە هەرچی شێوەیەک بێت ئەم پۆستە نەچێتە دەست سوننەیەکان یان وردتر بڵێم دۆستی سعودیە.

بۆیە لەم حاڵەدا گەر ژمارەی کورسییەکانی دۆستەکانی ئێران کۆبکەینەوە, بەم شێوەیەی لێدێت ( دەوڵەتی یاسا +89 ئیتلافی نیشتیمانی +70 کۆمەڵی ئیسلامی +2 واتا (161) کورسی)

بێگومان هاوپەیمانی کوردستانیش بە (43) کورسیەوە, لە هەردوو حاڵەتدا لەگەڵ شیعەکان و ئێران بەتایبەتی ئەنجومەنی باڵا و حزبی دەعوا نزیکە تا سوننیەکان و سعودیە و گردبوونەوی نیشتیمانی و نوێبوونەوە.

کەواتا ئێستا لیستی شیعەکان و لایەنگرانی ئێران زۆرینەن, و دەبنە خاوەنی (204) کورسی و ئەمەش ژمارەیەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ دروستکردنی حکومەت.

گەر ئەوەش بزانین لەو (9) لیستە براوەی ناو (297) قەوارە سیاسییەکەی عێراق زۆرترین و بەهێزترین لیستەکان, لە ئێرانەوە نزیکن تا وڵاتانی سعودیە و عەرەبی بە هاوپەیمانی کوردستانی و گۆڕان و کۆمەڵیشەوە.

بەدەر لەمانە دووحاڵەت هەیە، کە دەکرێت هاوکێشەکان بە قازانجی عەلاوی و لیستی سوننیەکان تەواو ببێت، ئەویش یەکەم دەرچوونی لیستی ئەحرارە یان ڕەوتی سەدری، موقتەدا سەدرە لە ناو ئیتلافی نیشتیمانی حەکیم، کە لایەنی هەرە بەهێزی ئەم ئیئتلافەیە و لانی کەم خاوەنی (38) کورسییە لە ناو (70) کورسییەی ئەم لیستەدا.

بێگومان سەدر کە ئێستا لە شاری قومە لە ئێران، پێدەچێت مەرج و داوای زۆری هەبێت بۆ دروستکردنی حکومەت و بە ئاشکراش ڕرایگەیاندووە, لەگەڵ کاندیدکردنەوەی مالیکی نییە, بۆ پۆستی سەرۆەک وەزیران، چونکە تەنیها کاری بۆ حزبەکەی خۆی کردووە.

واتا لەم حاڵەتەدا بە قازانجی عەلاوی تەواو دەبێت. کە ئەمەش دژی بەرژەوەندییەکانی ئێرانە.

حاڵەتی دووەم وەکو کارتی ئەساسی, کە ڕرەنگە هەموو هاوکێشەکان سەرە و خوار بکاتەوە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە. ئەگەر بیەوێت دەتوانێ زۆر لە هاوکێشەکان بە قازانجی یەکێک لە لایەنەکان کۆتایی پێبێنێت.

هەرچەندە ئەمەریکا ڕرایگەیاندووە, کە ڕرێز لە ئیرادەی خەڵکی عێراق دەگرێت و دەست وەرناداتە ئەوکارەوە.

ئەگەر چی ئەمەریکا بە دۆستایەتی شیعەکان و ئێران زۆر خۆشحاڵ نیە، بەڵام رێز لەوەش دەگرێت کە زۆرینەی عێراق شیعەیە و زۆرینەی براوەش لیستی شیعەکانە، ئەوە لە کاتێکدا مالیکی پێشتر باش لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمەریکا خۆی گونجاندبوو.

بەپێچەوانەوە هەرچەندە پشتیوانی لە لیستی ئەلعراقیە و عەلاوی دەکات, و پەیوەندی لەگەڵ سعودیە باشە، بەڵام نایەوێت جارێکی تر شیعەکان زیز بکات، گرووپی وەک سەدر بکاتەوە دژی خۆی و جارێکی تر شەقامەکانی بەغدا بکرێنەوە, گۆڕەپانی کوشتنی سەربازە ئەمەریکییەکان.

بەتایبەتی کە واشنتۆن بەنیازە لە مانگی ئابی 2010، وردە وردە دەست بکات بە پاشەکشەی سوپاکەی, لە عێراق و نایەوێت قەیرانی زیاتر بۆخۆی بخوڵقێنێت.

## (3)

ئێستا ڕروون بووەوە, کە پێناچێت پراکتیزەکردنی دیموکراسی لە عێراقدا بەئاسانی لە لایەن وڵاتانی ناوچەکەوە بچێتە سەر سکەی خۆی. چونکە کەم و زۆر لە زۆربەی پرۆسە سیاسیەکانی عێراقدا, لە نزیکترینیان هەڵبژاردنەکانی (ئازاری 2010) ئەمساڵ و دەستخستنە ناو کاروباری ئەم هەڵبژاردنەوە, و پشتگیریکردنی یەکێک لە لیست و لایەنەکان و زیندووکردنەوە و قووڵکردنەوەی سەر لەنوێی دابەشبوونی تایەئفی و مەزهەبیەوە لە نێوان سوننە و شیعەدا.

پرۆسەی دیموکراسی لە دوای ڕوروخانی بەعس لە عێراقدا. هەنگاوێکی گرنگە بۆ عێراقییەکان بە پشتگیریی واشنتۆن، بەڵام مایەی مەترسییە بۆ وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکە بەگشتی جگە لە تورکیا، گەر دیقەت بدەین لە وڵاتانی عەرەبی سنووری عێراق

بە خودی عەرەبستانی سعودی و ئێرانیشەوە بەتایبەتی میسر و سوریاش شتێک نییە, بە ناوی ئازادیی سیاسی و ڕاگەیاندن. شتێک نییە بە ناوی دیموکراسی و دەستا و دەستکردنی دەسەڵات وجودی نییە. یان گەر هەیە سیناریۆی گاڵتە جاڕیریە بۆ چەواشەکردنی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەیە.

کەواتا دەستێوەردانی ئەم وڵاتە لایەنێکی پەیوەستە بەوەی, کە نایانەوێت عێراقیەکان خۆیان خاوەنی ئیرادەی سیاسی بن, و دەیانەوێت هەمیشە خۆیان بە فریاد ڕەسی سوننە و شیعە بزانن. کە دەکرێت لێگەڕێن خۆیان بڕیار بدەن، بەڵام بێگومان ئەوان زیرەکانە هێز و لایەنە سیاسییە عێراقییەکانیان خستووەتە ژێر کاریگەریی بڕیارەکانی خۆیانەوە.

لایەنێکی تری بۆ خوڵقاندنی پشێوی و نائارامی و سەرنەکەوتنی پرۆسەی دیموکراسیە لە عێراقدا. کە بەقازانجیان نییە، خۆ هەر ئەوانن بەرپرسی یەکەمی تەقینەوە و نائارامی و کوشتن و کوشتارەکانی عەلی، حسێن و حەسەن و عومەرەکانن لە بەغدا، نەجەف و کەربەلا.

بەڵام ئەگەر ئەمجارە سەیری پیلانەکانی ئەم وڵاتە بکەین جیاوازترە لە پێشوو، نەخشە و بەرنامەکانیان گۆڕریوە, لە ئێستادا کە وڵاتانی سعودیە، میسر، ئوردن، سوریا و کەنداو تورکیاش پشتگیری لە لیستی ئەلعراقیە دەکەن. ئەم هاوبەندییە ناوچەییە، بەتەنها مانای ئەوە نییە پشتیوانی لە سوننە و بێ مافیەکانی یەکێک لە ئیتنیکە سەرەکییەکانی عێراق دەکەن. بەڵکو گەر سەیری ئەو لیستە بکەی دەزانی, کە (شیعەیەکی عیلمانی،

عەرەبی، ناسیۆنالیست سەرۆکایەتی لیستێک دەکات و یەکێکە لە لایەنە بەهێزەکانی، لایەنێکی سوننی، شۆفێنی، ڕڕاسیزم، هەڵگری ئایدیای بەعسیزم، وەک نجێفی تێدایە، ساڵح موتلەگی خاوەنی تێزەکان بەعس و گەڕانەوەی بەعس و دوژمنی سەرسەختی ئێران و شیعە و دۆستی پلەیەکی مجاهیدینی خەڵقی نەیاری ئێرانی تێدایە، کە دەیان جار ڕرایانگەیاندووە دژی فیدراڵی و پێشمەرگە و مافەکانی خەڵکی کوردستانە. حارس زاری سوننی، شۆفێنی تێدایە کە لەلایەن وڵاتانی کەنداوی فارس و بەتاییەتی ئیماراتەوە پشتیوانی دەکرێت، تاریق هاشمی سوننی، ئیسلامی توندڕرەو, کە نوێنەرایەتی سیاسەتەکانی سعودیە لە سوریا و ئیخوان مسلمین دەکات, و دژی گشت پرۆسە سیاسییەکانی عێراقە و ئەمەشی بە ئاشکرا ڕراگەیاندووە. لایەنە تورکمانیەکانی تێدایە کە تورکیا پشتیوانیان لێ دەکات و پێیانوایە کەرکوک و هەولێر و نیوەی موسڵ خاکی تورکمانە)

واتا ئەم لیستە بە تەنها نوێنەرایەتی پێکهاتەیەکی ئیتنی، سوننە ناکات. بەڵکو نوێنەرایەتی لیستێک دەکات, کە چەند پەیامی هەیە.

یەکەم؛ ناهۆمۆجینی پێکهاتەی ئەم لیستە لە شیعە و تورکمان، سوننی دژایەتییە لەگەڵ لایەنی مەزهەبی شیعە و وردتر بڵێم ئێران و کەمکردنەوی ڕرۆڵی ئێرانە لەو هەیمەنەی لە عێراقدا کردوویەتی لە ناو حکومەت و پەرلەمان و سوپا و دەزگا هەواڵگیرییەکان وەکو خۆیان دەڵێن دژایەتی سوپای قودس و سەردار سلێمانییە.

دووەم؛ دژایـەتـی خواستەکانی گەلی کـورد و فـیـدراڵـی و گەڕانەوەی ناوچە جێناکۆکەکانە.

-سەرکردە سیاسیەکانی ئەم لیستە زۆربەیان، بە بەرنامە و بێ بەرنامە ئەوەیان ڕراگەیاندووە, کە ئەوان دژی گەڕانەوەی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانن و دژی جێ بەجێکردنی ماددەی (140)ن.

-دژی فیدراڵی و دەستەبەرکردنی ئەو مافانەن, کە لەناو دەستووردا بە کورد دراوە.

-دژی هێزی پێشمەرگە بوون و بە میلیشا ناوی دەبەن، زۆر جار کوشتاری مەسیحەکان و نا ئارامییەکانی شارێکی وەک موسڵیان خستۆتە ئەستۆی کورد و پێشمەرگە.

-دژی یاسای نەوت و غاز بوون, کە پێیانوابوو ئەوە لە قازانجی کوردە.

-هەمیشە بانگەشەی ئەوەیان کردووە, کە کەرکوک بەدەست کوردەوەیە و پێکهاتەکانی تر هیچ ئیمکانیات و دەسەڵاتیان نییە و داوای دەرکردنی پێشمەرگەیان لەو شارە کردووە.

-هەمیشەش ڕرایانگەیاندووە, کە پۆستی سەرۆککۆماری پێویستە بدرێت ێ بە عەرەبێک و زۆرجار گرفتیشیان بۆ سەرۆککۆماری کورد دروستکردوە.

سێیەم؛ جیا لەوانە ئەم لیستە مەترسیەکەی لەوەدایە. کە نەک هەر سەرکردەکانی هەڵگری ئایدیای بەعس و فەلسەفەی بەعسیزمن. بەڵکو بەشێکی زۆر لە بەعسیەکان لەناو ئەم لیستەدا خۆیان ڕرێکخستووەۆتەوە, و ئەوەش شاراوە نییە کە ئەم لیستە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا زۆرینەی دەنگی بەعسیەکان, بە ناوخۆ و دەرەوە و وڵاتانی سوریا و ئوردن و میسر و ئەورووپاش بەدەستهێناوە.

کەواتا ئەم لیستە و کۆبۆنەوەی هێزە سیاسییەکانی ناوی و بەرنامە و ئیدیۆلۆژی و کۆبونەوەی وڵاتانی عەرەبی و تورکیا, لە پشتی و نیەت و بەرنامەی سیاسیی داهاتوویان بە سەیرکردنی پێشینەیان مەترسیدارە و چاوەڕێی ئەوەی لێ ناکرێت. بتوانێت ێ گەر حکومەتیش پێکبێنێت,ێ کە ئەگەرێکی بێ هێزە، حکومەتێکی کراوە بێت ێ و زیان لە ئەزموونی دیموکراسی نەداو دژایەتی ماف و بەندەکانی دەستوور و دەستکەوتەکانی کورد و شیعە نەکات.

چونکە ڕەنگە مەترسیدارترین شت ئەو بیرکردنەوەیە بێت, کە هێشتا خەون بە ئیمتیازەکانی سەردەمی بەعس و گەڕانەوەی سیستمێکی هاوشێوەی بەعس ببینەوە, کە سوننە سەردەستی سیستمی سیاسی عێراق بووە.

بۆیە بەم بەڵگانەی سەرەوە ئەگەرێکی زۆر دوورە, کە هەم ڕێگا بدرێت ێ ئەم پۆستە گرنگە وەربگرێت. نە کورد و شیعەش ئامادەبن لەگەڵ ئەم لیستە مەترسیدارە پێکەوە حکومەت پێکبێنن.

